کەریمی حیسامی

لە بیرەوەریەکانم

١٩٧٠ - ١٩٧٥

بەرگی چوارەم

ستوکهۆلم

پێش دەستپێک

بە تەما نەبووم لە سەرەتای بەرگی چواری بیرەوەریەکانم دا هیچ بنووسم چونکە شاعیر و نووسەری بەڕێز ماموستا محمد ڕەسوڵ هاوار لوتفی کردوەو پێشەکی بۆ نووسیوە. کە وابوو نوسینی من وەک پێشەکی لە زیادی دەبوو. بێجگە لەوە شاعیری لاوی خۆشەویست ، شاگرد و کوڕئاموزای شاعیری مەزن ماموستا هێمنی ڕەحمەتی کاک جەعفەری شیخ الاسلامی وتارێکی لە سەر سەرجەمی بیرەوەریەکانم بۆ ڕۆژنامەی "سەر دەمی نوێ" ناردوە و ـ ئەویش لە بەر شیرینی و شیوای قەلەمەکەی و بۆ متەفەرک پاشکوی ئەم بەرگەم پێ ڕازاندوتەوە.

بەلام دیسان نووسینی چەند دێڕێکم هەر بە پێویست زانی. ئەم بەشەی بیرەوەریەکانم پێوەندی بە مێژووی تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هەیە. (١٩٧٠ ـ ١٩٧٥) . منیش لەو ماوەیەدا لە ڕیزی ئەو تێکۆشانەدا بووم . ئەگەر وەک مێژووی حیزبی دیموکرات دەوو-سیبام، دەبوایە شێوەیەکی تر بایە و زۆری لێ زیاد بکەم . ڕاست و چەوتی ئەو ماوە تێکۆشانە هەلسەنگێنم و ڕوویان کەمەوە. باسی گەلێک نەو و بۆ چوون و هەلوێستیان بکەم. بەلام سەبارەت بە بارو دۆخی ئێستای تێکۆشان نەچوومە سەر سێندێ باسی تایبەتی و شەخسی بە شدار بوانی تێکۆشانی ئەو سەر دەمە .

لەو ماوەیەدا دۆست و برادەر و ئاشنا و نیشتمانپەروەرانی کوردستانی عیراق، لە بەغدا یا لە کوردستان ئەو پەڕی ڕێز و برایەتی و میوانداری و چاکەیان لە ئاست ئێمە (ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) نیشان داوە . هەر چەندە قەلەمی من لە توانای دا نەدەبوو کە ئاوێنەی ڕەنگی جوامێری و قەدر زانی برایانی کوردی عیراق بنوێنێ، بەلام دیسان

ئەگەر خۆم لە قەرەی ئەو باسە دابایە، دەبوایە بەرگێکی تەراوی بۆ تەرخان بکەم. سەبارەت بە هەل و مەرجی سیاسی و بار و دۆخی ئێستای کوردستان لە نووسینی ناو ویادی پیاوەتی و جوامێری دۆست و برادەر و ئاشنا و هاورێ و هاونیشتمانانی کوردستانی عیراق دەستەم پاراستوە. بەڵام بێ وەفا نیم و هەتا مردن لە چاوم دایە و بە ئاواتی ئەو رۆژەم کە رێگای دەربڕینی هەموو بیر و بۆچونێك و نووسینی هەموو باسێك لە کوردستان بکرێتەوە.

لەم بەشەشدا، هەر وەك بە ئەکانی دیکەی بیرەوەریەکانم، وەك گێرانەوەی رووداوەکان و ئەوانەی پتر پێوەندییان بە خۆمەوە هەبوە تۆمارم کردون. رەنگە دیسان خوێنەری ئاواش هەر پەیدا بن کە بێژن: کابرا فرە باسی خۆی کردوە. لایان وابێ کابرای کە سەر گزەشتی خۆی دەنووسێ، ئەشێ هەر باسی خەلکی تر بکات.

بە داخەوە چاپی ئەم بەرگەی بیرەوەریەکانم، کە وتە کات و زەمانێك کە دوکتور قاسملو سکرتیری حیزبی دیموکرات و هاو کاری ٢٠ ساڵی خەباتم بە دەستی دوژمنانی ئازادی و دیموکراسی و مرۆڤایەتی شەهید کرا. ئەم کارەساتە بە ناچاری تا رادەیەك کاری کردە سەر نووسینەکانی من و بە پێویستم نەزانی ئەسکوێ بکە بێنمە بنی دیزە و بە سەر گەلێك مەسەلەدا بازدم دا. رەنگە بە ئەکانی تری بیرەوەریەکانیشم، بە هارەت بەو کارەساتە تووشی کەم و کوری بێن.

هەر چۆنێك بێ ئەوە بەرگی چواری بیرەوەریەکانم دەخەمە بەر دەستی خوێنەرانی بە رێزی کورد. رەنگە زۆر کەس سەبارەت بە نێوەرۆکی نووسینەکانم بیر و بۆچوونی تایبەتی هەبێ و یا لە رووداوەکانی نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پتر ئاگادار بێ، دەتوانێ لەسەریان بنووسێ و لێیان بکۆڵێتەوە و ئەگەر بە چەوتیان دەزانێ راستیان کاتەوە و لەو رێگایەوە ئەویش یارمەتی بە روونکردنەوەی بەشێکی مێژووی تێکۆشانی نەتەوەکەمان بکات. خوای تەعالا جەزای دەداتەوە و ئەزیش کە لێك سوپاسی دەکەم.

کەریمی حسامی

پێشەکی

تۆمار کردنی یاد داشت یا خود بیرەوەری و چاپ کردن و بڵاو کردنەوەیان کارێکی زۆر گرنگ و بە نرخە و سوودێکی ئێجگار زۆری هەیە و هەندێ جار هەندێک لەو یاد داشت و بیرەوەریانە ئەبن بە بەشێک لە مێژووی روو داو وبە سەر هاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی میللەت لەو قۆناخانەدا کە نووسەری یاد داشت باسی کردوە و لێی دواوە. وە ئەبنە سەر چاوەیەکی زۆر بە نرخ بۆ شی کردنەوە و لێکۆڵینەوەی باری قۆناخێک یا چەند قۆناخ لە مێژووی ئەو میللەتە .

مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی میللەتان بە زۆری لە کۆ کردنەوە و یەک خستن و بەراورد کردنی گەلێک یاد داشت و بیرەوەری نووسەرانی ئەو میللەتە پێک هاتوە و ئەبن بە سەر چاوەیەکی بە نرخ بۆ ئاگادار بوون لە ژیانی ئەو سەر دەمەی کە نووسەر یاد داشت و بیرەوەریەکانی تیادا نووسیوە. بەڵام بە داخەوە میللەتی کوردی کۆڵۆڵ وەک لە هەموو شتێکی تردا چون کەم تەر خەم بوە وکورت بین وداکەو توو بوە، لە مەشدا هەر کەم تەر خەم بوە وبایەخ نەدراوە بە تۆمار کردنی بە سەر هاتی زۆر داوەکانی رابوردوومان کە بە وە زۆر شتمان لە کیس چوە و زیانێکی زۆرمان پێ گەیشتوە . بۆ نموونە : ئەبوایە یەکی وەک شێخ عبیداللەی نەهری و بدرخان پاشا و یەکێکی وەک شێخ محمودی مەزن وسمایل خانی شکاک و شەهیدێکی نەمری وەکو قازی محمد و تێکۆشەرێکی وەکو مصطفی بارزانی خۆیان یابە چاودێری خۆیان ئەوانەی کە لێیانەوە زۆر نیزیک بوون رووداو وبەسەر هاتە گرنگەکانی سەردەمی خۆیان تۆمار بکردایە و هەتا ئەو کاتەی دەرفەتی چاپکردن و بڵاو کردنەوەیان ئەهات هەمووی بپارێزرانایە و هەر چی نهێنیەکان و رووداوە ئاشکراکانی سەردەمی خۆیان هەموو تۆمار بکردایە و پێشکەشی نەوەی دوارۆژی نەتەوەکەی خۆیان بکردایە .

خۆ ئەگەر چەند کەسێکی وەکوو (بەلەچ شێر کۆ عجلادت بدرخان) وەیا (زنار-

سلوبی = قدری جمیل بەگ) نەبوونایە کە هەندێ بیرەوەری و یاد داشتی خۆیان نووسیوە و بڵاو کراونەتەوە ، ئەگەر ئەوانە نە بوونایە ئەوا ئیمرۆ باسی هەندێ رووداو بە سەر هاتی ئەو سەردەمەی ئەوان لێی دواون نەمان دەزانی و نە مان دەبیست • ئەگەر بشمان بیستایە دوور نەبوو لە هەندێ سەر چاوەی شێواوی بێگانەوە دەستمان ئەکەوت و ئەمان خوێندەوە کە بە زۆری لە سەر چاوەکانی ئارشیفی تورکیاوە هەڵگوزرا بوون کە پڕن لە درۆ ودەلەسەو دەس هەڵبەست کە بۆ مەبەستی ناو زراندنی کور و زراندنی نرخی شورش و راپەرینەکانی کورد تۆمار کراون•
هەر چەند بەداخەوە ئەو سەر چاوە درۆ زنانە تا رادەیەك و تا ماوەیەك کاری خۆیان هەر کردوە ولە شوێنێکی وەکوو وڵاتی سۆڤیت دا بەڵگە و سەر چاوەی بۆ چوونی زۆربەی رۆژ هەلاتناس ومێژوو ناسەکانی سوڤیت بریتی بوون لە و درۆ ودەلەسانە تورك تا ماوەیەك لای ئەوان شۆرشەکانی کوردستانی زوورو بە هاندانی انگلیز لە قەلەم دراون هەتا ٥٠ یەکان بە دواوە ، بە تایبەت لە ساڵی شەستەکان بە دواوە ورده ورده بۆ نووسەرانی سوڤیت دەر کەوتوە کە ئەو بۆ چوونانەی کۆن دەر بارەی شۆرشەکانی کورد هیچ جیاوازیەکی ئەو تۆیان نەبوە لە گەڵ بۆ چوونی نووسەرانی بورجوازی ناو رۆژنامەی **تایمس و دیلی تلگراف** •
هەر وەها ئەگەر یاد داشتەکانی رفیق حلمی و احمد تقی و احمد خواجا و چەندکەسیکی تر نەبوایە ئەبوو ئیستە تەنها پەنامان ببردایەتە بەر ئەو کتیب ونووسینانەی کە سیاسی و ئەفسەرەکانی انگلیز کە لە کاتی خۆی دا نووسیویانەو زۆر بەیان بریتین لە درۆ دەلەسە و پڕن لە قین و دژایەتی بەرامبەر بە کورد وەکوو نووسینەکانی مس بیل و ئەد موندس و میجر سۆن و گەلێکی تر •
وە زۆر راستی هەبوو ئیمرۆ پێی نە دەزانرا و وون ئەبوون • بەلام بە داخەوە نیمچە یاد داشت و بیرەوەریش هەیە کە نووسەرەکەی تەنها تەقەلای ئەوەی داوە کە پاکانە بۆ خۆی بکا و خۆی لە وە دوور بخاتەوە کە هیچ تاوانێکی نە بوە لە بەشدار بوون لە هەڵە و بۆ چوونە نا رێکانەی کە لە وڵاتەکەمانا رویداوە •
ماموستا کەریمی حسامی کەهەتا ئێستە (٣) زنجیرە لە بیرەوەریەکانی خۆی بڵاو کردوونەوە بە کەمیان بریتیە لە کاتی منداڵیەوە هە تا ساڵی ١٩٥٧•

زنجیرەی دوهەم لە ۱۹۵۷ بە دواوە هەتا ساڵی ۱۹٦٥ و زنجیرەی سێهەم لە ساڵی ۱۹٦٥ هەتا ساڵی ۱۹۷۰ ۰

زنجیرەی یەکەمی بریتیە لە بیرەوەری خۆی لە سەرەتای تاقی کردنەوەی ژیانێکی تاڵ و تفتی ناو کۆمەڵگایەکی کوردەواری دواکەوتوی دەرەبەگایەتی ونیمچە خێڵایەتی دوور لە شارستانیەتی کە مێردەزمەی نە خوێندەواری باڵی رەشی کێشا بوو بە سەر وڵاتە پارچە پارچە کراوەکەی کوردا ، لە گێژاوی ژیانی ئاڵۆزی ناو ئەو کۆمەڵگایەدا چاوی کردوتەوە و هەر لە منداڵیەوە خۆی و کەس و کاری تووشی دەردە سەری و کوێرەوەری بوە و هەر رۆژە بە جۆرێك و لە شوێنێکدا پەلاماری داوە کە پاروە نانێکی بە ئاسوودەیی بۆ خۆی و کەس و کاری پەیدا بکات ۰ بەڵام وەکوو زۆربەی زۆری کوردی ئەو سەر دەمە کە رژێمی داگیر کەری شاهنشاهی سەبیری کوردی وەکو ئاژەڵ و رەشە وڵاخ کردوە و لە دادوەشین بەو لاوە هیچ حسابێکی تری بۆ نەکراوە نەی هێشتوە تەمی مەینەتی برەوێتەوە و تروسکەی روناکبیری و خوێندەواری تیا بڵاو بێتەوە۰ ئەویش لەو گێژاوە سەختە دا هەر رۆژە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێك کوڵ بە کوڵ بوە و کەس و کاری راو نراوە و لێك ترازاون و وەکوو هاو وڵاتیەکی تر دەرفەتی ئەومیان نەداوە کە لە شوێنێکدا نیشتە جێ ببێ و بحەسێتەوە ۰

ماموستا کەریم لە زنجیرەی یەکەم و دوهەمیدا هەولی داوە وەکو نووسەرانی ئەم سەردەمەی رۆژ ئاوابیەکان ژیانی خۆی بەو پەری سەر بەستی و بە بێ پێچ و پەنا و شاردنەوە هەندێ کەل و قوژبنە نەهێنی و تایبەتیەکانی ژیانی خۆی باس بکا و هەر چی بینیویە و بە سەریدا هاتوە بە چاك و خەراپیەوە گوڵ بژێری نەکردوە سەر کوژە رەگەی لانەداوە و رپ و رەوان هەمووی بڵاو کردوتەوە۰ کە ئەمە بەلای هەندێ کە سەوە تازە بابەتە و لەو روەوە هەندێ پلاری نارەواشی تێ گیراوە ۰

لە کۆتایی زنجیرەی دوهەم بەدواوە و لە زنجیرەی سێهەمیدا هەست بەوە ئەکرێ کە بەچاوێکی ترەوە سەیری دنیای کردوە و پێی ناوەتە قوناغێکی نوێی بیر کردنەوە لە ژیان و لە دوارۆژێکی پڕ لە شادمانی بۆ کەل و نیشتمانەکەی لە رێ رەوێکی پشکەوتوو خوازانەی دوور لە کورت بینی و گۆشە گیری و رەگەز پەرستی لە کەڵ

بەر پەرچدانەوەی هەندێ کەسی کە لایان وابوە پێشکەوتنخوازی لە وەدایە کە ناوی کورد و کوردستان و مافە ڕەواکانی پشت گوێ بخرێت و وەدوا بخرێ.

ئەو نامە و نووسراوانەی کە دەقی هەندێکیان لە زنجیرەی سێهەمی بیرەوەریە کانیا بلاو کراونەتەوە کە هەر یەکەیان پێوەندییان بە ڕوو داو وبە سەر هاتێکە وە هەیە کە داخی گرانم ئەگەر بیرەوەری هەندێ کەسی تری ئەو سەر دەمانە بـــــلاو بکرێنەوە کە لای هەندێ کەس ئاخنراونەتە ناو فایلەوەو یا هێشتا لە ناو مێشك و ـ دلّدا کەڵە کۆیان کردوە و خاوەنەکەی بیر لەوە ناکاتەوە کە تۆماریان بکا و بلاویان بکاتەوە. ئەگەر ئەوانە بکرایە ئێستە ئەتوانرا لە وانە لە هەموویان گە لێك باسی مێژوویی پوخت ئامادە بکرایە و ببونایە بە سەر چاو بۆ خوێندەواران و ڕوشنبیرا نی ئەو سەر دەمە.

کاشکی لە زۆر لای ترەوە ، چ لە ڕۆژ هەلاتی کوردستاندا و چ لە باکور و باشوری کوردستانیشدا زۆر کەسی تر کەم تەر خەمی نەکا و کەم و زۆر هەر چی لە لایەتـــی بلاوی بکاتەوە و دەست و بردی لێ بکا و لە گەلّ خۆیدا نەی باتە ناو گلّەوە. بــــە مەرجێك هیچ شتێك دیزە بە دەرخۆنە نەکرێ و گوێ نە درێتە پلار و توانجی ئەم و ـ ئەو. لەناو چوون و بلاو نەکردنەوەی بیرەوەری هەندێ کەسی لێ هاتوومان تاوانێکی زۆر گەورەیە. چونکە ئەوانە هەمووی ئەمانەتی میللەتە و زادەی فرمێسك و خوێنی شەهیدانە و کەس و کاریانە و لام وایە ئەو نووسەرەی کە لە باسەکانیا ئەگەر هەولّ نەدا تەنها هەر پاکانە بۆ خۆی بکا و دان بە بەشداری خۆیدا بهێنێ لە و هەلانەی کە ڕوویداوە ، لام وایە نەك تەنها بەوە نالّی خەلّکیش لە خۆی پاك ئەکاتەوە، بەلکو ڕێزێکی یەکجار زۆری لێ ئەگیرێ و نووسینەکەی ئەبێتە مایەی شانازی .

ئومێدی سەرکەوتنی ماموستا کەریمی حسامی ئەکەم لە بلاو کردنەوەی زنجیرەی چوارەمی بیرەوەریەکانی و ئەوانەی داهاتووش بۆ خزمەتی گەل و نیشتمانەکەمان .

هاوار

یادانەوەیەك بـــۆ دواوە

لە کوردستانی ئێران مەشهوورە دەڵێن : لە نێو مەنگوران یادانەوە عەیب نیە • هێندێ مەسەلە هەن ، مرۆڤ ناکرێ بۆیان بانەداتەوە • مەسەلەی کوشتن و بێ سەرو شوێن کردنی تێکۆشەر و زانا کاك سدیقی ئەنجیری یەك لەو مەسەلانەیە کە نابـــێ بخرێتە پشت گوێ •

لە بەر ئەوەی ڕاستەو خۆ هیچ پێوەندی بە منەوە نەبوو ، هیچیشم لـــە ســـەر نە دەزانی ، لە بەرگی سێیەمی بیرەوەریەکانمدا باسی نە هاتبوو • پاش بڵاو بوونەوەی بەرگی سێیەم ، چەند نامەم پێگەیشتن ڕەخنەیان گرتبوو کە بۆ چی بـــاسی کوشتنی کاك سدیق نەکراوە ؟ • جارێکی دیکە ڕەش نووسی یاد داشتەکانم پشکنــی نامەیەکی دوکتور قاسملووم دیتەوە کە زستانی ١٩٦٦ بۆی نووسیبووم •

دوکتور قاسملولە نامەکەی دا پاش چاك و خۆشی و ڕێنوێنی بۆ نووسینی وتار- بۆ ڕۆژنامەی کوردستان دەنووسێ : " کاکە خەبەرێکی زۆر ناخۆش و سەیر • کاك نوری ئەحمەد تەها لێرە بوو • باسی ئەوەی دەکرد کە چەند مانگ لە مەو بەر لـــە ڕایەت بوە • لە وێ تووشی بابی سدیقی ئەنجیری بوە کە لە کورەکەی دەگەڕا • پاش ماوەیەك لە سلیمانی معینی پرسیوە • سلیمان گوتوویەتی : بەڵێ ئەنجیری چەند مانگە ون بوە و دیار نیە وئێمە بۆمان دەر کەوتوە کە ئەحمەد توفیق لـــە بەینی بردوە • گویا سلیمان زۆر بە پەرۆشەوە ئەو مەسەلەی باس کردوە •ئەحمەد توفیق ئێستا لە لای شیخ ئەحمەدی بارزانە • "

پاشان کاك سەعید کوێستانی کە لە نێو جەرگەی تێکۆشان دابوە و لـــە نیزیکەوە لە گەڵ کاك سدیق و برادەرانی تر ژیاوە ، لە تەئریخی ١٥/١/١٩٨٩ لەم بارەوە نامەیەکی بۆ ناردم کەوا دەقی نامەی کاك سەعید لێرەدا بڵاو دەکەمـــەوە •

پاش دیتنەوەی نامەی دوکتور قاسملو ، نامەیەکم بۆ کاك حەمەدەمینی سیراجی نووسی و داوام لێکرد بە سیفەتی ئەوە کە ئەو خۆی لە کوردستانی عیراق لە نـــێو

شۆرش بوە و پەیوەندییە کاك سدیقەوە هەبوە و لە نیزیکەوە لە جەرمیان دا بـــوە ئەوەی لەو بارەوە دەیزانی و ئاگادارە بۆم بنووسێ ٠

لە گەڵ سوپاس بۆ وەلام دانەوەی کاك حەمەدەمینی سیراجی ئەوە دە قـــی نووسراوەکەی ئەو کە ٦/ ١/ ١٩٨٩ بۆی ناردووم بلاوی دەکەمەوە :

نامەی کاك حەمەدەمینی سیراجی: ٠٠٠٠ لە بارەی مەسەلەکانی داوات کـــرد بوون ٠ مەسەلەی کاك سدیق کە چۆن لەناو چوە :

" شەهید سەدیق لە سالی ١٩٦٤ چوە کوردستانی عیراق و لەو کاتەدا ئەحمەدی پێ فیدل کاسترۆیەك بوو٠ لە کونگرەی ٣ بە ئەندامی رابەری هەلبژێردرا و بـــۆ وتو ویژ بە مەبەستی یە کگرتنەوە، لە گەڵ شەهید سلیمان و شەهید نوح پاشایـــی کاك ئەمیری قازی و رەشە لە لایەن کۆنگرەوە دیاری کران ٠ پاش وت و ویژ و ریـك کەوتن لە سەر چەند خالێ ، دەستەی نوێنەرایەتی بە گشتی و شەهید سدیق و سلیمان بە تایبەتی کەوتنە بەر پنلار و هێرشی ئەحمەدەوە٠ شەهید سلیمان و کاك سدیق و نحو لێی دوور کەوتنەوە و بە لای ئێمە ، قوڵی پێشکەوتووی حیزب هاتن ٠ ئەحمەد وەك توورەیی و زیز بوون ئیستعفای کرد٠ هێندی لە لایەنگرانی لە گەڵ خۆی هەـ لگرت و بنکەی شێخانی لە نیزیك دەربەندی باڵەکایەتی کردە ناوەندی کار وباری٠ مەودای نێوان دۆستەکانی دوێنێی ئەحمەد و بەر هەلستکارەکانی ئەمڕۆی هـــەر لە زیادی دەدا ٠راست لەو کاتەدا بەرەو گانی ماسی دوور خرایەوە٠ ئێمە هەولـــی بەستنی کونفرانسێکمان دەدا کە دەسەلاتی کونگرەی پێ بدرێ و سەر لە نوێ رابەری هەلبژێرێتەوە ٠ کاك سدیق لە لایەك لەو هەولە دابوو، پیوەندی بە رابەری پارتی‌یە وە دەگرت (حبیب محمد کریم) و لە لای تر نەخشەی پێوەندی ساز کردنەوەی لـــە گەڵ دۆست و ناسیارەکانی ناو خۆی و لاتی هەبوو٠ دوای دوور خستنەوەی ئەحمـــەد بنکەی شێخان بە کردەوە هی لایەنگرانی ئەحمەد بوو٠ لە ناو خۆی و لاتیش مراد و چەند نوێنەری ئەحمەد توفیق بە تایبەتی لە لاجان خەریکی کۆ کردنەوەی یارمەتـــی و هەرەشە لەم و لەو بوون٠ سوارە سەکر یەکێك لەو کەسانە بوو کە لەو پێوەندییەدا دەهات و دەچوو ، تفەنگ و تەقەمەنیش لە بنکەی شێخانەوە دابین دەبوو٠ گۆیا کاك سدیق ئەم مەسەلەی لە لای صدیق ئەفەندی و فرانسوا درکاندوە و هەر لە بەر ئەمەش

سواره سەکر گیراوه و دراوەتەوه بە ئێران • ئەم کارە بە گوێی ئەحمەد دەگاتەوه و تەنووری تووڕەیی دەهاروژێنێ و بریاری کوشتنی دەدا • حەسەنی برازای ئەحمەد جێ بە جێ کردنی ئەم کارەی دەخرێتە ئەستۆ •

لە هاوینی ١٩٦٦ تەنیا ٣ رۆژ دوای ئەوه کە لە لیوژە بە یەکەوه لە گەڵ کاك سدیق و سالار و مەلا سەید رەحمان و سەعید نانی نیوه رۆمان خوارد و ئەو بۆ دیتنی حەبیب بەرەو قەسر ، جێگای رادیوی شورش چوو، بوو بە دەنگۆ کە کاك سدیق نانی نیوه رۆی بە جێ هێشتوه ونە گەراوەتەوه • ماوەیەکی زۆر شایعەی سەیر سەیر لەمبارەوه بلآو دەکرایەوه• پەیگیری و دوا کەوتن بە دوای ئەم رووداوه دا ، نیشانی دا ، دوای ئەوەی حەسەنی برازای ئەحمەد توفیق لە جەماعەتی رادیوی شور- شی دوور خستوّتەوه و بەرەو " وەسان" هەڵکشاون، ئیتر سدیق بە زیندوویی نە دیتراوەتەوه • حەسەن گوّیا ، حاصل، محەمەد حەرەس و دوو سێ کەسی تریشی لە گەڵ بوه • کاك هەژار ئەگەر لە بیری ما بێ و حاشای لێ نەکا :خوی ساڵی ١٩٧١باسی چاو پیکەوتنی ئەحمەد و هەرەشە و گورەشە ئەوی کرد کە ئەگەر وابێ و وابکرێ ، وطاسدیقی کە " توّپاندوویەتی" بەرهەلستکارانی تریشی دەتوّپینێ" •

چەند مانگ دوای بێ شوێن بوونی کاك سدیق ، برادەرانی " حشع" لاشەیەکی سەر براویان لە چەم دۆزیبوّوه کە پێیان وابوو دەبێ کاك سدیق بێ • "

نامەی کاك سەعید کوێستانی :

برای بە ڕێز کاك کەریمی حسامی • وێڕای سڵاو هیوا دارم هەر شاد و کەیف خۆش بی• بەرگی سێیەمی بیرەوەریەکانت کە پشتەکەشت امضا کرد بوو گەیشت• سوپاست دەکەم •

کاگە گیان لە لاپەڕەی هەوەڵدا داوات کردوە کە ئەگەر کەسێك لە سەر ڕوودا یان شەهید بوونی کەسێك ئاگاداری هەیە بۆم بنێری تۆماری دەکەم و بە چاپی دەگەیێنم• پێم خۆشە وەك شتێکي زۆر پێویست لە سەرکاك صدیقي ئەنجیری ئازر چەند دێرێك بنووسم هیوا دارم بتوانی یادێك لەو برادەرە شۆرشگێر و تێکۆشەرە بکەی• چونکە تا ئێستا لە هیچ کتێب و نامیلکە و ڕوژنامەیەك دا یادی لێ نە کراوە •

کاك صدیق کوردێکی تێکۆشەر و بە تەواوی دڵسۆزی کورد بوو• لە سەر مەسەلەی کورد و دیفاع لە کورد زۆر جار لە کاری سیاسی دا دەرجای لێ داوە و مەسئولیەتی نە چۆتە سەر• کاك صدیق ماوەیەکي دوور و درێژ بە تاواني تێ کۆشین دژی ڕژیمی شاهنشاهی چوە زیندان و کاری ماموستایي دانشگایان لێ ئەستاندەوە • ناو براو لە ڕێگەی نووسین و وەرگێران بە شێك لە ژیانی خۆی دابین کردوە • وە کتێبی " مردەهای بێ کفن ودفن" وەرگێراوی ناو براوە• دیارە شتی تریشی هەیە بەلام بە داخەوە ناویان نازانم •

ساڵی ١٩٦٤ کاك سولەیمانی موعینی نامەیەکي بۆ نووسی کە بێتە کوردستان و تاران بە جێ بێڵێ و بێ• لە نامەکە دا داوای لێ کردوە کە بێت بەڵکوو لەو سەر دەمە مێژووییە دا بتوانێ نەخشی بنەرەتی هەبێت و تا کۆکی نێو حیزب چار بکات • کاك صدیق دێتە مەهاباد و لە وێرا برادەرانی حیزبی دەیگەیێننە سوتێ• من و مەلا ئاوارە و هاشمي حق‌طلب(قادر شەریف) لە کوردستانی ئێران بە شاخانەوە لە ناوچەکانی دوور و نیزیکی کوردستان لە نێو خەڵك دا دەگەراین• بە نێوی " کومیتەی ساخ کەرەوەی ح•د •ك " خەڵکمان ڕوون دەکردەوە • زۆری پێ نەچوو کونگرەی دوهەمی ح• د• ك لە چیاکانی سونێ دەگیرێ• کومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ و هێندێ کەس لەو کونگرەیەدا دەر دەکرێن • من و قادر شەریف و- مەلا ئاوارە لەو کەسانە بووین کە دەر کرا بووین •

بەلام پاش مانگێك هەیئەتێك لە لایەن ح. د. ك بۆ بانگ كردنەوەو هاو كاریكردن كردن و دەست بە كار بوون بەدوامان دا هاتن . كە بریتی بوون لە ١ـ ملاحسن رستگار ٢ـ ملا رسول پیشنماز ، ٣ـ منتقم قازی ،٤ـ قادر قازی و دوو كەسی تر .

من و مەلا ئاوارە و قادر شەریف هاتینە وە كوردستانی عیراق. كومیتەی ناوەندی حیزب بریاری كۆنگرەی شكاند و مشاوەرەتی كومیتەی ناوەندیان داینێ.
كاك صدیق بۆ یەكیەتی و پتەوی حیزب لە هەموو دەرفەتێك كەلكی وەر دەگرت و دلسۆزانە خەریكی كار و بە ریوە بردنی ئەركەكانی حیزبی بوو. كاك صدیق بۆ ئەوەی هێندێك دەستی احمد توفیق كورت كاتەوە هاتە بالەكایەتی لە گوندی دەربەند لە دۆلێكا خانوێكمان گرت و دوور لە پێش چاوی دوژمنان پێكەوە لە وێ دەژیابنو كادرەكانی حیزبی و یرادەرانی كومیتەی ناوەندی جار و بار ئەگەر كارێكی زەروریان هەبایە دەهاتنە دەر بەند و پاش وتو ویژ دەگەرانەوە بۆ لای سونێ.

هاوینی ١٩٦٦ بۆ مەسەلەیەكی گرنگی دەرون حیزبی كە مەبەست پتەو كردنی حیزب و نیزیك بوونی زیاتر لە پارتی بوو، سەفەرێكمان بەرەو **لێوژە** كە دەفتەری سیاسی پارتی لە وێ بوو رێك خست . لەوێ لە گەل حەبیب محمد و هێندێك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی قسەی كرد وبەرەو دوا گەراینەوە. شەوێ گە یشتینە (**مامە رووت**). مامە رووت چەند تەپكێكە لە نێو جەنگەل و چەند ئەشكەوتێكی تێدایە . لە وێ ئیستگەی رادیو كوردستانی لێ بوو كە ئێواران هەوالەكانی شۆرشیان لێ بلاو دەكردەوە . لە مامە روت شەوێ میوانی كاك خالید حسامی بوین. بۆ شەوێ كاك صدیق ئەنجیری دەبوایە بمێنێتەوە. چونكە بە یانی قەرار بوو بچێتە لای مستەفا بارزانی بۆ هێندێك وتوو ویژ لە مەر وەزعی حیزب و ئەو وەزعەی كە پێك هاتبوو. وە هەر وەها لە مەر ئەو مەترسیانەی كە رۆژ بە رۆژ بۆ كادر و ئەندامانی حیزب پێك دەهات. دەبوایە منیش بگەرێمەوە بەرەو دەربەند بۆ هێندێك شت كە دەبوایە بكرێن و وردە وردە جێگاكانمان بگوێزینەوە و نیزیك سنوور و جادەكان چۆل كەین . قەرار وابوو كاك صدیق پاش دیتنی بارزانی بگەرێتەوە بۆ دەربەند. بەلام تا سێ رۆژ خەبەرێكی نە بوو. من دوای سێ رۆژ چوومەوە **مامە روت** لای كاك خالید حسامی و پرسیاری كاك صدیق ئەنجیریم لێ كرد. وەلامی دامەوە

که چوّته لای بارزانی و هاتوّتەوه ئێره و نەهاری خواردوه و کیسەکەم بوّ پر کردوه له توتن و روّیشتوه٠ وه پاش چەند روّژ جاریّکی دیکه چوومەوه بوّ پرسیار٠ ئەو جار قسەکەی پێشووی‌له بیر نەما بوو گوتی : کاك صدیق لیباسەکانی خوّی له سەر چوّمی شوشتو و گوتی سەفەریّکی دوورم له پێشه و زوّرم پیّ دەچی زوّرم نان بوّ دانیّ٠ به هەر حالّ کاك صدیق له مامه روت سەری تیّدا چوو وه تەنیا کاك خالید حسامی دەزانیّ قاتلّی کاك صدیق کیّیه ٠ ٠

له
پاش ماوەیەك برادەرانی حیزبی شیوعی عیراق له چوّمی نیّوان گەلاّله و دەرگه کەلاکیّکی بیّ سەریان دیتبوّوه له نیّو ونیشانەکانی دەر دەکەوت که دەبیّ کاك ــ صدیق بیّت گوّڕرا بیّ٠ پیّم خوّشه ئەوەشت عەرز بکەم که کاك صدیق کەوتبوه بــەر رق و تورەیی احمد توفیق چونکه به راستی پیلانەکانی ناو براوی به تەواوی تیّــك دا بوو و لیّی هەلّوەشاند بوّوه ٠ بالّی چەپی حیزبی هیّندیّك به هیّز کرد بــوو٠ وه بەره بەره لەو ئالّوّزی و ناکوّکی فیکریه دەهاته دەر ٠ به داخی گرانەوه له ماوەی سالّیّك دا کادرەکانی حیزبی یەك له دوای یەك هەر یەك به ناویّك و به هوّ یەك له ناو دەچوون و نگبەتی و نەهاتی که له لایەن دوژمنانەوه بەرنامەریّژی طرح ریّــژ دەکرا روی تیّ کرد بووین و هەر یەك به لایەکدا تەفر و تونا دەکراین ٠

کاکه گیان جا ئەوه گوّشەیەکی پچوك له به سەر هاتــی کاك صدیقه٠ هیوا دارم ببیّته مایەی ئەوه که شتیّکی له سەر بنووسی و یادیّکی لیّ بکەی ٠

ئیتر خوّشیت ٠ برات سەعید کویستانی

١٥ ژانویه ١٩٨٩

شەوی ١٩٨٩/٣/٢٦ له شاری لین شوّپینگ له مالّی کاك حامیدی گەوهەری بــووم مەلا حەسەنی رستگار و کەمالی کەریمی و حاجی ئەحمەدی و دووبرادەری دیکــه هاتنه ئەوێ٠ بەو سیفەته که مەلاحەسەن کاتی شەهید بوونی کاك سدیقی ئەنجیری لەو ناوچەیه بوه و له گەلّ جەرەیانی سیاسی ئەو دەم دابوه و دوّستی کاك سدیق بوه به دەرفەتم زانی که باسی بیّ سەرو شویّن بوونی سدیقی ئەنجیری له ویش بپرسم کاك مەلا حەسەن له وەلاّمی پرسیاری مندا گوتی : " که خەبەری وون بوونی سدیقمان زانی وەدوای کەوتم ٠ چوومه لای خالیدی حسامی له رادیوی شورش٠

چونکە سدیق لەکن خالیدئاغا نانی نیوە ڕوێ خوارد بوو٠ خالیدئاغا گوتی :
" سدیق لای من بوە ٠ دوای نانخواردن کتێبێکی وەر گرتوە، چوە لەو سەرە بیخوێنێتەوە و ئیتر نە هاتوتەوە٠ بەڵام ڕاستی نەدەگرد٠
پاشان بڵاو بوە کە حەسەنی برازای عەولای ئیسحاقی کوشتوویەتی و گوێیا حاسڵ و ئەوانیش لە گەڵ بوە ٠ پێشتر دەمانچەیەك بە حەسەنی برازای عەولاّ ئیسحاقی (ئەحمەد توفیق) بوە کە دەمانچەی مرۆڤێکی بە ڕێز و ناسراوی کورد بوە " ٠
لێم پرسی ئەو مرۆڤە ناسراوە کێ یە. من دەیناسم ؟
مەلاحەسەن گوتی : " عەولاّی مام سەعیدیە ٠ جارێك لێشم پرسی ئەو دەمانچەی تۆ بۆ بە حەسەنی ئیسحاقی بوە؟ چرژا ، تێکچوو، گوتی : " ڕاستە ماوەیەك دابووم بە حەسەنی ئیسحاقی "
مەلاحەسەن لە کۆتاییدا گوتی : " بێ شك خالیدی حەمی ئاگای لە کوشتنی کاك سدیقی ئەنجیری هەیە "٠
پاش وون بوونی سدیقی ئەنجیری بابی بە دوای سەرو شوێنی دا وەدوای کەوتبوو بۆ کوردستانی عیراق و ناوچەی شۆرش و چەند جار چوبوە لای مەلا مستەفا ٠ بەڵام هیچ سوراخی نەکرد بوو تا ئێستاش بە تەواوی ڕوون نە بووە کە کاك سدیقی ئەنجیری بۆ چی و لە سەر چی کوژراو سەر بەنیست کرا٠؟

گەڕانەوە بۆ نێو کۆڕی تێکۆشان

هەر وەك لە لاپەرەکانی ئاخری بەرگی سێیەمدا باسکرا ، بە بێ ئەوەی چاوەڕوانی ئیجازەی رێبەرایەتی حیزبی تودە بم ، یا بیر لە مانەوەی مندالەکانم بکەمەوە ، رۆژی ٢٠ی مارسی ١٩٧١ لە بولغارستانەوە سواری فرۆکە بووم و بەرە و بەغدا کەوتمە رێ . پێشتر برادەرانی حیزبیم ئاگادار کردبوو کە لە فلان رۆژ دا دەگەڕێمەوە . دوکتور قاسملو ، کاك حەمەدەمینی سیراجی ، ماموستا هیمن ، مەلا عەولای حەیاتی و یەك دوو برادەری تر هاتبوونە فرۆکەخانەی بەغدا . چاو پێکەوتن و خۆش و بێشیەنی ئەو رادە بەدەرزبە تام و چێژ . سوار بووین بەرەو ماڵی حیزب . لە شەقامی (٥٢) برادەران خانوویەکیان گرتبوو . حکومەتی عێراق و رێبەرایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق رێگایان دابوو ئەو ئەندامانەی حیزبی کە پاش شکانی راپەڕینی ساڵەکانی ٦٧ـ ٦٨ لە کوردستانی عێراق بڵاو ببوونەوە ، کۆیان بکەنەوەو لە باری رێکخستنی حیزبی یەوە رێك و پێکیان بکەن.

ئەودەم کە من گەڕامەوە برادەرانیان لە کۆیە لە بنکەیەکدا کۆ کردبۆوە . بەڵام ناتەبایی کۆن لە نێویاندا هەر مابوو پێکەوە رێك نەبوون.

ئەو دەستەی لە ئێران لەگەڵ کاك حەمەدەمینی سیراجی و کاك سمایلی شەریف زادەو کاك سولەیمانی موعینی لە خەباتی چەکدار دا ببوون و پاش شکان چووبوونە بەکرە جۆ لای مام جەلال گیرسابوونەوە پاشانیش هاتبوونە ناوچەی کۆیە . دەستەی دیکە کە لەگەڵ کاك ئەمیری قازی و مەلا عەولای حەیاکی و

ماموستا هێمن لە ناوچەی شۆڕش مابوونەوە ئەوانیش کۆکرابوونەوەو لە گوێسەو لە قەلادزێ دەژیان و بەڵام لەگەڵ دەستەکەی تر دانویان پێکەوە نەدەکوڵی ۰

لێرەدا بە پێویستی دەزانم تۆزێک بۆ دوایە بگەڕێمەوە ۰

پاش ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ ئەو دەستەی لەگەڵ کاک ئەمیری قازی بوون کۆنفرانسی ٢ ی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک دێنن ۰ دیارە کۆبوونەوەکەیان تەنیا لەسەر چۆنیەتی وەزعی نێو خۆیان و کۆکردنەوەیان و وەزعی سەیدعەولای ئیسحاقی (ئەحمەد توفیق) کە چوو بۆلای حکومەتی عیراق راوێژ دەکەن و بە بێ ئەوەی پێرەو پرۆگرامێک بۆ حیزب دابنێن . چەند کەس بۆ ڕێبەرایەتی هەڵدەبژێرن بڕیاردەدەن کە داوا لە دوکتور قاسملو و لە کاک حەسەنی قزلجی و لە کەریمی حسامی بکەن کە بگەڕێنەوە نێو ئەوان وپێکەوە خەریکی تێکۆشانی سیاسی بن ۰

پاش ١١ ی ئازار دوکتور قاسملو کە دەگەڕێتەوە بەغدا ، دەچێتە لای سەرۆک بارزانی و داوای لێ دەکا کە ڕێگا بدا ئەو ئەندامانەی حیزبی کە لە لای جەلال تالەبانی گیرساونەوە ، بێنەوە ناوچەی ژێر دەسەلاتی شۆڕش ۰

لەو کاتەدا کاک ئەمیری قازی و ماموستا هێمن و مەلا حەسەنی ڕەستگار و مەلا عەولای حەیاکی لەناو پردان دەبن - لە نامەیەک دا کە دوکتور قاسملو بۆ منی نووسیوە دەڵێ : " چوومە لای مەلامستەفا ئەمیری قازی و هێمن و چەندکەس لەوێ بوون ۰ دوکتور مەحمود عوسمان زۆر ئیسراری هەبوو کە یەک بگرینەوە ۰ ئێمەش لەبەر قسەی ئەوان لەگەڵیان دانیشتین ۰ پاش گلەیی و دەمەتەقە بە تایبەت لەگەڵ حەمەدەمینی سیراجی بڕیارمان دا هەتا کۆنفرانسێکی حیزبی ٨ کەس بە ناوی (کومیتەی سەرکردایەتی کاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان) دیاری بکەین۰ ئەم ٨ کەسە ئەمانەن : (**قاسملو ، ئەمیر قازی ، هێمن ، سیراجی ، حەسەنی ڕەستگار ، عەولای حەیاکی ، یوسفی ریزوانی ، کەریمی حیسامی)**
هەروەها بڕیارمان داوە ئەگەر کاک حەسەنی قزلجی بگەڕێتەوە ئەندامی کومیتەی ناوەندی بە "

لە وەڵامی نامەی دوکتور قاسملو دا بۆم نووسین کە کارێکی زۆر بێ جێ بە یوسفی ریزوانی بە ئەندامی ڕێبەرایەتی دیاری بکەن ، بەلام بۆ

کاك حەسەنی قزڵجی شەرتی گەڕانەوە دابنێین .

دوکتور قاسملو لە نامەیەکی دیکەدا کە داوای لێ کردبووم بێ راوەستان بۆ عیراق بگەڕێمەوە، نووسیبووی :" نامەکەی تۆ لێرە کێشەی بۆ ساز کردووین، یوسفی ریزوانی زیز بوە، مەگەر بۆ خۆت بێیەوە چاری بکەی. گەرانەوەت بۆ ئێرە زۆر پێویستە ." پاشان نووسیبووی کە بانگ کراوم لە کونگرەی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستان دا بەشداری بکەم . بەڵام ناتوانم بچم. برادەرانی دیکە دەنێرم "

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق ، لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانی گێرا بوە کە نوێنەر بۆ بەشداری لە کونگرەی هەشتی پارتی بنێرێ. دەستەیەکی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، چوو بوە ناو پردان . مەکتەبی سیاسی پارتی داینا بوو کە دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات وتاری پیرۆز بایی بخوێنێتەوە . برادەرانی حیزبی ئەم وتارەی خوارەوەیان ئامادە کرد بوو کە پێشکەشی بکەن :

" سەرۆکی خۆشەویست کاك مستەفا بارزانی

بەشدارانی بە رێزی کونگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان !

ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی ئەحزاب و منظماتی پێش کەوتوو ئازادیخوازی بەشدار لە جلسەی افتتاحیەی کونگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان دا !

بە نوێنەری لە لایەن کومیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێشرەوی گەلی کورد لە کوردستانی ئیراندا و واریسی افتخاراتی جمهوری دیموکراتی کوردستان کە لە ماوەی خەباتی بیست و پێنج ساڵەی پڕ لە شانازی و گیانبازی خۆیدا گەلێك لاپەری زێرین و تروسکە داری خستۆتە سەر مێژووی خوێناوی و لە مێژینەی نەتەوە سەر بەرزەکەمان و لە پێناوی رزگاری کورد و کوردستاندا قوربانی زۆر بە نرخ و هێژای داوە ، پڕ بەدڵ پیرۆز بایی بەستنی ئەو کونگرە مەزنە بە پارتی دیموکراتی کوردستان پێشکەش دەکەین و سەر کەوتنی بە ئاوات دەخوازین .

ئەو کونگرەیە لە کاتێك دا دەبەسترێ کە پتر لە سێ مانگ بە سەر دەرچوونی بەیانە

مێژوویێەکەی یازدەی ئازاری ئەنجومەنی سەر کردایەتی شۆرشی حەفدەی تەموزدا تێ دەپەڕێ و کوندە بومەی شومی شەر لە عیراقی خۆشەویست تەرە بوە و کوتری سپی ئاشتی و هیمنی بالی بەسەر ئەو وڵاتەدا کێشاوە و میللەتی قارەمانی عیراق لە زروفێك دا دەژی کە لە تاریخی ئەو میللەتە دا هەر گیز وینەی نە بینراوە ٠

برانەوەی شەری براکوژی سالەکانی ١٩٦١ تا ١٩٧٠ کە بە پێچەوانەی ویست و دل خوازی هەر دوو نەتەوە سەرەکیەکەی کورد و عەرەب و بە قازانجی ئیستعمار و ئیمپریالیسم و کۆنە پەرستی لە لایەن حکومەتە مل هوڕ و دیکتاتورەکانی پێشووی بەغدا بە زۆری زۆرداری بە سەر ئەو دوو گەلە خەباتکەرەدا سەپێنرا بوو. کرانەوەی لاپەرە یەکی تازەی پڕ لە ئاشتی و ئاسایش و خۆشەویستی لە مێژوی خەباتی هاو بەشی کورد و عەرەب و کەمایەتیەکانی عیراقدا پاش دان نانی حکومەتی نیشتمانی و حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بە مافی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە چوار چێوەی عیراقیکی دیموکراتی دا، روداوێکی هەرە گرینگ و مێژویی بو کە وەکو دیتمانو بیستمان لە لایەن هەموو گەلانی دیموکرات و ئازادیخوازی جیهانەوە بە گەرمی پێشوازی و پشتیوانی لێ کرا ٠

چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد و هەنگاو نان بۆ حلی مەسەلەی نەتەوایەتی لە عیراقدا بێ گومان سەرە تایە بۆ دەست پێکردنی ژیانێکی پڕ لە بەختیاری و کامرانی لە ناو خۆی وڵاتەکەدا و کاریش دەکاتە سەر جولانەوەی ئازادیخوازی لە مەڵبەندی رۆژ هەلاتی ناوەراست دا و هەر وەها تەئسیرێکی گەورەی هەیە بۆ نەمان و لە ناو چونی دەسەلاتی شومی ئیستعمار و تەرت و تونا بونی کۆنە پەرستی و دەرەبەگایەتی و بۆ دامەزراندنی سەربەخۆیی و دێموکراسی تەواو لەو ناوچە پر پیت و بەرەکەتەدا ٠

دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە لە لایەن حیزب و گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانەوە افتخاری بەشدار بونی لە جەلسەی افتتاحیەی کونگرەی هەشتەمی پارتی دا هەیە، پێی سپێراوە کە ئەو پەری پێ خۆشبون و شادمانی گەلەکەمان لە گەیشتنی برا کوردەکانی عیراق بە مافی حوکمی زاتی رابگەیەنێ و پیروزبایی ئەو سەر کەوتنە مەزنەیان لێ بکا و چاوەروانە کە هەرچی زوتر هەنگاوی بە

گەلك و موئثر باوێژری بۆ جێبەجێ کردنی هەمو بەندەکانی بەیانی ئاشتی تا هەمو گەلێن و قوژبنێك لە ئازاوەچیەکانی سەر بە ئیمپریالیزم بگیرێ و هەمو پەناو پە-سیویك لە دوژمنانی ئاشتی و ئاسایش ببڕێت و ئیتر بە هیچ باریك ماوە نەدرێ بە بازرگانانی شەر کە لە شەری برا کوژی گەلانی عیراق گەلك وەر گرن ٠

حیزبی دیموکراتی کوردستان بەستنی کونگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کورد ستان لە هەل و مەرجی ئێستادا بە سەرەتای قۆناخێکی تازەی خەباتی نەتەوەکەمان دەزانێ و هیوا دارە کە کونگرەی هەشتەمی پارتیهاندەر بێ، بۆ تێکوشان و هەول و تەقەلای رۆلە دلسوزەکانی و لات، لە پێناوی چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی کوردستان و -پێك هێنانی ئاڵ و گۆڕێکی بنچینەیی ئابوری و کۆمەلایەتی و دامەزراندنی بەرە-یەکی یەك گرتوی دێموکراتی لە هێزە نیشتمانی و پێش کەوتوەکانی عیراق ٠

حیزبی دیموکراتی کوردستان سیاسەتی رەگەزپەرستانەی حکومەتەکانی ایران و تورکیا و سوریا کە بەدرێژایی مێژو لە دژی برا کوردەکانمان بە کاریان هێنـــاوە زور بە توندی محکوم دەکا و بە هەمو هێز و توانا پشتگیری لە خەباتی عادلانــەی ئەو سێ گەلە قارەمانە دەکا بۆ وەدەست هێنانی سەر بەستی ودێموکراتی لـــــەو و لاتانەدا ٠

لێرەدا بەدەرفەتی دەزانین پڕ بەدل تشکر لە هەڵوێستیانسانی پارتی دیموکراتی کوردی سوریای برامان بکەین کە لە کاتی هێرش و پەلاماری درندانەی حکومەتـــی بەکرێ گیراوی ایران بۆ سەر گەلی کوردمان لە کوردستانی ایران لە سەرمان وە-جواب هاتون و دەنگی اعتراضی خۆیان لە دنیادا بەرز کردوتەوە٠

ئێمە لەسەر ئیمان و بروامان بەو حقیقەتە : کە هاو کاری و تعاونی نێـــوان احزابی دێموکراتی گەلەکەمان زامنی هەرە گەورەی سەر کەوتن و هۆی هـــە رە گەورەی رزگار بونمانە٠ لە هەمو حیزبە دێموکراتیەکانی کوردستان داوا دەکەین کە زیاتر لە هەمو کات و زەمانیك لێك نیزیك بنەوە و یارمەتی یەکتر بدەن بـــۆ ئەوەی گەلی کوردمان لە هەمو پارچەکانی کوردستان دا بە مافە رەواکانی خـــۆی بگات و گەلی ئێمەش جێگای خۆی لە ناو گەلانی ئازادی جیهان دا بکاتەوە٠

ئیتر سەرکەوێ کونگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان

محکمتر بێ ئالقەی برایەتی کورد و عەرەب و کەمایەتیەکانی تر لە عیراقدا •
بۆ پێك هێنانی عیراقیکی سەر بەست و دێموکراتیك •
بە هێز تر بێ برایەتی حیزبە دێموکراتیەکانی کوردستان بۆ هێنانە دی تەواوی مافە رەواکانی نەتەوە زور لێکراوەکامان لە هەمو پارچەکانی کوردستان•
نەمری و سەر بەرزی بۆ شەهیدانی رێگای رزگاری کورد و کوردستان
دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان

پاش چاوە رواتیەکي زور کە گویا نوێرمیان دیێت و وتاري پیروز بابي خـــوێیان دە خوێننەوە پێیان رادەگە یێنن لەبەر هەل و مەرجی تایبەتی ئێوە وتار ناخوێننەوە• دەستەی نوینەرایەتی حیزبی دیموکراتیکوردستانی ئیران لەم هەلوێستە فــرە دڵشکاو دەبێ و نامەیەك بۆ سەروکایەتی کونگرە دەنووسێ و نارەزایي خوێ لـــەم هەلوێستەی ریبەرایەتی پارتی دەردەبرێ• ئێمە لێرە دا بۆ مانەوە لە مێژوو دا ، دەقی نووسراوەی دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیـــــران بـلاو دەکەینەوە :
پێویستە ئەوەش بلێم کە دەقی وتارەکەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتـــــی کوردستانی ئیران بە عەر بی نووسراوە • ئەمەش وەرگێراوەی کوردیەکەیەتی :

بۆ لیژنەی بە رێوە بەرایەتی کونگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان !

وێرای سلاو : دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لـــــە لایەن مەکتەبی سیاسی پارتی یەوە بە چەشنێکی رەسمی بۆ بەشدار بوون لـــــە جەلسەی افتتاحیەی کۆنگرەدا دەعوەت کرابوو ، پێش کردنەوەی کۆنگرە پێوەندی بە مەکتەبی سیاسی یەوە کردو رای گەیاند کە وتاری خۆی بۆ خوێندنەوە لـــــە کۆنگرەدا ئامادە کردوە • لەگەل ئەوەشدا کە موافقەی خۆیان بۆ ئەم مەبەستــــە نیشان دا لە جەلسەی کردنەوەی کۆنگرەدا بە ئێمە راگەیندرا کە لەبەر خستنــە پێش چاوی هێندێك بەرژەوەندی تایبەتی ، پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران لە بەرنامەدا نەگونجاوە• سەرەرای هەولدانمان بۆ خوێندنەوەی وتارەکـــە

موافقەیان نەکردو پێشنیاریان کرد کە خۆیان لە لایەن ئێمەوە شتێك بە نــــاوی پیرۆزبایی بخوێننەوە • ئاشکرایە لە کاتێکدا خۆمان لە جەلەسەدا ئامادەبووین ئەو پێشنیارەمان دایە دواوە • ئێمە پاش دەرچوونی بەیانی ۱۱ی ئازاری مێژوویی چاوەروانی ئاڵ و گۆڕێکی بنەرەتی بووین لە موقفی پارتی دا بەرانبەر بــــە حیزبمان • کەچی زۆر بە داخەوە سەرنج ئەدەین ئەو ساردو سڕیەی پێشوو هێندێك وردە تێ‌بێنی لە هەڵوێستی پارتی دا بەرانبەر بە حیزبمان دەرماوە کە ئـــەم کارەی پارتی بەلگەیەکی زیندووی ئەو حەقیقەتە تاڵەیە •

ئێمە لە کاتێکدا سەرکەوتنی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی بە ئاوات دەخوازیـن ناتوانین نارەزایی خۆمان لەو هەلوێستە نالەبارە بشارینەوە •

دەستەی نوینەرایەتی حیزبی دیموکراتی

کوردستانـــــــــی ئیــــران

ــ وێنە بۆ سەرۆك بارزانی بۆ ئاگاداری •

ــ وێنە بۆ دەستەی نوینەرایەتی هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی بەشدار لـــــە جەلەسەی افتتاحیەی کونگرەی هەشتەمی پارتی دا •

پاش گەرانەوەی من بۆ عێراق لە سەرەتاوە بەشێکی زۆری تێکۆشانـــــی کۆمیتەی سەرکردایەتی کاتی ببوە پێ ڕاکێشتنی ناکۆکی برادەرانی ئـــەم دوو دەستەیە • زیز بوونی مەلا عەولای حەیاکی و یوسفی ریزوانی و هێنـــدێ برادەری دیکە ، بەشیکی دیکەی کاری سیاسی کومیتەی گرتبوو •

لە لایەکی دیکەوە حکومەتی عیراقیش بە هۆی یارمەتی دان بە بــرادەران دەستی خستبوە ناویان و دەیویست یەك یەك بۆلای خۆیان رابکیشی • هەمـــوو سەری مانگان پیاوێکی خۆی دەنارد بۆ کۆیە و هەر یەکەی یارمەتیەکی مـــادی پێ دەکردن • دیارە ئەم وەزعە نەی دەتوانی بۆ ئێمە جێگای رەزامەندی بـــێ • لە کۆبوونەوەیەك دا کۆمیتە بریاری دا کە یارمەتی حکومەتی عیراق وەرنەگرین • ئەگەر حیزبی بەعس یارمەتی دەکا دەبێ راستەو خۆ بیدا بە حیزب و حیزب خۆی ژیان و کارو باری ئەندامانی خۆی بەرێوە دەبا • نابێ پیاوی حکومەت پێوەنـدی

جیا جیای به ئەندامانی حیزبەوە هەبێ • دیارە دوکتور مرادی رەزم آوەر دەستی لەو بەزمە دا هەبوو خۆی کردبوە دم راست و دەیویست لە ریگای لێ قەوماوانی کوردستانی ئێرانەوە دەزگاو دەبدەبەیەك بۆ خۆی ساز بكا • لە لایەکی دیکەوە ژەنەرال پەناهیان - یش لە ئازربایجانی سۆڤیەتی یەوە هاتبوە عێراق و ئەویش خۆی بە نوێنەری هەموو ئیرانیەك دەزانی و دەیویست حیزبی دیموکراتیش لەبەر دەستی ئەودا بێ • کۆبوونەوە بریاری دا کە بە حکومەتی عیراق رابگەینین کە هیچ کەس نوێنەری حیزبی دیموکرات نیە • پێویستە حیزبی بەعس راستەو خۆ لەگەڵ نوێنەری حیزبی دیموکرات پێوەندی بگرێ• هەرچەند پێش گەرانەوەی ئێمە کاك ئەمیری قازی هێندی پێوەندی گرتبوو دەیانناسی ؛ بەلام کۆبوونەوە بریاری دا دوکتور قاسملو لەگەڵ عبدالخالق سامرائی پێوەندی بگرێ•

پاش ئەو بریارەی ئێمە حیزبی بەعس ئەو یارمەتی‌یە بچوکەی بری کە لەوە پێشدا بە ئێمەی دەکرد• پاش برینی یارمەتی کۆبوونەوە بریاری دا ئەو برادەرانەی ژن و مندالیان هەبوو ، لەگەڵ ماموستا هیمن هەر یەکەی مانگی ٣٠ دینار یارمەتیان پێ بکرێ• یارمەتی من و دوکتور قاسملوش مانگی هەریەکەی ١٥ دینار دیاری کرا • بریار درا ئەو ئەندامانەی کە لە کۆیە کۆکرابوونەوە ، بلاو بن و هەرکەس بۆ خۆی کاریك بدۆزیتەوەو کار بکا • حیزبیش بە گوێرەی توانا جارو بار یارمەتیان بدا • ئەوەش بۆ کومیتەی کاتی بوو بە ژانە سەریك کە زۆربەی کاتی تیکۆشانی دەگرت •

پاشان بۆ نووسینی پیرەو و پروگرامی حیزب کۆمیسیونیك لە دوکتورقاسملو کەریمی حیسامی ، حەمەدەمینی سیراجی و مەلا عەولای حەسیاکی دیاری کرا •

لەسەر پێوەندی لەگەڵ (سازمانی ئینقلابی حیزبی تودەی ئیران) لە نێو کومیتەی کاتیدا ناکۆکی توند هەبوو • من بە تەنیا دژی ئەوە بووم کە لەگەڵ چەند کەسی بەناو (سازمانی ئینقلابی) پێوەندیمان هەبێ کە دژی هەموو حیزب و ریکخراویکی پێشکەوتووخواز بوون و بیرو باوەری ئاژاوەچیەتی مائۆیستی یان بلاو دەکردەوە • دوکتور قاسملو لەگەڵ حەمەدەمینی سیراجی لایەنگری ئەوە بوون کە لەگەڵ ئەوان پێوەندیمان هەبێ • من بە توندی رام گەیاند کە ئەگەر پێوەندی و

هاوکاری لەگەڵ ئەو سازمانە بکەین من لە حیزب دا نامێنم • ئاخرەکەی هاتینە سەر ئەوە کە حەمەدەمین جارو بار بیان بینێ و هەر مەسەلەیەك بێتە گۆری کە پێوەندی بە هاوکاری لەگەڵ ئەوانەوە هەبێ ، کومیتەی سەرکردایەتی کۆ ببێتەوەو بریاری لەسەر بدا •

رۆژی ۲۹/٤/۱۹۷۱ کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی بە بەرپرسی تەشکیلاتی حیزبی دیاری کردم • بریار درا حەسەنی رەستگارو حەمەدەمینی سیراجی هاوکاریم بکەن • هەروەها بە ئەندامی کومیسیونی تەبلیغات و ئینتشاراتی حیزب هەلبژێردرام • ئەرکی قورسی تەشکیلاتی کەوتە سەر شانم کە دەبوایە لە نێو ئەو برادەرانەی کە شارەزای کاری سیاسی نەبوون ، تەشکیلاتی حیزبی پێك بێنین• رۆژی ۱/۵/۱۹۷۱ کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی بریاری دا کە لالەی پێرەو و پرۆگرامی حیزب کە ئامادە کرابوو چاپ بکرێ و بدرێ بە ئەندامانی حیزبی تا بیرو رای خۆیان بە کۆمیتەی سەرکردایەتی رابگەینن•

سەبارەت بە خەبات و تیکۆشان لە کوردستانی ئیران بیرو رای جیاواز هەبوو • هێندی کەس لە ژێر تەئسیری بیرو باوەری چەوتی زرە شۆرشگێری دا ،لە سەر ئەو باوەرە بوون هەر دەبێ ئێستا بچینەوە ئیران و شەری پارتیزانی دەست پێ بکەین • هێندیکیش دەیانگوت بە بێ رێکخراوی حیزبی ، بە بێ تەشکیلاتی رێك و پێك دەست دانە چەك کارێکی راست نیە • ئەو مەسەلەش لە نێو برادەرانی حیزب دا باسێکی توندی هەلگێرساندبوو • پاش باس و وتوویژیکی زۆر رۆژی ۱۳/۵/۱۹۷۱ ئەم بریارەی خوارەوە بە زۆربەی دەنگ لە کومیتەی سەرکردایەتیدا پەسند کرا :

" سەبارەت بە جولانەوەی چەکداری "

۱ـ کۆمیتەی ناوەندی نەزەری ئەوەیە کە شۆرشی چەکدارانە رێگای ئەسڵی رزگاری ئیرانە لە ژێر باری ریژیمی شاو ئیمپریالیزم •

۲ـ کۆمیتەی ناوەندی لەو بروایەدایە کە خەباتی گەلانی ئیران گەیشتۆتە قۆناخیکی تازەو زۆر کارەساتی ئەو چەند مانگەی دوایی ئەو راستیە ئیسپات دەکا •

٣ـ هێندی شەرتی ئەساسی وەك یەكگرتنی هێزە دیموكراتیەكانی ئێران ، شەرایەتی دەرەوەی لەبار بە تەواوی بۆ بەرپا كردنی شۆرشی چەكدار پێك نەهاتوە• بە تایبەتی روون بوونی هەڵوێستی سەرۆكایەتی شۆرشی كوردستانی عیراق زۆر گرینگە•
٤ـ دەست پێكردنی جولانەوەی چەكدار بەم چەشنە ، واتە بە بێ ئامادەیی و بە بێ پێك هێنانی تەشكیلاتی رێك و پێكی حیزبی و بە هۆی ئەو كەسانە كە ناوبانگیان لە كوردستانی ئێران باش نیە ، بە راست نازانین •
٥ـ كومیتەی ناوەندی لەو بروایەدایە كە حیزب دەبێ لە هەموو جولانەوەیەك كە كۆمەلانی خەڵك پشتیوانی لێ بكەن بەشدار بێ•
٦ـ كۆمیتەی ناوەندی دەبێ ریكخراوی حیزبی ئامادە بكا بۆ ئەوە بە هەموو هێزیەوە لە بەر پا كردنی شۆرشی سەرتاسەری ئێراندا هاوبەشی بكا •
٧ـ كۆمیتەی ناوەندی دەبێ هەر لە ئێستاوە بە گورجی خەریكی پەروەردە كردنی كادری سیاسی و عەسكەری بێ •
٨ـ كۆمیتەی ناوەندی دەبێ لە پێوەندی خۆی لەگەڵ هێزەكانی دەرەوەی كوردستانی ئێران بۆ بەشدار بوونی حیزب لە جولانەوەی چەكداردا كەلك وەرگرێ• »

بەر پرسی تەشكیلاتی حیزبی ئەركێكی قورسی خستە سەر شانی من•دەبوایە سەری هەموو ئەو برادەرانە بدەم كە لە كوردستانی عێراقدا بڵاو ببوونەوە• من پێشتر زۆربەی ئەو برادەرانەم دەناسی پێویست بوو چاوم پێ یان بكەوێ و بۆ نێو تەشكیلاتی حیزب روونیان بكەمەوە•
دوكتور قاسملو دەیزانی كە تەنیا من دەتوانم لەگەڵ ئەندامانی حیزب كە پێشتر دەم ناسین قسە بكەم و ئیقناعیان بكەم كە یەك گرتن و تیكۆشانی بەكۆمەڵ لە حیزبی دیموكرات دا تاقە رێگای سەركەوتنە • بەو بۆنەوە پێشنیاری كرد كە سەفەرێك بۆ كوردستان بكەم و چاوم بە برادەران بكەوێ • لەو كاتەشدا كاك ئەمیری قازی كە لەسەر هێندی مەسەلەی بچووك بە تایبەت لەگەڵ دوكتورقاسملو ناكۆكی هەبوو ، بەغدای بەجێ هێشتبوو چووبوو كوردستانی عیراق ولە

بناری قەندیل لە گوندی پاشقولکە دانیشتبوو . دیارە هێندێک لەو لێقەوماو و دەربەدەرانە کە هاتبوونە کوردستانی عێراق ماوەیەک لەگەڵ کاک ئەمیر ژیابوون و یارمەتی پێ کردبوون ، کاک ئەمیریان خۆش دەویست و لە دەوری کۆدەبوونەوە . بەڵام هیچیان لەباری حیزبایەتی و پێگەیشتنی سیاسی دەورێکیان نەبوو .

لەسەر پێشنیاری کومیتەی سەرکردایەتی چوومە کۆیێ . زۆربەی ئەندامانی حیزب لەوشارە کۆ کرابوونەوە .هێندێکیش لە قەلادزەو سەنگەسەرو لە سولەیمانی دەژیان . یەک دوو رۆژ لە کۆیێ لە نێو برادەران بووم . پاشان لەگەڵ سەیدرەسوی بابی گەورەو مەلا رەسوی پێشنماز بەرەو قەلا دزە رۆیشتین . سەید رەسو لە ئاش قولکە دەژیا و بەڵام مەلا رەسوو مالی لە قەلادزە بوو . کاتێک لە ماشین دابەزین . گوێم لێ بوو مەلا رەسو بە سرتە بە سەید رەسوی گوت: "بیبەینە کوێ؟"

سەید رەسو گوتی : " نازانم ئەوەندیە چێ یەک بێ ئیستراحەتی لێ بکا . چونکە برادەرانیش دەورەی دەدەن.

ـ کە وایە بابچینە ماڵە کەریم حەدادی.

ـ وا باشترە ، هەر دەچینە وێ .

سرتەی وان تەواو بوو بەلام بەراستی من سەرم سور ماو دەنگم نەکرد . چونکە مەلا رەسو لەگەڵ من هاتبوو . ببوە ئەندامی لیژنەی ئامادە کردنی کونفرانسی حیزبی . ماڵیشی لە قەلادزە بوو بەلام تەفکیری دەکرد کە من بەرێتە کوێ. لەبەر خۆمەوە نارەحەت بووم. قسەی کابرای مەهابادیم وەبیر هاتەوە کە سالی ١٩٤٣ لە سندووسەوە هەتا مەهاباد پێکەوە هاوسەفەر بووین. ئێوارێ درەنگانێک گەیشتینە نێو شاری مەهاباد . کابرا گوتی " تۆ دەچییە کوێ ؟ من بەو رێگایەدا دەرۆم" .

ـ دێمە مالی ئێوە و شەو میوانی تۆ دەبم . چونکە لەشاری بەلەد نیم و کەس ناناسم.

هەر چۆنێک بوو چوینە مالی کەریم حەداد . من تا ئەودەم لە نیزیکەوە کەریم حەدادم نەناسیبوو . بەلام برادەرانی باسیان کردبوو لە دوورەوە دەمزانی . ماڵێکی خۆش. ئاوەدان . بەرێز و حورمەت میواندارو جوامێر . چەند رۆژ لەوێ بووم .

دایم دەورەم پڕ بوو • برادەران دەهاتن ، هەموشیان لەسەر سفرەی کەریم حەمداد نانمان دەخوارد •

مەسەلەی کەریم حەمدادیش بۆ خۆی چیرۆکێکی تایبەتی یە • کاتیك لە ئێران رای کردبوو ، گۆیا پوڵێکی باشی هەبووە • برادەرانی حیزبی لێ هالاون و ماڵی هەمیشە پڕ بووە لە میوان و پوڵەکەیان پێ خەرج کردوە • لەم دووایی یەداهەرچەند پوڵەکەی نەمابوو ، بەلام میوانداری و پیاوەتیەکەی هەر لە جێی خۆی بوو •

پاش دوو سێ رۆژ مەلا رەسو میوانداریەکی هەتا بلێ پیاوانەو کوردانەی ساز کرد • کە چووین بۆ ماڵی ، بۆم دەرکەوت سرت و خورتەکەی لەگەڵ سەیدە رەسوی لەبەر بێ جێگاو رێگایی بووە • چونکە خانوویەکی زۆر چکۆلەی هەبوو کە بە حاڵ جێگای خۆیانی تێدا دەبۆوە •

یەك دوو رۆژ لە قەلا دزە بووم • دەبوایە بۆ دیتنی کاك ئەمیری قازی و هێنانەوە سەر خۆی ، بچمە ئاش قولکە • لەگەڵ سەید رەسوی بە پێیان بەرە و چیای قەندیل کەوتینە رێ •

لە مەزرای سەنگە سەری لە بناری شاخی ماڵە جوتیرێك توتنیان دەچەقاند • سەید رەسو گوتی :

ـ ئەوە رەسوۆ سورە ، شیوعی یە ، هەتا بلێ پیاوێکی باش و مەردو رەندە • با لادەین سلاوێکی لێ بکەین• رەنگە چایەکیشمان بداتێ •

چوینە نێو توتن سلاومان کردوو زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردین• دیار بوو لەگەڵ سەید رەسو پێکەوە ئاشناو دۆست بوون•

سەید رەسو گوتی : " بابم مام رەسو هەر دەلێ وابوو واچوو • ئەوەتا شیوعی یەکم بۆ هیناوی تازە لە بولغاریاوە هاتوە • تەماشای رەنگی سوێند بخۆی کە عروسە سویندت لێ ناکەوی " •

دەستمان کرد بە قسە مام رەسو گوتی : " یاخوا بەخێر بێی • جاران لە دورەوە دەنگی تۆمان دەبیست • ئێستا ئەوە لە نیزیکەوە لە نێو توتنێ ت دەبینم•

ـ دەنگی چی ؟ من هەر ئەو جارەهاتوومە عێراق •

ـ دەنگەکەت زۆر جار هاتوە • کەس نەبوو ئێواران خۆ نەکوتێ بۆ بن رادیۆی تا

گوێ لە دەنگی تۆ بێ.

باسی کشت و کاڵی بولغارستانم بۆ کرد. گوتم ئێستا لەوێ توتن ماشین دەی چەقێنێ. لە هەموو گوندێك کارەباو مەدرەسەو خەستەخانە هەیە. مام رەسو گوتی : " کاکە فەعلەکانم لێ بەدتەمەل مەکە . لێرە خوڵا خوڵامانە نانی جۆمان وەگیر کەوێ بێخۆین."

لەگەڵ رەسوە سور بووینە ئاشنا . یەك دوو جاریی دیکەم دیتەوە. جاریك لە قەلادزە هاتە لام و زۆری هەوڵ دا بچم لە گوندی میوانی بم. نەمتوانی بچم. رۆژی دوایی گیسکێکی بۆ ناردبووم بۆ قەلادزە لەگەڵ برادەران خواردمان. کاك رەسوم نەدیتەوە تا سالی ١٩٧٩ رۆژێك لە تەشکیلاتی مەهاباد لەگەڵ دوو برادەری دیکە لێم وەژور کەوت . یەکترمان ماچ کرد، باشی بەخێرهاتنێکی گەرم بۆ نانی نیسوەرۆ لەگەڵ خۆم بردمنەوە بۆ ماڵی **کاك کەمالی شاقعی** ، کە ئەو دەم ببو: نەقسای حیزبی. ئیتر ساڵی ١٩٨٤ لە گۆڤاری (رسالة العراق)دا چاوم بە وێنەی **رەسوە سور** کەوت کە بە دەستی " کوردپەروەرانی" یەکیتی نیشتمانی کوردستان شەهید کرابوو.

لە کەڵ سەید رەسوی سەفەرەکەمان درێژە پێ داو چووینە ئاشقولکەو سورەبان دوو سێ رۆژ لەوێ بووم . باسی میوانداری سەید رەسوش ناکرێ و یا لەوزەی قەلەمی مندا نیە. لەگەڵ کاك ئەمیر زۆرمان قسە کردو پێم گوت باشترە بێینەوە خوارێ و بریارواپە کونفرانسی حیزبی بگیرێ و بەشداری و هاوکاری بکەی.بە گوێرەی بریاری کومیتەی سەرکردایەتی پارەی مانگیك یا دوو مانگ کە دەبوە ٦٠ (شێست) دینار دامێ . پاش دوو سێ رۆژ قادر نەستانێ یان لەگەڵ خستم گەرامەوە بۆ سەنگەسەر . کاتێك لە چیا هاتینە خوار و گەیشتینە دەشتایی، پێلاوەکانم پەکیان کەوت . درابوون بە پێمەوە هەڵنەدەگیران . ناچارپێلاوم دەرهێنان و بە پێ خواسی دەرۆیشتم. قادر نەستانی گوتی : "ئێستا ئەگەر رۆژیك بڵێم لە مەزرای سەنگەسەر کاك کەریمی حیسامی بە پێخواسی ومپێش خۆم داوە کەس بروام پێناکات ."

ئەندامەتیی یەکێتیی نووسەرانی کورد

لە کوردستانی عیراق لە ژێر کار کردی بەیانی ١١ی ئازار دا، هەل و مەرجێکی لە بار بۆ گەشەکردن و پەرە گرتنی زمان و ئەدەبی کوردی رەخسا بوو. نووسەرانی کورد دەرفەتیان وەدەست هێنا و یەکێتیی نووسەرانی کوردیان دامەزراند.

من و ماموستا هیمنی رەحمەتیش بە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد وەرگیراین. رۆژی ١٩٧١/٥/٢١ کارتی ئەندامەتیم بە ژمارەی ٢٠١ وەرگرت کە وا وێنەکەی لە ریزی بەڵگەکاندا چاپ کراوە.

ئێستا کە باسی یەکێتی نووسەرانی کورد هاتە گۆڕێ، بێ جێ نابێ یەك دوو قسەی خۆشی ماموستا هیمنیش بگێرمەوە.

رۆژێك بلاو کرایەوە کە دوکتور مارف خەزنەدار لە سەر چالاکی نووسەرانی کوردی سوڤیێت و ئەو کتێبانەی لە یەکێتی سوڤیێت لە سەر کورد نووسراون نەدوەی هەیە. لام وایە لە لای کۆشکی سپی (قصرا لابیض) ئێوارەیەك کۆبوونەوە ساز کرا، خەڵکێکی زۆر ها تبون. یەك دوو خوێندکاری زانکۆی ئەدەبیات هەر یەکەی ئامێزە کتێبێکیان هێنا و لە پێش دوکتور مارف دایان نان. ماموستا هێمن رەوانی شادگوتی " کورینە، مارف ئەو هەموو کتێبانە بخوێنێتەوەو باسیان بکا، نویژی سبەینێ ئەلێرە دەکەین."

جارێکی دیکەش لە روشنبیری کوردی لای سەیدا سالحی رەحمەتی بووین. لام وایە لقی پێنجی پارتی دەیویست بە بۆنەی شۆرشی ئوکتوبرەوە جێژن بکات.
سەیدا سالح بە ماموستا هیمنی گوت: " تکایە بەو موناسەبەتە شیعریکمان بۆبڵێ"

ماموستا هیمن گوتی: " سەیدا من بە موناسەبەت شیعر نالێم. ئەگەر بۆم هات و هەستم بزوت ئەوا شیعر دەڵێم، دەنا هیچ".

برادەرێکی هەولێری، لام وایە ناوی مەغدید بوو گوتی " سەیدا، من ئیجازەم هەیە

پێویسته بەیانی بچمەوە سەر ئیش لە دائیرە ، ئەگەر تۆ نامەیەکم بۆ بنووسی هەتا بەیانی بەو موناسەبەتە شیعرێکی کوردی و یەکی فارسی و یەکی عەرەبیت بۆ دەهۆنمەوە ٠

دوکتور عیزەددین مستەفا گوتی " ئەگە هەروایە یەکی تورکیشی لێ زیاد کە ٠ ماموستا هێمن گوتی : " بابم سەیدا ، تۆکە شاعیری ئاوات هەیە ، ئیتر چیت لە من داوە ٠ "

جارێکیش لە بەغدا فستیوالی گورانی و ئاوازی کوردی هەبوو ٠ لە هۆڵی خلد ، خەلکێکی زۆر بانگ کرابوو ٠ زۆربەی بالیوزو دیپلوماتەکانی ولاتانی دەرەوەش بۆ ئەم ئاهەنگە بانگ کرابوون و هاتبوون ٠ منیش لەگەڵ دوکتور قاسملوو ماموستا هێمن و چەند برادەری تر بەشدار بووم و لە ریزی بالیوز و دیپلوماتەکان جیگایان دابووینی دەستەی نوینەرایەتی بالیوزخانەی چین ـ یش لە تەنیشت ئێمە بوو ٠

نۆرەی عیسا برواری هات و دەستی کرد بە گورانی ٠

ماموستا هێمن بە دوکتور قاسملوی گوت : " دوکتور تکایە تۆ بە ئینگلیزی بەو چینی یانە بلێ ٠ سکیان بە خۆیان نەسووتی ٠ من کوردیشم ، بەلام هەر بە قەدرایی ئەوان لەم گورانیانە دەگەم " ٠

کۆنفرانسی ۳ ی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێـــــران

لە پێش بەستنی کۆنفرانس بریاردرا دوکتور قاسملو بچێتە لای مەلامستەفاو مەسەلەی بەستنی کۆنفرانسی لەگەڵ باس بکاو هەروەها داوای یارمەتیش لـــــە پارتی دیموکراتی کوردستان بکا • لەگەرانەوەدا دوکتور قاسملو گوتی :
ــ مەلا مستەفا گوتویە ئەو رۆژنامەی بۆچی بلاو دەکەنەوە ؟ رۆژنامە بەکاری چی دێ ؟ هەروەها قەولیان داوە کە مانگی پێنج سەد دینار یارمەتی بە حیزبـــــــی دیموکراتی کوردستانی ئێران بکەن•

بەلام بەداخەوە ئەم قەول و بەڵێنی‌یە قەت نەگەیشتە جێ •

رۆژی ۲۱/٦/۱۹۷۱ لە شاری کۆیێ بە بەشداری سی و دوو (۳۲) کــــــەس کۆنفرانسی سێ یەمی حیزبی دیموکرات کرایەوە • لەسەرەتاوە ناکۆکی هەبـــوو کە داخوا ئەمە کۆنفرانسی دووە یا سێ یە • دوکتور قاسملو لەسەر ئەوە پێیــێ دا دەگرت کە دەبێ کۆنفرانسی دوو بێ، چونکە ئەو کۆنفرانسەی کاک ئەمیـــری قازی و برادەرانی تر گرتبویان بە کۆنفرانسی حیزبی نەدەناسی • کاک ئەمیـــر و مەلا عەولای حەیاکی و لایەنگرەکانیان لەسەر ئەو باوەرە بوون کە ئــــــــەوە کۆنفرانســی سێیە • ئاخرەکەی پاش پشتیوانی من کە دەبێ کۆنفرانســی سێ بــێ دوکتور قاسملو ملی راکێشا • هەر ئەم هەڵوێستەی قاسملو بو بە هۆی ئەوە کـــە لە کۆنفرانسدا کەریم حەدادی نەخوێندەوار بە ۲۱ دەنگ ببێتە ئەندامی کۆمیتەی

ناوەندی ، بەڵام دوکتور قاسملو بە بیست و چوار دەنگ هەڵبژێردرێ.
سەرەرای ئەم وەزعە نالەبارە کە ئەمقی زەمانە هێندێ کەسی لێك کۆکرد بوونەوە و هەل و مەرجی نالەبار چەند کەسی گەیاند بوە پلەی رێبەرایەتی حیزب ، دیسان کونفرانسی سێیەم بناخەیەکی رێك و پێکی بۆ حیزبـــــی دێموکراتی کوردستانی ئێران دارشت . کونفرانس پیرەو پروگرامی حیزبــی پەسند کرد و هێندێ رێو شوێنی بۆ خەباتی دوارۆژی حیزب دامەزراند.
پاش تەواو بوونی کونفرانس کومیتەی ناوەندی رۆژی ۱۹۷۱/٦/۲٤ لــــە کۆبوونەوەی خۆیدا ،بوروی سیاسی لەو کەسانەی خوارەوە هەلبژارد: (دوکتور قاسملو ، کەریمی حسامی ، حەمەئەمینی سیراجی ،ماموستا هیمن ، و مەلا مەلا عەولای حەیاکی). هەر وەها دوکتور قاسملو بە سکرتێری گشتـی حیزب و کـەریـمـی حـسامی بە مە سئولی تەشکیلاتـــی حیزب هەڵبژێردران. بێجگە لەوە کومیسیونی تەبلیغاتی حیزب لە دوکتور قاسملو ، ماموستا هیمن .کەریمی حسامی . حەمەدەمینی سیراجی ، مەلاعەولای حەیاکی، هەڵبژیر دران .
مەلا عەولا ئەودەم لە نووسینی بابەتی سیاسی و رۆژنامە گەری کوڵ بوو. هەر چەندە زمانی کوردی باش دەزانی . دوکتور قاسملو مەجبوری دەکـــرد بنووسێ. دەچوو دەینووسی. دوکتور دەیگوت تەواو نیە، بچوو بینووسەوە . مەلا عەولا زیز دەبوو، دەیگوت ،" بە ئانقەست نووسینەکانی من وەلا دەنێن. دوکتور دەیگوت : بچوو بینووسەوە . ئاخرەکەی زیز بوون و گوێ نەدانـــــی دوکتور قاسملوو مەلا عەولای فێری نووسینی بابەتی سیاسی کرد. مەلا- عەولا بەرپرسی چاپکردنی رۆژنامە و چاپەمەنیەکانی حیزبی گرتە ئەستۆ و زۆر بە جوانی بە رێوەی دەبرد و بوو بە نووسەرێکی شاز و کەم وێنە.
رۆژی ۱۷۹۷۱ / ٦/۲٥ کومیتەی ناوەندی بریاری دا کە پێوەندی بە ئەحمەد توفیقەوە بکرێ و ئەگەر بێتە ژێر فەرمان و دیسیپلینی حیزبی، ئەوا بگەرێتەوە. هەروەها بۆ هاوکاری و راوێژو دۆستایەتی پێوەندی بە ماموستا زەبیحیشەوە بکرێ. بێجگە لەوانە داوای هاوکاری لە مەلا سەید رەشیدیش بکری کــــە ئەندامی حیزبە .

ئەو برادەرەی پێوەندی بە ئەحمەد توفیقەوە گرتبوو، لە راپۆرتی خۆیدا رایگەیاند کە ناو براو ئەم کونفرانسە و رێبەرایەتیە بە حیزب نا ناسێ. نەك هەر ئەوە ، بەلکوو وازی لە دژایەتی حیزبیش نە دە هێنا. حیزب برادەرێکی بە ناوی مەلا محی‌الدین بۆ کار لە رادیوی شورشگیرانی ئیراندا هێنا بوە بەغدا. لە هوتێلێکمان دانابوو، هەتا ماڵ و منداڵەکەی دێنێ. ئەحمەد توفیق دیتبوویەوە و داوای لێکرد بوو کە جێگای رادیو و شێوەی کار و ئەسراری حیزبی پێ بلێ. بوروی سیاسی لە کۆبوونەوەی ۱۹۷۱/۸/۵ دا ، مەلاعەولای کردە مەسئول کە بچێتەی لای و داوای لێ بکا بگەرێتەوە نێو حیزب و دەست لە گێرە شێوێنی هەڵبگرێ. دوکتور قاسملوش کرا بە مەسئول کە لەگەڵ ماموستا زەبیحی جارێکی تریش پێوەندی بگرێ. تەواوی ئەو ماوەیە کە کومیتەی ناوەندی لە عیراق بوو ، ماموستا زەبیحی لە گەڵ ئێمە پێوەندی برایانە و دوستانەی هەبوو. زور جار لە بارەی مەسەلەکانی روژدا بیرو رامان دەگوریەوە . ئەو دوو ساڵەی لە حەپسێ دابوو ، هەموو حەوتوان ماموستا هێمن و کاك حەمەدەمینی سیراجی دەچوونە لای . بەلام ئەحمەد توفیق. بە پێچەوانە نەك هەر نەهاتەوە ریزی حیزب، بەڵکو بە هوی یەك دووخوارزاو کەسێکی تر ، بەناوی تاهیر و لە راستی‌دا رەحیمە کوڵ، دژی حیزب و ئەندامانی دەستی کرد بە خەراپە و ئاژاوە نانەوە. روژێك پیاوەکەی ئەحمەد توفیق و یەك لە خوارزاکانی نووشی مەلا عەولای حەیاکی دەبن . لێی دەکەنە هەلا کە ئەوە جاسوسی ئیرانە و دەیناسین . خەڵك وەکو دەبن و پولیس دەگاتێ و مەلا عەولای رەپێچەك دەدەن بو گونە رەشی. مەلاعەولا وون بوو بێ سەرو شوێن . پاش دوو روژ هەول و تەقەلا و پرسیار، زانیمان مەلا عەولا لە حەپسێ دایە . هەر چونێك بوو ئازاد کرا. بەو دوو روژە ئەوەندەی دیکەش باریك ببوو.

بوروی سیاسی لە کوبوونەوەی ۱۹۷۱ / ۱۰ /۱٤ بریاری دا کە بو ئاخرین جار پێوەندی بە ئەحمەد توفیقەوە بگرێو پێ بگوترێ کە دەست لەو کارە دزێوانە هەڵبگری و بێتەوە ریزی حیزب . بەلام فایدەی نە بوو. کومیتەی ناوەندی حیزبی

دیموکرات لە کۆبوونەوەی مانگی ژانویەی ١٩٧٢ دا . بریاری دا کە ئەحمەد توفیق لە حیزب دەربکرێ و لە رۆژنامەی کوردستانیش دا بلاو بکرێتەوە·

لە هاوینی ١٩٧٢ دا ، خەبەرمان زانی کە ئەحمەد توفیق دیار نیە و خانوەکەی داخراوە ·پاشان خەبەر بلاو بوە کە گیراوە · بۆرۆی سیاسی بریاری دا کە وەدوای سوراخی بکەوین و هەول بدەین کە ئازاد بکرێ· کاک حەمەدەمینی سیراجی وەك جێگری پێوەندییەکانی دەرەوە، مەئمور کرا کە وەدوای سەر و شوێنی بکەوەی و لە پێوەندی خۆیدا لە گەل بەرپرسانی بەعس بە توندی داوای ئازادی و یا جێگاو شوێنی بکا · بۆرۆی سیاسی لەو بارەوە نامەی بۆ سەرکردایەتی حیزبی بەعس نووسی · بەلام نەك هەر سوراخی نەکرا، بەلکوو بە داخەوە درنگتر زانیمان کە ئیعدام کراوە · وەك لە بیوم بێ برادەرێکی کوردی خەلکی کۆیە کە لە زیندان ئازاد دەبێ، باسی ئیعدامی ئەحمەد توفیق دەکات ·

هێندێ خەبەری دیکەش بلاو بوونەوە کە گۆیا خوارزاکانی بە گرتیان داوە کە گۆیا پێوەندی لە گەل شوێنی تر هەبوە · چونکە پاش ون بوونی ئەحمەد توفیق خوارزاکانی لە بەغدا مابوون و هەر یەك مانگێ چل دیناریان گۆیا وەك پەناهندە وەر دەگرت و دەماتچەشیان هەبوو·

کاتی چاپی ئەم بەرگەی بیرەوە ریەکانم. بە پێویستم زانی ئەو مەسەلەیە لە کاك حەمەدەمینی سیراجی پرسیار بکەم · کاك حەمەدەمین لە نامەی٦/ ١/١٩٨٩ ئەم وەلامەی خوارەوەی بۆ نوسیبوومەوە ؛ کە سوپاسی دەکەم ·

"لە مەر ئەحمەد توفیق : ئەمە کە کەی و چۆن گیرا ، ئاگادار نین · لە رێگای ئاسوریەکانی برادەر و ناسیاوی برایم جیجۆوە کە بە برایمیان گوتبوو، ئەویش هات باسی کرد، ئاگادار بووین · دوای ئاگاداری، لەگەل ئەوەی جیاوازی تەواو-مان لە باری بیرو باوەرەوە لە گەل ئەحمەد هەبوو، ئەو کارەمان بە دزێو دانا و بریاری پەیگیریمان دا · لە سەر پەسندی برادەران سێ چوار جار لە گەل عەلی رەزا بەر پرسی دەفتەری جێگری سەر کۆمار باس کرا · هەموو جارێ حوابی ئەمە بوو کە داوای خوێندنی لە فەرانسە کردوە و بۆ لوبنان " تەسفیرمان"

کردوه و له وێرا دەچێته فەرانسه . ئاخر جار که گوتم له لوبنانەوه خەبەر هاتوه که له وێ نیه و به چۆته لوبنان . ئەحمەد کەسێك نیه خۆ له لوبنان بشارێتەوه و داوای بەردانیمان کرد . زۆر به توندی جوابی دامەوه که : "ئێمه وەك حیزب و دەوڵەتێکی سەر بەخۆ ، مەگەر له ئێوه دەترسین که درۆ- تان له گەڵ بکەین . ئێمه بەر پرسانی خۆمان دەگرین و بێ سەرو شوێنیان دەکەین . با ئەندامی سەرەوەش بن . مەگەر ح ترسێکمان له ئێوه هەیه کـه حاشا بکەین ؟ . ئەحمەد نه گیراوه و له سەر داوای خۆی عیراقی بـه رەو فەرانسه له رێگای لوبنانەوه به جێ هێشتوه و ئیتر یەخەی ئێمه لەم بارەوه مەگرن و دڵنیا بن " .

ساڵی ٧٢ . دوای شکستی پیلانی ناظم گزار و بەر بوونی کۆلێك زیندا- نی کورد له بەغدا وشارەکانی کەرکوك و موصل و سلیمانی و بەردانی ژمارە- یەکی زۆر ئەفسەر و گروهبان و غەیرەی ئەرتەشی عەرەب و کوردی سەر بـه ریژیم . یەکێك له گیراوەکان (محمد یان ئەحمەد سیوکانی)بڵاوی کرد بۆوه که ئەگەر کەسێك کەفالەتی دوو هەزار ؛ دووهەزارو پێنسەد دیناری ئەحمەد بکا . ئازاد دەکرێ .هێندێك له دۆستانی ئەحمەد داوایان له "حاجی محمدی زیر- ینگەر" کرد بوو ،ئەم کاره بکا . ناو براو پیاوانه ئامادەیی دەر بریبوو .چوو بوو که به کەفالەت ئازادی بکا . بەڵام حاشا کرابوو که گیراوێکی وا نیه . وادەردەکەوێ ئەویش چاره نووسێکی وێنەی قادر تەگەرانی و سێ سەدو پەنجـا کەسەی بێ که به تەواوی له ناو بران و جیا له بکوژه تاوانبارەکان کەس نەیزا نی چۆن له ناو بران . کورەکەی که لەگەڵی بوو پاشان دراوه به ئێران و ئازاد کرا له گەرمێن ناوی تاهیر بوو . "

بەم جوره ئەحمەد توفیق بێ سەرو شوێن کرا . رەنگه خەڵکی بێ خه بـەرو نائاگای ئەوتۆش هەبن که پێیان وابێ حیزبی دیموکرات دەستی لەو کارەدابوو بێت . بەڵام زۆر به ویژدانەوه دەتوانم بڵێم که حیزبی دیموکرات به پەرۆش وبه دڵسۆزیەوه بۆ بەردانی هەوڵی دا و هیچی بۆ نەکرا .

"سەفەر بۆ بارگای بارزانی"

پاش کۆنفرانس و دابەش کردنی بەرپرسی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دوکتور قاسملو بۆ سەردانی ماڵ و منداڵی سەفەری دەکرد بۆ ئوروپا • دەفتەری سیاسی برباری دا کە من سەفەرێکی لای مەکتەبی سیاسی و بارەگای بارزانی بکەم • بێجگە لە باسی کۆنفرانسی سێ داواش لەمەکتەبی سیاسی بکەم کە لەبارەی پارمەتیەوە بەڵێنی‌یەکانی خۆیان بەجێ بگەیەن•

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق بۆ پیوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران سەیدا سالح یوسفی رەحمەتی دیاری کردبو• لەگەڵ کاک حەمەدەمینی سیراجی چوینە لای سەیدا و پێمان گوت کە دەچم بۆ سەرێ . پێمان خۆشە تۆش نامەیەک بنووسی • سەیدا سالح یوسفی گورج دەستی دا قەلەم و نامەیەکی بە عەرەبی بۆ مەکتەبی سیاسی نووسی و دای بە من گوتی تەماشای کە• کە سەیرم کرد نووسیبووی "هەژێ کەریمی حیسامی لە جەماعەتی قاسملو ئەوە دێتە لاتان تکایە ریزی لێ بگرن" •

گوتم سەیدا من ئەم نووسراوەیە نابەم • چونکە ئێمە جەماعەت نین• من ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتم • جەماعەتی قاسملو نیم•

سەیدا گوتی :" لە نیو ئێمە هەر وا باوە. جەماعەت بەکار دێنین" • گوتم : " تکایە ئەم باوە مەخەنە نێو ئێمە • ئێمە حیزبێکین هەر کەس ئەرکی خۆی بۆ دیاری کراوە•

سەیدا سالحی رەحمەتی نامەکەی گۆری ۰

۱۹۷۱/۷/۷ سواری تاکسی بووم و بەرەو حاجی عومەران کەوتمە رێ۰ لە کەرکوك وەدەر کەوتین سەیتەرەی عیراق تاکسی یان راگرت و داوای پێناسیان کرد۰ منیش دەفتەرنفوسێکی عیراقیم ساز کردبوو(بۆیان ساز کردبووم) هێنامە دەرێ و دام بە کابرای عەسکەر۰ من نەمدەزانی کە ناوی بابی دایك دەپرسن لە پێ ناسەکەدا ناوی باوکی دایکم (سالح) نووسرابوو۰ من ئەوەم لە بیر نەبوو کابرای عەسکەر پرسی : جدك (ناوی باپیرت)؟ منیش گوتم : مەحمود۰

ـ شلون محمود ؟ انت ما تقدر تقرا؟ : صالح ۰ (چۆن مەحمود تۆ ناتوانی بخوێنییەوە۰ سالح ـ ە)

ـ نعم ـ عفوا صالح ۰ (بەڵێ ۰۰۰ ببورە ۰۰۰ سالحە)۰

دەفتەرنفوسی وێ دامەوە رۆیشتین ۰ بیرێکم لە چارەنووسی میلەتەکەمان کردەوە کە لە نیشتمانی خۆی . لە وڵاتی خۆی ، کابرای بێگانە پێشی پێ دەگری و داوای پێ ناسی لێ دەکا ۰ ئەویش کێ ؟ ئەو عەسکەرە بێ عاقلەو نەخوێندەوارە کە وا پێشت پێ دەگرێ۰

لە حاجی عومەران ئەو باسەم بۆ ماموستا هەژاری شاعیر گێراوە۰ گوتی: " خۆ هەر ئەو عەسکەرە وا کەر نەبووە۰ لە سەردەمی مەشروتەدا لە تەورێز شورشگێرەکان ناوی شەویان داناوە۰ هەرکەس بە شەو هاتووچۆی کردوە دەنگیان داوەو دەبوایە کابرا ناوی شەو بلێ۰ ئاغایەکی فەیزولابەگی لە تەورێز شەوێ لەماڵە برادەریکی میوان دەبێ۰ شەو درەنگ دەگەرێتەوە بۆ مزڵەکەی خۆی ۰ کێشك چی دەنگی دەدا : کێ ی ؟ ناوی شەو ؟

کابراش کە هیچ نازانێ ناوی شەو چییە ، هەر لەخۆوە دەڵێ: " تاران"

ـ زرت۰۰۰ بیلمادن ۰۰۰ تەبریز ۰۰۰ گیل‌گیت(زرت۰۰ نەتزانی۰۰ تەوریز۰۰ برۆ) (ماموستا هەژار گوتی چارەنووسی کورد لەبەر دەستی ئەوانە دا بووە۰

لە داوینی سەلاحەدین لە چایی خانەیەکی فێنك و خۆش لامان دا ۰ چا یچی چایەکی جوان و خاوێنی هێنا ۰ پێم گوت: برا تاکری تۆزێك خەفیفی کە زۆر تۆخە پێم ناخورێتەوە ۰ ئیستکانەکەی هەڵگرت و بردی۰ کە هێنایەوە هەر رەش بوو

گوتم : برا ناکرێ تۆزێك کەم ڕەنگی کەی . ئەمجارەش ئیستگانەکەی برد بەلاَم فایدەی نەبوو . وەدەنگ هاتم گوتم: خۆ هەر وەك خۆیەتی . برا هێندی ئاوی گەرمم بۆ تیکەو بڕایەوە. کابرا گوتی : هەر سێك تەلاقم کەوێ ئابرووی چای خۆم نابەم نایخۆیەوە کەیفی خۆتە .

چار نەبوو . خەڵکەکە پێ کەنی . هەستام بۆ خۆم ئاوم لە ئیستکانەکە کرد و خواردمەوە.

لای ئێوارە بوو گەیشتینە ناو پردان . دابەزیم پەریمەوەو چوومە لای حەبیب محەمەد کەریم سکرتیری حیزب . بەخێرهاتنی کردم و ئەحوالی برادەرانی پرسی نامەکەی سەیدای خوێندەوە و کورج تەلیفونی کرد بۆ حاجی عومەران و گوتی : " ئەوە کاك کەریمی حیسامی هاتوە ئێستا دەینێرم بۆ سەرێ و میوانی ماڵی مەلامستەفایە. پاشان گوتی : " با بچین سەرێك لە دوکتور مەحمود بدەی. ئێستا سەیارە ئامادە دەبێ و بچۆ بۆ سەرێ.

چووینە لای دوکتور مەحمود عوسمان . ئەحوالی برادەرانی پرسی، باسی کۆنفرانسی حیزب و هێندی مەسەلەی سیاسی مان کرد. گوتی : " پاش گەڕانەوەی دوکتور قاسملو ئێمە لە کومیتەی ناوەندی باسی وەزعی حیزبی ئێوەمان کردوە. ئێستا بچۆ بۆ سەرێ چاوت بە ئیدریس و مەلامستەفا بکەوێ . منیش ڕەنگە بێم و پاشان بە درێژی قسە دەکەین.

ماشێنیکیان هێنا سوار بووم بەرەو حاجی عومەران . ماشین لە پێش پۆستی کۆنترۆل ڕای گرت و من دابەزیم . دیار بوو تەلیفونیان کردبوو . بارزانیەك هات لەگەڵ خۆی بردمی بۆ ماڵی مەلامستەفاو لە دیوەخانی میوانان دانیشتم.

سێ ڕۆژان لەوێ بووم ، نە مەلامستەفا دیار بوو نە ئیدریس و نە هیچ کەس نە رادیو هەبوو نە ڕۆژنامە نە کتیب و نووسراوەیەك . جەمیل محۆ کوردی لوبنانی لەوێ دەس بەسەر بوو. جارو بار دەهاتە لام و دەستی پێ دەکرد.

من پێشتر زۆر لە دوکانداڕەکانی حاجی عومەرانم دەناسی . کە ڕۆژانە دەچوومە دووکانەکان و قسەو باسی ناوچەو ئیرانم لێ دەپرسین . بە گشتی لە دەست جاسوس و ساواکی عەجەم هاواریان بوو. دەیانگوت ئێرە پڕ بووە لە

ساواکی و عەجەمی قەرە یەخە بە نێوی تاجرو کرین و فرۆش دێن و دەچن و دەسەلاتی تەواویان هەیە و گەڵەگایی دەکەن.

ڕۆژێك لەو کەسانەی کە لە دیوەخانی مەلامستەفا خزمەتیان دەکرد پرسیم : ئەرێ لێرە رادیۆ ، ڕۆژنامە . کتێب هیچ نووسراوێك وەگیر ناکەوێ ؟

ـ نا ... خودی تشتەك نینە !

جارو بار دەچوومە مالی ماموستا هەژارو چاك بوو لەگەڵ ئەو بە قسەی خۆش و بە ئەترەنج رام دەبوارد. ڕۆژێکیان پێکەوە دەچووینەوە مالّی ماموستا هەژار. عەجەمێکی ئیرانی لە بەر دەرگای دوکانێك لەگەڵ دووکاندارەکە کێشەی بوو. دیار بوو عەجەم شتێکی لە کابرای کورد کریوەو پێنج تمەنی لە لا ماوەو نایداتێ. چەقەیان بوو. ماموستا هەژار گوتی راوەستە با سەیری ئەوانە بکەین. عەجەم ملی نەدەداو دەیویست پێنج تمەنە بخوا.

کابرای دووکاندار گەیشتە ئێسکانی و هەر راست بۆوەو خۆی لێ راست و چەپ کردو و بە هەموو هێزی خۆی شەقێکی لە عەجەمە داو زللەیەکیشی تێ سرەواندو گوتی : " دینت ... دەتەوێ کەلەگایی بکەی ؟

عەجەم: " دەیدەم دا ... کورە بۆ دەیکوژی ؟

کابرا تەغد پێنج تمەنەی وەرگرت و عەجەمی وەدەر نا. ماموستا هەژار چووەپیش و گوتی :" هەق ئاوا دەستینرێ جا ئەگە ئەوەت دەزانی ئەو چەقەی پێشووت بۆ دەکرد ! "

" دەیدەم دا " ماوەیەك ببوە مەزەی قسەو گاڵتەکانمان .

ڕۆژێکی دیکە لەماڵی ماموستا هەژار دانیشتبووین باسی خوێندەواریمان دەکرد. برادەرێکی کوردی خەڵکی ترکەشی ناوچەی مەنگوران هاتبووە حاجی عومەران. بیستبوی ئەمن لەوی لە مالّی کاك هەژارم . لێمان وەژور کەوت. باسی ولاتم لێ دەپرسی پاشان ماموستا هەژار پرسی خەلك چۆنە سەوادیان هەیە یا نیانە یا خەڵکەکە هەروا بێ سەوادە. لەو قسانەدا کابرایەکی پیری بارزانی لەوی دانیشتبوو. لەپر هەلێ دایە :

ـ ساوار تێپێژن ؟ ... ساوار ئەز چی کەم!

کابرا پێی وابوو کە ئێمە باسی ساواری دەکەین.
پاش سێ رۆژان کاك ئیدریس پەیدا بۆوە لەگەڵ دوکتور مەحمود عوسمانی بوو. زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی کردم گوتی : " دەبێ ببەخشی کاری زۆرمان هەیە. دوکتور موراد لەگەڵ ژن و کچی هاتبوو میوانی عبدالقادری کوری شیخ بوو، پیاوم دەسەر کرد و دوو کەسم رەگەڵ خستن تا دەیبەن لە سەلاح الدین تێی دەپەڕێنن. "
سەیر ئەوە بوو چەند رۆژ پێش دوکتور موراد لە بەغدا هاتبوە لای ئێمە و گوتبووی: " مەلامستەفا بانگی کردوم کە بچم دە پانزدە رۆژ لە حاجی عومەران بحەسێمەوە ".
پاشان کاك ئیدریس گوتی دوو رۆژی تر لێرە بە. مەلامستەفا دێتەوە چاوت بەویش بکەوی. سبەی ئیواری لەگەڵ دوکتور مەحمود دێینەوەیەکتر دەبینین.
خەڵکێکی یەکجار زۆر لە حاجی عومەران لە هاتوو چۆ دا بوون. منیش لەنێوباندا دەسوورامەوە. رۆژێك کاك مەسعود لەگەڵ کابرایەك گرێوی کردبوور کە کابرا گیسکێك بە جەمێکی دەخوا. لە چادرێك گیسکیان بۆ کابرای سوور کردبۆوەو هێنایان لە تەشتیکدا لە پێشیان دانا. کابرا باسکی لێ هەڵکرد وو دەستی کرد بە خواردنێ. زۆری خوارد پاشان کاك مەسعود نەیهێشت چیدی بخوا گوتی گرێوەکەت بردەوە دەمری نابێ چیدی بخۆی.
جارو بارغەزالی بانگی دەکردم لە چادرەکەی ئەو نانم دەخوارد. رۆژێك تووشی لاوێکی رەنگ پیاوی خانەقینی بووم. دەستمان کرد بە قسەو لێم پرسی چۆنە لێرەی ؟
ـ کادری ناوچەی خانەقینم. قەرار بوە مانگی پانزدە دینارم بدەنێ. چەند مانگ نەیاندا مێ. گوتیان دەبێ لە بارەگای بارزانییەوە بینووسن. پینج دینار کرێ سەیاردم داوە . سێ رۆژە لێرەم رۆژی بە پینج دینار خەرج دەرناچم، لێرەش دەڵێن دەبێ کاك ئیدریس بلێ، کاك ئیدریسیشم وەگیر ناکەوێ.
رۆژی دوایی کاك ئیدریس لەگەڵ دوکتور مەحمود عوسمان هاتنە لام. گوتیان : " ئێمە مەوقفی ئێوە تەقدیر دەکەین. لەنێو خۆماندا بریارمان داوە کە مانگی چوارسەد دینار یارمەتی بە حیزبی ئێوە بکەین. بریار وایە یازدەی مانگ

کۆمیتەی ناوەندی کۆ ببێتەوە ۰ تکا دەکەین بۆ رۆژی ١٤ و ١٥ مانگ سەرێکمان لێ بدەوە ۰ پاشان گوتی : بە مەلا مستەفام گوتوە سبەی شەو دێتەوە ئێرە و لەگەڵت دادەنیشێ ۰

دوکتور مەحمود خوا حافیزی کردو رۆیشت، ئیدریس مایەوە و گوتی با دانیشین توزێك قسە بکەین ۰ پاشان گوتی : " ئێمە دەبێ لە رێی کوردستاندا هاوکاری یەکتر بکەین ۰ ئێوە لەوێ دەتوانن زۆر کاری گەورە بکەن ۰ ئێستا ۰۰۰ خائینی کوردە دەبێ بکوژرێ ۰ ئێوە بۆ نایکوژن ؟ پارە ، چەك ، پیاو ، هەرچی پێتانەوێ هەیەو دەیخەمە بەر دەستان، وەرە با پیاوانە ئەو خائینە لە ناو بەرین" ۰
گوتم کاك ئیدریس : ئێمە حیزبی سیاسین پیاو کوژ نین ۰ بە راستی چاوەروانی ئەوە نەبووم کە ئێوە مەسەلەی ئاوا لەگەڵ من باس بکەی ۰ هاوکاری ئێمە پێویستە لە باری سیاسی و لە چوارچێوەی بەرژەوەندی کوردستاندا بێ ۰ ئێمە لامان وا نیە بە کوشتنی چەند کەس مەسەلەی کورد چارە سەر بکرێ ۰

قسەکانمان کۆتایی پێ هات ۰ ئیدریس رۆیی ۰ هەستم کرد قسەکانی منی بەدڵ نەبوو ۰ شەوی دووایی دەوری سەعات ١١ ئیدریس بانگی کردم لە هۆدەیەکی خاڵی بۆ لای مەلامستەفای بردم ۰ خۆی چەند دەقیقە راوەستا و پاشان گوتی : " من بە یەکجاری خوا حافیزیت لێ دەکەم، ئەوە لە خزمەت باوکم قسەکانت بکە ۰

مەلا مستەفا بەخێرهاتنی کردم ئەحوالی برادەرانی پرسی ۰ قەلەمێکی بەدەستەوە بوو لە سەر کاغذ ئازبووکای دەنووسیەوە ۰ گوتی : " کوردستان یەکە من قەت ئیعتیراف بەم سنوورە ناکەم نابێ ئیعتیراف بەو لەت کردنەی کوردستان بکرێ ۰ پاشان هاتە سەر دوکتور قاسملو گوتی : " قاسملو چی بۆ کورد کردوە ۰ توانیویەتی لەم وڵاتە ئیشتراکیانە میلیۆنێك دۆلار بۆ شورشی کورد پەیدا بکا ؟ نەی توانیوە ۰ کە وا بوو هیچی نەکردوە، ئێوە کە خزمەت بە کورد دەکەن بۆ ۰۰۰۰ ناکوژن ۰ ئەو سەبابە دەبێ بکوژرێ، خائینی کوردە " ۰
پتر لە سەعاتێك لەگەڵ مەلامستەفا قسەمان کرد ، دیارە بەشی زۆر هەر ئەو قسەی دەکردو لە بارەی کوردستانەوە نسحەتی دەکردم ۰ هەستاو خواحافیزی کردو گوتی سڵاوی برادەران بکەینە ۰

بەیانی سوار تاکسی بووم و بەرەو بەغدا تێم تەقاند .

ئەو چەند رۆژەی لە حاجی عومەران بووم بە دەرفەتم زانی هێندی ئەندامی حیزب و دۆست و برادەری کۆن کە پێشتر لەو دیو رایان کردبوو هاتبوونە زینوێ شیخی و لە چۆمان و لە خەلان و لە ئازادی خۆیان گرتبۆوە . بیاندۆزمەوە و سەریان بدەم . لە پێشدا مام عەولام دیتەوە . مام عەولا کابرایەکی خەلکی شاروێران و لە گوندی (لەجێ) دووکانی هەبوو . سالەکانی ٤٨ ـ ١٩٤٩ کاتی زیندووکردنەوەی رێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات ، ببوە ئەندامی حیزب و برادەریکی چالاك و هەلسوورو بەکار بوو . سالەکانی ٦٢ ـ ١٩٦٣ ئاغاکانی لەجێ و کێچاوە تیان هەلپێچابوو خستبوویانە بەر دەستی ساواك و ژیانیان لێ تێك دابوو . سالی ١٩٦٥ بە ئادرێسی پەیکی ئیران نامەیەکی مام عەولام پێ گەیشت . سەرگوزەشتی داخداری خۆی نووسیبوو کە چۆن ئەحمەد ئاغای کێچاوا دەگەل ساواکی مەهاباد گرتوویانەو پولیان لێ ئەستاندوە . پاشان رای کردوە هاتۆتە کوردستانی عیراق . لام وایە رادیۆی پەیکی ئیران لە کاتی خۆی دا سەرگزەشتەی مام عەولاو جنایەتی ساواك و دەرەبەگەکانی بلاو کرد بۆوە .

سالی ٧١ کە لە بەغدا بووم نامەیەکی نووسیبوو داوای کردبوو پێوەندی حیزبی لەگەل بگیرێ و ئامادەیە هاوکاری بکا .

مام عەولام دێتەوە هێندی قەرارو مەداری رەمزیم لەگەل دانا و پێم گوت ئەگەر کەسیك لە ئیرانەوە هات ئە و ناوو نیشانەی پێ بوو ، لای خۆت یا لە شوێنیکی ئەمین رایبگرە و خەبەرم بدەیە . مام عەولا زۆر بە سەر خۆشی قبولی کرد . نابراو لە حاجی عومەران هوتیلی لە شۆرش بە ئیجارە گرتبو . هەروەها ئیجازەشی وەرگرتبوو کە لە ئیرانەوە تەگەری ترومبیل بێنێ و بیفرۆشی . پاشان دەرکەوت بۆتە هاوکاری بەشی پاراستنی شورش و کاریان بۆ دەکا .

لە گەرانەوەمدا لە چۆمان لای یەك دوو برادەر لام دا . گوتیان مام عەلی (عەلی عەجەم) لێرەیە . یەك دوو جاری لێ پرسیوی ، ئەگەر نەیبینێ باسەرە .

با بۆحەسانەوەی میشکی خوێنەری بەرێز توزێ باسی مام عەلی و قسەو

ئاکارەکانی بکەین و ڕەسمەکەشی بۆ یادگار لێرەدا بڵاو بکەینەوە ·

" مام عەلی ناسراو بە عەلی عەجەم ، کابرایەکی تورك بوو · کەس نەیدەزانی کەنگێ و لە کوێ لە دایك بووە · کەسیش نەیدەزانی کەنگێ کەوتۆتە کوردستان و لە کوردستانیش لە کوێ لە کام ناوچەو لە کام گوند ژیاوە · مامۆستا هەژار دەیگوت: مام عەلی لە دایك نەبووە · لە عەرزی هەڵتۆقیوە و لە پێشدا سمێڵەکانی هاتونە دەرێ · مام عەلی لە ناوچەی کرماشانەوە بگرە تا هەوشار و مەریوان و هەورامان و ئالان و گەورك و مەنگوڕ و لاجان و مەهاباد و شنۆ و تەرگەوەڕ و سۆماو برادۆست و ماکۆ ، باسی هەر جێیەکت کردبا مام عەلی شارەزای بوو باسی دەکردو خەڵکی دەناسی · لە عێراق لە ئێران شارەزاتر بوو · گۆیا جارێك لە جەبانیەی عیراقەوە بە پێیان ١٢ تفەنگی بە قاچاخی بردۆتەوە تەلادزەی کوردستان و لەوێ فرۆشتوونی · خۆ نەش دەکرا بڵێی وانیە ·گۆیا کوڕێکی لە لینینگراد سەرهەنگی ئەرتەشی شورەوی بووە ! لە شەڕەکانی ئەرتەشی ئێراندا لەگەڵ عەشیرەتەکان ئەفسەر بووە ! جارێك جنێوی بە ڕەزاشاداوە ویستوویەتی بیکوژێ بەڵام نەیانهێشتوە یەکێك لە ڕێبەرانی شۆرشی مەشروتە بووە لەگەڵ شێخ محەمەدی خەیابانی لە تەورێز لە سەنگەردا بووە · یەکێك لە دامەزرێنەرانی حیزبی دیموکرات بووە · تەمەنی حیزبی دیموکرات ٢٧ ساڵ بوو · ئەو دەیگوت ٥٠ ساڵە ئەندامی حیزبم · حیزب لە سولەیمانییەوە بە پێیان ناردوویەتە مۆسکۆ و لە کونفرانسێك دا بەشداری بکا · لەگەڵ گارگارین قسەی کردوە هەر پێ گوتوە تۆ ناسیونالیستی · گاگارین گوتوویە : " ناسیونالیست نیم · مام عەلی گوتویە : کاتێك لە ئاسمان دەخولایەوە لە سەر کام وڵات دڵت خۆش بوو ؟

ـ لە سەر مۆسکۆ ·

ـ ها ··· ئەوەیە ناسیونالیست · کە وا بوو تۆ ناسیونالیستی ·

مام عەلی پیشەی فەسلی کەن کەنە چی بوو · پاشان پیر ببوو ڕەگەڵ برادەرانی حیزبی کەوتبوو · لە ڕاپەرینی شەریف زادە و موعینی دا مام عەلیش لەگەڵ ببوو · بەلام چونکە بەقسەی ئەویان نەکردبوو تێشکابوون·

له هەرچێکایەك با دوو کار ئەرك و پیشەی مام عەلی بوو • بەکەمئا شپەزی و بەسەر راگەیشتنی ئازوخە و خواردەمەنی • دروەم بێستان و سەوزی خانە •
هەرچی مام عەلی گوتبای کەس حەقی نەبوو قسەی لێ بکاو بڵێ وا نییە • رۆژێك حەبیب محەمەد کەریم و دوکتور مەحمود عوسمان بانگیان کردوەو گوتویانە :
مام عەلی تۆ بۆچی نابێ بە ئەندامی پارتی ؟
لە وەڵامدا مام عەلی گوتویە : " ئێوە بۆچی نابن بە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران ؟ وەرن ببن بە ئەندامی حیزب پاش دوو رۆژ کارتـــــــــت دەیدەمەوە (

برادەران دەیانگێراوە کە شەوێك لە لای باڵەکەوە بۆلای بیتوێن چوون • باران و تاریکە تەو بووە • مام عەلی پیر و هیلاك یەك دوو جار کەوتوەو هەستاوەتـــەوە • لەبەرخۆیەوە گوتویە : " من کوپیك ئوغلینە باخ ••• ئون ئیکی ئیمامی براخب گیلب کورد ئولمیشم " (تەماشای منی سەگباب کە ۱۲ ئیمامم بەجێ هێشتـــوە هاتوم بووم بە کورد) •

ماموستا هەژار لە نیزیك رادیوی شورشی کوردستانی عیراق مام عەلـــــی بردبوو لای خۆی بێستانی کردبوو خزمەتی دەکردن و کێشکی دەکێشا •

ناردم مام عەلی هاتە خوارێ • تفەنگێکی برنوی درێژو دوو قمت فیشەگدان • لە پێش چاك و خۆشی دا گوتی : " ئەمنت نەدیباو رۆیشتبای عێراقم لێ حەرام دەکردی • هەستە با بچینە ماڵەکەی من تەماشاکە ح بێستانیکم کردوە •

مام عەلی دەستی هەڵنەگرت لە پشتی چۆمان بۆلای مەمی خەلان هەڵگشاین • شۆرباو باینجانێکی خۆشی لێنابوو • ئارەقیشی لەکن دانابوو • کابرایەکـــــی شاسۆری خەڵکی ورمێ لەکن دەژیا • مام برایەمی خەلکی مەمی خەلانیش لـــەوی بوو • دانیشتین نان و چایەکمان خواردو پاشان خودا حافیزیم لە مام عەلی کرد و گەرامەوە •

با باسی مام عەلی بە چەند دێریکی دیکە تەواو بکەم پاش ۱۱ ئازار ماموستا هەژار هاتبوە بەغدا و مام عەلی بە تەنیا مابۆوە • وەزعی ژیانی ناخۆش بوو • برادەران پێشنیاریان کرد با مام عەلی بێنینە بەغداو لەگەڵ ئێمە لە خانـــوی

حیزب بژی · پێشنیاریکی باش بوو مام عەلیمان هێنا بەغدا · ئارەقی بـــۆ ماموستا هێمن دەکری و درۆی بۆ ئیمە دەکردن و لە حەسارێ سەوزی خانەیەکی ساز کردبوو · دەیگوت ٤٠ ساڵە عەرەبی دەزانم ، کەس نەیدەویرا بلێ ئێستاش نایزانی ·

ڕۆژیك هاورێ غصان (عیسمەت جاوید) ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کومونیستی لوبنان لە بەغدا بوو ، لەگەڵ خێزانی شەوێك بانگێشتنمان کرد · مام عەلی هات دانیشت و دەستی کرد بە خواردنەوە · پاشان لەگەڵ هاورێ عیسمەت بە تورکی دەستی پێ کرد · زوو تێی گەیشت ئەویش هەر وەك ئیمە سەلیتەبـــۆ دەگوت و سەری بۆ دەلەقاند · شەو درەنگ میوان گەراوە بۆ هوتیل مام عەلی گوتی :

ـ کاك کەریم کارێکی باشتان کرد من و هێنا ئێرە ·

ـ چ بکەین مام عەلی ، تۆ بە تەنیا لەو کەژ و کێوە نە دەحاوایەوە ·

ـ نا ··· لەبەر ئەوە نیە لێرە بۆیە باشە ئەو کۆمونیست و میوانی بێگانە دێن . ئەوانە هیچ نازانن ، توزێك لە مەسەلەی کوردحا لیان دەکەم !!

پاش راپەرینی گەلانی ئیران مام عەلیش گەراوە بۆ کوردستانی ئیران و لە ناوچەی سەردەشت لەگەڵ پێشمەرگە بوو · ساڵی ١٩٨٢ لە گوندی مەزناوێ لە ناوچەی ئالان پاش نەخۆشیەکی درێژخایەن کوچی دوایی کرد · رەوانی شاد ·

"چوونەوە بـــۆ حاجی عومەران"

چاردەی گەلاوێژی ١٩٧١ بە گوێرەی قەرار و مەداریکی لە گەڵ ئیدریس کرابوو دەبوایە بچمەوە حاجی عومەران · لە حاجی عومەران پێنج رۆژ مامەوە ئیدریس دیار نەبوو · هاتمە ناو پردان بە دوکتور مەحمود عوسمان م گوت : من لەبەر قسەی ئێوە هاتومەوە چەند رۆژە لێرە مەحتەلم · دوکتور مەحمود گوتی :

" مەسەلەی پێوەندی دەگەڵ ئێوە بە کاك ئیدریس ئەسپێراوە . من هیچ نازانم · "

ئاخری ئێوارەیەك لەگەڵ ماموستا هەژار چووینە ماڵی مەلا مستەفا و ئیدریس ـ م

چاو پێ کەوت • زۆر بە لا لوتی بەخێر هاتنی کردم و گوتی :" بە خوا پێم باش نیە تۆ لێرە بمێنی با قاسملو بێ • کارمان پێ هەیە و لەگەڵ ئەو هەموو مەسەلەیەك دەبرینەوە " •

گوتم : کاك ئیدریس من لەسەر قەولی ئێوە هاتوومەوە • بێجگە لەوە هەر مەسەلەیەك بێ من نوێنەری دەفتەری سیاسی‌م و دەتوانم لەگەڵتان باس بکەم •

ئیدریس گوتی :" مەسەلە ئەوە نیە ، هەر پێویستە قاسملو ببینین" •

ئیتر لەسەری نەرۆیشتم بێ ئەوەی خوا حافیزی لێ بکەم گەرامەوە بۆ ماڵی هەژارو بەیانی بەرەو بەغدا کەوتمە رێ •

کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات لە سەر سەفەری من و هەڵویستی ئیدریس و چوونی دوکتور قاسملو بۆ حاجی عومەران کۆ بۆوە • بە گشتی هەڵوێستی ئیدریس مەحکوم کرا • من و دوکتور قاسملو دژی ئەوە بووین کە دوکتور بچێتە حاجی عومەران • دوکتور قاسملو دەیگوت :" لە لایەك هاتنە خواری پرستیژی حیزبە تا ئیدریس گوتی ، سکرتیری حیزب بروا بۆ حاجی عومەران• لە لایەکی‌تر ئەمە شێوەی پێوەندی حیزب نیە • نوێنەری ئێمە چووە قسەی کردوە ئێستا سکرتیر بۆچی بچێ ؟

زۆربەی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی لەسەر ئەو باوەرە بوون کە دوکتور سەفەر بکا • زۆر بە سەر سەنگی دوکتور قاسملو لەگەڵ مەلا رەسوی پێشنەماز چوو بۆ حاجی عومەران • کاتیك پاش چەند رۆژ گەرایەوە . زۆر نارەحەت و نارازی بوو • ئیدریس بارزانی پێ گوتبوو :" ئێمە خەبەرمان هەیە کە کەریمی حیسامی پیاوی ساواکی ئێرانە ، بۆیە نەمانتوانیوە قسەی لەگەڵ بکەین" •

دوکتور قاسملو زۆر بەتوندی لە وەڵامدا گوتبووی ئەم قسەیە بۆ ئێوە زۆر عەیبە • پاشان ئیدریس گوتبوی وەزعی ماڵی‌یەمان زۆر خراپە تەنانەت بۆ خەرجی مەقەر پەنیرمان فرۆشتوە " !

ئیتر مەسەلەی پەنیر فرۆشتن لە نێو ئێمە دا ببوە (نوکتەو ضرب المثل) •

بۆرۆژی سیاسی لە بەغدا ئەو مەسەلەی لەگەڵ سەیدا سالح یوسفی باس کرد و داوای لێ کرد کە ئیعتیرازو رەخنەی حیزبی دیموکرات سەبارەت بەم هەڵوێستە

بە مەکتەبی سیاسی پارتی رابگەینێ ٠

کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات لە کۆبوونەوەی ١٩٧١/٨/٦ کە پێشتە ئەو بروایە کە لە سەر چونیەتی پێوەندی نێوان پارتی دێموکراتی کوردستانی عیراق و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران ، نامەیەك بۆ کومیتەی ناوەندی پارتی و بۆ سەرۆك بارزانی بنووسێ و بۆچوون و هەڵوێست و پێشنیاری حیزبی دیموکرات سەبارەت بە هاوکاری و پێوەندی روون کاتە وە ٠ لە سەر ئەو بریارە کومیتەی ناوەندی ئەم نامەیەی بۆ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق نووسی

دەقی نامەی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران :

" بۆ کومیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق

نوسخە بۆ مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات

نوسخە بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموگراتی گوردستانی عیراق

برایانی بە رێز پاش سلاوێکی گەرمی برایانە ٠

کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران پاش لێکدانەوەیەکی زۆر هاتە سەر ئەو باوەرە کە یاد داشتێکیان پێشکێش بکاو نەزەری خۆی لە سەر پێوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران دەگەڵ پارتی دیموکراتی گوردستانی عیراق بخاتە بەر چاو ٠

لە ١٦ی گەلاوێژی سالی ١٩٤٦ کە پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق سالێك لە پاش دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران پێك هات هەتا ئێستا حیزبەکانی ئێمە پێکەوە پێوەندیان هەر هەبوە ٠ پاش تێکچوونی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە کوردستانی ئیران هەتا چواردەی تەموزی ١٩٥٨ چەشنە پێوەندی یەك لە ناو حیزبەکانی ئێمەدا دامەزراوە ٠ هەر چەندە ئەم پێوەندیە نا رێك و پێك بوە بە لام بوتە هوی ئەوە کە دوستایەتی و برایەتی لە ناو حیزبەکانماندا بە هێز تر بکا ٠

گومیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق لە پێوەندی لە ناو حیزبی ئێمە و پارتی دا لە پاش تەموزی ١٩٥٨ زۆر باش شارەزایە ٠ ئەم پێوەندیە لەو

دەمەوە هەتا ١١ی ئاذاری ١٩٧٠ کە پەیمانە مێژووییەکە لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق و حکومەتی عیراق پێك هات. هەوراز و نشێوی زۆری دیوە و بە سەر زۆر قۆناخاندا تێ پەریوە . راستی ئەو یەکە ئەمە پێوەندی ناو دوو حیزب نەبوە. یانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق حیزبی ئێمەی وەك حیزبێك تەماشا نەکردوە . دیارە ئێمە بە نۆرەی خۆمان دان بەوە دادەنێین کە زۆر جار لە لایەن هێندێ لە ئەندامانی ئێمە بە تایبەتی ئەحمەد توفیقەوە بەرامبەر بە پارتی ئاکاری نالەبار رووی داوە . لە بەر شارەزایی ئێوە بە سەر هەموو کارەساتە کرنگەکانی ئەو سەر دەمە نامانەوێ باسیان بکەین و ناشمانەوێ گیرو گرفتەکانی کۆنی رابردوو زیندوو بکەینەوە.

پاش ١١ی ئازاری ١٩٧٠ حیزبی ئێمە هەولێکی زۆری دا ریزەکانی خۆی چەسپاوتر بکا و هەموو ئەندامە دڵسۆزەکانی حیزب کە پەرش و بڵاو ببوون لە ڕێکخراوێکی یەکگر و یەکپارچە دا کۆ بکاتەوە. لە ١١ی ئازاری ١٩٧٠ وە تا حوزیرانی ١٩٧١ کە کونفرانسی سێهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران پێك هات، ئێمە هەموو هێزی خۆمان لە پیناوی ئەم مەبەستە دانا بوو. رۆژنامەی " کوردستان" ئورگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان سالێك زیاترە بە رێك و پێکی دەر دەچێ و سیاسەتی حیزب بۆ کۆمەلانی خەڵکی کوردستانی ئیران روون دەکاتەوە. تێکۆشانی ئەندامانی دڵسۆزی حیزب بێ کەلك نە بوو ، بوو بە هۆی بووژاندنەوەی خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران .کونفرانسی سێهەم نەتیجەی ئەم تێکوشانە بوو. لەم کونفرانسە دا بەرنامە و پیرەوی ناو خۆی حیزب پەسند کرا . کومیتەی ناوەندی حیزب هەڵبژێردرا و هەموو دەستەو ڕێکخراوەکانی پێشوو کە بەر لە مە جیا جیا خەریکی تێکۆشانی سیاسی بوون لە ژێر ئالای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران دا کۆ بوونەوە . پاش ماوەیەکی درێژ کە چەند ساڵی خایاند حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران هەم لە ریزی حولانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد دا وهەم لە ناو خەباتی گەلانی ئیران دژی ریژیمی دیکتاتوری و کۆنە پەرستی شا جێگای خۆی گرتۆتەوە . هەموو هەوڵ و تەقەلای کومیتەی ناوەندی حیزبی ئێمە ئەوەیە کە رۆژ بە رۆژ لەو ڕێگایە دا زیاتر هەنگاو هەڵێنێ.

پاش ١١ی ئازار کە حیزبی ئێمە خەریکی بووژانەوەی تێکۆشانی خۆی بوو ،پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراقی بە نیزیکترین دۆستی خۆی دەزانی و چاوە روانی یارمەتیەکی هەموو لایی لە لایەن پارتیەوە بوو٠ بە داخەوە چەند مانگێك پێ نە- چوو ، بۆ ئێمە دەر کەوت کە پارتی ئامادە نیە ئەو ئەرکە کە مێژوو خستوویە تە سەر شانی بە جێی بێنێ٠ دەرکەوت کە نە پچراندی پێوەندی بە رێوە بەری شۆرشی کوردستانی عیراق دەگەڵ حکومەتی ئیران لە سەر رێگای بە هێز تر کردنی دۆستا- یەتی و برایەتی لە ناو هەر دوو حیزبەکانماندا کۆسپێکی گەورەیە ٠

نوێنەرانی کومیتەی ناوەندی ئێمە لە پێوەندیەکانی خۆیاندا دەگەڵ سەرۆك- بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ، دەگەڵ کاك حەبیب محمد کەریم سکرتێری پارتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کومیتەی ناوەندی چەند جار ئەم گیر و گرفتەیان باس کردوە٠ نەزەری ئێمە ئەوە بوە و ئێستاش هەر ئەوەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق خۆی مەسڵەحەتی خۆی باشتر دەزانێ و وا دیارە نە پچراندنی پێوەندی دەگەڵ حکومەتی ئیران لەم پلەیە دا بە قازانجی جوڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی عیراق دەزانێ٠ ئەگەر بەرێوە بەری شۆرشی کوردستانی عیراق پێوەندی خۆی دەگەڵ حکومەتی ئیران دەپارێزێ یا ناپارێزێ، کەیفی خۆیەتی٠ ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە بە نەزەری ئێمە ئەم پێوەندیە نابێ بە زیانی جوڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئیران تەواو ببێ٠ ئێمە لەو بروایە داین کە پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق نابێ بچێتە ژێر باری هیچ شەرتێکی حکومەتی ئیران کە مەبەستی زەربە وەشاندن لە جوڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئیران و لێدانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بێ ٠ پێمان وایە ئەوە ئەرکی نەتەوایەتی و نیشتمانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراقە و رێبازی ستراتیژی پارتی دەبێ لە سەر ئەم بناخە داندرا بێ٠ ئەوەی بۆ دوارۆژی جولانەوەی گەلی کورد گرنگە ، یەکێتی و دۆستایە- تی حیزبەکانی ئێمەیە٠ رێکخستن و هاودەنگە کردنی خەباتی ئێمە لە هەموو پارچەکانی کوردستانە ٠ گیرو گرفتەکانی تر دەبێ تابیعی ئەم رێبازە سترا- تیژیە بن ٠ ئێمەش بە نۆرەی خۆمان هەر چەند لە دامەزراندنی پێوەندی دەگەل

هەموو هێزێکی سیاسی بە مەسلەحەتی جولانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراند دەجولێتەوە و سەر بەخۆ ئەم چەشنە پێوەندییە دادەمەزرێنین، بەلام هەر لەو کاتەشدا بە ئەرکی نەتەوایەتی و نیشتمانی خۆمانی دەزانین کە هیچ کارێکی وانەکەین کە بە زیانی جولانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی عیراق تەواو بێ و نە چینە ژێر باری هیچ شەرتێك کە مەبەستی زەربە وەشاندن لە حولانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی عیراق و لێدانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق بێ. دەتوانین بە سەر بەرزیەوە بلێین کە هەتا ئێستاش سیاسەتی ئێمە هەر وابوە ،هەر چەند بۆ پاراستنی ئەم سیاسەتە ناچار بووین واز لە هێندێ قازانجی گرنگی ئانیش بێنین. ئەگەر ئەو سیاسەتە ئوسولیە لە لایەن هەر دوو لاوە پەسند کرا" کە ئێمە پێمان وایە پێویستە پەسند بکرێ: ئەو دەم هێندێ کردەوەی بەرێوە بەراتی شورشی کوردستانی عیراق و بەرێوە بەرانی پارتی جێگای داخە.

بۆ ئەوەی بە خۆرایی قسەمان نەکرد بێ، چەند نموونەتان دەخەینە بەرچاو.

١ - لە کونگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق دا ، دەگەڵ ئەوە کە بە رەسمی لە حیزبی ئێمە بانگ هێشتن کرا بوو، رێگا نەدرا نوێنەری حیزبی ئێمە وتاری کومیتەی ناوەندی پێشکەش بکا. لە راستی دا نوێنەری ئێمە تەنیا نوێنەرێك بووکە رێگای نە درا وتاری خۆی بخوێنێتەوە. لە کاتێك دا کە لە پاش خەباتێکی دوور ودرێژی گەلەکەمان لە بەشێکی کوردستانی رزگار کراودا کونگرەی حیزبێکی کوردستانی دەگیرێ رێگا نادرێ نوێنەری حیزبێکی کوردستانی تر کە بۆ ئەم کونگرەیە بانگ کراوە، وتاری خۆی بخوێنێتەوە. ئایا ئەمە جێگای سەر سورمان نیە ؟.

٢ - لە ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ وە هەتا ئێستا زۆر جار داوای یارمەتی سیاسیمان لە پارتی کردوە بە داخەوە لەم بارەوە یارمەتی پێویست بە ئێمە نەکراوە.

الف - هەتا ئێستا رێگا نەدراوە هیچ بەیاننامە و یا نووسراوێکی ئێمە لە سەر کوردستانی ئێران لە (التاخی) بلاو بکرێتەوە. زۆر سەیرە کە

نوێنەرانی پارتی خۆیان بە رەسمی دژی سیاسەتی حکومەتی ئێران لـــە جزیرەکانی خەلیج قسە دەکەن و لە (التاخی) دا قسەی زۆر ڕێکخراو وحیز- بی سیاسی تریش بڵاو کراوەتەوە، بەڵام بەیانی حیزبی ئێمە لەم بارەوە وەك جارانی تر خرابە پشت گوێ.هەر چەند بە تایبەتی ئەم بەیانەمان بۆ (التاخی) نارد بوو.

ب ـ کار بەدەستانی پارتی نە لە نووسراوەکانی خۆیان و نە لە هیچ جێگا یەکی تر کە بە رەسمی قسە دەکەن باسی گەلی کورد لە ئێران ناکەن. هـەر وابزانە لە ئێران کورد نیە و یا هەیە و مافی نە خوراوە.

٣ ـ هەتا ئێستا زۆر جار ئەندامانی حیزبی ئێمە لە لایەن کار بەدەستا نـی شۆرشەوە گیراون و حەپس کراون . بە تایبەتی لە ناوچەی قەلادزە کار- بەدەستانی شۆرش بە ئەرکی سەر شانی خۆیان دەزانن بیانوو بە ئەندامانی حیزبی ئێمە بگرن و لە بەندیخانەیان بکەن و یا لەم ناوچەیە وەدەریان نێن . ئایا قازانجی جولانەوەی گەلی کورد لە وەدایە کە ئەندامانی حیزبی ئێمە نەتوانن لە ناوچەی قەلادزە بژین ؟. هەتا ئێستا هێندی لە ئەندامانی حیزبی ئێمە ناچار کراون کار و کاسبی خۆیان بە جێ بێڵن و بۆ ناوچەیەکی تر برۆن.

٤ ـ ئێمە پێمان وایە لەو گیرو گرفتانە دا کە پێوەندی بە کوردستانـــی ئێرانەوە هەیە ، پارتی پێویستە دەگەڵ حیزبی ئێمە هاوکاری بکا . بـــە داخەوە هەتا ئێستا هاوکاریەکی زۆر کەممان لەم بارەوە دیوە . ئێمە بـــە نۆرەی خۆمان لە پاش ١١ی ئازار هەموو وەختێك ئەوەی پێویستی ســـەر شانمان بوە بۆ ئەم هاوکاریە بە جێمان هێناوە. بەڵام وەختێك پێش ٣مانگ مەسەلەی سەننار و هاودەستەکانمان دەگەڵ بەرێوە بەرانی شۆرشهێنایـــــە گۆرێ، بە ئێمە گوترا کە ئاگایان لە سەننار نیە. دەگەڵ ئەوە لە کوردستا نی عیراق و تەنانەت لە بەغداش کەم کەس هەبوو کە نەزانێ سەننار و هاو دەستانی لەلایەن کاربەدەستانی شۆرشەوە زیندانی کراون . ئێمە نەزەری ـ خۆمان بە ئاشکرا لە سەر کردەوەی چەوتی قادر تەگەرانی و سەننار و هیتر بە کار بەدەستانی شۆرش راگەیاندوە. بەلام بەداخەوە لە لایەن کار بەدەستا

نـــی شۆڕشەوە ئەو هەستە هاوکاریە بەر چاو نەکەوت. دیارە ئێمە راست و ڕەوان بە کاربەدەستانی حکومەتی عیراقیشمان گوتوە کە کردەوەی ئەوتۆ بە راست نازانین و بە زیانی خەباتی گەلی کوردی لە ئیران دادەنێین ٠

٥ ــ ئێستا لە عیراق بەدەیان ڕێکخراوی عەرەبی و غەیرە عــیراقـــی خەریکی تێکۆشانی سیاسین و گشتیان یارمەتی لە حیزبی بەعس وەر دەگرن. هیچ کەس ناتوانێ ئینکار بکا دەگەڵ ئەوە کە ئێمە لە ماوەی چەند سالـــی رابردوو دا وەك حیزبێکی سیاسی کزتر بووین، لەم یەك ساڵ و نیـــــوەدا توانیومانە هێزی خۆمان کۆ بکەینەوە و ئێستا لە حیزبەکانی کوردستانی تر (هی تورکیا و سوریا) ئەگەر بە هێزتر و بەنفوزتر نەبین، کزتر نین ٠

دیارە تێکۆشانی سیاسی پێویستی بە یارمەتی ماڵی هەیە. بە تایبەتـــی کە ئەمە ئێستا لە ئیمکانمان دا نیە لە کوردستانی ئیران پارە کۆ بکەین و هەڵوێستی پارتیش لەو مەسەلەیەدا زۆر باش نیە و کۆسپ دەخاتە ســەر ڕێگامان. بۆ ئەوە چەند جار لە بەرێوەبەرانی پارتی داوای یارمەتی ماڵیمان کرد. تەنانەت بە شاهیدی هێندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتـــــی لە بەر ئەوە کە خەریکی جێ بە جێ کردنی سیاسەتی نیشتمانی سەر بە خۆی خۆمان بووین ، لە لای تریشەوە یارمەتیان لێ برین . بەلام بەرێوە بەرانـــی پارتیش یارمەتی حیزبی ئێمەیان نەدا . ئەو پارەیەش ... کە کومیتەی نەوە-ندی پارتی قەراری لەسەر دابوو کە مانگانە بە ئێمە بدرێ، تەنیا جارێك بە دەستمان گەیشت . بۆ جاری دوهەم دوو برادەری مەسئولی ئێمە ناچار کران بچنە حاجی عومەران ، بەلام دیسان پارەکەیان دەست نەکەوت . لە راستی دا کەرامەتی برادەرانی ئیمە خرایە ژێر پێ و زیاتر لەوەش ئەم کەرامەتە ڕێگای نەدا داوای یارمەتی ماڵی لە پارتی بکەین .

٦ ــ هەموو ئەو کارەساتە بۆ ئێمە دەرسێکی بەنرخ بوو. پاش ساڵ و نیوێك ئەو راستی‌یە تاڵەمان بۆ دەرکەوت کە بۆ بەرێوەبەرانی پارتی بە هێز بوون ونەبوونی جولانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئیران ، چەسپاوتر بوون و نەبوونی ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران مەسەلەیەکی گرنگ

نیە٠ ئەو هیوایە کە پارتی لە هەموو کەس بە ئێمە نیزیکترە ، بـــەرە بەرە خەریکە جیگای خۆی بۆ ئەم فیکرە دەدا کە پارتی پێی خۆش نیـــە خۆی لە ئێمە نیزیك بخاتەوە٠

ئەو راستییە تالە بوو بە هۆی ئەوە کە کومیتەی ناوەندی حیزبی دیمو کراتی کوردستانی ئێران جارێکی تر مەسەلەی پێوەندی خۆی دەگەڵ پارتی لە دواروژدا لێك بداتەوە و هاتە سەر ئەو باوەرە کە هەموو ئەم گیــــــرو گرفتانە بە ئاشکرا و برایانە بەر چاوی کومیتەی ناوەندی پارتی بخا٠

ئێمە لەو بروایە داین کە دەگەڵ هەموو ئەوو هەڵوێستە کە بەرێوە بەری پارتی دەگەڵ ئێمەی هەبوە ئیمکانی ئەوە هەیە لە دوا روژ دا پێوەندی لـە ناو هەر دو حیزبەکانماندا بە قازانجی هەر دوو لا چار بکرێ٠

ئێمە لێرە دا پێشنیارەکانی خۆمان لەم بابەتەوە دەخەینە بـــەر چاوی کومیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق٠ پێشنیارەکانـــــــی ئێمە ئەوانەن :

١ ـ پێویستە پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق حیزبی ئێمە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەك حیزبێکی برا تەماشا بکا٠ لەبەر ئـــەوە پێویستە لە سەر ئەو گیرو گرفتانە کە پێوەندیان بە کوردستانی ئێرانـــەوە هەیە دەگەڵ ئێمە هاوکاری و مەشوەرەت بکا٠ هەر وەها ئێمە بە پێویســـت دەزانین کە لە سەر ئەو گیرو گرفتانەی کە پێوەندیان بە کوردستانی عیرا- قەوە هەیە دەگەڵ ئێوە هاوکاریو مەشوەرەت بکەین٠ هەر لەو کاتەش دا ـ پارتی کە بە خۆی حەق دەدا دەگەڵ زور حیزب و هێزی سیاسی پێوەنـدی هەبێ ، دەبێ ئەو حەقەش بە ئێمە بدا کە بۆ قازانجی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەگەڵ ئەو حیزب و هێزە سیاسیانە کە بە مەسڵەحەت دەزانێ پێوەندی دابیر بکەین و ئەوە بە گوناهێکی گەورە نەدرێتە قەڵەم٠ بە تایبەتی کە حیزبی ئێمە دەگەڵ هیچ حیزبێکی سیاسی کە دوژمنی پارتی بێ پێوەندی نەبوە٠

٢ ـ لە هەل و مەرجی ئەوروژدا پارتی دیموکراتی کوردستانی عیـــراق

دەسەڵاتێکی زۆری هەیە ، بێجگە لەوە ناوچەیەکی زۆری کوردستانی عیراقی بە دەستەوە و بە راستی لەم ناوچەیەدا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتوە• پێنج وەزیری هەیە ، موحافیزەکانی ناوچەکانی کوردستان لە لایەن پارتیەوە دیاری کراون و لە دەزگای دەوڵەتیشدا بە تایبەتی لە کوردستانی عیراق نفوزێکی زۆری هەیە• پشتیوانی پارتی لە حیزبی ئێمە دەتوانێ لە سەر تێکۆشانی ئێمە تەئسیرێکی زۆر باشی هەبێ• ئەم پشتیوانی و یارمەتیە دوو باری هەیە :

الف یارمەتی سیاسی

ب ـ یارمەتی مالی

یارمەتی سیاسی پارتی بۆ ئێمە بریتی‌یە لە پشتیوانی لە سیاسەتی ئازادی خوازی ئێمە، دیفاع لە مافی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران(سەرنجی ئێوە بۆ سەر ئەم‌کارەساتە رادەکێشین کە پارتی پاش ١١ی ئازار بۆ یەکەم‌جار لە سەر داگیر کردنی ٣ جزیرەی خەلیج وەدەنگ هات و دژی ریژیمی شــــا قسەی کرد کە ئێمە ئەمە بە هەنگاوێکی راست دەزانین • بەلام بە داخەوە هەتا ئێستا لە سەر کوشت و کوشتاری روڵە بە شەرەفەکانی گەلی کورد لە ئێران وەدەنگ نەهاتوە)• حەق ئەوەیە پارتی یارمەتیمان بدا بۆ ئەوە بتوا- نین تێکۆشانی سیاسی خۆمان بەرینتر بکەین و رێکخراوەکانمان لە سەرتـــا سەری کوردستانی ئێران ببووژێنینەوە •

دەبێ ئەوەمان لە بەر چاو بێ کە نیزیکەی ساڵ و نیویکە جولانـــەوەی دیموکراتی گەلانی ئێران پێی ناوەتە پلەیەکی بەرزتر و ریژیمی شا رۆژ بە رۆژ گزتر دەبێ و ئیمکانی روخانی زیاتر دەبێ• ئێمە لەو بروایە داین کە حیزبی ئێمە وەك هێزی بە رێوە بەری گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، هەرچی زیاتر لەو خەباتەدا بەشدار بێ، لە پاش روخانی ریژیمی شائەوە- ندە زیاتر دەتوانێ مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد دابین بکا•

بە پێچەوانە ئەگەر حیزبی ئێمە دەست لەسەر دەست دابنێ و چاوەروانی روخاندنی ریژیم لە لایەن هێزە شۆرشگێرەکانی تری ئێران بێ، لە پاشان بێجگە لە پیرەوی لە ئەمری واقیع رێگایەکی تری بۆ نامێنێ•

له وەزع و حاڵی ئێستای ئیرانیش دا، که هەستی شوێنیستی تەنانەت لـــە لای هێزە نیشتمانیەکانیش بە هێزە، ئەم ئەمری واقیعە مانای ئەوە دەبـــێ که گەلی کورد له کوردستانی ئیران هیچ مافێکی نەتەوایەتی دەست نەکەوێ. تاقی کردنەوەی کوردی تورکیا پاش هاتنە سەر کاری مستەفا کەماڵ و تاقــــی کردنەوەی گەلی کورد له عیراق پاش هاتنە سەر کاری عبدالکریم قاسم دووپا-تە بکرێتەوە . ئێمە بە ئەرکی نیشتمانی خۆمانی دەزانین له ئێستاوە لـــە فیکری چارە سەر کردنی ئەم گیروگرفتە دا بین وله تاقی کردنەوەی نەتەوەکە-مان له پارچەکانی تری کوردستان دەرس وەربگرین . دیارە ئێمە کە لــــەم بارەوە داوای یارمەتی لە پارتی دەکەین هەر لەو کاتەش دا وەزعی پارتــــی و سیاسەتی پارتی دەخەینە بەر چاو. تێکۆشانمان ئەوەند بەنهێنی دەبێ کـــە زیانی بۆ پارتی نەبێ.ئێمە لەو بڕوایە داین کە پارتی دەتوانێ زۆر باش لەم بارەوە یارمەتیمان بدا. داوامان ئەوەیە ئەگەر پارتی نایەوێ یارمەتیمان بدا، هەر نەبێ پێشگیری له کەوڕ تێکۆشانی ئەندامانی حیزبی ئێمە نەکا.

پێشنیار دەکەین پارتی یارمەتی ماڵیمان بدا. پێمان وایە کە لە وەزع و حاڵی ئێستا دا پارتی ئیمکانی ئەو یارمەتیەی هەیە. دیارە ئەو یارمەتیە پێویستە بە رێك و پێکی بە حیزبی ئێمە بکرێ و حەق نیە تاقی کردنەوە دوو پاتە بکرێتەوە .

ئەوانە پێشنیاری ئێمەن و پێمان وایە هیچ پێشنیارێکی وامان نەکردوە کە دژی قازانجی پارتی یا جولانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی عیراق دابێ وە یا پەسند کردنی لە توانای پارتیدا نەبێ و لەبەر ئەوە پێمان وایـــە پارتی دەتوانێ ئەو پێشنیارانە پەسند بکا.

برایانی بە رێز !

به پێویستمان زانی ئەم گیروگرفتانە بە نوسین بخەینە بەر چاوتان . ئێمە خۆمان بەرامبەر بە پینج میلیون کوردی ئیران بە مەسئول دەزانین و هەروەها بەرامبەر بە هەموو جولانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد له هەموو پارچەکانی کوردستان هەست بە مەسئولیەتێکی ئەخلاقی دەکەین. پێمان وایە

ئەم مەسئولیەتە . مەسئولیەتیەکی مێژوویی‌یە و ناتوانین هەروا وازی لـێ بێنین . ئەگەر ناچار بووین ئەم یادداشتە بخەینە بەر چاوتان تەنیا هۆی ئەوەیە کە هەست بەم مەسئولیەتە گەورەیە دەکەین کە قازانجی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەگۆڕێ دابێ . ئێمە وەك تاقە حیزبی پێشرەوی گەلە- کەمان لە کوردستانی ئێران ناتوانین دەست لە سەر دەست دابنێین وتەنیا تەماشای وەزعەکە بکەین . ئێمە هیوامان وایە کە بەرێوە بەرایەتی پارتـی دیموکراتی کوردستان زۆر باش لە هەڵوێستی ئێمە بگا و دڵنیا بێ کـە تەنیا هەستێك کە ئێمە تا ئێستا بەرامبەر بە پارتی دیموکراتی کوردستا- نی عیراق هەمان بوە و هەمانە . هەر هەستی دۆستایەتی و برایەتیە .

کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران چاوەروانی وەلامی ئێوەبە . دیارە ئێمە هەموو وەختێك ئامادە بووین و ئێستاش ئامادەین لە سەر هەموو ئەو گیرو گرفتانە کە پێوەندی بە هەر دوو لاوە هەیە دەگەڵ ئێوە وتو- وێژ بکەین . ئیتر داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەین .

کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران .

رادیوی شۆڕشگێرانی ئیـــران

لەو سەرو بەندەدا حکومەتی عیراق جەماعەتێکی زۆری لە ئیرانیەکانـــی دژی ڕیژیمی شا لە عیراق کۆ کردبۆوە . یەك لەو جەماعەتانە (ژە نــــرالّ پەناهیان) بوو . کە کاتی خۆی لە ئازربایجانی ئیرانەوە چوبوە باکو و لـــە وێوە هاتبوە بەغدا . حکومەتی عیراق دەزگاو دەبدەبەیەکی بۆ ساز کرد بوو . چەند ماشین و کۆشك و پارێزکار و پارەی خستبوە بەر دەستی و پێی وابوو کە ڕیژیمی شای بۆ دەرووخێنێ . مرادی ڕەزمئاوەریش وەك ڕاوێژکەر وو بەردەست هەڵدەسورا و خەبەری بۆ کۆ دەکردەوە .

برادەرێکی دڵسۆزی کوردستانی عیراق کە لەگەل ئێمە تێوانی زۆر خۆش و دۆستێکی بەراستی بوو . ڕۆژێك گوتی : " کاکە ئێوە پێویستە زەلامێکی بە فەوارە و کەللە زل پەیدا بکەن وو بیهێنن بڵێن ئەوە ژەنرالی ئەرتەشی ئیران بوە و لەگەڵ ئێمەیە . بەو شەرتەی نە ناسرابێ . بەعس دەزگا و دەبدەبەتان بۆ ساز دەکا و پارە و ماشین و خانووتان دەداتێ و لەو فەقیریە ڕزگار تان دەبێ . دەنا لێرە و لەم حکومەتەدا کاری حیزبایەتیں و تێکۆشانی ئوسولـــی نرخی بۆ دانانرێ .

حکومەتی عیراق بڕیاری دابوو بەرنامەیەکی ڕادیویی بۆ هێزەکانی ئیرانی دژی ڕیژیمی شا بکاتەوە . دیارە پەناهیان و داروودەستەکەی پێ ڕادەگەیشتن . ژەنرال پەناهیان داوای لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران کرد کە لـــە بەرێوە چوونی ڕادیودا بەشداری بکات . بۆروی سیاسی حیزبی دیموکرات لە کۆ بوونەوەی ١٩٧١/٧/١٥ی خۆیدا بڕیاری دا بەو شەرتەی بتوانێ سیاسەتی حیزبی خۆمانی تێدا بڵاو بکاتەوە بەشداری بکات . هەر لەوکاتەش دا بـــەر نامەی ڕادیوی بەم چەشنەی خوارەوە ئامادە کرد و پێشنیاری کرد بەرێوەبچێ .

گەلاڵەی پێشنیاری حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ بەرنامەی رادیۆی دەنگی شۆڕگێرانی ئێران :

ئەلف ـ بەرنامە ٠

١ـ بەرنامەی فێرکردن نابێ پتر لە یەك سێیەمی کاتی رادیۆ بگرێ٠

ـ مێژوویی : ئەزموونی خەباتی گەلانی ئێران و جیهان ٠ لێکۆڵینەوەی مێژووی ئاڵ و گۆڕی کۆمەلایەتی ئێران٠

ـ تیئۆریکی : ئاشنا کردنی خەلك لەگەڵ شێوە بیرکردنەوەی زانستی بەزمانی سادە٠ روون کردنەوەی تیئوری شۆرشگێری ٠

خەبات دژی شێوە بیرکردنەوەو فەرهەنگی ئیستیعماری و کۆنەپەرستی٠

ـ فیرکردنی کاری نهینی : خەبات لەگەڵ پۆلیس و نهینی کاری ٠ ریکخستنی شورشگێری و فێرکردنی خەباتی پارتیزانی ٠ پەروەردەکردنی کادری شورشگێر و هەلسورانی تاکتیکی و ستراتیژی ٠

٢ـ بەرنامەی پرۆپاگاندەو لەقاودان:

ـ بلاوکردنەوەی دەنگ و باسی جولانەوەی شورشگیری و شەری رزگاریخوازی و خەباتی نیو خۆی ولات ٠

ـ بلاو کردنەوەی بەیاننامەی ریکخراوە خەباتگیرەکانی نیو ولات ٠

ـ ئامادە کردنی کۆمەلانی خەلك بۆ رووخاندنی ریژیمی شا ٠

ـ بانگ کردنی هیزە شورشگیرەکانی ئیران بۆ یەکیتی و پیکهینانی بەرەی یەکگرتووی دژی ئیمپریالیستی و دژی ریژیمی ئیران ٠

ـ لەقاو دانی دەربارو کۆنەپەرستی سەربەئیمپریالیزم و سازمانی ئەمنیەتو نەخشی ریژیمی شا لە رۆژهەلاتی نیوەراست دا ٠

ـ لەقاو دانی نەخش و کردەوەی ئیمپریالیستەکان و سەهیۆنیست و هیزەکۆنەپەرستەکانی جیهان ٠

ـ بیرەوەری رۆژە کانی میژوویی و یادی شەهیدان ٠

ـ دیفاع لە گیراوە سیاسیەکان و پشتیوانی لە خەباتگیرانی ولات ٠

ـ پرو پاگانده بۆ تێکۆشان و خەباتی خوێندکاران لە دەرەوەی ولات •
ـ لێکدانەوەی نەحشی گەلان و ژێرستەمی ئێران لە شۆرشی ئێراندا •
ـ پرۆپاگانده بۆ مافی دیاری کردنی چارە نووسی گەلانی ئێران •
ـ پروپاگانده بۆ یەکیتی گەلانی ئێران لە چوارچیوەی سیاسی ولاتدا •
ـ مەحکوم کردنی شوڤینیزمی مەزنی خواز •
ـ خۆپاراستن لە هان دانی ناسیۆنالیزمی مەحەللی •
ـ لەبەرچاو گرتنی خسوسیاتی مەحەللی و میللی لەبەرنامەکانی فێرکردن دا •
٢ـ ئەو دوو ڕێکخراوە لە هەموو کاروباری بەڕیوەبردنی رادیۆدا پێکەوە راوێژ دەکەن و بریاری هاوبەش دەدەن •

کاک حەمەدەمینی سیراجی بە نوێنەری حیزب و بەرپرسی بەرنامەی کوردی رادیۆ دیاری کرا • بەڵام ئەو هاوکاریە زۆری نەخایاند• چونکە پاش مەسەلەی گرتنی سەنناری مەمەدی لە لایەن شورشەوە ، ژەنراڵ پەناهیان بەیاننامەیەکی دژی پارتی و سەرۆك بارزانی ئامادە کرد بوو دەیویست لە رادیودا بە فارسی و کوردی بخوێنرێتەوە• بۆروی سیاسی حیزب دژی وەستا و لەسەر ئەوە هاوکارییەکە تێکچوو•

بەڵام مەسەلەی سەنناری مەمەدی :

لەبەر ئەوەی لەو سەروبەندەدا لە عیراق نەبووم ، راستەو خۆ ئاگام لە مەسەلەی سەننار نەبوو• تەنیا قاو بوو کە سەننار لە لایەن شورشەوە گیراوە و دراوەتەوە بە ئێران • لە یادداشتی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش دا بۆ کومیتەی ناوەندی پارتی باسی کراوە • بۆ روون بوونەوەی پتر داوام لە کاك حەمەدەمینی سیراجی کرد، بەو سیفەتە کە یاریدەدەری بەرپرسی عەلاقاتی دەرەوە بوو ، نەختێ ئەو باسەم بۆ روون کاتەوە •
کاك حەمەدەمین لە نامەی ١٩٨٩/١/٦ دا وەلامی دامەوە و دەنووسێ :

" لەبارەی مەسەلەکانی داوات کردوون :

یەکەم سەننار ، نازانم هیچ لە سوید خۆت تێ گەیاندوە یان نا؟ خۆی ئەگەر

بەراستی باسی بکا باشتر لە هەمووکەس سەرەتاو بناوانی ئەو پرسیارەت دەزانی. بەلام ئێستا کە حەواڵەی بیری منت کردوە. بەم چەشنەم لەبیرە:
لە ساڵی ۱۹۷۱ سەننار بە نێوی سەفەری ئوروپا و بە مەبەستی پێوەندی لە گەل "حدکا" دەچێتە ئەلمان یا ئیتالیا و لەوێ پێوەندی لە گەڵ باڵیوزخانەی عیراق دەگرێ. خێرا بە بەغدای رادەگەیەنن، "دوکتور ژنراڵ محمود پناهیان مرادی نوێنەری بۆ دێننی دەنێرێ و مراد لە گەڵ خۆی رەکێشی دەکا. پاش چەند جار داوای کە مەبەستی دیتنی رابەرانی "حدکا" و بە تایبەت ئەو بەر برسانەیەکە دەیان ناسێ. دەڵێن لێرە نین و پێیان نازانین و تۆ کە مەبەستت جم و جوڵی دژی شایە ئێمە هەر چەشنە یارمەتیەکت دەکەین. سەننارێش کە برادەرانی حیزبی نابینێتەوە و دام و دەزگای "ژنراڵ" و قرکە قرکی ماشێنی مراد و کاردەکانی دەبینێ. بیر دەکاتەوە کە ئەوانە هەمە کارەن و داوای یارمەتی پێویستی دەست پێکردنی جم و جوڵی چەکدارانەیان لێ دەکا. ئەوانیش پارەو چەکی دەدەنێ حەوت هەشت کەسیشی کوردی هەرکی وێنە ی" محمود ـ گەنجۆ خەلیل و ..." لە گەڵ دەخەن و دەیان بەنە رەواندز کە لە وێوە بەرەو سیدەکان و لە سیدەکانیش را بەرەو مەڵبەندی کاریان بچن. کرێبارچی هەڵگری چەك و تەقەمەنی بێ پێوەند لە گەڵ پ.م نابێ و ئاگاداری پارتی دەکا و لەسەر رێگایان دادەنیشن و هەر کە لە شار دوور دەکەونەوە، دەسرێژیان لێ دەکەن. سەننار بریندار دەبێ و باقی دەگیرێن. و سەننار بە مەرجی نە کوشتن دەدرێتەوە بە ریژیمی شا. ئێمە تا بریندار و گیرانی ئاگادار نە بووین. ئەو کاتە ئاگادار بووین کە مەسەلەکە درکا و داوای یارمەتیان لێ کردین بۆ بەردانی. هەر ئەو دەمەش دەرکەوت کە چۆن مراد و پەناهیان چاویان بەستوەو پاشانیش کە دوکتور چوە سەرێ ئاگادار بوو کە دراوەتەوە بە ئیران و پەناهیانیش ئاگاداریەکی لە دژی پارتی و بارزانی هێنا رادیو کە وەرگێردرێتەوە و بە کوردیش بخوێندرێتەوە کە لە دژی راوەستاین و ئەم هەڵوێستە کاری هاوکاری رادیویی ئێمە و پەناهیانی پەلە خست."

پاش هاتنی نامەی کاك حەمەدەمینی سیراجی رۆژی ۱۹۸۹/۳/۰۴ چاوم بە

بە سەننار کەوت. باسی رووداوەکەم لی پرسی. لە پایزی ۱۹۷۱ چوومە لەندەن و لە گەڵ سەفارەتی عیراق تەماسم گرت. پاش چەند رۆژ گوتیان چەند کەس هاتوون بت بینن . کە چووم کابرایەك بە ناوی عەلی رەزا و پەناهیان و مراد هاتبون . لەگەڵ ئەوان چوومە بەغدا . لە بەغدا زیلایەکیان دامێ. داوام کرد کە ریبەرانی حیزبی دیموکرات ببینم، قبوڵیان نەکرد. محمودی برای زیرۆ بەگ و عەلیخانی زیروبەگ و ۲٤ کەسیان ئامۆژی نیزامی دەکرد لە نیزیك بەغدا . رام ئەسپارد کە ئەحمەد توفیق ببینم. ئەحمەد توفیقیان بۆ هێنام. پاشان بردیانمە کۆ بوونەوەیەك بە ناوی " جبهە متحد ملل ایران ".
پاشان لە گەڵ شەش کەس بە چەکەوە چووینە رەواندز . لە رەواندز بە حەوت بار چەك و وسائیلەوە کەوتینە رێ. بەعس بە ئێمەی گوتبوو کە لە گەڵ بارزانی قسەمان کردوە کە جەماعەتی ئیرانی دەچنەوە . ئەویش موافقەتی کردوە . دیار بوو راستیان نەکردبوو . جەماعەتی بارزانی پێیان زانیبوو رێیان گرتبوو . لە رەواندز وەدەر کەوتین تەقەیان لی کردین . من بریندار بووم . بە برینداری گرتیانم و بردیانم بۆ چیا . پاشان بردیانمە زیندانی رایەت . رۆژی دوایی حەمە عەزیز و سەعید مەسیفی هاتن . دوای چەند رۆژ بردیانم بۆ حاجی ئۆمەران . مەسعود هات لەگەڵ یەکی تر پرسیاریان کرد. پاشان بردیانمە زیندان و پاش ۱۷ رۆژ بردیانم بۆ سنوور. چوپداری و صیادیان بردیانم بۆ کرماشان ."

کـۆمـەڵـەی رزگاری کـوردسـتـان

کوردێکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز و سیاسیەکی تێکۆشەر و پێشکەوتوو خواز، لە بەغدا دۆست و برادەر و دڵسۆزمان بوو. زۆرمان هاتوو چۆ دەکرد و زۆر جار میوانی دەکردین. شەوی خۆش و کوردانەمان رادەبوارد.

مرادی رەزەاور(مراد عەزیز) کە رۆژێك کرا بوو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق و پاشان پایدا بوەو خزمەت بەعس و حکومەتی عیراق. ئەویش زۆر هاتوو چۆی ئەو برادەرەی دەکرد. مراد لە باس و خەبەران دەگەرا کە دەر خوازدی بەعسیان بدا و خۆی پێ هەڵێ و پتر لێیان نیزیك بێتەوە. حکومەتی عیراقیش لە ریگای مرادەوە خەریکی پێوەندی بوو لە گەڵ ئیرانیەکان بە کورد و فارس و تورکەوە . حکومەتی عیراق ژەنراڵ پەناهیانیشی دنا بوە عیراق و دەزگایەکی بۆ ساز کرد بوو. مرادیشی کرد بوە هاوکار و یا چاوە دێری کار و هەڵسووڕانی .

رۆژێك برادەری نیشتمانپەروەر تەلەفوونی کرد کە بچمە لای . کە چووم گوتی:

" ئێوە ئاگاتان لە هیچ نیە . لە ئیران (کۆمەڵەی رزگاری کوردستان) دامەزراوە و پێوەندی لە گەڵ بەعس هەیە . ئەوەتا مراد پرۆگرامی کۆمەڵە و یاد داشتی کۆمەڵەی بۆ هێناوم کە بۆ بەعسیان ناردوە، تا بۆیان بکەم بە عەرەبی . لە بەر ئەوەی دەستخەتە کوردی یەکەی ئیرانی دەویستەوە، ئەوا بە خەتی خۆم بە کوردی و بە عەرەبیش نوسخەیەکم لێ هەڵگرتوون بۆ ئێوە. تا ئاگادار بن . مراد زۆر بە ئیلگیری داوای دەکرد کە نابێ هیچ کەس بەوانە بزانێ".

بە سوپاسەوە لێم وەرگرت و هێنامەوە بۆ لای بوروی سیاسی . دەقی نوسخە کوردی و عەرەبیەکە بە خەتی ئەو برادەرە لای من مانەوە کەوا بۆ مانەوە لە مێژوودا بڵاویان دەکەمەوە .

١٤ / ٤ / ٢٥٨٣

٥ /٧/ ١٩٧١ (ياد داشتى دەزگاى دامەزرێنەرى كۆمەڵەى رزگارى كوردستان)

بۆ بەرێز قيادەكانى قومى و قطرى حيزبى بەعسى عەرەبى اشتراكى تيكۆشەر ٠

پاش پێشكێش كردنى جوانترين و گەرمترين سلاوى شۆرشگێرانەمان سەر كەوتنتان لە پێناوى ئامانجى گەورەى نەتەوەى عەرەبى برادا بۆ وەر گرتنەوەى خاكى عەرەبى داگير كراو لە چنگى صهيونيست و استعمار و رزگار كردنى هەموو ئەرزى عەرەب ئاوات و ئارزومانە ٠

هاورێيانى بەرێز ، ماوەيەك لە مەو پێش بە ئاشنازيەوە دەعوەتى شفاهى برايا-نەى ئێوەمان پێگەيشت بۆ پێشكێش كردنى پروگرام وپێرەوى(كۆمەڵەى رزگارى كوردستان) لە گەڵ ياد داشتێكى كۆمەڵەدا بۆ ئەوەى لە نيازى كۆمەڵەمان بگەن ٠ ئەوا لە سەر داواو خواستى خۆتان ژمارەيەك لە پرۆگرام و پێرەوى كۆمەڵەمان پێشكێش كردن لە گەڵ ئەم داوخوازيانەى خوارەوەدا :

١ ـ هيوادارين دواى خوێندنەوە و دراسە كردنى تەواوى پرۆگرام وپێرەوى كۆمە لە زياتر هەنگاو هەڵبگرن بۆ پتەو كردنى دۆستايەتى لە نێوان هەر دوو لادا ٠

٢ ـ موجوديتى كۆمەڵە بپارێزن وەك حيزبێكى نيشتمانى نەتەوەيى٠ چونكە مانەوەى كۆمەڵە بە نهێنى گەورەترين مەرجى بناغەيى و هاوكارى ئێمەيە لە گەڵ ئێوەى بەريز دا ٠ لەبەر ئەوە كە خەباتى ئێمە خەباتێكى دوور و درێژ و دژوارە، هەر وەك خۆتان ئەزانن هەر دەستەيەك هەست بە بزووتنەوەى كرا لە لايەن دەزگا جاسوسيەكانى شاوە ئيتر نامێنێ و بنە بر ئەكريت و ماوەى ئيش كردنى نادرێت لە ناو كوردستانى ئيران دا ٠ هەر وەك ئەو دەستەو جەماعەتانە كە ئێستە بە ناو حيزبن و بە ناوەرۆك هيچ٠ بەڵام ئێمە بە پێچەوانە هەموو كات ويستوومانە بە ناوەرۆك ئشت بين ٠

٣ ـ لە ٠ر٠ك لە گەڵ ئەوەدا كە هێشتا جگە لە نەتەوەكەى خۆى يارمەتى دەرێكى نە بوە و سەر لێ شێواو دەر بەدەريش زۆرە بە تايبەت لە دەرەوەى كوردستانى ئيران دا ، خۆى بە هيچ لايەكدا هەڵ ناوەسيوە ٠

٤ـ هەموو کات کۆمەڵەمان ئامادەی هاوکاری و پەیوەندی بوە لە گەڵ هەر دەستەو حیزبێك دا کە هاو کاری بکات بۆ وەدەست هێنانی گەلی کورد لە مافە نەتەوایەتیەکانیدا وەکو لە پرۆگرام دا دیاری کراوە .

٥ ـ بە پێی بیرو باوەری ئێمە و لێکدانەوەی پر لە تەجروبەمان لە ظروفی ئیمڕۆدا لە کوردستانی ئێران ئیمکان و ڕێگای هیچ جورە قیامێکی چەکدارانە نیە . جولانەوەی چەکدارانە لە کوردستانی ئێراندا لە گەڵ شکست روو بە روو ئەبێت بەلام بۆ حیزبێکی بە طاقەت و ئارام و لە سەر خۆ ڕێگای ڕێك خستن و تنظیمی حیزب هەیە و ئەبێت هەر لەو ڕووەوە کار بکرێت .

٦ ـ کۆمەڵەمان پیرۆز بایی ئەکات لە بەیانی ١١ آداری مێژوویی کە حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بریاری لە سەردا بە پێی مادەی ٦ ئا پرۆگرامی کۆمەڵە کە ئەڵێ (کۆمەڵە پشتیوانی ئەکات لە هەر ئیمتیازێکی نەتەوەیی و کۆمەلایەتی کە دەبەر بەشێك لە بەشەکانی گەلی کورد لە ناو سنووری ئێستادا بە دەستی دەهێنێ) .

٧ ـ کۆمەڵەمان لە گەڵ هەموو جیهەتێکی سیاسیدا هاو کاری ئەکات بۆ رووخاندنی حکومەتی شای خائین و دستکردی ئیستعمار و هاو کاری صهیونیست بۆ ئەوە بکاتە مافە نەتەوەییە زەوت کراوەکان .

٨ ـ لە کۆتاییدا داوای ئێمە بۆ ئێوە ئەوەیە :

ا ـ وەلامماں بدەنەوە تا ج رادەیەك ئامادەی هاو کارین .

ب ـ هەر لەو ڕێگایەوە پەیوەندمان پێوە بگرن کە تا ئێستا گرتووتانە .

ج ـ هیوا دارین وت و وێژمان بەر دەوام بێت ئەگەر پێویست بوو .

لە گەڵ باشترین ڕێز و ئیحترامی زۆردا .   مۆری کۆمەڵە

دەزگای دامەزرێنەری (کۆمەڵەی رزگاری کوردستان)

پرۆگرامی کۆمەلەی رزگاری کوردستان

بە ناوی خوا

مادەی یەکەم

ناری حیزب (کۆمەلەی رزگاری کوردستان) ە

مادەی دوهەم

ئەم کومەلە پیک هاتوە لەو کەسانەی کە لە رەگەزی کوردن وە یا دانیشتووی کوردستانن و باوەریان بە پروگرامی ئەم کومەلەیە هەیە ٠

مادەی سیهەم

کومەلەی رزگاری کوردستان باوەری هەیە کە کورد یەك نەتەوەیە و لە نیشتمانیکی لیك نە پچراو دا ئەژی کە کوردستانە وە (اعتراف ناگا) بەم سنورانەی کە بیگانە دایناوە ٠

مادەی چوارەم

کومەلە خەبات دەکات بۆ بە دەست هێنانی مافی ئازادی و سەر بە خویی گەلی کورد لە کوردستان دا ٠

مادەی پینجەم

خەباتی ئیمە خەباتیکی (نەتەوەیی گشتی و نەوەیی و جماهیریە) شورشگیرانە یە لە سەر بناغەی باوەری کوردایەتی وە سەر ریگای دیموکراتی دە ئەروات ٠

مادەی شەشەم

کومەلە بە هەموو توانایەکەوە تی دەکوشی بۆ کۆ کردنەوە و ریك خستنی هەمو چینەکانی گەلی کورد لە ناو ریکخراوەیەکی سیاسی و ناسیونالیستی بۆ پیشرەوی ئەو خەباتەی کە مادەی پینج رای ئەگەیەنی٠

مادەی حەوتەم ٠

کومەلە پشتیوانی ئەکا لە هەر امتیازیکی نەتەوەیی و کومەلایەتی کە هەر بەشیك لە بەشەکانی گەلی کورد لە ناو سنووری ئیستادا بە دەستی دینیٖ وە دەعوەتی ئەو حکومەتانە دەکا کە دەسەلاتیان هەیە بە سەر کوردستان بۆ ئەوەی بە ریگایەکی هیمنی و ئاشتی خوازانە ددان بینی بەو مافانەدا ٠

مادەی هەشتەم

ئەم کومەلە لە ظروف و شرایطی ئەمروی میلەتی کورددا بە گویرەی ناوچە کان و دەستووری پروگرام بۆ ئەم مەبەستانە تی ئەکوشیت ٠

١ ــ زیندو کردنەوەی زمانی کوردی کە زمانی نەتەوەی گەلی کوردە لە

کوردستان دا ٠

٢ ــ دامەزراندنی فیرگەو قوتابخانەی کوردی٠

٣ ــ پەرە پیدانی ئەدەب و زانیاری نەتەوایەتی لە ریگای دەرکردن وبلاو کردنەوەی رۆژنامە و گوفار و هەموو شوینەواریکی نوسەرانی کۆن و نوێی گەلی کورد٠

٤ ــ ریز گرتن و رواج پیدانی تقالیدی نەتەوایەتی و پاراستنی سوننەتی میللی لە جل و بەرگی کوردیەوە هەتا جەژن و بیرەوەری نەتەوایەتیەکان٠

٥ ــ بەشدار کردنی جوتیار لە ئاو وزەوی پیویست و پاراستنیان لە هەر چەشنە زولم و زوریك لە گەل تولەی عادیلانە بو خاوەن زەویەکانی پیشوو٠

٦ ــ بەشدار کردنی کریکاران لە مافی قانونی و عادیلانەی کار لە گەل مافی بیکەوەنانی سەندیکا(نقابە) و مافی شەریك بون لە مەحلیی بە ریوە بەری کاردا٠

٧ ــ بەربەست کردنی زولم و زور لە ناو هەموو چینەکانی گەلی کورد دا و بەشدار کردنی هەر فەردیك لە مافە ئینسانیەکانی٠

٨ ــ لابردنی ئەو دووبەرەکی و براکوژیە کە داگیر کەرانی کوردستان خستویانەتە بەینی عەشیرەتەکان و هەمو چینەکانی گەلی کورد وە بو بەربەرەکانی کردنی بیرو رای نەتەوایەتی و دامەزراندنی بناغەی بە هیزی برایەتی لە ناو هەموو ئەفرادی میللەتی کورد دا ٠

٩ ــ تیکوشان بو ئاوەدان کردنەوەی کوردستان بە هوی کارگە و کیشانی ریگا و پەرە پیدانی پیشە سازی و زیاد کردنی دەرهاتی نەتەوایەتی(عوائدی ملی) ٠

مادەی نوهەم

کومەلە بو ژیانی ئابوری گەلی کورد و دامەزراندنی بناغەیەکی اقتصادی بە هیز و پیشکەوتوانە بو کوردستان کەلك وەر دەگری لە تەجاروبی عیلمی و عملی میللەتانی تازە پیگەیشتو لەم بارەوە بە هەلسەنگاندنیان لە گەل ظروف و واقعیاتی کوردستاندا٠

مادەی دەهەم

کومەلەی رزگاری کوردستان ددان ئەنیت بە موجودیتی هەموو کەمایەتیـــە نەتەوایەتیەکان کە لە کوردستاندا ئەژین بە مەرجیك باوەریان بە رزگاری کورد ستان هەبی و بو ئەم مەبەستە خەبات بکەن ٠

مادەی یازدەهەم

کومەلە ددان ئەنی بە مافی وەك یەکی ژن و پیاو دا ٠

مادەی دوازدەهەم

ك٠ر٠ك ئامادەی برایەتی و هاوکاریەیە لە گەل ئەو ریکخراوە کوردیانـــە دا کە هەلگری بیرو باوەری کوردایەتین ٠

مادەی سیزدە هەم

کومەلە سیاسەتی دەرەوەی بی لایەنیە و دوستی ئەو هیزانەیە کە یارمەتـی مەسەلەی کورد بدەن٠ هەر وەها باوەریکی پتەویشی هەیە بە منشوری نەتەوە یەککرتوەکان و ئیعلامیەی جیهانی حقوقی بشر و میثاقی کونکرەی باندونك و ئامادەی پشتیوانی خەباتی گەلانی جیهانیە بو رزگاری و ئازادیان بە پـی ی توانا و چاوەروانی دوستایەتی و یارمەتیە بو رزگاری و ئازادی گەلی کورد ـ لە لایەن هەموو گەلانی جیهانەوە٠

مادەی چواردەهەم

ك٠ر٠ك باوەری هەیە کە کورد لقیکی سەربەخویە لە رەگەزی ئاریا و ئامادەی گرتنی پەیوەندی دوستایەتی و برایەتیە لە گەل لقەکانی تر ٠

مادەی پازدە هەم

کومەلە ئایینی پاکی ئیسلام بە مەزهەبی رەسمی کوردستان ئەناسی و ریز و ئیحترامی هەمو ئایینەکانی تر ئەگریت کە دانیشتوانی کوردستان وباوەریان پی هەیە ٠

دەسگای دامەزرینەری کومەلەی رزگاری کوردستان ٠

سەفەر بۆ ئوورووپا

لە مانگی سپتامبری ١٩٧١ بورووی سیاسی بریاری دا کە سەفەرێك بۆ لوبنان بکەم بۆ ئەوەی لەگەڵ حیزبی کومونیستی لوبنان و حیزبی سوسیالیستی پێش کەوتووخوازی لوبنان (حیزبی کەمال جونبلات) پێوەندی بگرم و هەڵوێست و بارو دۆخی حیزبی دیموکرات و ئیرانیان بۆ روون کەمەوە. لە تویێ ئەو سەفەرەدا. بچمەوە بولغارستان و سەرێکی ماڵ و مندا لانیش بدەم.

بورووی سیاسی نامەیەکی بۆ حیزبی کومونیستی لوبنان و حیزبی سوسیالیستی پێشکەوتوو خوازی لوبنان نووسی و هەر وەها نامەیەکیشی بۆ حیزبی کوموونیستی بولغارستان نووسی و بە نوینەری حیزبی دیموکراتی ناساندم.

لە لوبنان چوومە بارەگای حیزبی کومونیست وهاوڕێ عصمت جاوید(ابوغصان) هات لەگەڵم دانیشت و پاش باسی بارو دۆخی کوردستان و خەباتی گەلی کورد بە گشتی و وەزعی کوردەکانی ئیران بە تایبەتی، بەڵێنی هەموو هاوکاری و یارمەتیەکی دا و هەر لەوێ تەلیفونی کرد بۆ بارەگای پارتی سوسیالیستی پێشکەوتو خوازی لوبنان و گوتی ئەوە نوینەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران دێت .پاشان بە ماشینێکی خۆیان بردیانم بۆ بارەگای حیزبی سوسیالیستی پێشکەوتو خوازی لوبنان. بەرپرسی پێوەندیەکانی دەرەوەی حیزب دوکتور محمد هات بەخیر هاتنی کردم و پاش باسی وەزعی کوردستان و خەباتی میللەتی کورد بەڵێنی پشتیوانی و هاوکاری دا. لە لوبنانەوە سەفەرەکەم بەرەو سوفیا درێژە پیدا. لە سوفیا لەگەڵ برادەرانی حیزبی کومونیستی بولغار پێوەندیم گرت و بە درێژی لە سەر وەزعی خەباتی گەلی کورد لە گەڵیان دوام.

پاش یەك دوو رۆژ "جوانشیر" نوینەری حیزبی تودەی ئیران هاتە لام و پاش بە خیر هاتنەوە و پرسیاری وەزعی ولات، گوتی "بەربوە بەری حیزبی تودە

دەیانەوێ چاویان پێت بکەوێ. لاموایە دیتنیان زیانی نەبێ. دەتوانی سەفەرێك بۆ بیرلین بکەی ."

گوتم من هیچ مانیعم نیە بۆ دیتنی برادەران. بەڵام یەکەم دەبێ لە پێشدا لەگەڵ بوروی سیاسی حیزبی دیموکرات قسە بکەم و دووەم دەبێ ئەوان ویزا و بلیتی فرۆکەم بۆ بنێرن . جوانشیر گوتی خەبەریان دەدەمێ و پاشان لە تۆش دەگێڕمەوە .

لەگەڵ دوکتور قاسملو پێشنیاری حیزبی تودەم پێ ڕاگەیاند. دوکتور گوتی " پێمان خەراب نیە بیان بینی، بزانین دەڵێن چی "

بە جوانشیرم گوت بلیت و ویزام بۆ بنێرن، دەچمە ئەڵمان و دەیانبینم . پاش چەند ڕۆژ ویزای ئەڵمان و بلیتی فرۆکەی بۆ هێنام و چوومە بیرلین . لە پێشدا چاوم بە ئیرەجی ئەسکەندەری سکرتێری یەکەمی حیزبی تودە کەوت . پاش نسد و باسێکی زۆر ئیرەج گوتی :" ئێمە دەمانەوێ لەگەڵ هاورێیانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران دابنیشین و لە بارەی وەزعی ئیران و کوردستان و هاوکاری قسە بکەین .ئێمە بەرنامەی حیزبی دیموکراتمان خوێندۆتەوە و پێمان وایە بەرنامەیەکی دژی ئیمپریالیستی و پێشکەوتنخوازە ."

بەدوای ئەودا کەیانووری هات. لە پێشدا هێندێ پرسیاری لە بارەی ئیران و جولانەوەی حیزبی دیموکرات کرد و پاشان دەستی پێکرد وگوتی :

" ئێوە بەو کارە واتە بە پێکهێنانی کونفرانسی حیزب و تێکۆشان بە ناوی حیزبی دیموکرات دوو بەرەکی دەخەنە نێوان هێزەکانی شورشگێڕو مارکسیستی ئیران . لە وڵاتێکدا دوو حیزبی مارکسیستی نابێ و ئەوە دژی تیئوری لینینیە . ئێوە پێویستە بۆ زیندوو کردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی تودەی ئیران، حیزبی چینی کریکاری ئیران خەبات بکەن . ئێوە کە خۆتان بە مارکسیست دەزانن دەبێ حیزبی مارکسیست لینینیستی ئیران، واتە حیزبی تودە بە هێز بکەن ." گوتم :" ڕەفیق کەیانووری ئێستا مەسەلەی پێك هێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی دژی دیکتاتوری و دژی ئیمپریالیستی لە گۆڕێ دایە و پێویستە بۆ هاوکاری و بۆ دامەزراندنی بەرە یەکی

یەکگرتوو لەگەڵ حیزبی دیموکرات کار بکەن. ئەوە خۆی دەبیتە بناخەیەك بۆ هاوکاری و لەوانەیە رێکخراوی دیکەی ئیرانیش بێنە نێو بەرە.

کەیانوری گوتی : " بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، بەرنامەی حیزبێکی مارکسیستی یە . ئەگەر رۆژێك لە رۆژان حیزبی تودەی ئیران دەسەلاتی بێتە دەست ، ناتوانێ بەرنامەی لەوە پێشکەوتووتر بۆ کوردستان دابرێژێ . کە وابوو حیزبی دیموکرات پێویستە لەگەڵ حیزبی چینی کرێکاری ئیران یەك بگرێ. بەڵام ئەگەر حیزبی دیموکرات خۆی بە حیزبێکی بورژوازیکورد دابنێ . ئەو دەم ئێمە بەرەی یەکگرتووی لەگەڵ پێك دینین. "

گوتم : لەم قسەی تۆ سەرم سوور ماوە. ئێوە چۆن لەگەڵ حیزبی بۆرژوازی کورد بەرە پێك دینن ، بەلام لەگەڵ حیزبێك کە بە قسەی خۆت بەرنامەی مارکسیستی هەیە، بەرە پێك ناهێنن .

پاش باسێکی زۆر کە نەگەیشتینە یەك . کەیانوری گوتی : " پێشنیاردەکەین کە دەستەیەکی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بێتە برلین و لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی تودەی ئیران لەسەر مەسەلەی کوردستان و ئیران وتو ویژ بکا . "

گوتم : ئەم پێشنیارە لە بۆرۆی سیاسی حیزبی دیموکرات دا دێنمە گۆری و پشتیوانیشی لێ دەکەم .

لە مانگی ئوکتوبر گەرامەوە بۆ عیراق . سەفەری خۆم لە بۆرۆی سیاسی هێنا گۆرێ وپێشنیاری حیزبی تودە باسکرا . دوکتور قاسملو لەگەڵ مەلا عەولای حەیاکی دژی ئەوەی بوون کە لەگەڵ حیزبی تودە وتو ویژ بکرێ. ماموستا هیمن و کاك حەمەدەمینی سیراجی و من دژی بیرو رای ئەوان بووین. قاسملو هەستی پێ کرد ئەگەر دەنگ وەر بگرین لە کەمایەتی دا دەبێ، زیرەکانە بایداوەو گوتی: " جا ئەگەر وایە با پێشنیار بکەین ئەوان بێنە ئێرە ، یا پێنج پاسپورتمان بدەنێ ئەو دەم دەستەی نوێنەرایەتی بۆ وتو وێژ دەنێرین . چونکە ئەوان هەم دەتوانن بێنە ئێرەو هەم دەتوانن پاسپورتیشمان بدەنێ " .

گوتم : هەرچەند ئەوە بیانویەکە بۆ رەد کردنەوەی پێشنیاری ئەوان بەلام

نامەیەکیان بۆ دەنووسین • دوکتور قاسملو نامەیەکی بە خەتی خۆی بە فارسی لە زمانی منەوە بۆ دەفتەری سیاسی حیزبی تودە نووسی و بۆمان بەریکردن بەلام بەریوەبەری حیزبی تودە تا ساڵی ١٩٧٤ جوابی نامەکەی نەدایەوە •

ئەوەش دەقی ئەو نامەیەیە کە دوکتور قاسملو بە خەتی خۆی نووسیویەتی :

هیئت اجرائیه حزب توده ایران

رفقای گرامی :

سلامهای دوستانه مرا بپذیرید • پیشنهاد شما را در بارهء اعزام یك هیئت نمایندگی از طرف کمیته مرکزی حزب دمکرات کردستان بمنظور ملاقات ومذاکره با هیئت نمایندگی حزب تودهء ئیران ، در بوروی سیاسی حزب دمکرات مطرح کردم •

پس از بحث و تبادل نظر بوروی سیاسی در اصل با مذاکره با هیئت نمایندگی حزب تودهء ایران موافقت کرد• رفقای بوروی سیاسی حزب ما پیشنهاد میکنند که در شرایط کنونی بهتر است که از طرف هیئت اجرائیه حزب توده ایران یك هیئت نمایندگی برای این ملاقات به عراق اعزام گردد ، ممکن است آمدن چنین هیئتی به عراق از لحاظ دیگر هم مفید واقع شود• ولی در صورتیکه هیئت اجرائیه حزب توده ایران اعزام هیئتی را به عراق ممکن و یا صلاح نداند ، کمیته مرکزی حزب دمکرات کردستان آماده است یك هیئت نمایندگی برای ملاقات با هیئت نمایندگی حزب تودهء ایران اعزام دارد• ولی با در نظر گرفتن برنامه کار کمیته مرکزی حزب ما این مسافرت تا سال ١٩٧٢ بتاخیر میافتد• در ضمن رفقای بوروی سیاسی یادآور شدند که برای چنین مسافرتی ضروری است هیئت اجرائیهء حزب تودهء ایران پنج عدد گذرنامهء ایرانی دست نخورده در اختیار ما بگذارد •

در صورتیکه اصرار داشتید که هیئت نمایندگی حزب ما برا مذاکره به ملاقات شما بیاید آنوقت پس از دریافت گذرنامه بوروی سیاسی تاریخ قطعی مسافرترا باطلاع شما خواهد رسانید •

موفقیت شما را خواستارم ١٩٧١/١٠/٢٠

بە قەد زەرەرێکی وون نابێ، وەفایی چاکە هەر چاکە

لە بەرگی دووەمی بیرەوەریەکانم دا، باسی ئەوەم کرد بوو، کاتێلێ دەیانو-
یست لە عیراق وەدەرم بنێن و هیچ پەنا و دەرەتانم نەمابوو، چوومە گن ماموستا
هادی چاوشلی کە ئەو دەم معاونی وەزیری نێو خۆی عیراق بوو· فرە پیاوانە بە
خێر هاتنی کردم · نەی دەناسیم · بانگی کرد چایان هێنا · ئەزیش سەر گزەشتەی
خۆم بۆ گێڕاوە · گوتم دەیانەوێ لە عیراق وەدەرم بنێن · هیچ شوێن و ڕێگاشم
نیە · هاتووم ، یارمەتیەکم بدەی · هەستم کرد زۆر گرژ و نارەحەت بوو· بانگی
سکرتێرەکەی کرد گوتی " فایلی صالح توفیق لاجی سیاسی ئیران " بێنە · زۆری
پێ نەچوو هێنایان · گوتی : " کەس نەبەتە ژوور "· تۆزێ پەڕەکانی هەڵدایەوە
و نەختێک راما و پاشان گوتی : "کاکی خۆم، بەینی خۆمان بێ و لای کەس باسی
مەکە · ئەمری وەزیری داخیلەیە و تۆیە لە عیراق دەر دەکەن، هیچ ڕێگای نیە بڕۆ
فیکرێک بۆ خۆت بکەوە·" پیاوەتیەکی گەورە بوو· فرە مەمنونی بووم ·

هاوینی ١٩٧٦ لە سەفەرێ ئوروپا دەگەڕامەوە بۆ بەغدا · لە فرۆکەخانەی سوفیا
موسافیر راوەستا بوون. مەئمورێکی گومرک تەماشای پاسپورتانی دەکرد و جانتای
دەپشکنین · مروڤێکی رەنگ پیاو لە پێش من راوەستا بوو، پشتی لە من بوو·
جانتەکەی پێ کردەوە شتێکی زۆری کڕی بوو· جانتای باخەڵیان بێ هێنا دەری، ٤٩
لیوە پارەی بولغاری پێ بوو· پارەی بولغاریش بردنە دەری یاساخە · کابرای
گومرک هەڵیپێچا · ئەو پارەیەت بۆ پێیە) ئەو هەموو شتەت بە چی کڕیوە؟
وەرەقەی بانگەکوانێ ئەگەر بە رەسمیت پارە گۆڕیوەتەوە ؟·

دیم پیاوەکە تێچوو· بە ئینگلیزی شتێکی پێ دەگوت ، بەلام کابرای بولغاری
تێ نەدەگەیشت و هەر دەیپرسی· چوومە پێش و تەماشام کرد، بە ناسیارم هاتە
بەر چاو · پرسیم : جەنابت کوردە ؟ گەش بووە · گوتی : کوردم · ئەم پارەیەم
پێ مابوو نەمدەزانی یاساخە بردنە دەری · لە ڤارنا بووم و ئێستاش ئەو کابرایە

پاسپورت و شتەکانی گل داوەتەوە٠

گوتم : جەنابت ماموستا هادی چوشلی نیە ؟

ــ بەڵێ هەوم، من تۆ ناناسم ٠

ـ تۆ زۆرت پیاوەتی لە گەڵ من کردوە ٠ باسەکەم بۆ گێڕاوە ٠ گوتم خۆریا دەم زانی هاتوویە سۆفیا ٠ من ماڵم لێرەیە و ماڵی خۆتە من فرە مەمنونی تۆم ٠

گوتی : ئیستا لە گەڵ ئەم کابرایە چبکەین ؟

ـ هیچ ٠ من حالی دەکەم ٠ بە کابرام گوت : ئەو پیاوە کە سێکی ناسراوی کوردە٠ نووسەرێکی ناسراوە کاتی عبدالکەریم قاسم معاونی وەزیری داخیلە بوە ٠ نــەی زانیوە نابێ پارەی بولغاری پێ بمێنێ٠ من دەیناسم و پیاوی فرو فێڵ نیە ٠ کابرا چوو مودیری گومرگی فرۆکەخانەی بانگ کرد٠ چەند جار سەرم کرد بـــوو دیار بوو بە ناسیاری دەزانیم ٠ پیێم گوت مەسەلە چیە ٠ گوتی " با بچێ ئـــەم پارەیە لەو دوکانە خەرج بکاو شتی پێ بکڕێ ٠ پاسپۆرتەکەی ویداوە ٠ماموستــــا هادی چاوشلی چوو هێندێ شتی کری ٠ گوتی پیاوەتیت لەگەڵ کردم من ئەم شتـــەم نەدەزانی ٠ تا بەغدا پێکەوە سواری فرۆکە ووین ٠ لە فرۆکە خانەی بەغدا ســۆ پێشوازی هاتبوون ٠ یەقەی گرتم دەیگوت : دەبێ بچینە هەولێر ٠ گوتم : ئێستا لە بەغدا دەژیم و لە گەڵ سەرادەران خەریکی کاری سیاسیم ٠ زۆر ئیراری کرد کە لـە هەولێر سەری بدەم ٠ بەداخەوە نەمتوانی لە هەولێر بچمە ماڵیان ٠ بە لام لە بەغدا چەند جار لە کۆری زانیاری و لە یە کێتی نووسەران چاوم پێ دەکەوت و چاك و چۆ-نیمان دەکرد ٠

قـەستە سەر كردنی بارزانـــــی

لە ڕۆژەكانی ئاخری مانگی سێپتامبری ١٩٧١ دا، ڕێژیمی عیراق بۆ كوشتنـی مەلا مستەفای بارزانی پیلانێكی شەیتانانە و نا جوامێرانەی داناوە.
چەند مەلایان ساز كردبوون كە بچنە سەردانی مەلا مستەفا. بەلام هەر لەو كاتەش دا، عەبا و جل و كورتانی مەلاكانیان پر كردبوو لە جۆرە مەدەیەكـــــی تەقینەر كە بتوانێ مرۆڤ بكوژێ. مەلای نا موبارەك دەچنە حاجی ئۆمەران و- میوانی مەلا مستەفا دەبن. لەو كاتە دا كە لە كن مەلا مستەفا دادەنیشن كـە وتو وێژ بكەن و چایان بۆ دێنن. ڕاست لەو كاتە دا جلی مەلا دەتەقێتەوە. مەلا بۆ خۆیان تێدا دەچن و بەلام خوای تەعالا مەلا مستەفا لەو بەلا و پیلانـە شەیتانید نەجات دەدا.
كومیتەی ناوەندی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بەم بۆنەوە ئـەم نامەیەی بۆ كومیتەی ناوەندی پارتی دێموكراتی كوردستانی عیراق نارد:

بۆ كومیتەی ناوەندی پارتی دێموكراتی كوردستانی عیراق ١٩٧١/١٠/١

برایانی بە ڕێز

زۆر بە داخەوە ئەو خەبەرەمان بیست كە دەستەیەك بەكرێگیراوی ئیمپریا- لیزم هەوڵی كوشتنی سەرۆك بارزانیان داوە و چەند پێشمەرگەیەك شەهیـد كراون. ئێمە بە ناوی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران و هەموو گەلـی كورد لە كوردستانی ئێران، بێزاری و تووڕەیی خۆمان بەرامبەر بەو كردەوە نا پیاوانە دەردەبرین و هەر لەو كاتەشدا خۆشحالین كە ئەم پیلانە سەر نەگەوـ توە و سەرۆك بارزانی سالمە. هیواداریـن خەباتی یەككرتووی گەلانی عیراق بە كورد و عەرەبەوە هەر سەركەوتوو بێ و بەیاننامەی ١١ی مارسی مێژوویـــی كە نشانەی دەستكەوتی ئەو یەككرتنیە و كوسپی ڕێگای دوژمنانی جولانەوەی ڕزگا ری خوازی گەلی كوردە بێتە دی. كومیتەی ناوەندی حیزبی دیموكراتیكوردستانی ئێران

تیکۆشان بۆ پیکهێنانی ڕیکخراوەکانی حیزبی

لە

کوردستانی ئیراندا

وەك بەرپرسی کۆمیسیونی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بیجگە لە نووسین بۆ ڕۆژنامەی کوردستان گرینگترین کاری من زیندووکردنەوەی ڕیکخراوەکانی حیزبی بوون لە کوردستان. بۆ ئەو کارە کومیسیونێك لە و برادەرانە: **حەسەنی ڕەستگار ، مەلا ڕەسوی پیشنماز ، کەریم حەداد و مەلاقادری ویردی** پێك هات بوو. دەبوایە بە هەمووان خەریك بین لەگەڵ ئەندامانی قەدیمی حیزبی دۆست و ناسیاو پیوەند بگرین و ڕیگا بۆ کاری تەشکیلاتی لە کوردستانی ئیراندا خۆش بکەین.

مەلا قادر کە خەڵکی ناوچەی بانە بوو دەست بەکار بوو بۆ پیوەندی گرتن و چالاکانە تێ دەکۆشا و بە داخەوە گیانی خۆشی لەسەر دانا. کەریم حەداد لە ناوچەی سەردەشت دۆست و برادەری هەبوون و هۆی پێوەندی و هاتووچۆی برادەران و گۆڕینەوەی نامەی پیکهێنابوو. حەسەنی ڕەستگار و مەلا ڕەسو بە هۆی پێوەندی لەگەڵ خزم و دۆست و برادەرانەوە هەر یەکە بە گوێرەی توانا تێ دەکۆشان.

هەوەڵین نامەی کاك حوسینی ئیبراهیمی ـ م پێ گەیشت. لە نامەیەکدا سەبارەت بە وەزعی حیزب و شێوەی تیکۆشانی سیاسی پرسیاری کردبوو هەر لەو کاتەشدا ڕایگەیاندبوو کە ئامادەیە هاوکاری بکا.

خەبەرم دایە بێتە قەلادزەو چاوم پێ بکەوی . ئێوارەیەك كەریم حـــــــەداد تەلیفۆنی کرد کە پیویستە بچمە قەلا دزێ . کە چووم مەلا حوسێنی ئیبراهیمــــی هاتبوو لە گوندی سەید ئەحمەدان لە نیزیك قەلا دزە لە مالێك بوو . خەبەرمـــان دابە هاتە مالی کەریم حەدادی . هەوەل جار بوو ئەو برادەرەم دەبینی . ئەویـــش لە گەل راپەرینی ١٩٦٧ ببوو . پاشان هاتبوە کوردستانی عیراق و لە بەکرە جـــۆ کەوتبوە داوی ماشۆبستەکان و شورشگێرێکی زۆر توند بوو . لە هەوەلی ئێـــوارەوە تا ساعاتی هەشتی بەیانی دوو بە دوو لە ژوورێك دا دانیشتین و قسەمان کــــرد لە سەر شێوەی تیکۆشان ، چۆنیەتی پیوەندی وە کەلێك مەسایلی دیکە رێـــــك کەوتین . بەلێنی دا کە هاوکاری بکا . چەند کەسم بۆ دیاری کرد کە بچێتــــــە لایان ، لە زمانی منەوە قسەیان لەگەل بکاو جێگای دلنیایین . هەروەهــــــــا رام ئەسپارد بچێتە خزمەت حاجی مە لا خالیدی مزگەوتی سوورو سلاوی منـــــی پێ بکەبنێ .

قەرارمان دانا بە هۆی برایەکی زەحمەتکێشی خەلکی بێتاسپێ پیوەندیمـان بەرقەرار بێ . ئەو برا زەحمەتکێشە هەموو جارێ دەهاتە قەلادزە و نامـــــەی تەشکیلاتی دەبردە مەهاباد و جوابی دەهێناوە .

کاك حوسێنی ئیبراهیمی لە نامەیەکدا بۆی نووسیبووم : " چوومە خزمـــەت حاجی مەلا . کە باسی تۆم کرد گریا . منیش بە خۆم نەبوو گریانم هات . نازانـم بۆ چی ؟ دۆعای بۆ کردی کە سلامەت و سەرکەوتوو بی " .

کاك حسین تا سالی ١٩٧٤ بە دلەوە هاوکاری دەکرد . لە بارەی وەزعی ژیانـــی خەلك ، زولمی ژاندارم و ساواك وەزعی ئابووری ولات شێوەی تیکۆشان و کــاری حیزبی زۆر بە دریژی و ریك و پیکی نامەی دەنووسی . ئەگەر بیت و نووسراوە ـ کانی کاك حوسین چاپ بکەم لە ٥٠ لاپەرە تێ دەپەرێ . هەرچەند کاك حوسیـن نەیتوا ، بنکەیەکی قایمی حیزبی دابمەزرێنی ، بەلام لە وریا کردنەوەی خەلـــك لە ناسێدنی برادەران ، لە تەکبیرو را لە گەل ئەندامانی پێشوی حیزب ، لـــــە ناردنی ئەسەرو پێشنیاری بە کەلك دەوریکی گرینگی هەبوو . پاشان چووبـــوو لە تاران نیمچیەانی دابوو . ژنی هێنابوو و لە شارۆچکەی رەبەت ببوە مامۆستاو

له ئاخرین نامەی دا رایگەیاندبوو کە لەبەر وەزعی ژیان و گەلێك هۆی تر ناتوانم هاوکاری درێژە پێ بدەم. بەلام مرۆڤیکی ساخ و بە شەرەف مایەوەو لە کونگرەی چواری حیزبی دیموکرات بە ئەندامی جێ گر هەلبژیردرا .

تیکۆشانی کەریم حەداد بۆ راپەراندنی کارو باری پێوەندی لەگەل کوردستانی ئێران جێگای دەستخۆشانە بوو . لە ریگای ئەوەوە کاك حەمەرەسوی حە سەنپور بە ناوی (گۆران) لە تیکۆشانی سیاسی دا بە دلەوە بەشداری کردنامەکانی ئێمە بە هۆی حاجی برایمی هەرزنەو عەولای کوری دەگەیشتنەوە دەستی کۆران ئەو برادەرە بەراستی هەرچی بوی دەنووسراو هەرچی لە توانایدا هەبوو بە دلەوە ئەنجامی دەدا . هەر لە رێگای ئەوەوە پێوەندی لەگەل گەلێك لە شێنانی تیکۆشەر و نیشتمانپەروەر بەرقەرار کرا . بە هۆی ئەلف وبێی رەمزی لەگەل گۆران پێوەندی دەگیراو نامەکان دەپارێزران . باسی شێوەی پێوەندی و ئەو کەسانەی کە لەو سەرو بەندەدا پێوەندییان دەگرت و نامەیان دەنووسی و هاوکاریان دەکرد لەو نامیلکەیەدا جێ نابێتەوەو تەنیا دەتوانم لە کانگای دلەوە سوپاسیان بکەم.

لە مانگی ئوکتوبری ۱۹۷۱ لە حاجی عومەرانەوە خەبەریان داینێ کە صدیقی علائی هاتۆتە چۆمان و لە لایەن شۆرشەوە گیراوە . صدیقی علائی یەکێك لە ئەندامانی پێشوی حیزبی دیموکرات بوو لە ناوچەی سندوس . سالی ۱۹۵۹ لەگەل گەلێك لە ئەندامانی حیزبی گیرابوو. پاش سێ سال زیندانی هاتبۆوە لە نەغدە خەریکی ژیان و بەری چوونی خۆی بوو. ۱۹۷۱/۱۰/۲۵ نامەیەکی نووسیبوو داوای کردبوو : " لە بەر دەستی ساواك رام کردوە هاتووم تا بتوانم بۆ کار و ئیشی پێویست گیانی خۆم بەخت بکەم. کەوتوومەتە چەنگ بەشی پاراستن تکایە ئەجاتم بدەن. هیوادارم لەوەرگرتنم دا دلسۆزی بکرێ."

بە هۆی سەید رەسوی بابی گەورەوە بۆ رۆی سیاسی نامەیەکی بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی ناردوو داوای کرد کە صدیقی عەلائی ئازاد بکرێ. پاشان نامەیەکم بۆ نووسی داوام لێ کرد کە وەزعی ناوچەی سندوس و ناوی گیراوەکان و دوورخرا - وەکان و ناوی جاسوس و هاوکارەکانی ساواك و ژاندەرمەری مان بۆ بنووسی و جارێ بێ لە قەلادزە بمێنێتەوە.

صدیقی علائی ١٩٧١/١٢/١٣ نامەیەکی بۆ نووسیبووم کە وا بۆ ماندوە لـە مێژوودا لێرەدا تۆماری دەکەم.

نامەی صدیقی علائی :

" بۆ برای هەرە خۆشەویستم کاك پیران .

کاکە گیان لە پاش سلاوی گەرم دەستەگانت دەگوشم و سەرکەوتنت لـە ڕێگای گەلدا ئاواتە . کاکە گیان نامەکەت گەیشت لە کەیف خۆشی ئێوەو لەوەی کە لەوپەری پرکاریدا منتان لەبیرە زۆر شاد و خۆشحالم.هیوادارم شـادی و پیشکەوتنتان هەمیشە موژدەم بێ . براکیان بەرابەر بە مەسلەحەتی ئێوە تـا مومکینە رای دەبویرم و تا ئێستا بۆ خۆشی رابراوە . لام وایە بەرامبەر بـە هاتنم بۆ ئیرە بە پێی مەسلەحەت لە ژیانی ئێوە دوور و بێگانە نەبم .

١ـ کاکە گیان وەزعی مەلبەندی سندوس و لاجان و شنو ، وێرای مەلبەندەکانی تری کوردستانی ئیران بە تایبەتی لەو دوو سێ سالەی دواییدا کە موبارەزەی خەلك بە شکلی حیزبایەتی (منظم) نەماوە، وە تا ئەو دوو سێ سالەی دوایی یەك لـە دوای یەك دەزگیر و بە ساواك تیك شکاون . کەوتوتە ژێر زەحمت و فشاری ساواك و ژاندارم دەوپەری خراپی دا ماوەتەوەو ماوە بۆ لیك هالانی خەلك نەماوە.ئەوەیە مەعمورەکانی ژاندارم و ساواك هەر بە ئیستنادی رەفتارو ئاکارە و مل نەدان بـۆ بەرێوە بردنی کاربەدەستەکان و ئاکارەیی ، بێ لایەنی بە شکلی رەژبگیری یـەك یەك خەلك راو دەنین و دەیانگرن یان بە سزاو ئازار بۆ بەرێوە بردنی مەیلـی خۆیان بەرباریان دەکەن . بۆ نێو گەلێ بەرەلایان دەکەن و یا لە بەرانبـەر سەرسەختیدا حەوالەی زیندانی دەکەن .

٢ـ ئەو کەسانەی کە تائیستاش تەسلیمی خواست و مەیلی ساواك و ژاندارم بوون، پاش بەجێ هینانی نەزەری مەعمورەکان و هەلتەکانی جاتتا (ئەو کەسە) بـە تاوانیك خرانەتە زیندان وەك : ئاغاکانی بەرەی سێمانی (مەلبەندی لاجـان) بایزە کویری خراپە و مەلا رەحیمی مەجیدە شیتی (سەرینگەچاوە) هی تریش کـە بیرم نین .

٣ـ لە هەموو گوندەکان مەلاو کویخا سجیل و کەم تا کورتیك ئاغاکان بەئاشکـرا

پاش وەرگرتنی ئەم نامەیە رام ئەسپارد بێتە قەلادزەو لە مالە خوشکــــی بمێنێتەوە تا دەچم سەری دەدەم . پاش بەینێك چوومە قەلا دزە کە چاوم پێکەوت و قسەم لەگەل کرد هاتمە سەر ئەو باوەرە کە دەتوانێ بمێنێتەوەو لەگەل حیـــزب هاوکاری بکا . لیباسێکی کوێنی لەبەردابوو. دەستێك رانک و چۆخە کە بە پارەی حیزب کرابوو ، دوکتور قاسملو جاریك بۆ سەفەری کوێیە دەبەری کردبوو دام بـــە سدیقی علائی . کە گەراەوە دوکتور هەلیپێچام و لە جیاتی رانک و چۆخـــەی حیزبی کە ئەو جارێك دەبەری کردبوو هەشت دیناری لێ ئەستاندم. سەدیـــــق تێزبکەی چەند مانگ لە عێراق مابەوە. لەو ماوەیدا لە کوردستانی ئێرا ســـەوە نامەیەکمان بۆ هات نووسیبوویان کە سدیقی علائی ساواك ناردوویە بۆ کوشتنی کەریمی حیسامی . برادەرانی دەفتەری سیاسی پاش ئەو کاغەزە وریاییـــان دا بە من کە لە سەر سدیق پتر بیر بکەمەوە . چەند جار دەچوومە قەلا دزە سدیق شەو و رۆژ لەگەل من دەبوو. تەنانەت ئەو شەوانەی لەوی دەمامەوە. ئەم دەهێشت بچێتەوە مالە خوشکی.

پاشان رۆژێك گوتی : " ئەوە چەند مانگە لێرە بێکارم . تەکلیفی خــــۆم نازانم ئەش حەوت مندالم هەن و بەریان ناچن . دەمەوی بگەرێمەوە بۆ ئیـــران."

گوتم : دەست گرن هەروا بە هاسانی دەستت لێ هەلناگرن . دیارە مەسلەحەتـــی خۆشت باشتر دەزانی .

گوتی : " دەچمە مالی عەلی حەسەن ئاغای مەنگورو کاغەزێکی لێ دەستێنم بۆ عەلی ئاغای ئەمیر عەشایری . نازانم چم بە سەر دی ".

گوتم: لێت دەپرسن لە کوێ بووی چت کردوە ، کێت دیوە ؟ دەلێی چی ؟

ـ دەلێم لە قەلادزێ لە مالی خوشکم بووم . کەریمی حیسامیم دیوە کە جاروبـــار دەهاتە ویێ .

پاش ماوەیەك کاك کەریم حەداد خەبەری دامی کە سدیقی علائی چۆتەوە.
١٩٧٢/٩/٨ کاك حوسێنی ئیبراهیمی لە نامەیەکدا بۆی نووسیبووم: " سدیقـــی علائی شارەکەی تۆ هاتۆتەوە . دەوری مالەکەیان داوە ، پیلیان بەستوە، سواری جیبێکی سەر ئاوالەیان کردوە و سەبر سەبر بە خەیاباندا هێناویانەتە خواری و

بەخەلکیان نیشان داوە • ئێستا خەریکی کارو باری خۆیەتی "•

جاریکی دیکەش مام عەولا و حەسەنی ئەردەهالی

رۆژێك لە بەغدا برادەریك تەلیفونی بۆ کردم و گوتی : " برادەریکی خەلکی زینوی شێخی لێرەیە . دەیەوی تۆ ببینێ" • کاتیك چووم زەلامیك لەوی دانیشتبوو نەم دەناسی • سلاوی کردو گوتی : " من لە لایەن شورشەوە گیرابووم و لە زیندانی حەلانی دا حەبس بووم • دوو کەسی ئیرانی مانگیکە لەوی گیراون بەکیان ناوی حەسەنی ئەردەهالی یە• لام وایە عەجەمە بەلام کوردی باش دەزانی • ئەوی دیکە کوردی نازانی کاتیك زانیان من لە زیندان دیمە دەری گەلیك پارانەوە کە تۆ بدۆزمەوەو خەبەرت بدەمێ • ئەگەر دەفریایان نەکەوی لەوانەیە بیاندەنەوە بە ئیران • منیش ئەوە هاتوومە بەغدا لێرە پرسیاری تۆمکرد باش بوو بە جیکای تۆیان دەزانی "•

زۆر سوپاسی ئەو نیشتمانپەروەرەم کرد• گەرامەوە لەگەل برادەرانی دەفەری سیاسی مەسەلەکەم باس کرد• خیرا نامەیەك بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی نووسراو کاك حەمەدەمینی سیراجی بەرەو ناو پردان کەوتە رێ • کاتیك دەچی دەگەل دوکتور مەحمود عوسمان قسە دەکا . کورج خەبەر دەدەن دەیانهیننە دەرو کاك حەمەدەمین لەگەل خۆی هینانی بۆ بەغدا•

حەسەنی ئەردەهالی کوریکی خەلکی رادانەی سندوسی بوو• کوریکی روناکبیر ، پێشکەوتووخواز ئازاو تیکۆشەرو شورشگیر • سالی ١٩٥٤ لە زیندانی ورمی ١٨ مانگ لەگەل من لە بەندیخانە دا بوو• سالی ١٩٥٩ رای کردبوو هاتبوە کوردستانی عێراق • پاش ئەوەی ئێمەیان لە عێراق دەرکرد ئەویش گەراوە بۆ ئێران و تێکۆشانی خۆی دریژە پێ دا • سالی ١٩٦٣ رادەکا دەچیتە یەکیتی سوڤیەتی . لەوی دەگیرێ و کە پرسیاری لێ دەکەن کێ یەو چکارەیە دەلێ کەریمی حیسامی دەناسم کە ئێستا لە چکوسلوڤاکی یە • لە پراك لە لایەن

کاربەدەستانی چیکەوە پرسیاری حەسەنی ئەردەڵانی یان لێ کردم. منیش چۆنی دەمناسی وەك تێکۆشەرێك باسم کرد. پاش ماوەیەکی زۆر کە هاتبوومە بولغاریا نامەیەکی حەسەنی ئەردەڵانیم پێ گەیشت کە لە سوقیەت گەرابووەوە لەگەڵ چەند کەس ڕێکخراوی ا پیکارا یان پێك هێنابوو. ئیتر لە حەسەنی بێخەبەر بووم.

حەسەنی ئەردەڵانی لەگەڵ برادەرێکی فارس ڕێگا دادەگرن کە بچن بۆ عێراق. لە حاجی ئومەران دەچنە لای مام عەوڵا و پێی دەڵێن هاتووین بۆ لای کەریمی حیسامی. خەبەری بدەینە. حەسەن پێشتر لە کوردستانی ئێران مام عەوڵای دەناسی. مام عەوڵا بەخێرهاتنیان دەکا و دەڵێ لێرە کەریم نیە. بچن بۆ سۆزی شێخی ماڵە سەید غەفووری. دەڵێن مام عەوڵا ئێمەی ناردوە. ئەو ڕاتان دەگری هەتا بەیانی من تەلیفۆن بۆ کاك کەریم دەکەم.

حەسەن و هاوڵەکەی دەچنە زنبوێ شێخی و لە ماڵە سەید غەفووری دەژوور دەکەون. ئەواو دانانیش بارزانی دەگەنە سەریان و ڕەپنجەکان دەدەن سەرۆ بەندیخانەی خەلان. هەرچەند هاوار دەکەن کە هاتووینە لای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران فایدەی نابێ و دەژوریان دەکەن.

لە سەقزدا حەسەنی ئەردەڵانیمان لە هوتێلێك دانا. دیار بوو لەگەڵ حکومەتی عیراق قسەی کردوەو ڕێك نەکەوتوون. پاش چەند ڕۆژ داوای کرد کە بیانگەینمەوە کوردستانی ئێران. لەگەڵ خۆم بردم بۆ قەلادزەو لەوێوە لەگەڵ برادەرانی خۆمان ناردمەوە ئێران و بە سلامەتی هەتا مەهابادیان بردبۆوە.
پاش ماوەیەك لە تارانەوە نامەی بۆ نووسیبووم و هێندی شوێن و عەلامەتی ڕەمزی لە تاران و لە ورمێ بۆ پێوەندی و نامە گۆڕینەوە دیاری کردبوو.

حەسەنی ئەردەڵانی پاش دوو ساڵ لەگەڵ برادەرێکی دیکەی هاتەوە عێراق و میوانی حیزبی بەعس بوو. حکومەتی عێراق حەسەنیان لە ئێمە شاردبۆوە نەیان دەهێشت بیبینین. حەسەن تەلیفۆنی منی هەبوو. ڕۆژێك تەلیفۆنی بۆ کردم شوێنێکی دانابوو کە بچم بیبینم. کە چووم پاش چاك و خۆشی گوتی ئەوە چەند ڕۆژە لێرەم. لە هوتێلێکیا هەموو ئەفسەری بەعسی تێدان. داوای چەکم لێ کردوون

قەولیان پێ داوم چەکم بدەنێ ، نازانم چۆن بیانگەیێنمەوە ئێران • پێم گوت : هەرچی دەتدەنێ چەك وەرگرە ئێمە وەك جاری پێشوو بە سلامەتی دەتگەیێنینەوە دەورو بەری مەهاباد • پاش چەند رۆژ حەسەن داوای کرد بیبینمەوە• کە چووم گوتی : " بەعسی یەکان گوتویانە خۆمان بە رێگای جنوب دا بۆ ئێرانت دەبەین• وا دیارە نایانەوی لەگەڵ ئێوە پێوەندی بگرم • حەسەنیان لە ئێمە شاردەوە و نەمان دیتەوە • پاش ماوەیەك رۆژنامەی کیهانی چاپی تاران خەبەری کوشتنی دوو کەسی بڵاو کردبۆوە کە لە عیراق گەراونەوەو لە جنوب لەگەڵ ژاندارم بەشەر هاتوون و کوژراون • ئەم ناو و نیشانەی کە رۆژنامەی کیهان نووسیبووی گومانمان لەوەدا نەما کە کوژراوەکان بە داخەوە حەسەنی ئەردەهالی و هاوریکەی بووە•

تێبینی :

پێویستە لێرە دا روونی کەمەوە لەو پێوەندی و هاتوو چۆ چاوپێکەوتنانە دا کە هەر باسی خۆم دەکەم ، لەبەر ئەوەیە کە بەر پرسی تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات بووم و پێوەندی لە گەڵ ئێران و کارو باری تەشکیلاتی تەنیا منی لێ مەسئول بووم • دەنا تەواوی ئەو کارو پێوەندیيانەو هەنگاوانەی هاوێژراون هەموویان لەگەڵ دەفتەری سیاسی باسکراون و ئاگادار بوون•

پێوەندی لەگەڵ وڵات

بە گوێرەی ڕێنوێنی و ڕاسپاردەی کومیتەی ناوەندی ،ئەرکی گرنگی کومیسیونی تەشکیلاتی حیزب ،پێك هێنانی ڕێکخراوی حیزب بوو لە کوردستاندا • هەر وەك کومیسیونی تەشکیلات بۆ ئەنجامی ئەم ئەرکە هەوڵی دەدا ، نیشتمانپەروەرانی کوردستانی ئێرانیش لە پەلوپا دا بوون کە ڕێگای پێوەندی و هاو کاری لە گەڵ حیزب بدۆزنەوە• لە تەئریخی ١٣٥١/٥/٣ (١٩٧٢/٧/٢٥) چەند کەس لە لاوانی ناوچەی سەردەشت و مەنگوران کە زۆربەیان تەڵەبەی مەدرەسەی ئایینی بوون، نامە یەکیان نووسیبوو . داوایان کرد بوو کە پێوەندییان پێوە بگیرێ و ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاری ڕاگەیاند بوو•

وەك بەرپرسی کومیسیونی تەشکیلاتی حیزب ١٩٧٢/٨/٩ بە هۆی ئەم نامەیەوە وەڵامی ئەو برادەرانەم دایەوە • بۆ نیشاندانی شێوەی کار و تێکۆشانی ئەو کاتەی حیزبی دیموکرات لە کوردستانی ئێراندا دەقی نامەکە لێرەدا بڵاو دەکەمەوە •

پێویستە ئەوەتی بڵێم کە بە بارەت بە بارو دۆخی ژیانی ئێستای کوردستانی هەر تك دەو. لە نووسینی ناوی ئاشکرای هاوڕێ و برادەران دەستم کێشاوەتەوە•

" بە هۆی هاوڵی بە نرخ ٠٠٠٠٠٠٠ بۆ هەموو ئەو هاواڵە تێکۆشەرانەی کە لە نامەی ١٣٥١/٥ دا ناویان هاتوە •

پاش سڵاوێکی گەرم و شۆڕشگێڕانە یەك بە یەك دەستەکانتان دەگوشم • هیوام وایە لە خەبات و ژیان و تێکۆشاندا سەرکەوتوو بن•

نامەکەتان جارێکی دیکەش ئەم ڕاستیەی نیشان دا کە نیشتمانپەروەرانی کورد لە کوردستانی ئێران لە هەموو هەل و مەرجێکی ژیان و لە ژێر زەبرو زەنگی ڕێژیمی پولیسی و کورد کوژی شا شدا . دەست لە خەبات هەڵناگرن و پێوەندی خۆیان لە گەڵ حیزب بیشرەو وئالا هەڵگری ڕزگاری کوردستان تازە دەکەنەوە و لە ژێر

رێنوێنیەکانی ئەودا خەبات درێژە پێدەدەن .

هاوڵاتی بەڕێز !

حیزبی ئێمە لە هەل و مەرجێکی زۆر سەخت و دژواردا خەبات دەکا . خەباتی ئەم قۆناخە پێویستی بە زیری، وریایی و نەترسی و یەکێتی ئەندامانی حیزب هەیە هەر وەها پێویستی بە رێنوێنی و دیاری کردنی رێبازێکی راست و ناسینی دۆست و دوژمن و دەرفەت هێنان لە هەموو چەشنە خەباتێك هەیە .

حیزبی ئێمە توانیویەتی پاش کونفرانسی سێهەم خەباتی سیاسی خۆی لە سەر رێبازێکی زانستی پێشکەوتوانە دابمەزرێنێ و شوێنەوارە نانەزەکانی بێ سەرەوبەرەیی رابردوو کوێر کاتەوە و خەباتی گەلی کورد بە حیزب و گەلە پێشکەوتووخوازەکانی جیهان بناسێنێ .

رۆژنامەی " کوردستان و نامیلکەی " سێکۆشەن " لەو بارەوە دەورێکی گرنگیان هەبوو . حیزبی ئێمە لە سەر ئەو باوەڕەیە لە هەل و مەرجی ئێستا دا ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دەبێ بە هەموو توانایانەوە بۆ ئەو مەبەستانەی خوارەوە تێبکۆشن .

١ ــ روونکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك لە سەر بەرنامە و داخوازەکانی حیزب .

٢ ــ بڵاو کردنەوەی سیاسەتی حیزب بە گوێرەی نووسراوەکانی " کوردستان لە نێو خەڵك دا .

٣ ــ پاراستنی یەکێتی حیزب و کۆ کردنەوەی خەڵك لە دەوری رێبەرایەتی .

٤ ــ پێوەندی کەپ و دایمی دەگەڵ رێبەرایەتی و ئاگادار کردنی لە وەزعی ژیان و خەبات و رووداوەکانی وڵات .

٥ ــ پاراستنی نهێنییەکانی حیزب و ناساندنی جاسوس و پیاو خەراپ لە ناوچە دا .

حیزبی ئێمە لە هەل و مەرجی ئێستا دا پێویستی بە زۆری ئەندامان نیە ، بەڵکوو پێویستی بە هاوڵاتی بە ئیمان و نەبەز و زانا و زیر هەیە کە بتوانێ بە شێوەیەکی ئاقڵانە خۆی لە ناو خەڵکدا بپارێزێ و لە کاتی خۆی دا بکرێ حیسابی لە سەر بکەین . هیوامان وایە ئێوەش بە پێی ئەو رێنوێنییە کار دەکەن و پێوەندی خۆتان هەر لەو رێگایەوە لە گەڵ رێبەرایەتی حیزب دەپارێزن .

هەر پیشنیاریکتان هەبی وەلامی دەدریتەوە • ئەوەندی بتوانن دەبی ئاگاتان لە خو بی• هەلەشە نەبن ، خوتان رانەنین ، لە کاری سیاسی دا تەلوکە مەکەن •
پیمان خوشە ئەگەر بتوانن برادەریك بنیرن تا لە نیزیکەوە پتر باسبکەین •
ریگای پیوەندی هەر ئەو شوینەیە کە نامەتان بو ناردوە •

مەسئولی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستا ن •

" کاروانی شەهیدان "

بێجگە لە خەریك بوونی کاری تەشکیلاتی لەگەڵ برادەرانی کومیسیونی تەشکیلات و بەشداری لە نووسینی وتارەکانی " رۆژنامەی کوردستان" و نامیلکەی تێکۆشەردا، دەستم کرد بە نووسینی کتێبی **(کاروانێك لە شەهیدانی کوردستانی ئێران)** ٠ بۆرۆی سیاسی حیزب بریاری دا کە چاپ بکرێ ٠ بەو شەرتە سەتی چلی داهاتی بۆ حیزب بێ و سەتی دەی بدرێ بە مەلا عەولاّی حەباکی وەك سەرپەرشتی کردنی چاپی کتێبەکە و ئەوی تریش بۆ نووسەر بمێنێتەوە٠

کاروانی شەهیدان پێشوازییەکی گەورەی لێکرا ٠ دوکتور عیزەدین مستەفا بێ ئەوەی چاوی لە پارەو پاداشێك بێ وەری گێرا سەر زمانی عەرەبی و بوو بە هۆی ئەوە کە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە خوێنەرانی عەرەب بناسێنێ ٠ ئێستا کە ئەم یادداشتانە دەنووسم جوامێری دوکتور عیزەدین مستەفا م لە بیر نەچۆتەوەو سوپاسی دەکەم٠ کاروانی شەهیدان نەك هەر لە عیراق بەڵکوو لە لوبنانیش بڵاو کرایەوە٠ لە موزەی شورشی یەمەنی دیموکراتی دوو نوسخە لە کتێبی کاروانی شەهیدان دانرابوو٠ قاچاخچییەکان بردبوویانەوە کوردستانی ئێران ٠ دانەی چوارسەد تمەن فروشرابوو٠ سالی ١٩٧٩ کە بۆ مەهاباد گەرامەوە برادەریکی مەهابادی شوفیری تاکسی هاتە لام و کاروانی شەهیدانی بە دەستەوە بوو٠ گوتی (ئەو دانەیەم بە چوارسەد تمەن کریوە) دوای شورشی گەلانی ئێران " چریکەکانی فیدایی خەلك" بێ پرس و ئیجازەی من کتێبەکەیان چاپ کردەوەو بە هەزاران نوسخەیان لێ فرۆشت٠ ئەوەندە نەبێ لەبەر

(شورشگێری)یان . وێنەی پێشەوایان لە سەر بەرگی کتێبەکە لابرد بوو. لـــــــە جێگای ئەو چەکدارێکی کلاشینکۆف بەدەستیان لێ دابوو کە هەر ئاگری لێ دەباری!
کابرایەکی حەلکی بانەش بێ پرس کتێبەکەی چاپ کرد بوو، و دەیفرۆشت .
ڕێکخراوی ڕوناکبیرانی کوردی ئێران - یش لە ئوروپا کتێبەکەیان وەرگێرا بـــوە سەر زمانی فارسی . بەلام چۆن ؟ بەکەیفی خۆیان کولمزێریان کرد بوو. ئـــــەو شوێنانەی بەدڵیان نەبوو . (وەك بانگەوازی حیزبی تودە بۆ دیفاع لە خەباتگێرانی کورد . یان دیفاعی حیزبە کوموونیستەکان لە گەلی کورد و ....) لــــێیان دەر هاویشتبوو. ئەوەی بە دلیشیان نەبوو . کردبوویان بە فارسی و لە تەئریخـــــــی ۱۹۷۳/۸/۲۰ دا ئەم نامەی ژێرەوەیان بۆ من ناردبوو کە وا لێرەدا بلاوی دەکەمەوە .
" برای بە ڕێز کاك کەریمی حسامی . ویرای سلاو وهیوای سەر کەوتن .
ڕێکخراوی ڕوناکبیرانی کوردی ئێران کتێبی " کاروانێك لە مەیدانی کوردستانی ئێرانی" بە کەیف خۆشییەوە وەر گرت .نووسینی کتێبێکی ئەو تۆ بە لای ئێمەوە هەولێکی باش و هەنگاوێکی بە کەلکە بۆ ناساندنی مەیدانی ڕێگای ڕزگاری و بیر خستنەوەی ڕێباز و ئامانجیان . ئێمە ئەو ئیشتکارە جوانەی ئێوە پیرۆز بایـــــــی دەکەین . بەش بە حالی خۆمان لە بلاو کردنەوەی ئەو نووسراوەدا تێکۆشاوین ســـەو ماوەیەدا زۆر لە هاوالان و دۆستانی فارس و ئازەری داوایان لە ئێمە کردوە کـــــە بەشێك لەو نووسراوە وەر گێردرێتە سەر فارسی . بە گوێرەی هەلسەنگاندنی ئێمــە تەرجومەی فارسی ئەو کتێبە زۆر بە هەراوی بلاو دەبێتەوە و دەخوێندرێتەوە .
هەر بۆیە ڕێکخراوی ئێمە بەشێك لەو کتێبەی ئێوەی وەرگێراوەتە سەر زمانـــــی فارسی و ئێستا ئامادەی چاپە .جا بە پێویستمان زانی پێشەکی ئاگادارتان بکەین و ئیجازەتان لێ بخوازین . بۆ ئاگاداری ئێوە ئەو بەشانە کە لامان وا بوە بۆ خوێنەری غەیرە کوردی ئێرە جێگای ئیستفادەیەکی زیاترە تەرجەمەمان کردوە . ئاشکرایـــە تەرجەمەکە بە بێ دەست لێدان و وشە بە وشە. ئێوە ناميلکەکە وا دەبێ : "بەشێك لە کتێبی ..... وەرگێران و بلاو کردنەوە لە لایەن ڕێکخراوی.... " . نووسراوەکە سەرەتایەکی دەبێ کە بیر و باوەڕی ڕێکخراوی ڕووناکبیرانی تێدا باس دەکرێ.
لە هەر شوێنێك بە پێویستمان زانیبێ کە ڕوون کەرەو یەك شتێك باوێینە سەر

نووسراوەکە، ئەو کارەمان لە نێو پەرانتێز دا کردوە ۰ چاوەڕوانی وەڵام دەبین
بە زووترین کات ۰

ڕێکخراوی ڕووناکبیرانی کوردی ئێران
۱۹۷۲/۸/۲۰

من لە نامەیەك دا ڕەخنەم لە شێوە کارەکەیان گرت و نووسیم ئەگەر گەرەکتانە وەریگێڕن و چاپی بکەن ، پێویستە هەمووی بە بێ دەست لێدان چاپ بکرێ ۰ بەلام هەر وەك گوتمان، ئەوان بە کەیفی خۆیان چاپیان کردو بلاویان کردەوە و دانە بیسە کیشیان بۆمن نارد بوو، خوا خێریان بنووسێ۰

یادێکی شێخ لەتیفی حەفــــید

شێخی سەعدی دەڵێ :

نام نیک رفتگان ضایع مکن   تا بماند نام نیکت یادگار

نەدەکرا لەم بەشەی بیرەوەرییەکانم دا، شێخ لەتیف دەرباوێم و لە بیری بەرمەوە. هەر چەندە ئەوەی من دەینووسم و سەد ئەوەندەی دیکەش ناتوانن گۆشەیەکی پچووک لە ناسی جوامێری و مەردایەتی و نیشتمان پەروەری شێخ لەتیف پڕکەنەوە.

ماڵی شێخ لەتیف لە سلێمانی هەر لە کۆنەوە پەناگاو پەسوی خەڵکی ئاوارە و لێقەوماو بوە. پاش تێکچوونی کۆماری دیموکراتی کوردستان ماڵی شێخ لەتیف ببوە پەناگای کوردە لێقەوماوەکانی کوردستانی ئێران. روویان کردبوە کوردستانی عێراق و زۆریان لە سلێمانی لە ماڵی شێخ لەتیف گیرسابوونەوە. بە تایبەت کاک حەسەنی قزڵجی، عبدالرحمانی زەبیحی، ئیمامی، سەمەدی، حەمەدی مەولود، خانانی هەرمێلە و زۆر کەسی تر لە ماڵی شێخ لەتیف پەنادرابوون و لە چنگ پیسی حکومەتی عێراق لە ئەماندا بوون.

شێخ لەتیف لەسەر ئەو جوامێری و پیاوەتییە زۆر جار تووشی دەردەسەری و کوێرەوەری هاتوە و گرانی بۆ تەواو بوە. بەڵام قەت وەسەر خۆی نەهێناوە و بە دەستەوە نەداون ولە داری کەلی و لە سیتەك و لە سلێمانی پاراستوونی.

ساڵی ١٩٥٨ کە هاتمە بەغدا، کاک حەسەنی قزڵجی گوتی : شێخ لەتیف هاتوە با بچین سەرێکی بدەین. لە بەغدا لە هوتێلێك میوان بوو. کە چووین بە خێر هاتنێکی گەرمی کردم. لە وەزعی غەنی بلووریانی پرسی. پاشان گلەیی لە ئەحمەد توفیقی کرد گویا ئەحمەد گوتوویە شێخ لەتیف قەت کوردایەتی نە کردوە. تا ئەیاری ساڵی ١٩٦٠ کە لە بەغدا مابوومەوە، کە دەهاتە بەغدا دەچوومە خزمەتی. ساڵی ١٩٦٧ ـ ١٩٦٨ سەردەمی خەباتی چەکدارانەی کوردستانی ئێران

برادەرانی برینداریش لە سیتەك لە ماڵی ئەو حەسابوونەوەو تیمار کرا بوون •
پاش گەرانەوەم بۆ عیراق ئەم ئاشنایەتیەم تازە کردەوە • وەك لە بیرم بێ لە بە غدا لە بەرموك خانووی گرتبوو • لەگەڵ ماموستا هێمن و برادەرانی تر چەند جار دەچووینە لای • لە گەڵ ماموستا هەمزەعبداللە چەند جار سەردانم کرد •
ئاخر جار لە مانگی پینجی ۹۷۲ لە نەخۆشخانەی راهبات کەوتبوو لـە گـەڵ ماموستا هیمنی رەحمەتی و کاك حەمەدەمینی سیراجی چووینە لای • زۆر نەخۆش بوو • خەڵکێکی زۆر دەهاتنە لای • لە کوردستان بووم برادەران خەبەریان دامێ کە شیخ لەتیف وەفاتی کردوە • لە قەڵا دزەوە هاتمە سلیمانی • شار تـەواو شڵەژا بوو • دوکان و بازار داخرابوون • خەڵك رژا بوە سەر شەقام و کوڵانان و بۆ دەرەوەی شاریش تا نیزیك تەیناڵ بۆ پێشوازی لە تەرمی شیخ لە تیف بـە پێیان رویشتبوون و لەم بەر و ئەو بەری جادە راوەستا بوون • برادەرانی ئێمـە کە لەگەڵ جنازەی هاتبوون، دەیانگوت لە کەرکوك و لە شارەکانی سەر ریگـا خەڵك دوکانی داخستبوو لە سەر جادە لە پێشوازی مەیتەکەی راوەستاون•
دوای وەفاتی شیخ لەتیف ئیتر لەگەڵ کاوەی هاتوو چۆمان نە پساندەوە•
هەر چەندی چووباینە سلیمانی سەرێکی ماڵی شیخ لەتیفمان دەدا •
ساڵی ۱۹۸۰ لە مەهاباد کاوە بە کوڵێك گلەییەوە لە دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات هاتە لام • باسێکی جیاوازە وئەگەر تەمەن باقی بێ هیوا دارم لـە بەرگی شەشەمی بیرەوەریەکانم دا باسی بکەم
رەوانی هەردووکیان شاد و ریگایان کویر نە بێتەوە •

" سەفەری کوێت "

هاوینی سالی ١٩٧٢ خەریك بووم ماشینێکی سواری بکرم • بەتەما نەمدەتوانی بچم لە کویت ماشین بکرم • نە عەرەبیم باش دەزانی نە شارەزای ماشین بووم • تکام لە کاك جەمال خەزنەدار کرد کە لەگەڵم بێت بۆ کوێت و ماشینم بۆ بکرێ• زۆر پیاوانە ئیجازەی وەرگرت و چووین بۆ کویت • لەوێ میوانی برادەرێکی کاك جەمال بووین • عەرەبێکی عیراقی بوو چووبووە کویت و کاری دۆزیبوۆوەو ژیانێکی خۆشی هەبوو • دیار بووپێشتر ئەندامی حیزبی کومونیستی عیراق بووە • هێشتا سەری لە سیاسەت دەخوراو پێی مابوو • هەر دادەنیشتین باسی سیاسی دەهێنا گۆڕێ• بێجگە لە کوێت سەرمایەداری و هەموو وڵاتێکی کاپیتالیستی پێ خراپ بوو• لە بارەی کوێتەوە دەیگوت ئەم وڵاتە ژیانی خەڵکی دابین کردوە و لە سوسیالیزم پێشکەوتووترە • منیش دەمگوت: چاو لەوەی مەکە کە نەوت وای لێ کردوە • هەرچی بێ سەرمایەداری بەوبناخەکەی لەسەر چەوساندنەوە دامەزراوە • دەیگوت : نا باسی کوێت مەکەن نابێ تێك بدرێ•

رۆژێك لە نێو بازار دەگەڕاین لە بەر دەرگای شرکەتێکی گەورەی رادیۆو سەعات و تەلیفیزیون فرۆشی کابرایەکی پیر دانیشتبوو، پەرۆیەکی راخستبوو منداڵێکی لەسەر درێژ کردبوو سواڵی دەکرد• دەستی برادەرەکەم گرت گوتم: ئەوەتا . هەرچی بێ ئەوە نێوەرۆکی‌یەتی . دەڵێی چێ ؟ تێك بدرێ یا تێك نەدرێ؟
ــ قسەت سەما ••• با بروخێ بە سەر ئەمیری کوێت دا وێران بێ•

ویستم هێندێك كتێبی فارسی بكرم • برادەری خانە خوێ كە زۆر شارەزا و روح سووك و دایمیم لەگەڵمان بوو ، گوتی : كتێبخانە یە كیگەورەی فارسی هەیە • مودیری كتێبخانەكە كوردەو ساواكیشە • با بچین بزانین دەڵێ چی ؟
چوینە كتێبخانەكە و پرسیم كتێبی فارسی باشت هەیە؟ كابرا گورج كتێبی "ئینقلابی سپی " شاو چەند كتێبی دیكەی لەو بابەتەی بۆ هینام•
ـ ئەوانەم ناوێ كتێبی تەئریخی و رۆمانی وەرگەراوی بێگانەو شتی ئاوا •
ـ لام وایە تۆ كوردی • • • دەنگی جەنابتم لە رادیۆ بەغدا بیستوە •
من زانیم دەڵێ چی • گوتم : بە هەڵە چووی• من لە زانستگای سولەیمانی ماموستای بەشی ئەدەبی كوردیم • وادیارە جەنابیشت كوردە•
ـ بەڵێ منیش كوردم - خەڵكی سەردەشتم•
ـ من خەڵكی سەردەشت گەلێكیان دەناسم • تۆ لە كام خێزانی ؟
ـ خزمی شەمامیەكانم •
ـ ببەخشە جەنابت سنەییە • سەردەشتی وەك ئێمەی خەڵكی سولەیمانی قسە دەكەن•
ـ من بە منداڵی چوومە سنەو لەوی خوێندگمە • لە كام هوتیل میهمانی ؟
ـ لە ماڵە برادەرێكم لە هوتیل نیم •
لەگەڵ كابرا باش لێك حاڵی بووین• ئەو گومانی نەبوو كە دەنگی منی لە پەیكی ئیران بیستوە• منیش گومانم نەما كە ئەو ساواكی‌یە• چەند كتێبی باشم بۆ كتێبخانەی حیزب كری و بەجێم هیشت •
لە سایەی زەحمەت و تێكۆشانی كاك جەمال خەزنەدارو برادەری خانە خوێ ماشینێكی فیات ـ مان بە چوارسەد دینار كری • ئەو چەند رۆژەی لە ماڵی ئەو برادەرە بووین ئەوەندە خزمەت كراین و پێمانەوە ماندوو بوون كە ناتوانم لە چاكەیان نەجاتیم بێ و هەمیشە سوپاسیان دەكەم•
لە گەرانەوەدا لە نیوان بەسرە و عمارە كە دیتمان لە گەرمای نیوەرۆدا كابرایەك راوەستاوەو دەست بۆ ماشینان هەڵ دینێ كە سواری بكەن• بەڵام كەس بۆی راناگرێ• گوتم كاك جەمال توخوا گەیشتینە ئەو كابرایە با سواری كەبن•

ـ کوره لیێ گەرێ ٠ عەرەب بە گەرمایە فێره ٠

ـ کاك جەمال با لە ژیانمدا ئاواتێکم بەگاتە جێ٠ خۆم ئەوەندە بە پێ یـــــان ڕۆیشتوم و هیلاك بووم . دەستم هەڵێناوە کە سوارم کەن ، سورایان نەکــــردووم لە لای خۆمەوە مەرتم کردبوو ئەگەر ماشینم هەبێ و یەك دەست هەڵێنێ سواری بکەم. ئیستا با مەرتەکەم بەرمە سەرێ٠ گەیشتینە کابرا دەستی بەرز کردەوە رامان گرت جانتایەکی بچوکی پێ بوو٠ سوارمان کرد٠ دەستمان کرد بە قسە، کابـــــــرا ماموستای قوتابخانە بوو٠ لە عمارە لامان داو چامان لەکن خواردەوە ٠

پێك هێنانی كلاسی كادری حیزبی

له ئاخری ساڵی ۱۹۷۱ دا ، كومیتەی ناوەندی بریاری دا كە بۆ هێندێك له ئەندامانی چالاكی حیزبی كلاسێكی كادر ساز بكا . دەبوایە ۳۱ كەس لە برادەران ئامادە بن . وەك بەر پرسی تەشكیلاتی حیزب دیاری كردن و ئامادە كردنیان كەوتبوە سەر ئەستۆی من . بە راوێژ لە گەڵ كومیسیونی تەشكیلات چەند برادەرێكمان دیاری كرد . دەبوایە بچم لە كوردستانەوە بیان هێنم . لە گەرانەوەدا لە سەیتەرەی بەغدا پێشیان پێ گرتین و پاش پشكنین و پرسیار كە هیچ وەرقە و پوولەمان پێ نەبوو ، بردیانین بۆ باقوبە . دەزووریكیا كردین و زۆر بێشەرەفانە و درندانە لەگەڵمان دەدوان . وەك بەر پرسی برادەران خۆم ناساند . دەیانگوت ئێوە ئێرانین و تەحویلی ئێرانتان دەدەینەوە . پاش هەرایەكی زۆر تەنیا منیان بانگ كرد . ئەفسەرێك لە دیویكی دانام و گوتی تۆ لێرە بە تا لە بەغدا وەلام وەر دەگرین . گوتم ئەگەر هەموو برادەرەكانم نەیەنە دەر ، منیش تەنیا لێرە نابم . ئەوانیشیان هێنا دەر و نیزیك نیوە شەو وەڵام هاتەوە و ریگایان دابین بروین .

له لایەن بۆرۆی سیاسیەوە بە مەسئولی كلاسی كادر دیاری كرام . بێجگە له وە دەبوایە (ئوسولی تەشكیلات و تەبلیغاتی حیزبی ، مێژووی جولانەوەی كرێكاری و رزگاریخوازی گەلانی جیهان و زاراوی سیاسی دەرس بلێمەوە . لەو كلاسەدا دوكتور قاسملو تئێووری سیاسی و فەلسەفە و مەسەلەی كورد و - پێوەندیەكانی نێو نەتەوەیی دەرس دەگوتەوە . كاك حەمەدەمینی سیراجی مێژووی سەردەمی ئێرانی دەرس دەگوتەوە . كلاسەكە هەر وەك بۆ ئەنداما- نی حیزبی كەلكی هەبوو ، بۆ منیش فایدەی زۆر بوو . لەگەڵ ئەو برادەرانە كە دابم لەگەڵیان بووم زۆر شت فێر دەبووم و پاش دەمناسین و لە رابردوو - ئێستایان حاڵی دەبووم . رۆژێك لە سەر ناسیونالیزم و پاتریوتیزم(نیشتمان پەروەری) و ئینترناسیونالیزم باسم دەكرد . برادەرێكمان هەبوو بە ناوی مەلا

سمایلی حاجی کە پاشان بوو بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و مرۆڤێکی سیاسی و پێشکەوتووخواز و تێکۆشەر، دەستی هەڵێنا و گوتی ئیجازمیە؟
- فەرموو ـ مەلاسمایل .
ـ کاکە تا ئەو سەعاتەی کە لێرە دانیشتووم و گوێم لە دەرسەکانی تۆ دەبێ پێم وابوو شەری کوموونیستان بکەم یا شەری عەجەمان. (مەبەست حکومەتە) هیچ فەرقی نیە . کاکە خەتام نیە بە ناوی کوردایەتی وایان تێ گەیاندووین ، ئێستا دەزانم چەندە خەراپیان حاڵی کرد بووین .
کومیتەی ناوەندی پاش تەواو بوونی دەورەی دیاری کراو، لە کۆ بوونەوەی ۱۹۷۲/۱/۷ کلاسی کادری بە کارێکی باش و بە سەرکەوتنێکی بە نرخ دانا . بریاری دا کە بۆ ئەندامانی کومیتەی ناوەندیش کلاسێکی ئاوا دابنێ . چونکە بە راستی زۆربەی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی لە ئاگاداری سیاسی بێ بەشبوون و لە مستەوای ئەوەدا نەبوون. بەلام هەل و مەرجی رۆژ وای کرد بوو کە ببنە ئەندامی کومیتەی ناوەندی .
مانگی مارسی ۱۹۷۲ کومیتەی ناوەندی لە کوبوونەوەی بەرینی خۆیدا پاش لێکدانەوەی وەزعی ئیران و کوردستان هاتە سەر ئەو باوەرە کە هەل و مەرج بۆ خەباتی چەکداری بە شیوەی پارتیزانی ئامادەیە. پێویستە حیزب بۆ دەست پیکردنی شەری پارتیزانی لە کات و هەل و مەرجی لەباردا خۆی ئامادە بکات. کۆبوونەوە بە بۆروی سیاسی ئەسپارد کە ئەم ئەرکانەی خوارەوە جێ بەجێ بکات.
۱ـ تەشکیلاتی حیزب لە هەموو باریکەوە بە هێز بکا و لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بنکەی حیزب دابمەزرینێ.
۲ـ دیاری کردنی جێگای دەست پیکردنی شەری پارتیزانی بە ووردی موتالا بکرێ و چەند جیگایەکی باش بۆ ئەو مەبەستە لەبەرچاو بگیرێ.
۳ـ بۆ هەلبژاردنی کاتی پێویست دەبێ هەموو مەرجەکانی ژوورەوە و دەرەوە ، بخرێنە بەرچاو .
٤ـ بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی هێزە پێشکەوتووەکانی ئیران هەول بدرێ.
٥ـ دەبێ هەول بدرێ بۆ راکێشانی یارمەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق

یا هەر نەبێ لە ئاست جولانەوەی پارتیزانی لە کوردستانی ئێران بێ لایەن بێ .
٦ـ هەوڵ بدرێ بۆ راکیشانی یارمەتی کۆماری عیراق .
٧ـ ئامادەکردنی بیروڕای هێزە پێشکەوتوەکانی جیهان بە تایبەت ولاتانی سوسیالیستی و لە پێش هەموان دا یەکیتی سوڤیەتی ئەرکێکی زۆر پێویستە .

پاش ئەو بڕیارانە ئەرکی قورستر دەکەوتە سەر شانی بەرپرسی تەشکیلاتی حیزبی . دەبوایە بۆ کار لە ئێران و پێوەندی زیاتر بە برادەرانی کوردستانی ئێرانەوە بگیرێ و هەوڵ بدرێ تەشکیلاتی رێک و پێک سازبکرێ .

یەکێک لەو نیشتمانپەروەرانەی کە لەم رێگایەدا لە رادە بەدەر یارمەتی دەکرد وپەیکێکی دایمی و بە بڕواو جێگای موتمانە بوو . حاجی برایمی خڵکی هەرزنەی ئالان و عەولای کوری بوو . نازانم ئەو کەتکێ ئەندامی حیزب بوە و لەگەڵ کێ پێوەندی هەبوە .. بەلام ئەوەندە بوو .کە بۆ هیچ کارێک لانچوبی نەبوو . پێویستە ئەوەش لە بیر نەکەم کە کەریم حداد حاجی برایمی هەڵدەسوراند و نەشبری ئەو بۆ رایەراندنی کارەکانمان زۆر بوو .

بێجگە لەوەکە دەبوایە بۆ خۆمان لە رێگای تایبەتی خۆمانەوە بۆ نەتکێزشان لە ئێران دا هەوڵ بدەین. هەمیشە ئەوەشمان لە بەر چاو بوو کە هەڵسوڕانی ئێمە زیان بە شورش و پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق نە گەیەنێ . دوکتور قاسملو زۆر جار دەچوە لای مەلامستەفا و باسی کیرو گرفتی خۆمان و بارو دۆخی سیاسی لەگەڵ دەکرد . کە دەگەراوە دەیگوت :

ـ " مەلا مستەفا سیاسەتی گەورە لە هەموو کەس باشتر دەزانی " هەبوون لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی کە لەگەڵ بۆچوونی دوکتور قاسملو یەک نەبوون . کۆسپی گەورە بۆ تێکۆشانی ئێمە لەولات. بە تایبەت بۆ هاتووچۆ بۆ کوردستانی ئێران بەشی پاراستنی شورش و کادر و مەفرەزەکانی سەر سنوور بوون . ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی لە بارەی هاوکاری و دوستانەتیەوە بە قسە هیچیان نەدا تە دەهێشتەوە . بەلام لە کردەوەدا

جوڕێکی بێ دەهانە پێش و لە گەڵ هەڵوێستی برایەتی و دۆستایەتی و
هاوکاری دوو جەمسەری برا یەکتریان بە دەگرنەوە ٠ لە زۆر ناوچەکان بە تایبەت
لە پشدەر و لە ناوچەی هێزی خەبات برادەرانی ئێمە هەمیشە تووشی زیندانو
دەرکردن و بێ کەرامەتی دەبوون -

"سەفەرێک بۆ گەڵاڵە"

بۆ ئەوەندەی لەگەڵ هەندێک برادەران لە ناوچەی باڵەکان دەبوایە سەرێکی
دۆڵای بدەم. ماموستا حەمەی پێ خۆش بوو لەگەڵ من سەفەر بکا و بچێ سەرێکی
ماموستا هەژاری بداو چەند ڕۆژێک لەوێ بمێنێتەوە ٠ پێکەوە بەرەو گەڵاڵە
چووین کەوتینە ڕێ. شەوێ لە گەڵاڵە میوانی حاجی ئەحمەد دەبووین ٠ کوردێکی
ئێرانی خەڵکی شنۆیە بوو خۆی بە ئەسڵی عەرەب دەزانی ٠ هاتبوو لە گەڵاڵە
خەریکی دەوان چا کردنی خەڵک بوو. پولێکی باشیشی وەسەر یەک نابوو ٠ پیرە
ژنێکی هەشتا ساڵەی پیری یەک کەوتبووی هەبوو ٠ حاجی گوزەری لەسەر دەستیا
هەڵسان بوو. لە دیوێکی کردبوو کەلێنێک بە چەرمەسەری دەژیا ٠
ماموستا حەمەی دەیگوت : " ئەری خودایە پێم بڵێی ئەو کابرا پیرەژنە
بۆ چییە ؟ بۆ پێت بۆ دەکا ؟ ڕۆژووت بۆ دەگرێ ؟ خۆ هیچی لە دەست نایەت
بکاری چی دێ ؟ بۆچیت ڕاگرتووە ؟ کابرای عاقڵ قەت پیاوی وا ڕادەگرێ ؟!!
ئەو شەوەی لە گەڵاڵە بووین بەختەوەری خودای مانگ گیرا ٠ لە بەرانبەری دۆڵی
باڵەکان بوو بە تەقە ٠ ئەگەر بڵێم ئەو شەوە سەد هەزار فیشەک هاوێژرا پێمەوە
نەنا وە ٠ پێکەوە لەوە تەقەی دەهۆڵ و دەفەو لە تەپەکەدان دۆڵی باڵەکانی بەر
کردبوو ٠ ئەدی کابرای بولسمان بەسەر هاتەوە ٠ سەرخۆش بوو چووبووە دەرێ .
دەستووری بەدەستە خەڵک دەهۆڵ دەکوتێ و دەفە لێ دەدا و لە تەپەکەی دەدەن ٠
دەپرسی . ئەو شەقەو هەرایە چی یە ؟

ـ چۆن ئارانی مانگ گیراوە ؟
ـ با بیگرن ئەو گەوادەی کەس ناڕانی هەر ڕۆژێك لە جێیەك سەر دینێتەوە دەر. ڕۆژ پیاوی چاکە لە جێیەك هەڵدێ و لە جێ یەك ئاوا دەبێ.

لەگەڵ ماموستا هێمن داخی ئەو هەموو فیشەکەمان دەخوارد کە ئەو شەوە بە خۆرایی تەقێنرا. دەمانگوت قەت سوودە کەس نەبێ بەو خەڵکە بڵێ. میللەتێکی لە شۆڕش دابێ چۆن دەبێ ئەو هەموو فیشەکە بە خۆرایی خەسار بکات.

بەیانی ماموستا هێمن هەڵکشا بەرەو حاجی عومەران و منیش وەداوای کار و باری خۆم کەوتم.

بیرەوەری بارزانی یەکان ...

مانگی جۆزەردانی ١٩٧٢ بە بۆنەی ٢٥ ساڵ تێ پەڕبوون بەسەر پەڕینەوەی بارزانییەکان لە چەمی ئاراز و پەنا بردن بۆ یەکێتی سۆڤیەتی. دوکتور قاسملو وتارێکی جوانی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاو کردەوە. مەبەست لە بڵاو کردنەوەی ئەم وتارە ئەوە بوو کە دوژمنایەتی ڕێژیمی شا وەبیر سەرۆك بارزانی بخەینەوە و بە گوێیاندا بچرپێنین کە دەست لە دۆستایەتی شا هەڵگرن. لە کۆتایی وتارەکەدا نووسرابوو: " وورد بوونەوە لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە ماهیەتی ڕێژیمی پاشایەتی ئێرانمان بە چاکی نیشان دەدا و بۆمان دەردەخا کە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی هێزێکی یەکگرتوون و قازانجیان بە یەکەوە بەستراوەتەوە و لە بەرانبەریشدا بەرەی وڵاتەکانی سوسیالیستی و گەلانی ڕزگاریخواز لە ڕیزێکدا جێیان گرتووە و چارەنووسیان لێك گرێ دراوە ".

بەڵام ئەنجام و قازانجی ئەم وتارە چ بوو؟ سەرۆکایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق گەلێکی پێ ناخۆش بوو. تووڕە بوو لەوە کە ئەو باسەمان زیندوو کردۆتەوە و دوژمنایەتی شای ئێرانمان وە بیرهیناونەوە. حکومەتی عێراقیش ڕۆری پێ تووڕە بوو کە بۆ چی یادی ئەم ڕووداوەمان کردۆتەوە.

هەڵوێستی کادرەکانی شۆڕشی کوردستان

بڕیار وابوو پاش تەواو بوونی کلاسی کادر هێندێک لە برادەران بۆ کاری تەشکیلاتی بنێرینەوە ئێران. بەڵام دوو جار کە برادەرانمان ناردەوە . لە لایەن کاربەدەستانی شۆڕشی کوردستانی عێراقەوە دەگیران و ڕێگایان نەدەدا کە بۆ ئێران بچنەوە.

لە مانگی ١٩٧٢/٧ کادرێکی حیزبی کە بۆ ئێران دەگەڕاوە . لە لایەن عەبدوڵڵا محەمەد ئەمینی برای ئەحمەد ئاغا گیراو بە هەزار کێشە تا ئەمجا نەمان دا.

٥/٨/١٩٧٢ مەلا قادری ڕەحمەتی ئەندامی کومیتەی ناوەندی لەگەڵ کادرێکی دیکە بۆ کوردستانی ئێران دەچوو. لە سولەیمانی کاغەزی لە کاک عەلی عەبدوڵڵە بەحانەری سولەیمانی و بەڕێوەبەری لقی چواری پارتی وەرگرتبوو کە لە ڕێگا کەس نەی بگرێ. لە سەر سنوور لە لایەن عەبدوڵڵا محەمەد ئەمین ئامر مەنالیوێ پارێزراوە دەگیرێ. هەرچەند هاوار دەکا و نامەی کاک عەلی عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری لقی چواری پارتی نیشان دەدا . گوێ نادەنێ و بە ئەمنی دەینێرن بۆ حاجی ئۆمەران بۆ بارەگای بارزانی.

ئەوەندە مەسەلەی بەردەمی بنەماڵی ئاغای بەگزادەو بەسەر هاتووە. کابرایەک لە لەشکری بنەماڵی ئاغا بەرەو بەدرەق دێ . وەسمان خانی سەرسپ ئاغای بارد ئەولا کە دایکی کورد دەبێ و خۆی بە کورد دەزانێ . دەچێ لە بەرەی دوژمن قاغەزێک لە بەندەها وەردەگرێ کە هیچ کەس موزاحمی نەبێ و هەقیشی هەبێ تفەنگ هەڵگرێ. سوارەی پێشمەرگەی لەشکری شکاکان دەکاتە ڕادانێ . وەسمان خانی سەرسپ سوار دەبێ و بە پێسوار بەرەو دەچێ . شکاک کە دەبینن وەسمان خان تفەنگی پێیە . دەورەی دەدەن . تفەنگەکەی لێ بستێنن . وەسمان خان کاغەزی بەندەها دەبێننە دەرێ و دەڵێ ئیجازەم هەیە تفەنگ هەڵگرم. شکاک دەڵێن هەمتە خوارێ و دەڵێن ئێمە کاغەزمان ناوێ . تفەنگەکەت لێ دەستێنین و با کاغەزەکەت هەر بێ بێ.

ئاوێستا سالێ لە سەر شۆڕشی کورد ئەو داستانە هەر دووبارە بووەوە. خەبەرمان دا بەسەر کە مەلا قادر گیراوەو بەڕێ کراوە بۆ حاجی ئۆمەران.

به دوای کەیشتنی ئەو خەبەرەدا بوروی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، ئەم نامەیەی ژێرەوەی بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ناود • ئەمەش دەقی نامەکەیە :

بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

سڵاوێکی گەرمی برایانەتان پێشکەش دەکەین •

برایانی بەڕێز

بە پێویستی دەزانین پێتان رابگەیەنین کە ئەمڕۆ خەبەرمان بۆ هات کە سێ ڕۆژ لە مەو بەر کاک قادر میرزا ئەحمەد ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی ئێمە دەکەڵ ئەندامێکی بەر پرسیار بە ناوی محمد نەجات لە لاسەر هێزی خەباتەوە گیراون و ناردراون بۆ مەکتەبی سیاسی •

ئەو کارەی فەرماندەی هێزمان زۆر پێ سەیرە . چونکە :

١ ــ برادەرەکانی ئێمە هەر دوکیان وەرەقەی لقی چواریان پێ بوە •

٢ ــ ئەم کردەو پاش سەفەری ئەندامی کومیتەی ناوەندی ئێمە کاک رەسول مەلا رەحمان بۆ لای ئێوە رووی داوە کە بە پێی راپۆرتی ناو براو هەڵوێستی برادەرانی مەکتەبی سیاسی تەبەعەت بە سیاسەتی حیزبی ئێمە زۆر باش بوە •

٣ ــ کاک قادر میرزا ئەحمەد لە سولەیمانی دەژی و هەمیشە دەکەڵ بەر پرسیارانی لقی چوار بە تایبەتی کاک عطی عبداللە و کاک عبدل سوران، پێوەندی هەیە • جا گرتن و بەم شێوەیە ناردنی برادەرانی ئێمە بۆ کەلالە بۆ ئێمە جێگای سەر سوور مانە •

بە داخەوە چەند جار لە مەو بەریش برادەرانی ئێمە لە لایەن کار بە دەستانی هێزەکانەوە گیراون •

برایانی بەڕێز ! لە بەر ئەوەی ئێمە دڵنیاین کە ئەندامانی حیزبی ئێمە لە سیاسەتی حیزب لانادەن و سیاسەتی حیزبی ئێمەش هەمیشە لە هەموو بارێکەوە سوود و مەسڵەحەتی شورش و پارتی دیموکراتی کوردستانی لە بەر چاو گرتوە و هەر گیز دژی قارانجی جوڵانەوەی شورشی کوردستانی عیراق

بە بوو . لەبەر ئەوە سیاسەتی گرتن و ئازاردانی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان خزمەت بە جوولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد ناکا و دەبێتە هۆی ی خۆشنوودیی دوژمنانی . جا بۆیە داواتان لێ دەکەین :

١ ـ ئەمر بکەن دەست بەجێ ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیمو- کراتی کوردستان کاک قادر میرزا ئەحمەد و ئەندامی بەرپرسیاری حیزب محەمەد بەهجەت بەر بدرێن و بگەڕێنەوە جێگای خۆیان .

٢ ـ بەرپرسێکی وا بدەن کە لەمەو بەدوا بەرپرسیاران و ئەندامانی حیزبی ئێمە لە لایەن هێزەکانەوە ئازار نەدرێن و نەگیرێن .

بوروی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
١٩٧٢/٨/٨

نامەکەی بوروی سیاسی لە پێش پێشمەرگەکەی هێز و مەلا قادر دا . دەکاتە ئەوکاتەی سیاسی و ئەمر دەکرێ کە دەستبەجێ ئازاد بکرێن . کاتێک پێشمەر- گەی عەبدوڵڵا محەمەدامین برادەرانیان بۆ حاجی ئومەران دەبرد . لە ڕێگا ئازاریان دەدا . پێشمەرگە ئەو نامەو بەڵگرانەی کە عەبدوڵڵا محەمەدامین بۆ هێزی حەسەن و یارەکانی ئازاری نووسیبوو . دەیدا بە مەلا قادر کە بۆی بخاتە بەر چاو تا بەسەر بەس . کاتێک دەگەنە ناوبردانی تیمی دەست لە جێ برادەرانی ئێمە ئازاد دەکرێن . پێشمەرگە نامەی لەبەر دەچێ و نامە و نووسراوەی کابرا بە حاشای برادەرانی ئێمە دا دەشکێنەوە . ئەوەش دەقی نووسراوەکانی عەبدوڵڵا محەمەد ئەمین ئامر بەتالیونی ئازادبێرە بۆ هێزی خەبات و یارەکانی برادەرانی کە بە جیا و بەر بە خۆ چاپ کراون :

دەقی نووسراوەکانی عبداللە محمدامین ئامیر بەتالیۆنی شارباژێر ·

" بۆ هێزی خەباتی بەرێز · سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە·

وەکوو ئاگادارن لە ڕۆژی ١٠ ٧ ١٩٧٢ لە ناوچەکەماندا کادرێکی حزبی دیموکراتی ئێرانی بە دەمانچەیەکی ئیمارەوە لەگەڵ مەجموعەیەک مەسئوولانی حزبیان گیرا لە حودوود لە لایەن بەدارێزمانەوە وە هەروەها لە ڕۆژی ٥ ٨ ٩٧٢ لە حودوود دوو کادری تر بە ناوی مەلا قادر مەلا ڕەحیم وە محمد عبداللە جەلال بە دوو دەمانچەوە لەگەڵ مەجموعەیەک مەسئوولاتی حزبیان گیران·
لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دووانەی ئەخبارمان ئیعتیرافیان کرد کە مەجموعەیەکی تر لە ویلایەتی بڵاو بووبێتەوە بە ناوچەکەماندا بە وەرەقەی عدم التعرض جمهاسی مەسئولەی حزبمان (حزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق)·

وەکو پەیوەستەیەکی سەرشانمان بۆمان ئەمە وە هەروەها بە حوکمی عائیدیەتمان کە برایین ئەم حادیسانە لەگەڵ ڕێنمایی‌مانا ئیدانەیان ئەکەین·
١- وەکو ئاگادارن ناوچەکەمان جوولانەوەی ئادر بەکرێگیراوی تیادا هەموو و وەستاندنە پەیوەستی سەرشانمانە برایی بەڕاستی ئامووچووی ناوچەکەمان ئەکەین کەشفی و بەدیمان لە جوولانەوە چییە· وە بەر بە چی کومەڵە بکرینەوە سیاسی·
هەرچەندە با ئێستا لە لایەن پەیوەندی حزبمان وە با حیسابمان هیچ جۆرە

ملاحظاتیك وەیان بەرپرسەكانی بێ بكەینەوە بۆ ناوەڕاستی ئەم كۆمەڵە لە
ناوچەكەماندا . لەگەڵ ئەوەشدا ئێرە دراوی جیهانی مسئولی حیزبمانی . هەروەها
ئەم كۆمەڵە بە بڵاو بوونەوەیان تەنیا هۆی ناوەندی جەماعەتی قالعنەكەرانی
بۆ بێ كردن وە هەر وەها بێكەڵ بوونی ناوەكانی بەخش بۆ بەغەربانات لە
ناوچەكەماندا .

٢- وەكو ئاگاداری ناوچەكەمان حودوود لەگەڵ ئێراندا وە ئەو عشائرانەی لە
ئێراندانیشتن نزیك بە سنوورمان وە هەروەها دانیشتوانی ئەو ناوچەیە كە
ئەمڕۆ بەردەنیشن داشیمە حیزبمان بە جولانەوەی كوردایەتی كردوە وە ئەكەوێ وە
چاودێرانی هەڵبكەن بۆ ڕابەری . بە زۆری ئێمە بەشی ئێمە بە هەڵ ئەدرانی
بۆ جولانەوەی ئەو ناوچەیە بە نێك چوونی سنوورمان لە لایەكەوە . وەلەلایەكی
ترەوە بەعرفی كردنی ئەو كوردانە بۆ اضطهاری مەری ئێران وە دەربەدەریان
بۆ ناوچەكانمان وەیان اجبار كردنیان بۆ پالدان بە بەعث وە بۆیە لەم كاتەدا
ناوەی جێبەجێ نابكەینە جولانەوەی ئەو كۆمەڵە كاردەی سەر بە حزبی دیموقراطی
ئێرانی ئیستاطیمان زیادی كردوە .

٣- وەكو ئاگادارمان كردن هەر یەكێك لەمانە وەرەقەی عدم المعرضی جیهانی
مسئولی حیزبمانیان پێیە . ئەگەر هات و یەكێ لەمانە لە ناوچەی ئێ...
كردمان لە ئێران گیران یان كوژران لەگەڵ ئەو ... دا كە مشورانی
حیزبمان احزبی دیموقراطی ئێرانا ئەو وەرەقە عدم المعرضانەش بە دەستی
سلطاتی ئێرانی ئەكەوێ . وا بزانم ئەمەش شتێك نیەت كە بەسیجیەكی
بوود بەخشی هەبێت .

٤- داوامان وایە لەبەرپرسێتان بە بەرزی دووا ڕۆژەوە لەم خالانەی سەرەوە بكۆڵنە
وەو بخنەیە بەر چاوی سەدەمان بۆ داوای حەدەك لە جولانەوەی ئەم كۆمەڵە
بسالیە با ئیمە وابزانم دەورێكی ناپسیاندی بوود لە شۆڕشەكەماندا كە
حیكەی دل ڕووی بێ بۆ بەركەوێ .

تمیر بۆ بنكەوە . عبدالله محمد امین .

بۆ بەندەری ب . م . بەرپرس ئكانە بۆ ئاگاداری بەڕێزیان سالح الیحیاوی ٨/٩

ی ٠ ش ٠ ك
ب ٠ هـ ٠ ح

كوردستان بابەمان

ژمارە ـ ف
میژوو ـ ١٩٧٢/٨/٩

بۆ هیزی خەباتی بەریز سلاویكی شورشكیرانە

لەگەل ئەم نووسراوەماندا دوو كادری حیزبی دیموقراطی ئیرانی بە نـــاوی مەلا قادر مەلا رەحیم وە محمد عبدالله جەلال كە لە رۆژی ١٩٧٢/٨/٥ لە حودودی ئیران بە دوو دەمانچەوە كیران لەگەل جانطایەك مشوراتی حیزبیان بە مەبەستی چوونیان بۆ ئیران وە بلاو كردنەوەیان ٠ مەلا قادر مەلا رەحیم دەمانچەیەكـــی چواردەخۆری استخباراتی عیراقی پی بوو وە ناوبراو كاتی خۆی ناوكی كـــــە (مەلا رەحیم)ە لە لایەن شورشەوە لەناو چووە ٠

محمد عبدالله جەلال دەمانچەیەكی كەمەندی بچوكی پی بە هەروەها هـــــەر دووكیان وەرەقەی عدم التعرضی محافظی سولەیمانیان پی بە لەگەل عدم التعرضی لیژنەی ناوچەی شارەزیر ٠ وا بە بەندی بۆمان ناردن ٠

ئەنر بۆ پیشەوە ٠

وینەیەك بۆ مەقەری بارزانی بەریز ٠

عبدالله محمد امین فەرماندەی ب٠ هـ ٠ح

ی ٠ ش ٠ ك
ب ٠ هـ ٠ ح

كوردستانی بابەمان

ژمارە ـ ب
میژوو ـ ١٩٧٢/٨/٩

بۆ بارەگای بارزانی بەریز ٠ سلاویكی شورشكیرانە ٠

سەبارەت بە بروسكەی كاك سالح یەداوی ژمارە ١٧٤ لە ٨/٧ وە دووكـــادری حیزبی دیموقراطی كوردستانی ئیران بە ناوی محمد عبداللەجەلال وە مەلا قادر ئەحمد عبدالله كە ناوی ئەصلیەكەی (مەلا قادر مەلا رەحیمە) بە بەنـــــدی ناردمانە خزمەتتان لەگەل جانطایەك نشرات وە چەند ئەوراقی عدم التعرض ٠

ئەنر بۆ پیشەوە ٠

وینەیەكی بۆ هیزی خەباتی بەریز ٠

عبدالله محمد امین فەرماندەی ب٠ هـ ٠ ح

لە مانگی ڕاوبەری ١٩٧٣دا . مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کورد
لە سووریا نامەیەکی بۆ بیرۆی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
نووسیبوو. داوای کرد بوو کە نوێنەرێك بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ٣ی پارتییەکە
ناردا بنێری.

سەبارەت بە وەزعی خۆمان لە عیراق نەکرا نوێنەر بۆ کۆنگرە بنێرین. تەنیا
وەلامی نامەکەمان نووسییەوە و پیرۆزبایمان لێ کردن.

لێرەدا وەرگێڕاوەی نامەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا
و وەلامی بیرۆی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بلاو دەکەینەوە.

"قامیشلی

١٩٧٣/١/٧

هاو ڕێیانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

سلاوی گەرمی هاو ڕێیانە

ئاخری نامەی ئێوەمان ماوەیەك پێش بە هۆی هاوڕێ محەمەدامین ـ وەرگرت.
وەلامەکەشی دراوەتەوە. وەك هاوڕێ سەلاح لە سەر چەند مەسەلە ئێستای ڕاگەیا-
ندووە. لە نامە:

داوای مەکتەبەکەی پێ نووسی هاوبەش لە بیروت بۆ ڕێکوپێك کردنی پێوەندی
بەردەوام و ڕاستوو بە کاری هاوبەش. هەروەها مەسەلەی بلاو کردنەوەی وتار لە
ڕۆژنامەکەماندا لە هەموو لایەکەوە کە ئێمە ئەو کارەمان کردووە.

باسی هاوکاری نێوان ڕێکخراوەکانمان لە ئورووپا. لە کۆتاییشدا یارمەتەکەی
مالی بە حیزبی ئێمە با کەمیش بێ. دیارە زۆربەی ئەو مەسەلانە هەر وا ماونەوە
و لە لایەن ئێوە وەلامیان نەدراوەتەوە.

بەو نامەمان بە هۆی ڕێبەری هاوڕێمانەوە بۆتان دەنێرین و بکانە لەسەر ئەوانەی
خوارەوە موافەقەت بکەن:

١ ـ بەم زوانە کۆنگرەی سێیەمی حیزبمان دەبەسترێ. لە وانەیە ببوەی ئەم
بانگ بێ. لە سەر بەعووسی ئەمەکانا . ماددی . سەرەرای مەترسی ناچارین لە
سەر ئەوکرد بەدەستی. لە سەر خوی ماددی وەك دەمانویست بەماسووای لە لومان

بەستبێ . جا بۆیە پێ خۆشحاڵ دەبێ کە نوێنەرێکی ئێوە بەشداری بکات لە کۆنگرەدا . ئەگەر نەتوانن نوێنەر بنێرن. تکایە بە نووسینێ نامە بەشداری بکەن. بۆ ئاگاداربوونتان کۆنگرە لە ژێر دروشمی سەرەکی : " بۆ دامەزرانی حیزبی شۆڕشگێڕی ملنرم بە سەر باوەڕی مارکسی ـ لینینی بۆ رێبەر : سەرکەوتنی ئەرکی جولانەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی دیموکراتی بۆ گەلی کورد لە سوریا" ئەوە کۆنگرەیەکی گرنگە لە مێژووی جولانەوە لە سوریا دا ."

٢ ـ لەتان ناشارینەوە وەزعی ماڵیمان جۆرێکە لە سەر قەرز دەژین . تکایە لە بارەی ماڵی بە حیزبمان بەشداری بکەن بە گوێرەی ئیمکانتان با کەمیش بێ .

م . س . پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا   مۆر .

بووروی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران پاش وەرگرتنی ئەم نامەیە بە نادری ئەم نامەیەی خوارەوە وەڵامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کورد ی لە سوریا داوە وە :

بووروی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران   ١٩٧٣/١/١١

بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کورد ـ سوریا ـ

سڵاوێکی گەرمی برایانە .

نامەی ١٩٧٣/١/٧ تان گەیشت . لە بارەی ئەو مەسەلانەوە کە باستان کرد بوو بە داخەوە تا ئێستا لە سەر هەندێ جۆ نامانتوانیوە هەنگاوێك بۆ پاوێژین . بەڵام ئەوەش ملێین کە بڵاو کراوەکانی ئێوە بە ئێمە ناگەن تا بتوانین کەڵکیان لێ وەر ـ بگرین . زۆرمان پێ خۆشە کە هەوڵ و تەقەلای ئێوە کە بێتە ئەنجام . وەك لە بە نامەکەتان دەردەکەوێ بەم زووانە کۆنگرەکەتان دەبەستن . ئێمە داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەین و هیوا دارین بە بەستنی ئەو کۆنگرەیە سەرەتایەك بێ بۆ یەك گرتنەوەی بە گشتی هەموو دەستە و کۆمەڵە سیاسییە پێشکەوتووەکانی کورد لە سوریا و پارتیەکەتان بتوانێ لە ڕێگەی پتەوە و یەکگرتووەوە بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد خەبات بکا .

لە بارەی یارمەتییەکانەوە . دیارە ئێمە بە دڵەوە لایەنگر و پشتیوانی هەموو ڕێکخراوێکی پێشکەوتوو و خەباتگێڕی کورد لە هەموو بەشێکی کوردستانین و بەشدار

بوون لە کۆبوونەوەکانمان دا بە دەربڕینی دەرایی بۆ زیاتر لێک گەیشتنی و لێک نزیکـ
بوونەوە لە گەلێمان دا . بەلام داخەکەمان ناچێ لە سەر هەندێ ڕووی تایبەتـــی
خۆمان لێرە و هەروەها ڕووی ئەوەش لە سووریا بە نواسیی نووسەر بۆ ئەو کۆنگرە
ببەین . لە گەڵ ئەوەش دا هەندێ سەرەری برایانەمان هەیە کە هیواداریین بێ سوود
نەبێ :

شعارێکی سەرەکی کە بۆ کۆنگرەمان هەڵبژاردووە. گومانی تێدا نییە کە شعار-
ێکی پێشکەوتنخوانەو پیرۆزە . بەلام ئایا باشتر نییە کۆنگرە لە ژێر شعاری دیمو
کراسی و وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد دا ببەسترێ. تـــا
بتوانێ زیاتر کۆمەلانی خەلک لە دەورەی حزب کۆ بکاتەوە ؟ بە بڕوای ئێمە
گرنگترین ئەرکی سەر شانی هەموومان لە هەل و مەرجی ئێستا دا ئەوەیە کە لــە
ناو خۆدا هەوڵ بدەین هەرچەندە بتوانین کۆمەلانی خەلک بۆ لای حزبەکانمان
ڕابکێشین و ناکۆکی و دووبەرەکی لە ناو ببەین . لە دەرەوەش هەوڵ بدەین بـۆ
ڕاکێشانی پشتیوانی و دۆستایەتی هێزە پێشکەوتنخوازەکان و بە تایبەت
حزب و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی کورد .

شعاری دووەمی ئێوەش بە پێی ئیمکان جێ بەجێ کرا .

جارێکی تر سەرکەوتنتان بە ئاوات دەخوازین .

بیوروی سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)

یارمەتی شۆرش بە کوردەکانی کوردستانی ئێران

پاش کونفرانسی سێیەمی حیزب و هەڵبژاردنی رێبەرایەتی . چەند کەسی کوردی ئێرانی کە بێشتر هاتبوونە کوردستانی عێراق و رەگەڵ بوادەرانی حیزبی کەوتبوون و یەک دوو کەسیان هاتبوونە بەغداو ببوونە بەپاشەندە . لە کوردستان بەمەڵبەندی شۆرش کۆ ببوونەوە و دژی حیزبی دیموکرات هەڵدەسوران.
بەشی پاراستنی شۆرش بە ئاگاداری چەند کەس لە رێبەرانی شۆرش لە گوندی (ئێیندزی) دابنابوون وپارە و خواردەمەنی و کەل و پەلی چاپ و بڵاو کردنەوەی خستبوون بەردەست و لە ژێر چاوەدێری کاک خالیدی حسامی کاریان دەکرد و دژی حیزبی دیموکرات بەیاننامەیان بڵاو دەکردەوە . هاسوو جۆرو تێکۆشانی ئەمەشیان بە ساواکی ئێران رادەگەیاند بۆ نموونە لە بەیاننامەیەکدا کە بە ناوی (کومیتەی کاتی حیزبی دیموکرات) بڵاویان کردبووە. ژمارەی ترومبێلی میباین نووسیبوو کە هاتوو چۆی کوردستانی پێ دەکرد. ئەو رۆژانەیان نووسیبوو کە چووەتە بولیمانی و قەڵادزە . ئەوەیان بار باسوو خەبات بۆ کوردایەتی و سەبر ئەوە بوو هێندێ لە کادرەکانی پارتی و دەورو بەری پاراستن بەیاننامەکانیان بۆ بڵاو دەکردەوە . ((هەر وەک ئەتنا کە چەند کەسی بەرەڵا بە ناوی کوردایەتی پاسپۆرتی دیبلۆماسی و پارە کورسە وەی بۆ بڵاو دەکەنەوە)) .
بوروی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٣ دا ئەم نامەیەی بۆ سەرۆک بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرا تی کوردستانی عێراق نارد کە وا دەقی نووسراوەکە لێرەدا بڵاو دەکەینەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران　　　　ژمارە ١٢٣
بوروی سیاسی　　　　روژ : ١٩٧٣/١/٢٥
بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق

وێنە بۆ مەلا محەممەدی مەزرایی سەرۆکی پارتی

برایانی بەڕێز ـ بڵاوکی برایانمان پێشکەش دەکەین

بە پێویستمان زانی ئەو مەسەلانەی خوارەوە بخەینە بەرچاو و داوانان لێ بکەین بە کیانێکی برایانە و بە جۆرێك کە ئارانجی خەباتی گەلی کورد هەر دووك حیزبمان بپارێزێ لێی بکۆڵنەوە و جێ بە جێی بکەن.

١ ـ لە بارەی ئەو چەند کاسانەی کە لە ناو شۆڕش دا ماوەیەکە لە ژێر چاوەدێری هەندێ لە کاربەدەستانی شۆڕش لە دژی حیزبی ئێمە هەڵدەسووڕێن برایانی ئێمە لەگەڵ هەڵکەوتی سیاسی ئاشنایان کردوە. بە داخەوە لەو ماوەیە دا نەك هەر پێشگری لە هەڵسووڕانی تێکدەرانەی ئەوانە نەکراوە. بەڵکو ئەو دەستەشیان ماوە دراوە و تەنانەت یارمەتیشیان پێکراوە کە لە دژی حیزبی ئێمە ناکان بڵاو بکەنەوە. جگە لەوەی گومان لەوە دانیە کە بارمانی دەستەی ئێران لە لاوەرا دەستی لەوەدا هەیە و دەیەوێ لەم ڕێگایەوە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان لە کوردستانی ئێران تێك بشکێنێ. ناتوانین گومانیشمان لەوەدا هەبێ کە ئەوڕۆ لە ناوچەی شۆڕش بە بێ زانیاری و ئیجازەی کاربەدەستانی شۆڕش هیچ کەس ناتوانێ جوڵانەوەی سیاسی و یا تێکدەرانەی هەبێ و بڵاو و چاپەمەنی بڵاو بکاتەوە. بە تایبەتی لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە دۆست و برا و هاوسەر و هاو ئامانجی پارتیە و لە سیاسەت و تێکۆشانی خۆیدا هەمیشە ئارانجی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقی لە بەر چاو گرتووە.

لە کاتێکدا ئێمە دڵنیاین کە تێکدەری چەند کەسێکی ئێران و بەدەڵا برایانی بە هیچ جۆر زەرەری حیزبی ئێمە نێك نادا و تێکۆشانی ئێمە لە ڕێگای ڕاست هەڵە ناکا و بێ سوودی نییە. هەر لەو کاتەشدا لامان وایە ڕێگادان بەو جۆرە کردەوەی ئاژاوەچیانە لە ناو شۆڕشدا لە دژی حیزبی ئێمە خزمەت بە ئارانجی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و پتەو بوونی پێوەندی نێوان دوو حیزبی ئێمە ناکا و بەڵکوو بە ئارانجی دوژمنی هەر دوولا لامانە.

لە بەر ئەوە، داوانان لێ دەکەین کە لە بارەی کردەوەی ئەو چەند کەسە ـــ

هەنگاوی ئەوتۆ هەڵبنێن کە ئازەتی بەپێی بۆچوونی بەرژەوەندی حیزبەکانمان و ئەنجامە گشتییەکانمان بکا.

٢ ـ هاواڵ دوکتور عبدالرحمن لە بارەی وەرەقەی عدم تعرض بۆ هەندێ هاواڵانی ئێمە کە تەنیا بۆ کاری حیزبی لە ناو شۆڕش پێویستیان دەبێ لەگەڵ کاک دوکتور محمود عوسمان قسەی کرد بوو. دوکتور محمود بەڵێنی دابوو کە لەو بارەوە یارمەتیمان بکەن. پاشان کاک مەلا رەسوڵ هاواڵی ئێمە بۆ وەرگرتنی وەرەقەکان چوو بوو مەکتەبی سیاسی و لە وێشەوە حەوالەی مەکتەبی عەسکەری کرا بوو. بەداخەوە لە مەکتەبی عەسکەرییەوە جۆرە وەرەقەیەك دراوە بە هاواڵی ئێمە (کە وێنەیەکی لەگەڵ ئەو نامەیە بۆ ئێوە دەنێرینەوە) بە هیچ جۆر لەگەڵ بەڵێنی نێوان دوو حیزبی برا و تەنانەت ئەو هەڵوێستەی مەکتەبی سیاسی رێك ناکەوێ.

جا بۆیە تکا دەکەین بۆ ئەو ناوانەی کە دەگەڵ ئەم نامەیە بۆتانی دەنێرین وەرەقەی عدم تعرضی دائمییان بە دەمانچەوە بدەن کە بتوانن لە ناوچەی شۆڕش کەڵکی لێ وەرگرن.

دەگەڵ رێز و سڵاوی برایانە بوروی سیاسی حیزبی دیموکرا
تی کوردستانی ئێران.

پاش ئەو نامەیە و باسکردنی گیرو گرفتەکان لەگەڵ نوێنەری پارتی لە بەغدا. نەك هەر پێشی گیرە شێوێنی ئەو چەند کەسە نەگیرا. بەڵکوو راستەوخۆ لە لایەن کاربەدەستانی ناوچە دژی برادەرانمان کاردەکرا.

پاییزی ١٩٧٢ بۆ کاری حیزبی چووبووم قەڵادزە. وەك جاران لە ماڵی کاك کەریم حەداد میوان بووم. یەك دوو برادەری دیکەشمان لە لا بوون. دەڵای بەیانیدا تەپەیەکی توند لە حەساری هات. کە راچووین دیتمان نارنجۆکیان لە حەساری هاویشتوە. لەسەر ئەوە حەسارەکە گوڵو بەوری لێ کرابوو. بەختە بارانێکیش باری بوو. شووشەکە نەرم بوو نارنجۆکەکە نەتەقیبوو. خەبەرمان دا بە حیزبی مسرخان. پێشمەرگەی ئەوان ئەوانە کشکی دەکێشا و بنکەکە لە پێشمەرگەکە کەس بەدەستوانی ئەوانە بووژێنەوە. پێشمەرگە ئەو نارنجۆکی

هەڵگیرسێنەوە، کۆمانچی نەبوون بەبوونیانەوە کاری خێوەتچییەکان بوو، بێدەنگ-
یان نەکرد، بەلام هەر بەوەندە وازیان نەهێنا، شەوی بیستی مانگی شوباتی
۱۹۷۳. جارێکی دیکەش پارتیزانەکان هاوێشتیانە جەماوەری گەرمی حەداد، ناچار بۆ
ئەو خانووە نەگوێزرایەوە و خانوێکی شوێن ئاسمی پەیدا کرد، ئەو جارەش بۆ چاو
پێکەوتنی هێندێ لە برادەرانی حیزبی کە لە شارانەوە هاتبوون چووبوو بـــە
ئەلادزە، شوێن و مەکۆی کار و چاوپێکەوتنمان هەر ماڵی کاک کەریم بوو، ئەو
شەوەش پارتیزانەکان زوور هەوڵدا بۆ جەماوەر و بەلام لەسەرپاسێکی دیکە کەوت.

بە پێکەوەی ئەحمەد عومەر مەسئولی ڕێکخراو لە ئەندامی حیزبی دیمو-
کراتدا، دوای ئەم ڕووداوانەدا، نووسراوی سیاسی لە بەرواری ۱/٤/۹۷۳
بەنامەیەکی زەردەوە بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی نووسی :

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق

بزانین بەرێز پاش بلاوبوونی برایانە بەدوای نامەی ژمارە ۱۲۳ دا کـــە
بەدەستمان گەیشت و هەستمان بە ڕەنگدانەوەی پێ بەگەشتوینەوە. بە هۆی دوای جارێکی
دیکەی ئەو نووسراوەی خوارەوەمان پێشکەش بەرچاو ڕەواوانی لێ بکەین بەگشـ-
تیکی برایانەی ئەوە بۆ کە بیست خۆی بەدوور بووبێ هاوبەشیی و برایەتـــی
نێوانی دوو حیزبی ئێمە جارێ دەرمان بکەین.

۱ ـ هەر وەک خۆتان دەزانن ماوەیەکە لە لایەن هێندێ کاربەدەستانـــــی
شۆڕشەوە چەند کەسێکی بەدوولا و گومان لێکراوی ئێراقی لە ناوچەی ژ ـــــر
بە ناوی شۆڕش کۆکراوەتەوە و لە گوندی ئەندرە مەقەرێکیان بۆ کراوەتەوە و ـ
چەکدار کراون و بۆ بە گژداچوونی حیزبی ئێمە و برادەرانی ئێمە بەروەردە و
بەهێز دەکرێن و دەستیان لە ئێمە دەدرێ، وای لێ هاتووە کە کاربەدەستانـــــی
شۆڕش بەک هەر کەل وبەلی چاپەمەنیان لە ئیختیار دەستی بۆ ئەوەی دژی حیزب-
ی ئێمە بەیان بلاو بکەنەوە. بەڵکوو هێندێ لە کاربەدەستانی شۆڕش بـــــە
ئاشکرا بەشێندی بەیانەکانیان دەکەن، لە کاتێکدا کە ئەندامانی حیزبی ئێمە
لە کوردستانی ئێراق بە بێ ئیجازەی کاربەدەستانی شۆڕش ناتوانن بەدەستـ-
نەکەن بۆ ئاشکرا کاری خۆیان هەڵبگرن. بەو بەدوولانانە ڕاستەوخۆ لە لایەن

بەرنوە بەرایی هێزی پێشمەرگە چەکیان دەدرێتێ و لە بەرامبەری کوردە-
ستانی عێراق بە چەکەوە دەسوورێنەوە و بە پشت ئەستووری شۆرش لە دژی
حیزبی ئێمە دەدوێن .

هەر چەندە جولانەوەی چەند کەسێکی بەرلاو دەستی دەستی کە لە ناو
گەلی کورد و لە کوردستان بچووکترین ناو و نفوزێکیان نیە ناتوانێ خەباتی
حیزبی ئێمە لاواز بکا ، بەلام ئەوە جێگای سەرنجە لە ناو شۆرش و بە
هاندانی کاربەدەستانی شۆرش ئەو کەسانە راست دەکرێنەوە و بۆ لاواز کردنی
خەباتی رزگاریخوازی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هانی دەدرێن و
پشتیوانیان لێ دەکرێ.

لامان وایە ئێوە خۆتان بەرەوڕووی تاڵی دووبەرەکی و لاواز بوونی جولانە-
وەیان چێشتووە و لەو بارەوە بابی کردەوەیان زۆرە و بە کردەوەش بۆتان دەر-
کەوتووە کە بار کردنی دووبەرەکی و جەماعەت داتاشین و پێکدادانی زەبری
خەباتی نەگرتووە لە هیچ کات و دەورانێکدا بارمەتی بە پەرەگرتنی جولا-
نەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد نەکردووە و لە مەودوا بیشی ناکا.

٢ ـ هەر دوا بەدوای ئەم بەسەرهاتانە لە ناوچەکانی کوردستان و مەهابادی
زۆر دەسەلاتی پێشمەرگە لە دژی ئەندامانی حیزبی ئێمە هێندێ ئاکار و-
کردەوە دەبیندرێن کە بە هیچ جۆر لەگەڵ کیانی برایەتی دوو حیزبی ئێمە
و وەک یەک بوونی ئامانجەکانمان رێک ناکەوێ.

ئەوەش چەند نموونەیەک :

الف ـ وێنەی نامەی نووسەری حیزبی ئێمە بۆ کاک عەلی عەبدوڵڵا ئەندا-
می مەکتەبی سیاسی و مەسئولی لقی چوار.

" ١٩٧٣/٣/١٢

وێنە بۆ بوروی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

بەڕێز کاک عەلی عەبدوڵڵا لێپرسراوی لقی ٤ پارتی دیموکراتی کوردستا-
سلاوێکی برایانە . هەر وەکوو ئاگادارن سێ برادەری ئێمە بە ناوی مستەفا ،
حەمە سەعید ، حەمەسالح کە بۆ کاری خۆیان چووبوونە ناوچەی چوارتا . لە

ئەمن کابرایەک بە ناوی سەرکۆ وە کە گوایا پێشمەرگەمە گیراوون . بەڕێز
رای بەو دەکە گوتوویانە " ئێمە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی
ئێرانین ". بەڵام بە شێوەیەکی غەیرە ئینسانی سەرکۆی ناوبراو خستوویانە
ژێر ئەشکەنجە و ئازار و هەروەها هێرشی بردۆتە سەر برادەرانی کۆمیتەی
ناوەندی حیزبی ئێمە و زۆر بێرەسازی مەسر و بێ بەرەو بەرەی لێ کردوون کە
هیچ لە کابرایەکی ئەوتۆ کە گوایا لە ناو شۆڕش دا مەسئولییەتی هەبـــێ
ناردبێتەوە .

هەر چەند ئێمە دڵنیاین کە ئەم جۆرە کەسانە لە ژێر هەر ناو و نیشانێکدا
بن . ناتوانن برایەتی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی
دیموکراتی کوردستان بشێوێنن. بەڵام ئەو رێگای داخە کە ئەندامی حیزبی
ئێمە لە حکومەت ئازار دەدرێن و سووکایەتیان پێدەکرێ کە لێژنەی ناوچەی
پارتی دیموکراتی کوردستان لەوێدا دەسەڵاتدارە .

داواتان لێ دەکەین لە چوارچێوەی لێ پرسراوی خۆتان دا زۆر بە پەلەی
لەو مەسەلە بکۆڵنەوە و سەرکۆ ناو و شێخ نادر کە گوایا پێشمەرگەمە بەرا
بدرێن . . نووسەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە بارەگای ئێمە

حسن ابراهیم رزگار

٤ ـ بۆ جاری دووهەم لە شەوی سێهەمی شوبات دا لە بەلادزە پارتیەکان
لە سێ برادەرێکی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی ئێمە هاویشتووە .
بەڵام تا ئێستا هەروا بێ پرسیار و سەرنجە ماوەتەوە و کاربەدەستانی شۆڕش بۆ
دۆزینەوە و سزادانی گوناهبارەکان هیچیان نەکردوە .

٥ ـ ماوەیەک لەمەو بەر چەند کەسێ لەو بەرلا چەکدار کراوانە لە یەکێکە
سەر بنکەی برادەرێکی ئێمە داچوون . ئەحمەد عبداللە عومەر مەسئولی رێک
خراو . لە حسابی بێ ئاگەیی و رەفتاری خرابیانە لەگەڵ ئەندامی حیزبی
ئێمە سووکایەتی بە برادەرانی ئێمە کردوە و لێیان داون و پاشان گرتوویانن و
بەخێرایی هێزیان داون . لە بارەگای هێز گالەداری بانی حەسوو بێ خۆرسە
بەیەکی زۆر برادەرانی ئێمە حەپس دەکات و دەمانچەیان لێ دەسێنـــێ و

ئاژاوه چیەکانیش بەرەلا دەکا ٠

د ــ رۆژ بە ئاشکرا لە ناوچەی شۆرش و تعاست لە دەرەوەش لە لایەن هێندێ کار بەدەستانی شۆرش وحیزبەوە لە دژی حیزبی ئێمە پروپاگاندەی بێ مانا دەکرێ و شانازی بە پێدیدا سوونی گوێا دووبەرەکی لە ناو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیراندا! دەکەن ٠ دبارە ئەو پرو پاگاندە گەیشتوتە ئوروپا و لەوێش مەسئولینی پارتی ئەو قسە ناراستانە بلاودەکەنەوە ٠

براانی بەرێز ٠ ئەو جۆرە ئاکارەی هێندێ لە کاربەدەستانی شۆرش لە گەڵ ئەندامانی حیزبی ئێمە کە لە رابردوودا بۆ خزمەت بە شۆرشی کوردستانی عیراق لە فیداکردنی گیانی خۆشیان دریغیان نەکردوە. لە پێش ئەوەدا ببەند هۆی گرووسی خصاتی حیزبی ئیمە. دەبێتە هۆی دڵ ئێشی و دلساردی کۆمەلانی خەلکی کوردستانی ئیران لە شۆرش و رەنگە بە هاوپێوەندی و سوونی برایەتی و هاوکاری ئێمە دەمدا ٠

ئێمە لە کاتێکدا کە هەر وەك رابردوو سەلمەتی خۆمان لە سەر براەتی و لە سەر چاو کردنی قازانج و مەسلەحەتی شۆرش و پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق و بتەو تر کردنی هاوپێوەندی دوو حیزب دریژە پێ دەدەین . هەر لەو کاتەشدا ناتوانین ئەندامانی حزب و گەلی کورد لە کوردستانی ئیران قانع بکەین کە رابەرایەتی پارتی و شۆرش ئاگایان لەو کردەوە نالەبارانە و لەو ئاژاوە نانەوە و هەلسوراتی دژی حیزبی ئێمە نیە و لێی بێ خەبەرن ٠ چونکە شتێکی ئاشکرایە بە بێ ئاگاداری سەرکردەیی شۆرش و رابەرایەتی پارتی هیچ کەس ناتوانێ لە کوردستانی عیراق لەبەرەی خۆی رێبازێ راکێشێ ٠

لە کۆتایی دا هیواداریس بە کیانێکی برایانە ئەو بە لانە چارە سەر بکەن و وەلامی نامەکانمان بدەنەوە ٠

بۆ سەرکەوتنی ئێوەمان لە خزمەت بە گەلی کورد دا ئاواتە ٠

سوروی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران

وێنە بۆ مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ٠

بەش بەو سەرسوڕاوە و بێ ئاگاهی بێ ئەبەستێت . مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەش سەرێکە ٧٠ ڕۆژ ئەم نامەیەی خوارەوەی وەڵام داوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان مەکتەبی سیاسی **ژمارە ٢٧١**

ڕۆژ ١٩٧٣/٣/٦

بۆ / بوروی سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە.

نووسراوەکەمان ژمارە ١٢٣/ لە ٢٥/١/١٩٧٣ گەیشت وە بە پێویستی ئەزانین بەم جۆرەی خوارەوە وەڵامتان بدەینەوە.

وەکوو جارانی پێشوو ئاگادارمان کردوون هەندێک برادەری کوردستانی ئێران لە ناوچەکانی شۆڕش دەژین و هەندێکیشیان چەکی شۆڕشیان پێیە و ئێمە بە ڕاشکاوی زانیوە کە نازانین ئەوان و هەموو هەواڵێکی کوردستانی ئێران و بەرچەکانی تری کوردستان بدەین کە دێنە ناوچەی شۆڕش بەڵام ئێمە ئاگادار نین بە چالاکی ئەوان وە دەرکردنی بەیانات هەر چەندە ئەوان ناوی ئەوەندەکەن کە بڕوا زانیان لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەوە و جیاوازی هەیە و ئێمە هەمیشە ناسیمان ئەوە بوە پشتگیری هیچ لایەنێک نەکەین لە بەدوێت ژێری پارتییەکی برادەر ببەخشێت لە سەر ئەوە ئێستاش ڕای ئێمە وایە کە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەوڵ بدات هەموو ئەو برایانە کۆ بکاتەوە بە پێی توانا هەموویان بخاتە سەر ڕێگای ڕاستی یەکێتی حزب و ئێمە ئەگەر ئێمەش لەم ڕووە هەموو یارمەتییەک ئەدەین.

بێگومان ئێمە هەمیشە برایانە بووە و برایانە ئەبێت بەرامبەر حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

٢ ـ دەربارەی اوراقی عدم تعرض جی بەجی کرا بەو شێوەیەی کە پێویست بوو بە پێی ئەمانەش زوو ناسان بوو جی بەجی کردنی ئەگەر هەواڵ مەلارسول ناسی بکردایە کاتێک لە مەکتەبی ئەمسکەری عدم تعرض وەرگرت و ماوەی مانەوەی ئەو ماوەیە لە دوو دەفتەرە بە پێی ئەو و خۆی داوای بەو داوا کە هەندێکی کردوە بەو کاتەدا . ئێمە سوپاسی بوە .

بوروی مەکتەبی سیاسی .

بە دوای وەڵامی نامەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دا بووروی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران . ئەم نامەیەی بۆ مەکتەبی سیاسی نووسی کە وا لە ژێرەوە بڵاوی دەکەینەوە :

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ژمارە : ٣١٦

بووروی سیاسی رۆژ : ٦/٤/ ١٩٧٣

بۆ / مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق .

برایانی بەڕێز . نامەی ژمارە ٢٧١ ی ٦ / ٣٠ / ١٩٧٣ ی ئێوەمان لە هەوەڵی مانگی ٤ وەرگرت و سوپاستان دەکەین . بە پێویست دەزانین لە سەر هێندێ مەسەلەی لە نامەکەماندا باس کراوە، روونکردنەوەیەک بخەینە بەر چاو .

١ ـ ئێوە دەنووسن " هێندێک برادەری کوردستانی ئێران کە لە ناوچەی شۆڕش دەژین بە واجیبمان زانیوە یارمەتییان بدەین." . دیارە بەر لە هەموو شت ئێمە لە یارمەتی دانی ئێوە بە کوردەکانی ئێرانی دەبێ سوپاس بکەین، بەڵام ئەو حەققەشمان هەیە پرسیارتان لێ بکەین کە داخوا لە ناوچەکانی شۆڕش هەر ئەوان دەژین کە دژی حیزبی ئێمە هەڵدەسووڕێن و یارمەتییان دەدەن یا ئەندامانی حیزبی ئێمەش لە ناوچەی شۆڕش هەن ؟ لەوەش زیاتر داخوا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران خۆی حیزبێکی کوردستانی و لە پارچە یەکی تری کوردستان نییە ؟ ئەدی بۆچی بەم چەشنە یارمەتی نادرێ و بەری بۆ ناگیرێتەوە و بەک هەر چەکی نادرێتێ بەڵکوو هێندێ لە ئەندامانی لە لایەن مەسئوولینی پێشمەرگەوە چەکیش دەکرێن .

٢ ـ ئێوە دەنووسن " ئێمە ئاگادار نین لە چالاکی ئەوان و دەرکردنی بەیانات ". بە راستی ئەوە خۆی جێگای سەر سوڕمانە . لامان وایە کەس ناتوانێ حاشا لەوە بکا کە ئەوڕۆ بە بێ ئیجازە و ئاگاداری کاربەدەستانی شۆڕش هیچ کەس ناتوانێ لە ناوچەیەکی شۆڕش بەیان و نووسراوە بڵاو بکاتەوە . بەیاننامەی لە دژی حیزبێک کە دەنووسن "مەدیوونی ئێمە هەمیشە بەرامبەر بەو برایانە بووە و برایانە دەمێنێ ".

٣ ـ لە بارەی " بەری و جیاوازی سەرۆکایەتی " ئەو نامەیە بەرەڵایە. وەک ـ

دەزانی لە ناو هەموو حیزب ڕێکخراوێك دا جیاوازی بیرورا هەیە. ئەوانەی کە ئەندامی حیزبن تەنگ و چەڵمەی جیوازی بیرورا لە چوارچێوەی ڕێکخـــراوی حیزبدا باس دەکەن و ڕێگا چارەی بۆ دەدۆزنەوە. بەڵام ئەگەر لە چوار چێوەی ڕێکخراوی حیزبی دەرچوو. دەبێتە بەرەڵایی و ئاژاوەچییەتی وخزمەت بە دوژمن.
ئێوە بێ گومان چاوتان بە بەیاناتی ئەو تاقمە کەوتوە کە لە نیزیکی ئێوە دەردەچن و بڵاو دەکرێنەوە. داخوا بە راستی مەسەلەی جیاوازی بیرورا لە سەر خەبات و تێکۆشانیان تێدایە ؟. تازە ئەگەر جیاوازی بیروراو ناکۆکیش لـــە ناو حیزبێك دا هەبێ، ئێمە لە سەر ئەو باوەڕەین چارە کردنی تەنیا ئەرکـــی حیزبەکە خۆیەتی و خۆی دەبێ چاری بکا. ئێستاش هەر کەس لەوانە کە لایان داوە. ئامادە بێ بەرنامەو پیرەوی حزب قبوڵ بکا وبچێتە ژێر باری دیسیپلینی حیزب. حیزب ڕێگای گەرانەوەی لێ ناگرێ.
هاوالانی بەرێز !
یارمەتی دانی ئەوانە کە خۆشتان دەزانن هێندێکیان خاوەنی رابردوییەکـــی خاوێن نین لە پێش ئەوەدا دەبێتە هۆی کزبوونی خەباتی حیزبی ئێمە،دەبێتە هۆی دڵ ئێشی و دڵساردی کۆمەلانی خەلکی کوردستانی ئێران لە شۆرش و زیان بە هاوپێوەندی و پتەو بوونی برایەتی و هاوکاری ئێمە دەگەیەنێ.
ئێمە لە کاتێکدا کە هەر وەك رابردوو سیاسەتی خۆمان لە سەر برایەتی و هاو کاری ; لە بەر چاو گرتنی قاوانح و مەسلەحەتی شورش و پارتی دیموکراتــــی کوردستانی عیراق و پتەوتر کردنی هاو پێوەندی دوو حیزب درێژە پێ دەدەین ، هەر لەو کاتەش دا ناتوانین ئەندامانی حیزب و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران قانیع بکەین کەرانەرابەتی پارتی و شورش ئاگایان لەو کردەوە نالەبارانە و لەو ئاژاوە نانەوە و هەلسوورانی دژی حیزبی ئێمە نیە و لێی بێ خەبەرن.
٤ ـ لە جێ بە جێ کردنی وەرەقەکان سوپاستان دەکەین و هیواداریین کە هاوپێوەندی ; برایەتی دوو حیزبی ئێمە روژ بەروژ پتەوتر بێ و گێرە شێوێنی و ئاژاوە چیەتی چەند کەسی نەزان و بێ ئامانج و بێ بیروباوەر ناتوانێ زیان بە پێوەندی برایەتی ئێمە بگەیەنێ .   لە گەڵ سلاوی شۆرشگێرانە بورووی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران . ویە بۆ بەرەك بارزانی .

نەورۆزی ١٣٥٢ – مارسی ١٩٧٣

نەورۆزی ١٣٥٢ ی هەتاوی بۆ ئێمە سالێکی رەش و خەفەتبار بوو، هاورێیەکی تێکۆشەرو خەباتگێرو کۆڵنەدەر ، ئەندامی کومیتەی ناوەندی **مەلا قادری ووردی** کە بۆ کاری حیزبی لەگەڵ برادەرێکی تر چووبۆوە ئێران . لە شاری بانـــــــە شەهید کرا .

مەلا قادر وەك ئەندامی کومیسیونی تەشکیلات . بەرپرسی ناوچەی بانـــــە بە چالاکی تێ دەکۆشا و خەریکی زیندووکردنەوەی رێکخراوی حیزب بوو . زستانـی ١٩٧٣ جارێکی دیکە چووبۆوە ئێران و لە شاری بانە بناخەی رێکخراوی حیزبـــی دارشتبوو . کابرایەکی خۆفرۆش و جاسوس بەناوی " سەلیمی خاتشەرانـەت " خۆی لێ نیزیك کردبۆوە و ببوە جێگای بروا و متمانەی مەلا قادر .

سەلیم دوو جار هاتبۆوە سولەیمانی و رۆژنامەی کوردستانی بۆ بانە بردبۆوە لە مانگی رەشەمەی ١٩٧٣ دا مەلا قادر خەبەری دامێ گوتی کە سەلیم هاتۆتـــە سولەیمانی و پێم خۆشە چاوت پێ بکەوی . کە چووم سەلیم لە مالی مەلا قادربوو وەرتی ئێران و شاری بانەم لێ پرسی . گوتم چۆنە وا هاتوو چۆ دەکەی ؟ گوتـــی من وەك قاچاخچی دێم و دەچم و رۆژنامەی کوردستانیش لەگەڵ خۆم دەبەم . دایکی مەلا قادری بانگی کردم گوتی : " کاك کەریم نازانم بۆچی دلم لەو کابرایــــە دەترسی . ئەوە دووجارە دێتە ئێرە. ئەگەر دەیبینم دلم رادەچلەکـــێ .

بە مەلا قادرم گوت تەنیا وەك قاچاخچی کەلکی لێ وەرگرەو هیچ برادەرێکــی دیکەی لە بانە پێ مەناسێنە .

گەڕامەوە بۆ بەغدا دوو ڕۆژی مابۆوە بۆ نەورۆز مەلا قادر تەلیفۆنی کرد گوتی : " سەلیم هاتۆتەوە . حەلێکی باشە . محەممەد سدیق لەگەڵ خۆم دەبەم و دەچمە بانە . لە وچانی نەورۆزدا دەتوانم خەڵك زۆر ببینم " .

پێم گوت : تا پاش نەورۆز سەفەر مەکە . پێویستە من ببینی جا بڕۆی .

بەلام مەلا قادر لە سەر چاو پێ کەوتنی من ڕانەوەستابوو . سەلیمی بە دەرفەت زانیبوو ڕەگەڵی کەوتبوو بۆ بانە - دەگەنە شاری بانە . سەلیم مەلا قادر و محەممەد سدیقی دەباتە ماڵێك و خۆی دەچێ خەبەریان لێ دەدا . ساواکی وژاندارم و پولیس دەوری دەدەن . مەلا قادر دەمانچەیەکی چاردە خۆری پێ بوو . تا دوا فیشەك شەڕ دەکا . پاشان بە گوللەی دوژمنانی گەل شەهید دەکرێ . محەممەد سدیق بە برینداری دەردەچێ و لە ماڵێکی دیکە دەرمانی دەکەن . بەڵام گیر نابێ بە تاوەتەوی لە شار وەدەر دەکەوێ و دەچێ لە سەر ڕێگای بانە - سەقز ڕادەوەستێ . لەوێ جاشی کورد توشی دەبن و دەیگرن . محەممەد سدیق - یش لەگەڵ برادەرێکی دیکە بە ناوی عەربری مستەفازادە دەبەن بۆ شاری سنە و مانگی نوامبری ۱۹۷۳ ئەو دوو هاوڕێیەش ئیعدام دەکرێن .

مەلا حەسەنی ڕەستگار لە سولەیمانییەوە تەلیفۆنی بۆ کردم گوتی گیرمەبە وەرە بۆ ئێرە . خەبەر هاتوە کە مەلا قادر گیراوە . کە چوومە سولەیمانی خەبەری کوشتنی مەلاقادرو گیرانی محەممەد سدیق گەیشتبۆوە سولەیمانی .

گەڕامەوە بۆ بەغداو مەسەلەکە لە بۆرۆی سیاسی دا باسکرا . دوکتور قاسملو ڕەخنەی لێ گرتم کە گۆیا پەشیواوم و زۆر بە تالوکە لە سولەیمانی گەڕاوەمەوە دەبوایە لەوێ گیر بام تا بە تەواوی خەبەرم وەگیر دەکەوت .

ڕەخنەی دوکتور قاسملو بەجێ بوو . بەڕاستی پەشوکابووم . هاوڕێیەکی تێکۆشەر ، برادەرێکی خۆشەویستم لە کیس چووبوو .

بۆرۆی سیاسی بە گشتی سوار بووین چووینە سولەیمانی . سەرەخۆشیمان لە دایك و خوشکانی مەلاقادر کرد . وەزعێکی خەفەتبارو دڵتەزێن بوو . دەتوانم بڵێم بتر لە دوو سەعات دەگریام و خۆم پێ ڕانەدەگیرا . پاشان بڕیاردرا کە بڕەو سەرەخۆشی بۆ دابنێن . دوکتور قاسملو لەگەڵ برادەرانی تر گەڕاوە بۆ

بەغدا . من و کاک حەمەدەمین بۆ مەجلیسی سەرەخۆشی لە سولەیمانی مابووە
لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق بۆ پرسە و سەرەخۆشی شەهید
مەلا قادر ئەو پەڕی هاوکاری و هاودەردی و میوانداری نیشاندا . لە مزگەوتێک
سەرەخۆشیان دانا . سێ ڕۆژ پێشمەرگەی پارتی شەو و ڕۆژ کێشکیان دەکێشا .
یەکێک لە برایانی بەرپرسی لق یا کومیتەی شار هەمیشە لەوێ بوو . لە چەند
ماڵ نان و چێشتیان بۆ میوانان ساز دەکرد . بە کورتی ئەوەی پێویست بوو لقی
چواری پارتی ئەنجامی دا . لقی پێنجی پارتی لە بەغدا . یەکێتی لاوانی
دیموکرات کوردستان و یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عیراق نامەی سەرەخۆشیان
بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات ناردبوو . کومیتەی حیزبی کومونیستی
عێراق بە نامەیەک سەرەخۆشی لە حیزبی دیموکرات کرد . بەلام نە مەکتەبی
سیاسی پارتی ، نە کومیتەی ناوەندی . نە بارەگای بارزانی سەرەخۆشیان لە
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نەکرد .

کومیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەی مەربنی خۆیدا مەسەلەی چوونەوەی
مەلا قادر و شەهید بوونی هیچ ڕەخنەیەکی لە من نەگرت . تەنیا ئەسپاردی کە
لەمەو دوا لە شێوەی کاری ئێراندا وریاتر و وردتر بم .

ئەو ناردنانە دڵتەزێنە بێجگە لە شەهید بوونی سێ ئەندامی تێکۆشەری
حیزبی چالاکی تەشکیلاتیشی تا ڕادەیەکی زۆر تووشی تەنگە و چەڵەمە کرد .
بە دوای شەهید بوونی مەلا قادر و گیرانی محمد صدیق و عەزیزی مستەفازادە
برادەرانی مابوونەوە ئەو خەبەرەیان بۆ ناردم :
" محمد صدیق بە برینداری چۆتە ماڵی ا سدیقی خالە جاوشی (. شەو لەوێ
ماوەتەوە . بەڵام بۆ ڕۆژی دووەم خاوەن ماڵەکە دەری کردوە . ناردوویەتە ماڵی
حیرانێک بە ناوی احسنی حاجی صالح ا حسن کە هاتوونەتەوە ئەویش دەری
کردوە . ڕووی کردوەتە دەرەوەی شار . بەسادف چووە سەر ئەو جادەیە کە بۆ سەقز
دەچێت . لەوێ چریک گرتوویانە . بریندی لە ناکەیە .

گیراوەکانیش ئەمانە ن :

١ ـ ناجی حەمە سوور نانەوا

٢ـ ئەنوەری وەسمان کارمەندی بانگی صادرات

٣ـ حاجی مستەفای شافیعی دوکاندا

٤ـ حەمەدەمینی وەستا عەولای خەیات معلم

٥ ـ تاهیری عەزە حاجی

یەکی دیکە لە روڵە زانا و تێکۆشەرەکان بە ناوی مەلا(عوسمانی میراویی) کە بە " جەلال" ناسرابوو ، لە بانە لەگەل مەلا شێخ جەلال دەرسی دەخوێند، پاش رووداوەکە رادەکا و دێتە قەلا دزە . برادەران خەبەریان دامێ کە مەلا عوسمان هاتوە . کە چووم بیبینم ، سەر گوزەشتەی ژیان و خەباتی خۆی بە نووسین دامێ لەگەڵ خۆم هێنامە بەغدا . تا ئاخری تەمەنی پر لە شانازی کە سالی ١٩٨٠ لە سەردەشت بەدەستی پاسدارانی کۆماری ئیسلامی شەهید کرا. لە دەبیر خانەی حیزبی دیموکرات مایەوە و سەرپەرشتی کاری رۆژنامە و نووسین و کتێبخانەی حیزبی گرتبوە ئەستۆ ونموونەی راستی و پاکی و جوامێری بوو. بێجگە لەوە جەلال بۆ کۆری زانیاری کوردیش کاری دەکرد و بۆ هێنانەوەی شریتی فولکلور یارمەتی دەدان .

سەفەر بۆ ئوروپا ...

هاوینی ساڵی ١٩٧٣ ئیجازەم وەرگرت بۆ سەردانی منداڵەکان بێمەوە بولغارستان . رۆژی ١٩٧٣/٦/٢ بە ماشین بەرەو سوریا کەوتمە رێ. پاش ئەوەی لە ئەبوو شامات لە مەرکەزی گومرگ و جەوازی سەفەری سوریا نەجاتم بوو. بە تەما بووم ئەو بچمە حەلەب . لە سەر ریگا ئەفسەریکی سوری راوەستا بوو لێم پرسی . رێگای حەلەب بە کوی دایە ؟ گوتی : چەند کیلۆمیتر بروی ریگاکە لادەدا . منیش بۆ ئەولا دەچم سوارم کە .

کابرام سوار کردوو زۆر نەرۆیشتبووین رێگایەك بۆ دەستی راست لای دەدا .

گوتم : رەنگە ئێرە بێ .

ـ نا ئیره نی‌یه ، ئه‌گه‌ر گه‌یشتینیٚ پێت ده‌ڵێم ٠

نیزیکه‌ی پەنجا کیلۆمیتر رۆیشتم تەماشام کرد له‌ پەنا دیمیشق ‌ین ٠ به‌ کابرام گوت : " ئێره‌ دیمیشقه‌ ، بۆ درۆت کرد٠ مه‌یدانیك بوو بامداوه‌و کابرا گوتی راوه‌سته‌ من داده‌به‌زم ٠

ئیستا پیت ده‌ڵێم له‌ کویٚ ده‌بێ دابه‌زی ٠ له‌سه‌ر سه‌دو چڵ کیلۆمیتر ئاژوام ٠ کابرا ده‌ستی کرد به‌ هه‌را : رایگره‌ نه‌م زانیوه‌ ٠

ـ تۆ درۆ ده‌که‌ی و ناپیاوی ٠ رام نه‌گرت هه‌تا گه‌یشتمه‌وه‌ سه‌ر ریگای حه‌له‌ب ئیواره‌ درەنگ بوو دام به‌زاندوو گوتم: ده‌برۆ به‌خێر نه‌چی ٠

شه‌و چوومه‌ حه‌له‌ب له‌ هوتیلیك دابه‌زیم ٠ به‌یانی که‌ وه‌خه‌به‌ر هاتم ، هه‌موو له‌شم ره‌ق ببوو ٠ نه‌م ده‌توانی سه‌ر هەڵێنم ٠ خۆ ببزیوم ٠ شان و پیلم نه‌ده‌بزوتن٠ هه‌رچۆنیك بێ به‌ زه‌حمه‌ت خۆم گه‌یانده‌ حه‌مام ٠ ئاویکی ساردم به‌ خۆ داکرد ، توزی ده‌ست و باسکم بزاوتن ، که‌مێك هاتمه‌وه‌ سه‌ر خۆ که‌ سواری ماشین بووم فه‌رمانم پێ نه‌ده‌گیرا ٠ زۆر به‌ کاوه‌ خۆ هه‌تا گه‌یشتمه‌ سنووری تورکیا له‌ سه‌ر ٥٠ کیلومیتر ده‌م ئاژواند٠ له‌ سنوور ته‌ماشای پاسپۆرت و نێو ماشینیان کرد له‌ به‌غداوه‌ هێندێك نانی ته‌ندورم له‌گه‌ڵ خۆ هینابوو ٠ کابرایه‌کی خه‌لکی سه‌قز له‌به‌غدا نانی زۆر ته‌نك و جوان و برژاوی ده‌کرد٠ له‌ به‌غدا جه‌دیده‌ نانمان لێ ده‌کری ٠ کابرای گومرگ که‌ چاوی به‌ نانه‌که‌ که‌وت گوتی : " له‌ بولغاریا نانیش وه‌گیرناکه‌وی ، لێره‌وه‌ نان له‌گه‌ڵ خۆت ده‌به‌ی "٠

له‌ چایخانه‌ی سه‌ر سنوور نان و چایه‌کم خواردو هاتمه‌وه‌ سه‌ر خۆ ، شانو پیلم گه‌رم داهاتن و سوار بووم که‌وتمه‌ رێ٠

سه‌فه‌ری ماشین به‌ ته‌نیایی ناخۆشه‌ ٠ به‌ تایبه‌ت ئه‌گه‌ر ریگا دوور بێ ٠ به‌لام ئه‌گه‌ر شریتی گۆرانی محه‌مه‌دی ماملی ـ ت پێ بێ هاوریه‌کی باشه‌و ناهێڵێ وه‌ره‌ز بی ٠ منیش له‌و سه‌فه‌ره‌دا محه‌مه‌دی ماملی ـ م له‌گه‌ڵ بوو ، گورانیه‌کانی ئه‌و به‌ ته‌نیایان نه‌هیشتبوومه‌وه‌ ٠

نیزیکه‌ی سه‌د کیلومیتریك مابوو بگه‌مه‌ ئانکارا ٠ له‌پر ته‌گه‌ری پشته‌وه‌ ته‌قی له‌و ئاژوانی خێرا دا ، ماشین ده‌سوورا و به‌م لاو لای ریگادا خولی ده‌دا ٠ چابوو

وەر بەگیرا ، ماشینێك لە ئاسكاراوە دەهات ، گەیشتنە راستی من و راستیكرد
بە پێشدا پرسی یان خەڵكی كوێی ؟
ـ خەڵكی عێراقم .
ـ موسوڵمانی ؟
ـ بەڵێ موسوڵمانم .
ـ ئەلحمدالله " دینی قارداشی " !
وەختێ كەوتین ، ئەگەری ڕێبادەم پێ بوو ، دەربان هێنا و تێیان خست ، یەك دوو
خەسارییان دامێ و پاشان گوتیان : " خێرا مازۆ ، ئەگەری ڕێبادیت پێ نییە لە
ڕێگا دەمێنی یەوە . "
كەوتمە ڕێ لە سەریك ئاسكارا لە هوتێلێك لام دا و شەو لەوێ سەرم كردەوە .
بەیانی یەك شەمۆ حوومە ئاسكارا دووكان و بازار بەسوو ، لە بەكەیەكی ماشین
نوشتی و ڕوێ كۆزی لام دا یەكێك لە كرێكارەكان هاتە پێشێ و پرسی :
ـ ماشینەكەت چی گەرەكە .
ـ نوشتی و ڕوێ كۆزی و سروستی تەواو .
ـ خەڵكی كوێی ؟
ـ خەڵكی عێراقم .
ـ موسوڵمانی ؟
ـ بەڵێ موسوڵمانم .
ـ دینی قارداشی ، كارت چییە ؟
ـ ماموستای ڕاستێكام لە سولەیمانی .
ـ من ناوم ناشارە ، دوازدە ساڵە لێرە كار دەكەم ، ژنێكی وام بە . ناتوانی
بمبەی بۆ عێراق و كارێكم بۆ پەیدابكەی ؟
ـ بۆ دەچی بە عێراق ؟ ئەوە تۆ لێرە كار دەكەی .
ـ بەسم ناكا ، ڕۆژی ۱۲ ساعات كار دەكەم ، بەری ماندوو هیچم نییە .
ـ باشە ... ها ناییە بمی بۆ عێراق ئەگەر پاسپۆرت هەبێ .
ـ ئەگەر بۆ مانگێك بكەی لێرە پاسپۆرتم دەدەنێ .

ـ هاسانه ··· من دەتوانم بانگت بکەم ·
ـ مانگی لەوێ چەندەم وەگیر دەکەوی ؟
ـ بەو کارەی تۆ دەیکەی، رەنگە مانگی ٦٠ دینار پەیدا بکەی ·
ـ ٦٠ دینار ···
لەبەر خۆیەوە لیکی دەداوە . دینارەکەی دەکرد بە دۆلار . دۆلارەکەی دەکرد بە لیرەی تورکیە ، زۆر دەر دەچوو ·
گوتی : " چۆخ تەشەکور ئیدەرم " شەش مانگ لە عیراق کار دەکەم لەوێوە دەچمە کوێت · شەش مانگیش لەوێ کار دەکەم · پاشان دەچمە ئالمانی رۆژئـــــــاوا مەرسیدیسێکی دەکرم و دێمەوە تورکیا ·
ـ بەڵێ ··· شەش مانگ لە کوێت کار بکەی دەتوانی دوو ماشین بکری · هـــــیچ مەچۆ ئالمان . لە کوێت هەرزانترە · من ئەو ماشینەم لەوێ کڕیوە ·
ـ هەر پێم خۆشە " باتتە ئالمان " بینم ·
کابرا ماشینی برد بۆ شوشتن · لە لای راوەستام بە هاوکارەکانی دەگوت:
ـ ئەمەوو من دەبا بۆ عیراق . کارم بۆ دەبینێتەوە . مەعاشەکەم ٦٠ دینار دەبێ . لەوێشەوە دەچم کوێت ·
ماشینی کرێکاری کردو شوشتی · گوتم باشار نەکەرم نیە رێگـــــــام دوورە دووکان و بازاڕیش نیە · چی بکەم؟
ـ قەی ناکا من پەیدا دەکەم ·
لەگەڵم سوار بوو چووینە ماڵی کابرایەک · دابەری بانگی کردو لەگەڵ خـــۆی هێنای دووکانی پێ هەلگرت و تەگەرێکی تازەی بە ٢٠٠ لیرە لێ کڕی و پاشـــــان گوتی : دەبێ بچین میوانی من بی ·
ـ ناکرێ··· ڕێگام دوورە دەبێ بڕۆم·
ـ نابێ من خەبەرم داوە لە ماڵێ نان و چێشتیان ساز کردوە·
چار نەبوو چووینە ماڵی باشار · لە پێش خانووبەرەیەکی بەرزی هەشت قات دا ماشینمان راگرت· باشار وەپێش کەوت و دوو قات چووینە ژێر عەرزی· ژوورێکـــی بچوک . تاریک .تاقە پەنجەرەیەکی هەبوو لەگەڵ عەرز رێک و هیچ کــــــون و

ڕووناکییەکی تێدا نەبوو . باخچەیەکی بچووکی هەبوو بووک بەرس و دووسەر
درێژ . دوو مندالی زەرد و لاواز . ژنێکی ژنێکی زەردو کز لەم ژێرخانەدا دەژیان .
کە وەزووز کەوتبوو باشار گوتی :
ــ میوانمان هاتووە . دەچینە تورونتا . لە گەڕانەوەدا لەگەڵ خۆی بۆ عێراقم دەبا .
لەوێشەوە دەچمە کوێت .
سەربازێک لە مالەکەمان بوو . باشار گوتی : " ئەوە ئامۆزای ژنەکەمە .
سەربازی بانۆیە .
ــ باسی چی سەربازی بانۆ ؟ سەربازی تورکیا بێ ؟
ــ با ... ئەوانەی سەربازی بانۆن . لە بنکە سەربازییەکانی بانۆدا دەمێننەوەو
مانگی ۳۰۰ لیرە پارە دەگرن .
ژنەکە پرسی : " ئەمیش تورکە ئەبێ . چونکە تورکی باش قسە ناکا .
ــ با ... ئەو کرمانجە . ژنەکە گوتی : " ئەویش کرمانجە . خەلکی جەکاریم ...
نێ کرمانجی نەزانم . دایک و بابم زەمانی مندالی کە مال لە کوردستان دوور
خراونەوە . من لە نێو تورکان ناچار بووم بە تورکی قسە بکەم . کوردی نازانم
بەسە دایک و بابم چوونەوە کوردستان . من لیرە شووم کردووە . ئەو سەربازەش
ترمانی منە ئەویش کوردی نازانێ ."
بانگێکی خوێنی ساز کردبوو . نانمان خواردو رووم کردە باشار پرسیم:
ــ من لە عێراق بیستوومە . ڕۆژنامەش دەیانبینی کە لە تورکیا هەموو ڕۆژێ
خوێندکاران لە زانستگا و لە شەقامەکان کۆ دەبنەوەو لە شارەکان خۆپیشاندان
دەکەن . ئەوانە چی یان دەوێ و دەڵێن چی ؟
ــ ئەوانە ئەنارشیستن . لە دەولەتی ڕووس پارەیان وەرگرتووە کومارەکەمان لێ
بڕووخێنن . ئەوانە کومونیستن .
ــ باشار من نازانم . بەلام وەک ڕۆژنامەکان دەینووسن ئەوانە نایانەوێ کۆماری
تورکیا بڕووخێنن . ئەوانە دەڵێن : لە تورکیا هەژاری و هەژار زۆرە . کار وەگیر
ناکەوێ . کرێکار مەعاشمان کەمە . دەڵێن: بۆچی کابرایەک لە کۆشکی شاوا
بەرزدا بژی و خاوەنی ئەو کۆشک و ماڵاندە بێ . بەلام تۆ لە ژێرخانی ئەم

کۆشکێدا جێگات وەگیر بکەوێ؟ برایە منداڵەکانت خۆت بانێی . بۆیە زۆرێکیان
وا زانیوە ، ئەوان دەڵێن : بۆ دەبێ کرێکاری تورک لە تورکیا کاریان وەگیـــــــر
نەکەوێ. ناچار بن بۆ کار بچنە وڵاتانی دیکە ، ئەوانە بە کۆمۆنیستی نەبارسان
لە رووس وەرگیراوە . ژنەکە گوتی :
" ئەمڕۆ راست دەکا ، بە سەربازیدا ونبوون بێ ، لەو زۆتر عەرزەش دەبانەوی دەرمان.
بکەن ، کەس کاری وەگیر ناکەوێ ، ئێستە و مەك ئەوەندە گرانە لە کرێ نایە" .
پێم خۆش بوو ، لە ئاست تەبلیغاتی حکومەتی تورکیا و شۆڤێنیزمی تـــــــورك
دژ دۆزێکی ئەم خەڵکە بوونە ناو ، لە بیر خۆیاندا بۆشی دەم بە دەمە بووبێ. هەر لـــــەو
کاتەشدا هەم زگم بە کورد دەسووتا کە چی لێ ئەوماوەو منداڵی کورد ناتوانـــــێ
بە زمانی خۆی قسە بکا ، هەر وەها زگم بە دووا کەوتوویی و هـــــــــــەژاری
زەحمەتکێشانی تورك دەسووتا کە وا بە هاسانی فریو دەدرێن ، زەحمەتم لە خۆم
دەگرت کە بۆ چی ئەو کارانەم بە تەما کردوە بیمە بۆ عیراق .
هەستام ماڵ ئاوایم کردو کەوتمە رێ . ماشینەکەم لە هەموو بارێکەوە بـــــارو
بیمار بوو ، لە رێگا لە چایخانەیەك لام دا ، چێشتخانەکی خۆش و ئاوەدان و
خەڵکێکی زۆری لێ بوو . لە سەر مێزێك دانیشتم و داوای چایم کرد . بـــــــــــی
کەمچی تورك لە سەر مێزەکەم بوون ، پرسیان خەڵکی کوێی ؟
ـ خەڵکی عێراقم .
ـ موسوڵمانی ؟
ـ بەڵێ موسوڵمانم .
ـ لە عیراق پارتی کۆمۆنیست هەیە ؟
ـ بەڵێ هەیە ، هەر بەتەك بە جارێك دەستیان لە ئەزنۆ داو کوتیان :
ـ دیسەکە لەویش هەونا ، لە وڵاتێك کۆمۆنیســـــت هەبێ ، دین نامێنێ .
کەوتمە رێ و ئەو گەشتەمە ئەستەنبوڵ ، بەیانی گەشتمەوە بوفیا ، لە بوفیا
گیر بووم تا منداڵەکان دەرسیان تەواو بوو . هەوەڵی مانگی گەلاوێـــــــــژی ١٩٧٢
لەگەڵ منداڵەکانم گەڕامەوە بۆ عیراق .
لە رێگا لە یەکێك لە شارەکانی تورکیا لە پێش دووکانێك راوەستابوین مـــــــوە

بکرین. کابرای دووکاندار پرسی :

ـ ماڵت لە کوێیە ؟

ـ لە بولغاریا . لە سۆفیا دەژیم .

ـ چۆن دڵت دێ ئەو منداڵە جوانانە لە وڵاتی کۆمونیستی رابگری؟

ـ ئاخر ئەوە لە وڵاتی کۆمونیستین بۆیە وا جوانن . نابینی چەند زیندوو زیرن.

لە نیزیك ئانکارا ماشینەکەمان لە ریگا لای دا و شاسی شکا . ئێوارە بوو داماسووین . منداڵەکان زۆر بارەحەمەت و نیگەران بوون. مینی بوسێك هات ماشینەکەیانی بۆ هینامەوە سەر ریگاو بە حەفتا لیرە رایانکێشا تا ئانکارا . بردمانە پێش سرویسێك و کابرا گوتی : بەیانی چاکی دەکەینەوە. ئەو لە هوتێلێك حەسایەوە . رۆژی دووایی ماشینەکەمان چاکراوەو کەوتینە رێ. ئەو چووینە ئەدەنە . ئەو دەرسکە بوو هوتیلێکمان دۆزیەوە . خزمەتچییەکانی کورد بوون زۆربکمان دابێ . هەوەڵ پرسیار ئەوە بوو : کرمانجی ؟

ـ بەڵێ کرمانجین . خەڵکی کوردستانی عێراقین.

ـ برای محەممەد عارف جەزراوی‌تان لە لا نیە ؟

شریتێکی عارف جەزراویم پێ بوو . دامێ . گەلێك سوپاسیان کردو خزمەتێکی باشیان کردین .

دەمانویست بچینە بیروت بەڵام بورسا رێگای نەدا ناچار ئەو چووینە لازیقیە رۆژی دووایی چووینە شام و دوو رۆژ لەوێ ماینەوە . پاشان چووینەوە بەغدا .

لە ماڵی مام جەلال ...

پاش ١١ ای ئازاری ١٩٧٠ برام ئەحمەد و مام جەلال ئیتر وازیان لە نێوی باری و شەرو پێشمەرگایەتی هێنابوو . مام جەلال لە بەغدا دانیشتبوو. رۆژێك دوکتور قاسملو گوتی : " مام جەلال بۆ ئەو بانگێشتنی کردووین. دەچین کاك هەژاریش لەگەڵ خۆمان دەبەین و ئاشنایان دەکەینەوە. ئەنواری من و مامۆستا هەژار و

کاک حەمەدەمینی سیراجی و ماموستا هەژارو دوکتور قاسملو چوویە ماڵی
مام جەلال . وەک لە بیرم بێ لام وایە لە لای شارع فلسطین دادەنیشت .
بەخێرهاتنێکی گەرم و دۆستانەو میواندارییەکی کوردانە . دەستکرا بە خواردنەوە
و . هەر وەک باوە لە گەڵ خواردنەوەی ویسکی باسی سیاسیش هاتە گۆڕێ . مام
جەلال ئەو دەم مائویستێکی توندڕەو بوو . بۆ مائویستیش باسی گرنگ پەلاماردانی
یەکێتی سۆڤیەتی و ڕەخنە لە کۆمۆنیستەکان بوو . من وەدەنگ هاتم . هەڵوێست و
بۆچوونی مائویستیم بە چەوت داناو باسم لەسەر کرد . تازەش کتێبی (کاروانی
شەهیدان) بڵاو ببووەوە . باسەکەمان توند بوو . مام جەلال گوتی تۆش کتێبت
نووسیوە . بەدوو تراوە بە ئاشکرا مەلا مستەفا تاوانبار بکەی کە سولەیمانی
موعینی کوشتووە . ئەگەی جارێکی تر کتێب بنووسی .
گوتم: یەکەم کتێبەکەی من لە لایەن حیزبەوە بڵاو کراوەتەوە . سەروکی لە لایەن
بۆرۆی سیاسییەوە پەسند کراوە . دووهەم باسی کوشتنی سولەیمانی موعینی کراوە
بەسیا ناوی مەلامستەفا نەهاتوە . سێیەم حەقت نییە بۆ باسی کتێب نووسینەکەی
چونکە خۆت سەدوو هەشتا دەرەجە بات داوەتەوە . لە چاپی کوردی (کوردایەتی)دا
مەلامستەفات شتۆتەوەو نەت هێشتووە . بەلام لە چاپی عەرەبییەکەدا هەر باست
نەکردوە .

باسەکەمان توند بوو وەک هەموو دەمەدەمێکی کوردەواری بە توندی قسەمان
دەکرد . ماموستا هەژار وەدەنگ هات گوتی :
" باسم ڕاوەستێن . وەک کاک کەریم قسە دەکا ملی باریکە لەوانەیە ڕەگی ملی
بپچڕێ . ژن و منداڵەکانیشی لێ بڕەن . جاری با وەسیەت بکا باش خۆی منداڵەکانی
بسپێرێتەوە بولغاریستان . با بچینەوە نەغمە " .

باسەکەمان بە گاڵتەی کاک هەژار دوایی هات . تا ساڵی ١٩٨١ مام جەلال م
نەدیتەوە . ساڵی ١٩٨١ کە لە گەڵ کاک عەزیز محەممەد هاتبوە دۆڵی دیموکرات و
میوانی حیزبی دیموکرات بوو . شەوی پاش نان خواردن و دانیشتنێکی درێژکایە .
من و مام جەلال و کاک عەزیز محەممەد چووینەوە ژوورەکەی ئەوان . تا سەعات سێی
بۆشەو دانیشتین و باسی زۆر مەسەلەمان کرد . مام جەلال زۆر گۆڕابوو . ڕەخنەی

لە هەلوێستی ماوسەکی ڕاسردووی خۆی دەگرت و قسەکانی جێگای هومێد بوو. خۆش ئەوە بوو ڕۆژی پێشتر ئێوارەیەك کۆ ببوینەوە و برادەران پرسیاریان لە ڕۆژ ئاوەوە لە مام جەلال دەکرد. مام جەلال گوتی: " کورد سەردەکەوێ . گومانم نەماوە کورد ئەمجارە سەر دەکەوێ" . دوکتۆر قاسملو گوتی: " ئەوە چییە مام جەلال دەڵێی خەونت دیوە " .

مام جەلال گوتی: " خەونم نەدیوە . بۆ هەوەل جار ئەمن و کاك کەریمی حیسامی دەگەینە یەك و بۆچوونمان وەك یەکە " .

مەسەلە ئەوە بوو وتارێکم بۆ " کوردستان" ئۆرگانی یەکیەتی نووسەرانی کوردستان نووسیبوو . مام جەلال لە ژمارە دووایبدا لە ژێر ناو و نیشانی " کاك کەریمی حیسامی چاکی بۆ چووە" وتارێکی بلاو کردبۆوە .

ئەو ماوەی منداڵەکانم لە بەغدا بوون سەفەرێکی کوردستانمان کرد چەند ڕۆژێکی لە کۆیە میوانی مەلا ڕەسوی بووین . پاشان چووینە سولەیمانی سەری منداڵەکانی مەلاقادری ئەحمەدمان دا و چەند ڕۆژێك لە سولەیمانی بووین. ئەو سەفەرەمان یەکێك لەو سەفەرە خۆشانە بوو کە ئێستاش منداڵەکان لە بیریان ناچێتەوە.

گەڕاینەوە بۆ بەغدا کۆبونای ناظم گزار کرا . لە دراوسێی ماڵی ئێمە ئەو بوو بە نەخە . دوکتۆر سولتانی وەسمیشی دەکرد و دەیگوت: " ئێمە چوون هیچمان دەر ناچین. منداڵەکانی من دەچوونە دەرێ و دەهاتنەوە زوور بە دوکتۆر سولتان پێی دەگەنین. لە ماموستا هیمن ـ یان دەپرسی : ئەوە بۆ دەکرێ ؟ " ماموستا هیمن دەیگوت " ڕۆژی خواردوە زگی دیشێ" .

پاشان بیستم کە ئەو دوکتۆر سولتانە لە سۆقێتەوە هاتبۆوە بەغدا و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بوروی سیاسی . پاشانیش بە بیانووی سەفەر بۆ سەردانی منداڵەکانی گەڕاوە بۆ سۆڤێت و ئێستاش لە وێ دەمێنەوە .

گێرە شێوێنی لادەران ...

پاش ناردنی ئەم یادداشت و نووسراوانە بۆ مەکتەبی سیاسی و پارەکانی بارزانی کابرایەک بە ناوی " سابیرە لوتە " کە لە گەڵ تاقمی مەلا محەمەد رەشید کەوتبوو، هاتبوە کۆیە و بە برادەرانی گوتبوو کە پەشیمان بوومەتەوە و هاتووم وەرم بگرنەوەو دێمەوە نێو حزب . من خەبەرم دایێ وەزعی خۆی بنووسێ. رووی بکاتەوە لە کوێ بووە ، بۆ رۆیشتووە . ئێستاش بۆ دێتەوە نێو حزب ؟

سابیر لە چەند لاپەرەدا نووسیبووی چوومەوە ئێران لەوێ گیراوم. ساواک لە سەردەشت داوای هاوکاری لێ کردووم . بۆ ئەوەی بەم کرن بەڵێنم پێ داون کە هاوکاری یان بکەم . پاشان رام کردوە چوومە لای مەلا محەمەد رەشیدو خالیدی حیسامی و عەولای مەحمود ئاغای ئالانی و ئەوانیتر . کە زانیومە بەشی پاراستنی شۆرش دژی حیزب هانمان دەدا ، بەجێم هێشتوون و هاتووم پەشیمان بوومەوە.

خەبەرم دایە جاری با لە کۆیە یا لە سەنگەسەر بێ هەتا دێم چاوم پێی دەکەوێ . پاش چەند رۆژ چوومە کۆیە سابیر هات . گوتی چەند کەسی دیکەشم پەشیمان کردوونەوە هاتوونە سەنگەسەر . دەمانەوێ چاویان بە تۆ بکەوێ.

گوتم باشە... تۆ بچۆوە لای ئەوان بەیانی دێمە سەنگەسەر و لەگەڵیان دەدوێم.

سابیر رۆیشت نەمەی بەرنامەو نەخشەیان ئەوە بووە کە من بگرن و لەگەڵ خۆیان بم بەن بۆ گوندی " شیدرە " کە لەوێ مەکۆیان هەبوو. سابیر سێ کەسی

دەیکەن لەگەڵ خۆی دەهێنێ و لەسەر ڕێگای ڕانیە ـ گۆڕی سیحاو خۆ مات دەکەن و چاوەڕوانی بی دەبن . من ئەو ڕۆژە نەچووم بۆ قەلادزێ. بەلام ئەحمەد بەتەنیا لەگەڵ برادەرێکی دیکە دەچن بۆ قەلادزێ. سابیرو هاڤاڵەکانی پێشی ماشین دەگرن و تەماشا دەکەن ئەو لە ماشینەکەدا نیم . ئەحمەد بەتەنیا دەبینن . کە دەزانن ئەحمەد ئاشکرایان دەکا دەیهێننە خوارێ و ڕوتی لێ دەکەن و دەیبەن بۆ "نێودزە" . ڕۆژی دوایی کە چوومە قەلادزێ خەبەرم زانی کە ئەحمەدیان گرتووە . گەڕامەوە بۆ بەغدا و دەفتەری سیاسی ئەم نامەیەی بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات نووسی کە وا دەقی نووسراوەکە بڵاو دەکەمەوە .

حیزبی دیموکراتی کوردستانی (ئێران) — زمارە : ٢١٩

بۆڕۆی سیاسی — ڕۆژ : ٧٣/٥/٢٠

بۆ : مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان (عێراق)

وێنە : بۆ سەرۆک بارزانی

بە دەرفەتی دەزانین بەو بۆنەوە سڵاوێکی گەرمی برایانە پێشکەش بە ئێوە و هەموو ئەندامانی کومیتەی ناوەندی حیزبە تێکۆشەرەکەتان بکەین.

برایانی بەڕێز :

لەسەر ئەوەی ئێمە هاوکاری نێوان حیزبی خۆمان و حیزبی ئێوەو بە هێز کردنی پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ حیزبەکەتان بە قازانجی ئێستا و پاشەڕۆژی هەر دوو حیزب و جولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد دەزانین . پێمان خۆشە هەر چەندە گیرو گرفتێک لە پەیوەندی نێوان حیزبەکانماندا بێتە گۆڕێ بە ئاشکرایی لەگەڵتان باسی بکەین و هەول بدەین ڕێگای چارەسەر کردنی بۆ بدۆزینەوە. بۆیە سەرنجی ئێوە بۆ ئەم بابەتانەی خوارەوە ڕادەکێشین .

١ـ ماوەیەک لەمەو بەر لە بارەی ئەو چەند کوردە ئێرانییەوە کە دژی حیزبی ئێمە دەجولێنەوە نامەیەکمان بۆ ئێوە نووسیبوو . هەرچەند تا ئێستا وەلامی ئەو نامەیەمان بە ڕەسمی وەرنەگرتووە بەلام بەڕێز کاک سامی ئەندامی مەکتەبی سیاسی لەو بارەوە بە ئێمە ڕاگەیاندوو زۆرمان پێ خۆش بوو کە بڕیاریان داوە

مەجالی تێکۆشانی سیاسی بەوانە نەدەن و هیوامان وایە ئەو هەڵوێستە راستە درێژەی هەبێ ٠

بەڵام بە پێچەوانەی ئەو هەڵوێستە ئوسولییە لە لایەکیترەوە دەبینین کە رۆژ بە رۆژ زیاتر چەك و ئیمکاناتیان دەدرێتێ ٠ کاری ئەوانە گەیشتۆتە جێگایەك کە ئەم دواییانە بە ئاشکرایی دەست درێژی بۆ سەر برادەرانی ئێمە دەکەن ٠ رۆژی هەشتی ئەم مانگە برادەرێکی ئێمە بە ناوی ئەحمەد نەستانی لە کۆیەوە بەرەو رانیە کەوتۆتە رێگا و لە نێوان کۆیە و رانیە دا بێ سەرو شوێن بووە ٠ پاش چەند رۆژ ئاگادار بووین کە ئەو لادەرانە لە گوندی بیستانە رفاندوویانە و بردوویانەتە بنکەی خۆیان لە گوندی (ئینزە) پاش چەند رۆژ لێدان و ئازار دان لە شەکەتی و کەلەلایی هێناویانەتەوە قەلادزە ٠ هەروەها دوو رۆژ دواتریش لە شاری کۆیە کە چەند کەسێکیان لەوێن و حەوت . هەشت بەماتەکمان دراوەتێ هەوڵی رفاندنی هاڤالێکی تری ئێمەیان داوە بەڵام ئەو جارە سەر نەکەوتن ٠

بۆیە زۆر بە ئیسرارەوە داواتان لێ دەکەین کە رادەیەك بۆ جولانەوەی ئەو لادەرانە دابنێن و ئەوانەش بە توندی سزا بدرێن کە برادەر ئەحمەد نەستانی یان رفاندووە ٠ پێویستە ئەوەش بگوترێ کە ئەو برادەرەی ئێمە هەر لە عێراق چەند کەسێك خزم و بیرێکی خۆی هەن و هێندێکیشیان ئەندامی حیزب بن ٠ جا ئەگەر ئێوە لەو بارەوە هەنگاوی کاریگەر هەڵنەهێنن زۆر مەترسی ئەوە هەیە کە هێندی شتی وا بقەومێ کە ئێمە نە بەرگریمان پێ دەکرێ و نە دەتوانین مەسئولیەتەکەشی قبول بکەین ٠

٢- هەرچەند ئێمە زۆر جار داوامان کردوە کە کۆتایی بە گرتن و ئازار دانی ئێمە بهێنرێ بەڵام بە داخەوە دەبینین ئەم جۆرە رەفتارە ناوبەناو لە لایەن لێپرسراوانی پێشمەرگەوە دووپاتە دەکرێنەوە ٠ رۆژی ١٩٧٣/٥/٨ سێ برادەری ئێمە لە ناوچەی پشت دەر بە ناوی مەلا رەحمانی فاتحی ئیمامی گوندی شۆران و سەید رەسول . سەید حەمەد و ئۆمەرە سوونا و بە سەردان چوونە گوندی سوێ کالك حەسۆ میرخان مەفرەزەی ناردوونە سەریان و بە سەدی هێناویانن بۆ دەربەندی بلولە ٠ پاش چوار رۆژ راگرتن کە لە چواری پارەیش بروسکەی ناردوە بەریان

دابڕێ . بەڵام پاش چەند ڕۆژ سەر لە نوێ گیرویانەوە بێ ئەوەی هیچ ـــووج و ئازادیان کەن . بۆیە جارێکی تر داوایان لێ دەکەین کە کارێکی وابکەن ئەوە زیاتر ئەندامانی حیزبی ئێمە نە گیرێنە بەرگرتن و ئازاردان .

بەرانبەری بەرێز سەرۆکایەتی حیزبی ئێمە لە پاش ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بە تایبەتی دوای کۆنفرانسی سێهەمی حیزب لە خەزەڵوەری ١٩٧١ دا بە هەموو توانایەوە هەوڵی داوە و هەوڵ دەدا کە سەرەڕای هەموو کەند و کۆسپێک باشترین پێوەندی دۆستانەی خۆی لەگەڵ حیزبی ئێوە ڕابگرێ . بەڵام با ئەو ڕاستییەش بگوترێ کە ئەرکی پاراستنی ئەو پێوەندییە بە تەنیایی لە سەر شانی حیزبی ئێمە نییە . بەشێکیشی دەکەوێتە سەر شانی سەرۆکایەتی پارتی بە تایبەتی کە ئێستا پارتی ئیمکانیکی زۆری هەیە و لە بەشێکی کوردستاندا دەسەڵاتی بەدەستەوەیە . هیوادارین لە هەر دوو لاوە هەوڵ بدرێ بۆ بەهێز کردنی پێوەندی دۆستانەتی و هاوکاری هەر دوو حیزب و ئەو تاقی کردنەوە تاڵەی لە بارەی حیزبە-کان و جولانەوەی بەشەکانی تری کوردستانەوە لە ڕابردوودا ڕووی داوە جارێکی تر دووپاتە نەکرێنەوە .

لەگەڵ سڵاو :

بۆرۆی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان

(ئێران)

ماوەیەك پاش نووسینی ئەو نامەیە مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكرا-
تی كوردستان ئەم نامەیەی ژێرەوەی لە وەڵامدا نووسیبو وەكو وا بڵاوی دەكە-
ینەوە .

پارتی دیموكراتی كوردستان — **ژمارە / ٧٣٢**
مەكتەبی سیاسی — **رۆژ ـ ٦/٦/١٩٧٣**

بۆ / بۆرووی سیاسی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران بەڕێز

نووسراوەكەتان ٢١٩ / ١٩٧٣/٥/٢٠ گەیشت وە ئێمە لێرەوە قسەمان لەگەڵ هەڤاڵمان ملا رسول كردوە بۆ وەڵامی نووسراوەكەتان ئەم خاڵانەتان بۆ ئەنووسین:

١ ـ پێش ئێستا وەڵامی نووسراوەی ئێوە كە دەربارەی جوڵانەوەی هەندێك كەس دژی حیزبتان نووسرابو درابەوە و ئێستا گومان نیە تەعمیت پێمان گەیشتبێت.

٢ ـ دەربارەی گرتنی احمد ستانە تەحقیقی ورد كرا وە هەرچەندە بە پێی تەحقیقات كە برادەرتان (ملا رسول)یش دیویەتی گوما بەیان هەیە كە ئەم شەخصە (احمد ستانە) مخلص بێت بەڵام سەرای ئاواسار تەدریسو دڵنیا بن ماوە نادرێت كاری وا دووپات بكەنەوە .

٣ ـ دەربارەی ئەو برادەرەی كە حسو میرخان گرتبووی ئێمە هەمان رۆژ كە مەلا رسول هات سەرزەنشتمان كرد و بەر درابوو و ئێمە حسو میرخان و عەلی شەعبان ئاگادار ئەكەین كە هەر مشاكلێك هەبێت چارە سەری بكەن و لە مەودوا ئەو جۆرە كارانە دووپارە نەبەوە .

كارەكانی تر كە باسكران لەگەڵ ملا رسول دەربارەی عدم تعرض جی بەجێ كران و ئێمەیش وەكو ئێوە هەوڵمان داوە و هەوڵ ئەدەین كە هاوكاریمان بە هێز بێت بۆ سوودی هەر دولا و بەرژەوەندی میللەتی كوردمان وە بەو رادەیەی كە لە توانادا هەیە ئیتر بۆ پێشەوە . مۆری مەكتەبی سیاسی .

ئەم نووسراوانە كورتەیەك بوون لە شێوە پەیوەندی شۆڕشی كوردستانی عێراق و پارتی دیموكرات لەگەڵ حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران . ئەمە سەبارەت بە وەزعی كوردستانی عێراق هیچی وامان نەدەكرد كە زیان بە شۆڕش بگەیەنێ . هەر چەندە لە كۆمەڵەی ناوەندی دا برادەر هەبوون دەیانگوت :
با ئێمە بچینەوە جیاكانی ولاتی خۆمان و لەوێ خەبات بكەین و هەر چی

بەدەرمان دۆ یا بێ ، بەلام ئەوانە هەمیشە لە کەمایەتی دا بوون. بەراستی چاومان بڕیبووە وەزعی کوردستانی عێراق و چاوەڕووان بووین برایانمان چی بەسەر دێ. بەلام هەر لەو کاتەشدا خەریک بووین تەشکیلاتی حیزبی لە ئێران پێک بێنین . ڕۆژنامەی کوردستان دەگەیشتە وڵات و تەئسیری خۆی هەبوو.

لەباری چاپەمەنییەوە لە عێراق کاری زۆرمان کردبوو. ڕۆژنامەی کوردستان هەموو مانگێ بە ڕێک و پێکی دەر دەچوو لە سەرانسەری کوردستانی عێراق بە باشی بڵاو دەبووەوە خوێنەری زۆر بوو. ڕۆژنامەی کوردستان نەک هەر لە باری ناوەرۆکەوە . بەڵکو لە باری ڕێنووس و ڕێزمانیشەوە لە کوردستانی عێراق کاری خۆی کردبوو. بەتایبەت لە زانکۆی ئەدەبیات بەشی کوردی بە دەرس دەگوتراوە. جگە لە کوردستان گۆڤاری تێکۆشەر وەک نامیلکەی تیۆری خۆی حیزب بڵاو دەبووەوە. جگە لە ئەدەبیاتی حیزب دەدرا بە زۆر کەس لە دۆست و ناسیارانیش.

کتێبی کوردستان و کورد نووسینی دوکتور قاسملوو ، تاریک و ڕوونی دیوانی شێعری مامۆستا هێمن . کۆمەڵە پیاو وەرگێڕانی عەبدوڵای حەسەن زادە . کاروانی سەدەدان . وەرگێڕاوەی کتێبی دایک (ماکسیم گورکی) . کورتە ژیان و کردەوەکانی لینین . نووسراوەو وەرگێڕانی کەریمی حیسامی چەکنقسارا وەرگێڕانی حەسەن ڕەزکار . بەرهەمی تێکۆشانی ئەدەبی ئەم چەند کەسە بوو کە لە عێراق لە هەل و مەرجی دژواری پەنابەرایەتیدا دەژیان.

بەراستی دەتوانم بڵێم لە بارو دۆخێکی دژواردا دەژیاین ، بێجگە لە دوکتور قاسملوو کە لە وەزارەتی بەرنامەدانانی عێراقدا کاری دەکرد و مانگی ٣٠٠ دیناری وەردەگرت برادەرانی دیکە لە وەزعێکی باش دا نەدەژیان. بە تایبەت ئەو برادەرانەی لە کوردستان دەژیان وەزعی ژیانیان زۆر دژوار بوو. کاریان وەگیر نەدەکەوت ، یا بڵێین کاریان نەدەدانێ. لە کۆیە هێندێک برادەری کادری حیزبی لە شەدارەی توتن دا وەک لە وێنەکەیان دیارە عەمبالیان دەکرد.

مەسەلەی ژیان و بەڕێ چوونی برادەرانی حیزبی بۆ ئێمە ببوە مەسەلەیەک و بەشێکی کار و تێکۆشانێکی ڕۆژانەی ڕێبەرایەتی حیزبی بە خۆوە مەشغول کردبوو

له بارهگای لقی پێنجی پارتی

ئێستا که باسی رۆژنامهی کوردستان هاته گۆرێ . بێ جێ نابێ باسێکی خۆشیش له بهشی پاراستنی لقی پێنج بگێرمهوه .

لهگهڵ مهکتهبی سیاسی باسکرابوو که له ههموو ژمارهیهکی رۆژنامهی کوردستان ده دانه بۆ بارهگای بارزانی و ده دانهش بۆ مهکتهبی سیاسی بنێرن . ۲۰۰ دانهش بۆ پارتی بدهین به لقی پێنج که ئهو بڵاوی بکاتهوه . بڵاو دهکراوهو یا دهسووتێنرا ئیتر ئهوهمان نهدهزانی . بهڵام لقی پێنج ههموو جارێ یا به چهند مانگ جارێك پارهی رۆژنامهکانی دهدا .

رۆژێك بهیانی چوومه لقی پێنجی پارتی لهگهڵ سهعدا سالحی رهحمهتی کارم ههبوو . سهعیدا نههاتبوو . کاك کهمال محي‌الدين لهوێ بوو . له ژوورهکهی ئهو دانیشتم . چایان هێنا . له سهر ههڵوێستی پارتی سهبارهت به کورده ئێرانییهکانی دژی حیزب و هێندێك ههڵوێستی تر گلهیی ـم کرد . کاك کهمال گوتی :

"هه قت نیه گلهیی بکهی . نازانی چ دهزگایهك به سهر پارتی دا حکومهت دهکا ؟ ئێستا ههرچی ههیه بهشی پاراستنه . جا بزانه ئهوانهی لهبهشی پاراستن دان کێن؟ با قسهیهکی خۆشت بۆ بگێرمهوه . رۆژێك بهیانی زوو که هاتمه ئێره . حهمه رهزا که بهرپرسی بهشی پاراستنه له لقی پێنج دا . به هاتکه هاتك و به پهله وهژوور کهوت و گوتی : کارێکی زۆر گورج و به پهله ههیه . روو بهیاوێك ئاماده بکه بچێ بۆ سهرێ . گوتم : چی یه . بۆ وابه پهله . چێ تاره رووی داوه؟

حەمەد رەزا گوتی : بەڵێ ... مرادەرانی ئێمە ئاگایان لە هیچ نیە. ئەو کــوردە شرابیانەی کە لە بەغدا دەژین . لە چاپخانەی بەعس رۆژنامە دەر دەکەن. هەمووی دژی ئێرانە ، دژی سیاسەتی پارتیمانە . بە دزی لە کتێبخانەکانی بەغــدا دەیفرۆشن . ئەومتا نوسخەیەکم پەیدا کردوە پێویستە کورج هەر ئێستا بینێرم بــۆ سەرێ.

رۆژنامەیەکی کوردستانی هێنا دەرێ و نیشانی دام بە لاَم نەیدا دەستم. تاویك تەماشام کردو گوتم :

ــ جا کە وایە ئەگەر کەست نارد بۆ سەرێ تکایە ئەم ۳۰۰ ژمارەشی پێدا بنێرە. دوو سێ رۆژە هاتوە هێشتا بەرنمان نەکردوە.

ــ ۳۰۰ ژمارەی چێ ؟

ــ هەر ئەم کوردستانەی کە وا تۆ ژمارەیەکت پەیدا کردوە. حزبی دیموکــرات هەموو جارێ ۳۰۰ ژمارە بۆ پارتی دەنێرێ. ئێمەش بۆ مەکتەبی سیاسی دەنێرین و بارەکەشیان دەدەمێنێ.

کە وام گوت وەك ئاوی ساردی پێدا کەی تەزیق بوەوە و سەری بەرداوەو وەدەرکەوت!!

کاك کەمال محی الدین گوتی : " برام ئەوەمە بەشی پاراستن تۆ گلەیی لەچی دەکەی ؟ ".

" دیّمان ئیعدام "

لەگەڵ شەهید بوونی مەلا قادر دوو ئەندامی حیزبمان بە ناوی عەزیزی مستەفا زادەو محەممەد سدیق دەگیرێن و پاش ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر دەیانبەنەوە بۆ سنەو لەوێ لە دادگا بە ئیعدام مەحکوم دەکرێن . لە ڕێگای تەشکیلاتی بانەوە خەبەرمان وەرگرت کە ئەو دوو برادەرە لە دادگای چاو ڕێخشاندنەوەی سەرامی دا حوکمەکەیان مسوگەر کراوەو لەوانەیە ئیعدام بکرێن .

کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە نامەیەک بۆ مەلا مستەفا بنووسێ و داوای لێ بکا کە تکایەکیان بۆ بکا بەڵکوو لە ئیعدام ڕزگار بن .

لە تەئریخی ١٩٧٢/٩/١ بوروی سیاسی حیزبی دیموکرات نامەیەکی بۆ سەرۆک بارزانی و نامەیەکیشی بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق نووسی .

حەبیب محەممەد کەریم وەک سکرتێری پارتی گوتبوی دڵنیا بن ئێمە هەرچی لە دەستمان بێ دریخی ناکەین . برادەرانی ئێمە نامەکەی سەرۆک بارزانیان دابوو بە ئیدریس ئەویش گوتبوی : دڵنیا بن ناهێڵین بکوژرێن .

بەڵام وادەو بەڵێنی هەر تک لا هەر قسە بوو . نەمانزانی بە ئێمەشیان ڕانەگەیاندەوە کە چی یان کردوە و نەتیجەی چ بووە .

ئێرە دا دەقی نامەکانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ مەلا مستەفا بارزانی و بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق بلاو دەکەینەوە ٠

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران — ژمارە : ٢٢٣
کومیتەی ناوەندی — رۆژ : ١٩٧٣/٩/١

بەرێز جەنابی سەرۆک بارزانی
پاش سلاو و رێزیکی بێ پایان :
ئاگادارتان دەکەین کە دوو کەس لە ئەندامانی حیزبی ئێمە بەناوی عەزیز کوری حەمەد مەلا شۆرەت سنەدارزادە و محەممەد سدیق لە ئێران لە دادگای نیزامی سنەدا بە ئیعدام حوکم دراون و ئێستا گیانیان لە مەترسی دایە ٠ بۆ ئاگاداریتان دەبێ بلێین کە ئەو دوو برادەرە بێجگە لە ئەندامەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و تێکۆشانی هێمنانەی سیاسی هیچ تاوانێکی دیکەیان نەبووە٠ کومیتەی ناوەندی حیزبی ئێمە هاتە سەر ئەو باوەرە کە بۆ رزگاری گیانی ئەو دوو کوردە بێتاوانە کە هەر یەکەی خاوەنی پیرە دایک و باب و ژن و مندالی زۆرن، موراجەعە بە جەنابت بکا و داوات لێ بکا کە بۆ رزگاری گیانی ئەو دوو برادەرەی ئێمە لە نفوزی خۆتان کەلک وەربگرن٠
ئێمە لەسەر ئەو باوەرەین و دلنیایین کە وەک سەرۆکێکی کورد و باوکێکی دلسۆز ئەوەی لە تواناتان دا بێ ، بۆ نەجات دانی گیانی ئەو دوو برادەرەی ئێمە دریغ نافەرموون ٠
سلامەتی و سەرکەوتن و تەمەنی درێژتان بە ئاوات دەخوازین ٠

کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران — ژمارە ٢٢٤

کومیتەی ناوەندی — رۆژ ١٩٧٣/٩/١

سەرنج مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

پاش ریز و سلاوێکی برایانە :

بە پیویستی دەزانین پیتان رابگەیینین کە دوو کەس لە ئەندامانی حیزبی ئیمە بە ناوی عەزیز حەمە مەلا شۆرەت مستەفا زادە و محەممەد سدیق کە ماوەیەك لەمەو بەر گیراون لە ئیران لە دادگای تیزامی سنە بە ئیعدام حوکم دراون وئیستا گیانیان لە مەترسی دایە • بۆ ئاگاداریتان دەتوانین بلیین کە ئەو دوو برادەرەی ئیمە بیجگە لە ئەندامەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران و تیکۆشانی هەمنانەی سیاسی تاوانیکی دیکەیان نەبووە •

کومیتەی ناوەندی حیزبی ئیمە هاتە سەر ئەو باوەرە کە بۆ رزگاری گیانی ئەو دوو کوردە بی تاوانەو دوو ئەندامی تیکۆشەری حیزبی داوای یارمەتی لە ئیوە بکاو لامان وایە لە هەل و مەرجی ئیستادا تدخلی ئیوە لە سەر رزگاری گیانی ئەو دوو ئەندامەی حیزبی ئیمەو ئەو دوو کوردە بی تاوانە نەتیجەی لەباری دەبی •

داواتان لی دەکەین کە بۆ رزگاری گیانی ئەو دوو برادەرەی ئیمە هەنگاوی پیویست هەلینن و ئیمەش لە نەتیجەی بریارو ئیقدامی خۆتان ئاگادار بکەن•

لەگەل ریزو هیوای سەرکەوتن •

کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران

بەداخەوە نووسراوەکانی کومیتەی ناوەندی هیچ کاریان نەکردە سەر هەلویستی مەلامستەفاو پارتی • لە راستیشدا سەرکردایەتی شورشی کوردستانی عیراق بیجگە لە مەسلەحەتی تاکتیکی خۆی هیچی دیکەی لەبەر چاو نەبوو •

مانگی خەزەلوەری ١٩٧٣ ئەم دوو هاورییەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە سنە ئیعدام کران •

کۆنگرەی سێ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری دا کە لە مانگی سێپتامبری ۱۹۷۳ دا کۆنگرەی حیزب ببەستێ. بێجگە لەو برادەرانەی لە کوردستانی عیراق بوون و شیاوی ئەوە بوون کە لە کۆنگرەدا بەشدار بن بڕیار درا لە ئێرانیشەوە چەند برادەرێک بەشداری بکەن.

ڕۆژی ۱۹۷۳/۹/۲۲ لە بەغدا کۆنگرە کرایەوە. پێویستە ئەوەش لەبیر نەکەم لە لایەن حیزبی بەعسەوە خانویەکی گەورە ئامادە کرابوو کە لەوێدا کۆنگرە ببەستین. تا کۆنگرەش تەواو دەبێ لەوێ وەدەر نەکەوین. ڕۆژی هەوەڵ گومانمان لێ پەیدا بوو کە ئەم خانوە هەروا بەلاش بۆ کۆنگرەی حیزبی ئێمە ئامادە نەکراوە کاک حەمەدەمینی سیراجی کە تۆزێک بە نێو خانوەکەدا گەڕا، خانوی ناسیەوە. گوتی: ئەو خانوە ژەنەراڵ پەناهیان و دارو دەستەکەی تێدا دەژیان. ئێتر بۆمان ڕوون بۆوە کە دەزگای گوێ گرتن و تۆمار کردنی قسەکانی تێدایە. بەر لەوەی کۆنگرە دەست بەکار بکا چەند کەس دەستیان کرد بە پشکنینی کەلێن و قوژبنی خانوو. ئاخرەکەی دوکتور حەسەنی شەتەوی لە چەند جێگا مەگنەتۆفۆنی دیتەوە کە لە سەر ڕەفعەی لە دیوار گیرابوون و خۆڵیان بەسەر دا کرابوون. ناچار هەیوانێکی هەبوو کۆبوونەوەمان هێنا نەیوان و دەرگای ژوورەکانمان پێوەدا.

کونگرەی سێیەمی حیزبی دیموکرات بە سرودی ئەی رەقیب(سرودی میللی کورد و پەسند کراوی کۆماری دیموکراتی کوردستان) کرایەوە. لە پێشدا شاعیری مەزنی کورد ماموستا هێمنی رەحمەتی بە وتارێکی کورت و جوان، وەك پیر ترین ئەندامی کونگرە پیروز بایی کرد. پاشان بەشدارانی کونگرەکە ٤٩ کەس بوون، هەر یەکە کتێبێکی " کورد و کوردستانیان " بە دیاری لە دوکتور قاسملو وەر گرت.

پێش راپۆرتی کومیتەی ناوەندی لە سەر ئەوە باس ساز بوو کە داخوا ئەم کونگرەیە، کونگرەی سێیەمی حیزبی دیموکراتە یا کونگرەی دووەمە ؟.

دوکتور قاسملو لە سەر ئەوە پێی دادەگرت کە ئەمە کونگرەی دووەمی حیزبە.

هێندی لە برادەران لایان وابوو ئەمە کونگرەی سێیەمە و کونگرەی دووەم سالی ١٩٦٤ لە سوتێ گیراوە . بە تایبەت کاك ئەمیری قازی لە سەر ئەوە سور بوو کە بریار و بەیاننامەکانی کونگرەی دوو لێرەدا بخوێنرێنەوە . ئەو پێشنیارەی کاك ئەمیری قازی بە زۆربەی دەنگ رەت کرایەوە. و پاش دەنگ وەرگرتن بە زۆربەی دەنگ کونگرەی سوتێ بە کونگرەی دوو ناسرا و ئەم کونگرەیە بوو بە کونگرەی سێ-یەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران .

پاشان مەلا عەولای حەیاکی پێشنیاری کرد کە " بریار و بەیاننامەکانی کونگرەی دوو "کونگرەی سوتێ"بە لادەری بناسرێن و رەت بکرێنەوە. ئەم پێشنیارە بە زۆربەی (٤٢)دەنگ پەسند کرا . پێشنیاری پەسند کراو بەم جورە بوو.: " کونگرەی سێیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەیان و بریارەکانی کونگرەی دووەم بێجگە لە بە شێکی زۆر کەمیان کە لە سەر مەسایلی سیاسین رەت دەکاتەوە. بە تایبەت هێندێك هێرشی نا رەوا و نا دروست بۆ سەر کۆماری دێموکراتی کوردستان و بەشێك لە بەرێوە بەران و کادرەکانی حیزب مەحکوم دەکات . "

راپۆرتی کومیتەی ناوەندی و کومیسیونی تەشکیلات ، پاش باس و لیکۆلینەوە بە تێکرایی دەنگ پەسند کران . لە کونگرە دا دەسەلات درا بە من وەك بەر پرسی تەشکیلاتی حیزب دوو برادەری حیزبی لە کوردستانی ئیران ، بە بێ ئەوەی ناویان بێنم و بیانناسێنم بۆ جێگری کومیتەی ناوەندی پێشنیاریان بکەم . پێشنیارەکە پەسند کرا . کونگرە بە هەلبژاردنی کومیتەی ناوەندی کاری خۆی کۆتایی پێ هینا .

بیرو راو بۆچوون و پێشنیاری کادر و ئەندامانی
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کونگرەی
سێیەمی حیزب .

پێش دەستپێ کردنی کونگرە بوروی سیاسی ئەسپاردی کە لەگەڵ ئەندامانی
حیزب. بەندەش لە سەدارای کونگرە دانیشتم و بیرو راو پێشنیاریان وەر بگرم کە لە
بەشێک و بووبراوەکانی کونگرەدا . کەڵکیان لێ وەر بگرین .

بە کورتی بەتەواوی هەندێ لەو بەشانەدا لەگەڵ برادەرانی حیزبی بیرو راو بیر
حیزب و بیسماری خورمەحوزم یاد دەکەن کردوون کە بێ ئەوەی پێویست بێ ناوی
بەردەوام بەنەم. بلاویان دەکەمەوە .

هەروەها حکومەتی تورکیا و سووریا بەرامبەر بە گەلی زەحمەتکێشی کورد-
ستانی سووریا و تورکیا مەحکوم بکرێ.

- بیرو رای خۆمان سەبارەت بە چارەی مەسەلەی کوردستانی عێراق. بە حکو-
مەتی عێراق و بەرەی یەککرتوو رابگەیەنین .

- ئەندام لە زیندانە سیاسییەکان لە ڕێگای ڕێکخراوە جیهانییەکانەوە .
هەو دەردی لە گەڵ گوزراوەکانی عێراق .

- بانی بلمی بە بەتا لە کوردستان بووری دەکەین . ئەگەر خۆمان لە حیزب-
براسەکان جیا کەینەوە بە قازانجی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی ئێرانە

- دەورەی زانیاری بۆ ئەندامانی حیزب بکرێتەوە.

- بارەی بە خێرایی بەهێزدان و گەڕاوە سیاسییەکان بکرێ.

- بەند کردن لەگەڵ هەموو سیاسییەکانی ئێران بە تایبەت جەبهەی میللی ئێران

- بەهێز کردنی دۆستایەتی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و حیز-
بی شیوعیی عێراق .

- بەرزی جەند حوسەکاریک بۆ دەرەوە.

- کاری ڕێکخستن و تەشکیلاتی حیزب گورج و گۆڵتر بکرێ.

ـ هەموو ئەندامانی کومیتەی داهاتوو لە نێو خەلك بن . لە عیراق بژین وکاری حیزبی بکەن .
ـ پێك هێنانی بەرەی یەککرتووی نیشتمانی دەگەڵ تەواوی حیزب و رێکخراوە سیاسیەکانی دژی ریژیم لە ئیراندا .
ـ بە هەموو توانایەوە هەوڵ بدری بۆ زیندوو کردنەوەی رێکخراوەکانی حیزبی لە ولات دا .
ـ هەڵبژاردنی کادری حیزفمیی و سوگەر کردنی ژیانیان .
ـ هەوڵدان بۆ چاپخانەیەکی حیزبی .
ـ بێجگە لە بوروی سیاسی هەموو ئەندامانی کومیتەی داهاتوو لە کوردستان بن و لە کەڵ ئەندامانی تر بژین .
ـ ئەوانەی پاش کونفرانسی سێیەم لە حیزب لایان داوە. دەر بکرێن .
ـ پاش تەواو بوونی وەعدەی بەیانی ١١ی ئازار. حیزب لە ئیراندا شورشی چەکدارانە دەست پێ بکات .
ـ دامەزراندنی تەشکیلاتی حیزبی لە نێو بەکیتیەکانی کریکاری و بەشەکی دا
ـ ریکا نەدری بیرو باوەری دژی ئیسلام لە نێو ئەندامان و خەلك دا بلاو بکریتەوە
ـ کونکرە بۆ هەموو جولانەوەکانی رزکاریخوازی. بە تایبەت بۆ کەلی زەحمەت و کرنا . پەیام بنیری .
ـ کومیتەی ناوەندی هەوڵ بدا روژنامەکانی رەمانی پیشەوا چاپ بکاتەوە .
ـ هەولدان بۆ زیاد کردنی ئەندامی حیزبی لە ئوروپا بۆ بەشداری لە کوبونە و کوبوونەوەکانی خویندکاری دا .
ـ ئەوانە و کەلێك وردە شتی تر بۆ چوون و پیشنیاری ئەندامانی بەشدار بووی کونکرەی سێیەمی حیزبی دیموکرات بوون . کە لە هەل و مەرجی ئەو سادا. بۆ حیزب گنجینە بوون .

پاش کۆنگرەی سێ یەم

کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێ یەم ، پاش تەواو بوونی کاری کۆ-
نگرە کۆ بوونەوەی خۆی پێک هێنا و دەبوایە لە دوو مەسەلەی گرنگ بکۆڵێتەوە و-
بڕیاریان لەسەر بدا .

یەکەم ئەوە بوو کە هەست بەوە دەکرا وەزعی عیراق بەرەو ئاڵۆزی دەڕوا و لە
وانەیە لە نێوان پارتی و حکومەت دا شەڕ ساز ببێتەوە . ئەو دەم حیزبی دێموکرا-
تی کوردستانی ئێران دەبێ چبکا . ؟

دووەم ـ پاش ئەوە کە نەمانتوانی بوو لە گەڵ جەماعەتی ژەنراڵ پەناهیان و مرادی
زرباوز لە ڕادیودا کار بکەین. داوامان لە حیزبی بەعس کرد بوو کە بەرنامەیەکی
نیو سەعاتیمان لە ڕادیوی بەغدا بدەنێ. بەو شەرتەی وتار و نووسراوە و سیاسەتی بەر
بە خۆی خۆمانی تێدا بڵاو بکەینەوە و کەس کۆنترۆڵی نەکات . پاش هەوڵێکی زۆر
بەعس موافەقەتی کرد بوو کە نیو سەعات بەرنامە بڵاو بکەینەوە .

لە بارەی مەسەلەی یەکەم . پاش باس و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر . کۆمیتەی ناوەندی
بە زۆربەی دەنگ بڕیاری دا کە : " ئەگەر لە کوردستانی عیراق شەڕ هەڵگیرسێتەوە
کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان . عیراق بە جێ بێڵێ و بچێتەوە
ئێران و خەباتی خۆی لە کوردستانی ئێران درێژە پێ بدات . کۆمیتەی ناوەندی هەر
لە ئێستاوە پێویستە هەنگاو بۆ ئامادە بوون باوێژێ .. " ئەم بڕیارە بە زۆربەی
دەنگ پەسەند کرا .

لە بارەی مەسەلەی دووەم هێندێ لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دژی ئەوە
بوون کە حیزبی دێموکرات لە عیراق لە ڕادیو دا وتار بڵاو بکاتەوە . کۆمیتەی
ناوەندی بە زۆربەی دەنگ بڕوای ئەوەی بە وشکە ڕۆ دانا و بڕیاری دا لەو دەرفەتە
کەڵک وەر بگرێ و دەست بکرێ بە بڵاو کردنەوەی وتار و پرۆگرامی حیزبی

دیموکرات و راپۆرتی کۆنگرەی سێیەم و شیعرو سروودی ئەمەوایشیش بڵاو دەکرانەوە. کار بەدەسانی حیزبی بەعس، یا بە شێوەیەکی دی بڵێین (موخابرات) بە هیچ جۆر لە کاری رادیۆ لە نووسین و بڵاو کردنەوە دەخالەتیان نەدەکردو خۆیان تێ هەڵ نەدەقوتاند. لە ئێرانەوە نامەمان بۆ دەهات و لە بڵاو کردنەوەی ووتارەکان پشتیوانی دەکرا. تا سەرو بەندی رێک کەوتنی شای ئێران و سەدام حوسێن بڵاو کردنەوەی ووتارەکانی ئێمە لە رادیۆ درێژەی هەبوو. پاشان دایانخست.

پاش کۆنگرەی سێ دوکتور قاسملو بۆ سەردانی منداڵەکانی چووە چکوسلواکی لە گەرانەوەدا لە بۆرۆی سیاسی باسی سەفەری خۆی کردو ئەم قسانەی ئەو لەم یادداشتانە وەرگیراون کە ئەو دەم لە کۆبوونەوەدا نووسیومنەوە.

قسەکانی دوکتور قاسملو ...

" لە سەر سازمانی ئوروپا نەمتوانی لەگەڵ ئەمبر ئەمای بکرم. چاوم بە محەممەدی موهتەدی کەوت. پیم گوت برادەران لە وەزعی تۆ حالی نەبوون. وەزعی خۆت روون بکەوە. دەگەرێ یەوە یان ناگەرێیەوە. تەنانەت حاجیش (مەبەستی رەحمانی حاجی ئەحمەد) یە گوتی: لێی حالی نەبووم محەممەد دەڵێ چی. کوردی ئێران لە ئوروپا زۆر بوون. پێشنیارم کرد لە کریسمەس کۆ ببنەوەو سەرو سامانێک بە کارو باری دەرەوە بدەن.

چوومە فەرانسە قەرارم دانابوو لەگەڵ " پۆل " (گەرۆژنامە نووسێکی فەرانسی یە) لەگەڵ یەکەیەکی چاپ قسە بکەین بەلکو بتوانین کتێبێک لە سەر کورد بنووسین. من بنووسم و ئەو تەماشای بکا. دیارە ئێمکان هەیە. یەکێک لە نووسەرەکانی " جون ئەفریک " م چاو پێ کەوت لە تاران بیوو. لای وابوو وەزعی رێژیم لق و لۆقە. سالسۆز خانەکانی رۆژئاوا چاوەڕووانی ئاڵ و گۆرێک دەکەن. دەیگوت: ناتوانین لە سەر ئێران هیچ بڵاو بکەینەوە. چونکە حکومەتی ئێران ئیعلانەکانی دەدا بە ئێمە. مودیری گۆڤاری" ئێکی پرس " م دیت.

دیگوت : کوردستان نەوتی هەیە. بۆیە لەگەڵ شیرکەتەکانی نەوت پێوەنــــدی بگرن. بێگانان وا دەڵێن کە مۆنۆپۆلەکانی نەوت لایەنگری سەربەخۆیی کورد دەبن؟

کامەران بەدرخان چۆتە ئێران، هەموو کوردستانی گەڕاوە، ئاخرین جار ساڵی ۱۹۷۰ چاوی بە شا کەوتووە، بە شای گوتوە: مەدرەسەی کورد دابنێ و ڕۆژنامـــەی کوردی بڵاو بکاتەوە، لە زانســـتگای تاران دەرسی زمانی کوردی بکاتەوە. پێشنیاری کردوە کە جەمال نەبەز و نورەالدین زازا بۆ مامۆستای زمانی کــوردی لە زانستگای تاران دابمەزرێنێ. شا لە وەڵامدا گوتویە: ئەگەر ئەم پێشنیارانـــەی تۆ جێ بە جێ بکەم، ئیمپراتۆری ئێران تێک دەچێ.

بۆیە بەدلائیلدا تەوێلی بە شا داوە کە لەگەڵ هەموو کەس ڕێک بکــــــەوێ لەگەڵ حیزبی بەعس ڕێک ناکەوێ. چاوم بە مەسئولێکی وەزارەتـــــــی دەرەوەی ئیسرائیل کەوتبوو."

لەبەر ئەوەی بۆچوونی سیاسی بڕیاری بەدابوو کە دوکتور قاسملو بچێـــــــتە ئیسرائیل لە شی کردنەوەی خۆیدا سەفەری قاسملوی بە سەفەری تایبەتی خــــۆی دانا و بەدگانیشی هەر وەک خەبەرێک وەرگرت.

وەزعی کوردستانی عێراق بەرەو ئاڵۆزی دەچوو. لە نێوان پارتی و حیزبـــی کۆمۆنیســت دا کێشەو هەرا ساز بوو. بۆچوونی سیاسی حیزبی دیموکراتــــــــی کوردستان ڕۆژی ۱۵ / ۱۲ / ۱۹۷۳ لە کۆبوونەوەی خۆیدا کە بۆ لێکۆڵینەوەی وەزعی عێراق پێک هاتبوو بڕیاری دا دوکتور قاسملو بچێتە لای مەلا مستەفاو ئـــــەو مەسەلانەی خوارەوەی لەگەڵ باس بکا :

" ۱ - ئێمە کێشەی پارتی و حیزبی کۆمۆنیســت بە جێگای داخ دەزانین. بەربەرەکانێی و دوژمنایەتی کۆمۆنیستەکان بەرژەوەندی پارتی و جولانەوەی کوردی تێــــدا نابینین.

۲- لەسەر خودموختاری و پێوەندی ئێران و عێراق و پێوەندی ئێران و پارتـــــــی دیموکراتی کوردستانی عێراق لەگەڵ مەلا مستەفادا قسە بکا."

لە گەڕانەوەیدا دوکتور گوتی : " بە مەلا مســـتەفام گوتوە ئێران و عێراق ڕێک

دەکەون ٠ ئەو دەم جولانەوەی کورد توشی تەنگ و چەڵەمەی زۆرد دەبێت٠
مەلا مستەفا لە وڵام دا گوتەیە : " ئەگەر ئەوان رێك کەون، منیش لەگەڵ ئێوە رێك دەکەوم(لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان) و شەر دەخەمە کوردستانی ئیران و بە بیست و چوار سەعات پێشمەرگە دەگەنە سەر چەمی ئاراز٠٠"
ئەو قسانەی مەلا مستەفا کە دوکتور قاسملو دەیگێرانەوە، خەیالێکی خۆش و هیوای بۆ ئەندامانی کومیتەی ناوەندی پێك هێنا بوو٠ بەڵام من هەر لە سەر بیرو رای خۆم بووم ، کە ئیران وەهای دەست خشتۆتە نێو شۆرشی کوردستانی عیراق، زەحمەتە رێگا بدا لە گەڵ حکومەتی عیراق رێك بکەوێ ٠ لە سەر ئەو مەسەلەیە ناکۆکی بیرو رامان لە گەڵ کومیتەی ناوەندی بەر دەوام بوو٠
رۆژی ١٩٧٣/١٢/٨ بۆ سەردانی منداڵەکانم هاتمەوە سوفیا ٠ ساڵی تازەی زستم لە گەڵ منداڵەکان رابوارد٠ ئێوارەی شەشی مانگی ژلنویەی ٧٤ دوکتور قاسملو تەلەیفونی کرد کە بگەرێمەوە بۆ بەغدا ٠ رۆژی ١٩٧٤/١/٩ گەرامەوە بەغدا ٠ کێشەو هەرای نێوان پارتی و حیزبی کومونیست درێژەی هەبوو٠ رۆژی ٧٤/١/١٥ لە گەڵ دوکتور قاسملو چووینە بارەگای حیزبی کومونیست و لە گەڵ کاك عەزیز و کاك کەریم ئەحمەد لە سەر بار و دۆخی عیراق وکێشەی نێوان پارتی و حیزبی کومو-نیست باسێکی درێژمان هەبوو٠ رۆژی ٢٣/ ٤/ ١٩٧٤- یش لە گەڵ دوکتو چووینە بارەگای لقی پینجی پارتی و لە گەڵ سەیدا صالح یوسفی رەحمەتی باسمان کرد و نیگەرانی خۆمان لە ناکۆکی نێوان پارتی و حیزبی کومونیست نیشان دا ٠ سەیدا لە وەزعی پێك هاتوو فرە نارازی بوو٠ بەلام دیار بوو هیچی لە دەست نەدەهات ٠
بۆروی سیاسی لە کۆبوونەوەی خۆی دا بریاری دابوو کە کلاسیکی سیاسی بۆ ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و چەند کادری خوێندەوار و تێکۆشەر بکاتەوە ٠ من بە مسئولی کلاسی کادر و ئامادە کردنی دیاری کرابووم ٠
١٩٧٤/١/٢٥ خەبەرمان زانی کە ئیرەجی ئیسکەندەری و کیانوری هاتوونە بەغداو میوانی حیزبی بەعس بوون ٠ بە برادەرانی حیزبی کومونیستی عیراقیان گوتبوو کە دەیانەوی چاویان بە برادەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بکەوی ٠ بەلام حیزبی بەعس ریگای نەدابوون٠

بە گوێرەی بڕیاری پێشوو ڕۆژی ١٩٧٤/٢/٢ کلاسی دەرس دەست بەکار کرد . هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەشدار بوون . دوکتور قاسملو لەو کلاسەدا دەرسی فەلسەفەو ئابووری سیاسی و مەسەلەی کورد و پێوەندی نێونەتەوایەتی دەگوتەوەو بەراستی کەلکی زۆری هەبوو . کلاس ٢٥ ڕۆژی خایاند . ڕۆژی ١٩٧٤/٢/٢٧ دوکتور قاسملو پێشنیاری کرد : " ئێستا کە برادەرانی کومیتەی ناوەندی لە بەغدان . مەسەلەی ئەوەش هەیە کە پارتی و حکومەتی عێراق بەیەکجاری تێک بچن پێویستە ئێمە باسی ئەم وەزعە بکەین و بزانین لە حالەتێکی ئاوادا دەبێ چ بکەین و هەڵوێستمان چ دەبێ . پێویستە بڕیاری ئاخری بدەین ".

من گوتم لام وایە بۆ ئەو مەسەلەیە کۆبوونەوە پێویست نییە چونکە کومیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەی پێشوودا بڕیاری داوە تەنیا پێویستە خۆمان بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو بڕیارە ئامادە بکەین . بە تایبەت ئەندامانی حیزب چ ئەوانەی لە کوردستانی عێراق دەژین و چ ئەوانەی لە کوردستانی ئێران نامە دەنووسن و داوا دەکەن کە حیزب هەڵوێستی خۆی روون بکاتەوە و لە کاتی هەڵگیرسانەوەی شەردا حیزبی دیموکرات چ دەکا .

ڕۆژەی برادەرانی کومیتەی ناوەندی لایەنگری ئەوە بوون کە جارێکی دیکەش لەو مەسەلە بە بکۆڵینەوەو کۆبوونەوە ساز بکرێ.

ڕۆژی ١٩٧٤/٢/٢٨ کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی دەست پێکرا . دوکتور قاسملو گوتی : " پێویستە لە سەر بڕیاری پێشووی کومیتەی ناوەندی لەبارەی چوونەوەی ڕێبەرایەتی حیزب بۆ ئێران لە کاتی هەڵگیرسانەوەی شەر لە کوردستانی عێراق هەڵوێستی خۆمان روون کەینەوە . پێویستە برادەران بە وردی لەو مەسەلەیە بکۆڵنەوە ".

لێرەدا بە کورتی بیروڕای ئەندامانی کومیتەی ناوەندی تومار دەکەم کە لە کاتی کۆبوونەوەدا لە دەفتەری بیرەوەرییەکانم دا نووسیومن.

ماموستا مەلا عەولا: بە لەبەر چاو گرتنی وەزعی ئێستای عێراق . کە ناڕامیش دژی جولانەوەی لە کوردستانی ئێراندا . ئێمەش ئەو هێزەمان نییە کە

هەم دژی ڕژێمی شا و هەم دژی بارزانی بێ. باشترە بڕیاری پێشوو
هەڵوەشێنینەوە.

مەلا ئیسماعیلی حاجی: ئەگەر شەڕ لە کوردستانی عێراق دەست پێ بکاتەوە ئیمکانی ئەوەمان نابێ کە لە کوردستانی عێراق بمێنینەوە. کەوا بوو با بچینەوە وڵاتی خۆمان و بڕیارەکەی پێشوو هەر لە جێگای خۆی بێ.

هاشمی کەریمی: ئەگەر بچینەوە ئێران و چەند مانگ خۆ ڕاگرین لەوانەیە نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش یارمەتیمان بدەن. کەوا بوو بڕیارەکان لە جێگای خۆی بێ باشترە. گەڕانەوەی ئێمە بۆ ئێران ڕێگای یارمەتی بە شۆڕشی عێراق ناگرێ. ڕاپەڕینی ئێمە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئێران پترش یارمەتی بە شۆڕشی کوردستانی عێراق بکا.

مامۆستا هێمن: بڕیاری پێشوو لە بارەی گەڕانەوەمان بۆ ئێران لە جێگای خۆی بمێنێتەوە. پێویستە بچینەوە وڵاتی خۆمان یا لە وڵاتی خۆمان کار بکەین تا خۆ بە گوشت دابنێی تێدا بێ. با وەک پیاوان دەست لە ڕێبەرایەتی هەڵبگرین و وەک کوڕێک سەر بەخۆ بژین.

مەلا ڕەسوول: موافقم ئەو قەرارە لە جێگای خۆی بمێنێتەوە ئەوەی ئێمە هەمانە ئەگەر بگەڕێینەوە وڵات خۆمان ڕادەگرین. وەزع باشتر دەبێ. ئەو تەشکیلاتەی ئێمە دەمانەوێ لە ژێر لولەی تفەنگدا بەبێ ساز نابێ. لە سەردەمی شەڕدا لە کوردستانی عێراق وا فێرکرابووین چاومان بڕیبووە شۆڕش و دەمانگوت ئەگەر شۆڕش سەرکەوێ ئێمەش دەبینە شتێک. بەڵام ئێستا لە سەرتاسەری کوردستانی عێراق شۆڕش دژی ئێمە تەبلیغات دەکا. ئێمە نە کۆمیتەی ناوەندی و نە کادر و تەشکیلاتی خۆمان هەبوو گەڕانەوەمان تاقە ڕێگایە.

حەمەدەمینی سیراجی: من لام وایە دەبێ ئەو بڕیارەی پێشوو هەڵوەشێنینەوە. مەسەلە ئەوە نییە مەرگی شەرافەتمەندانە لە ژیانی سەرشۆڕی باشترە. مەسەلە لێکدانەوەیە. هێزی خۆ و دوژمن لێک بدەینەوە. نابێ کارێکی وا بکەین بە زیانی شۆڕشی کوردستانی عێراق بێ.

کەریم حەداد: ئێمە ئەگەر مانگێکیش خۆمان ڕانەگرین. مەعلوومە بارزانی بە

له ئیراندا . ناتوانین له ولات بمێنینه‌وه. که وابوو بریاره‌که‌ی پێشوو هه‌ڵوه‌شێته‌وه .

دوکتور سولتان : ئه‌وانه‌ی گوتران هه‌مووی ته‌عه‌سوبه . ئێمه نابێ بۆ موقعه‌راتیکی مه‌جهول بچین. چوونه‌وه‌ی ئیران ئینتیحاره. موافقم بریاره‌که هه‌ڵوه‌شێته‌وه.

که‌ریمی حیسامی : ئه‌و بریاره واته بریاری گه‌رانه‌وه‌مان بۆ ئیران ئه‌گه‌ر شه‌ر له کوردستانی عیراق ده‌ست پێ بکاته‌وه . له کۆبوونه‌وه‌ی پێشوودا به زۆربه‌ی ده‌نگ په‌سند کرا . ئه‌و ده‌م ته‌نیا دوو که‌س دژی گه‌رانه‌وه‌ی ئیران بوون. کاك حه‌مه‌ده‌مین و ماموستا مه‌لا عه‌ولا . ئێستا سێ ئه‌ندامی کومیته‌ی ناوه‌ندی لێره نین که هه‌ر سێکیان له‌سه‌ر گه‌رانه‌وه بۆ ئیران پێ یان داده‌گرت. من لام وایه هیچ مه‌سه‌له‌یه‌کی وا نه‌هاتۆته پێش که ئێمه کۆبینه‌وه‌و دوو رۆژ له‌سه‌ر ئه‌و مه‌سه‌له‌یه قسه بکه‌ین . بریاریکه دراوه. لام وایه ده‌بێ له جێگای خۆیدا ئه‌نجام بدرێ. ئه‌گه‌ر بمانه‌وێ وه‌ك حیزب بمێنین و له‌به‌ر یه‌ك بلاو نه‌بین پێویسته له‌سه‌ر ئه‌و بریاره‌ی پێشوو راوه‌ستین. زۆر له براده‌ران باسی مه‌لا مسته‌فاو شورشی کوردستانی عیراقیان هێنا گۆری. من نازانم تا که‌ی ئێمه خۆمان به پارتی و به ئه‌م شۆرشه‌وه ده‌به‌ستینه‌وه. بۆ خۆمان فریو بده‌ین شورشی کوردستانی عیراق هه‌وساری به‌ده‌ست ئێرانه . با بۆ جاریك ده‌ست له‌وانه هه‌لگرین . بچینه‌وه ولاتی خۆمان خه‌بات بکه‌ین و خه‌ڵك وریا بکه‌ینه‌وه.

دوکتور قاسملو : نه‌زه‌ر دان له‌و باره‌وه دژواره. هه‌ر دووك لا ده‌لیلی موخالیف و موافقیان هه‌یه. ده‌لیلی هه‌وڵ بۆ چوونه‌وه ئه‌وه‌یه که هه‌ر حیزبیك ده‌بێ له‌نیو میلله‌تی خۆی بێ. چوونه‌وه‌مان کاریکی موسبه‌ته. چونکه ئێمه له واقعیه‌تی ولاتی خۆمان دوورین . زۆرمان ئاگا له ولاتی خۆمان نیه.

ده‌لیلی دووه‌م ئه‌وه‌یه ساڵه های ساڵه له ولات دوورین. ده‌بێ له ولاتی خوم بم تا بتوانم قه‌راری راپه‌رین بده‌م . راسته چوونه‌وه دژواره . به‌لام ئه‌وه‌ش ته‌جروبه‌یه‌که . ئێستا ناتوانم بلێم بگه‌رێینه‌وه یا نه‌گه‌رێینه‌وه. نازانم سه‌ر ده‌که‌وین یان نا . وه‌ك قوماریکه. ریسکه. وێ ده‌چێ خه‌لکێکی زۆر وه‌دووامان

کەون . ئەو دەم ناوڕاستی ڕێنی دەگۆڕی . بەڵام ئێستا لە ئێران بەتەنگلامەبان
نییە. خەڵکی ئێران بەگشتی لە ڕژێمی ئێران بێزارە بەڵام ئەو بێزارییە
پاسیڤە . تەنانەت جوڵانەوەی خودبەخودیش نییە. میللەتەکەمان ترساوە.
جاشێتی و خۆفرۆشی لە ئێمەدا بۆتە باو . کاتێک وەدووامان دەکەون کە بران
سەردەکەوین. تا ئێستا نەمانتوانیوە لەگەڵ حیزبەکانی ئێرانی ڕێک بکەوین.
سەرانیتی دەرەوەش دەبێ لەبەرچاو بگرین . وڵاتەکانی سۆسیالیستی . حکومەتی
عێراق ، شۆڕشی کوردستانی عێراق . دەبێ بزانین شۆڕش تا چ ڕادەیەک کۆمەکمان
دەکا ، حکومەتی عێراق چەندە موساعیدەی دەکا . وڵاتەکانی سۆسیالیستیش
کۆمەک ناکەن. دەبێ مەسەلەکە بە وردی لێک بدەینەوە . مەوجودیەتی حیزب
لەگۆڕێ دایە. هاتوو گەڕاینەوە هەموو لەبەین چووین."

من پێشنیارم کرد بە درێژی لەو بارەوە قسە بکرێ. برادەران ئەو ڕوای خۆیان
دەربڕی . سێ ئەندامی کومیتەی ناوەندی کە لە دەرەوەن لە کۆبوونەوەی ڕابردوودا
دەنگیان بۆ گەڕانەوە داوە. کە وابوو یا ئێستا باسەکە بڕبەینەوە و دەنگ وەربگرین.

دوکتور قاسملو گوتی : " لە مەسەلەی گرینگدا دەنگدانی ڕێگای هەرە باش
نیە. با ڕێگا بدەین ئەم ئەو برادەران بیری لێ بکەنەوە و بەسەر کۆبوونەوە درێژە
پێ دەدەین."

ئەو ڕۆژە کۆبوونەوە دوایی پێ هات . برادەران هەموو لە خانووی حیزب
میوان بوون. بەڵام دوکتور قاسملو خانوی تایبەتی هەبوو بە تەنیا دەژیا . ئەوی
مەلا ئیسماعیلی حاجی و هاشمی کەریمی بانگهێشت کردبوو. هەم نانێکی چاکی
دابوونێ و لێوی تەر کردبوون و مێشکی شوشتبوونەوە کە لە بیرو ڕای خۆیان
پەشیمان ببنەوە . ڕۆژی دوایی کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی دەست پێکرا .
یادداشتەکانی من لەو کۆبوونەوەدا کە بە کورتی نووسراون بەم جۆرەن:

دوکتور قاسملو : تکا لە برادەران دەکەم بە مەسئولیەتەوە بێ ئیحساسات
نەزەر بدەن و فکری لێ بکەنەوە.

حەسەنی سیراجی : من لام وایە کە برادەران لە سەر ئیحساسات
و هەستی کورتە ناموسی قسەیان کرد. لە بارەی برادەرانی دەرەوە سەرەڕای زۆر

دانان ، ئەوان لە دنیای شوعاری توندو تیژو چاپەمەنی و تەبلیغات دا دەژیــــن. ئاگایان لە وەزعی ولات نیە. بریاریکی ئەوتۆ مەسئولییەت و فیکر کردنــــەوەی دەوی. من لەسەر فیکری خۆم ماوەمەوە کە بریاری پێشوو هەڵوەشێتەوە.

مەلا رەسول : من زۆرم لێك داوەتەوە بەو تەجروبەی کە هەمە ئەگەر شەربێتەوە بە هیچ جور ناتوانین لە نێو شورشی کوردستانی عیراقدا خۆمان بپارێزین.
بەیت و باومان بۆ هەل دەبەستن . هەموو کاریکمان لەگەڵ دەکەن. دەبێ بگەرێینەوە لە ژیر لولەی تفەنگدا رێکخراو ساز بکەین، دەتوانین خۆمان رابگرین.

ماموستا هیمن : لەسەر باوەری خۆم ماوم دەتوانین بچینەوە. خۆشمـــــــان رادەگرین . هەر بگمینەوە ولاتی خۆمان دەمینینەوە. ئەگەر نەچینەوە با دەســـت هەلگرین و با میللەتەکەمان بۆ خۆی خەبات بکاو رێگا ببینیتەوە.

هاشمی کەریمی : با راوەستین سالێك چاوە رووان ببین ، پاش سالێـــــــك بچینەوە.

مەلا سمایلی حاجی : پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر لام وایە ئەگەر نەچینـــەوە ئیران دەتوانین بمێنینەوەو شورشیش دەستمان لێ نادا . با بریاری پێشــــــوو هەلوەشینینەوە.

مەلا عەولای حەیاکی : هەل و مەرجی راپەرین لە ولاتدا نیە. ئەگەر هەیــــە با هەر ئێستا بچینەوە. من لەسەر فیکری خۆم ماوم و پێویستە بریاری پێشــــوو هەلوەشێتەوە.

کەریم حەداد: خۆمان پێ راناگیری . ناتوانین بمێنینەوە. بریاری پێشــــوو هەلوەشیتەوە باشترە.

کەریمی حیسامی : من لام وایە ئەم هەموو بێتەو بەرمیە هەر بۆ ئەوەیە کـــــە بریارەکەی پێشوو هەلوەشێتەوە. مەلا سمایل و کاك هاشمی کەریمی ئەگـــــــەر شەویکی دیکە بانگ بکرین لەوانەیە لە سەر هەڵوەشاندنەوەی حیزبیش بریار بدەن. بێجگە لە چوونەوە بۆ ئیران ریگای دیکە نیە. با بچینەوەو لە ولاتی خۆمـــــان خەبات بکەین.

دوکتور قاسملو : خاتر جەم نیم لەوە لە چوونەوەدا خۆمان بۆ رادەگیری یانە.

بەلام لەوە دڵنیام کە دەتوانین خۆمان بپاریزین • نەتیجەی باس و لیکدانەوەی کومیتەی ناوەندی پاش دوورۆژ وتو ویژ ئاوایە :

حەمەدەمین ، دوکتور سولتان ، کەریم حەداد ، مەلا سمایل ، مەلا عەولا موخالیفی چوونەوەن - کاك هاشم تا سالیك بۆ چوونەوە مۆلەت دەخوازێ• مەلا رەسول ماموستا هیمن ، کاك کەریم موافقی ئەوەن لە کاتی ساز بوونەوەی شەر دا بۆ ئیران بگەرینەوە• "

پاش ئەم نەتیجە گیرییە ، دوکتور قاسملو بریاری کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی بە خەتی خۆی نووسی • من پێشنیارم کرد کە زۆربەی دەنگی لێ زیادبکرێ و بنووسرێ : " کاك کەریم ، مەلا رەسول ، ماموستا هیمن دژی هەلوەشاندنەوەی بریاری پیشوون" •

ئەوەش دەقی چلك نووسی بریارەکەیە بە خەتی دوکتور قاسملو :

" کومیتەی ناوەندی بریاری دا :

۱- بریاری کومیتەی ناوەندی کە بریتی بوو لەوە کە ئەگەر لە کوردستانی عیراق شەر دەستی پێ کردەوە بەرێوە بەری و ریکخراوی حیزب لە عیراق بەچەکداری بچیتەوە کوردستانی ئیران و خەباتی چەکدار دەست پێ بکا ، هەلوەشێتەوە و پیرەوی لە تیئۆری راپەرینی چەکداری ئیجباری نەکا کە نەتیجەی وەمەترسی خستنی هەموو حیزبە •

۲- دریژە پێ دان بە تیکۆشانی حیزبی لە هەموو هەل و مەرجیك دا بە تەنیاریگای ئوسولی دادەنێ و بە پیویستی دەزانێ بۆ ئەم مەبەستە لە ئیستاوە تێ بکۆشی "

بەم جۆرە بریاری گەرانەوە بۆ ئیران لە کاتی هەلگیرسانەوەی شەر لە کوردستانی عیراق هەلوەشاوە •

پاش کۆبوونەوە لەگەل دوکتور قاسملو و کاك حەمەدەمینی سیراجی چووینە بارەگای حیزبی کومونیستی عیراق کە چاومان بە کاك عەزیز محەمەد بکەوێ و لە سەر وەزعی کوردستان قسە بکەین• کاتێك چووینە ژوور کاك نەوزاد

ڕۆژی پاش ئەو پرسی ڕێنوێنی هاتووچۆ کەران بوو گوتمان دەمانەوێ چاومان
بە کاک عەزیز بکەوێ . کاک ئەوزاد سوڵەیکی نووسی و ناردی بۆ سەرێ . پاشـــتر
لە سەعاتێک چاوەڕوان بووین خەبەرێک نەبوو . بە ئەوزادم گوت ئەوە چ بوو تـــۆ
بەنووسیبوو کێ هاتووە ؟ یەکێ دیکەی نارد . برادەرەکە گەڕاوە و کەوتە پێشمـــان
چووینە سەر کە دەرگامان کردەوە ، کاک عەزیز واقی وڕ ما و هەستا بۆ پێشمـــان
هات و گوتی : " دەک خودا مبارەکی نەکا کوڕە تۆ کەریم شیرانی ؟ ئـــەوزاد
سوڵەیکی نووسیوە دەڵێ : کەریم شیرانی لەگەڵ دوو کەس دەیانەوێ بتبیننەوە لات .
منیش هەرچەند بیری لێ دەکەمەوە هیچ کەس بە ناوی کەریم شیرانی ناناسم دەبێ
ئەو کەریم شیرانییە کێ بێ ؟ "

ئەوە لە کاتێکدا لەگەڵ ئەوزاد باش یەکترمان دەناسی و زۆر لە پراگ و لـــە
بەرلینا پێکەوە بووین .

دانیشتین باسی وەزعی کوردستانمان کرد . کاک عەزیز گوتی : " وەزع زۆر
خراپە . وادیارە ڕێک ناکەوین " . کاتێک باسی وەزعی خۆمان کرد . کاک عەزیز
لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە تا بتوانین خۆمان بێ لایەن ڕابگرین و لە عێـــــراق
بمێنینەوە و وەک یەکەمەک بۆ خەبات لە وڵاتی خۆمان کەڵکی لێ وەرگرین .

پاش چاو پێ کەوتنی کاک عەزیز بۆ ڕۆژی سبەینێ بۆ ڕوون کردنەوەی تەکلیفی
حیزب لە کاتی هەڵگیرسانەوەی شەڕ کۆبوونەوەیەک پێک هێنا . دوکتور قاسملو گوتی
" بە لای منەوە باشتر ئەوەیە ئەوانەی مەسئولییەتمان هەیە لە حیزبی ئێمـــەدا
بچینە کاتی باسی لای ئەسعەد خۆشەوی دابنیشن " .

ئەمن و کاک حەمەدەمین و ماموستا هێمن لەگەڵ ئەو پێشنیارە موخالیـــف
بووین . باش باسێکی زۆر و کۆبوونەوەی بیروباوەڕ و ناکۆکی بۆ چوونی دوکتـــور
قاسملو پێشنیاری کرد : " کە پێویستە دابەش بین . بەلام نابێ پێوەندی حیزبی-
مان پێک بچێ . دەبێ بکۆشین حیزبمان درێژەی هەبێ " . گەیشتینە ئەو بڕیـــارە
کە وەزعی بەغدا یەک بدەین . بەلام بڕێک خۆمان بۆک بکەین . هەندێک لـــە
برادەران بچینەوە کوردستان . ئەوانی دیکەش لە بەغدا بن .

ڕۆژی ٩ی مانگی مارسی ١٩٧٤ کاک ئەدریس بارزانی کە بۆ وتوو وێژ هاتبـــوە

بەغدا بێ نەتیجەو رێك کەوتن گەڕانەوە . دوکتور قاسملو لەگەڵ کاك سامی
چووبوە لای ئیدریس و لە راستیدا ئەو سەرو بەندە دوکتور پتر لەگەڵ کاك سامی و
ئەندامانی پارتی تێکەڵ بوو تا لەگەڵ حیزبی دیموکرات . لەگەڕانەوەدا بەجارێك
لە رێك کەوتن ناهومید ببوو . حیزبی بەعسی تاوانبار دەکرد و زۆر بە توندی لە
هەڵوێست و لە سیاسەتی سەروکایەتی شورش پشتیوانی دەکرد .
ناکوکی توندی بۆ چوون و بیرو باوەر لە سەر وەزعی کوردستانی عیراق و
سیاسەتی پارتی لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیراندا توند بوو .
ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بە تێکرایی پشتیوانییان لە سیاسەتی مەلامستەفا
دەکرد و سیاسەتی سەرکردایەتی شورشی یان پێ راست بوو . تەنیا من سیاسەتی
پارتیم پێ چەوت بوو . دەمگوت : ئەوە سەرکردایەتی شورش نیە کە لەگەڵ بەعس
رێك ناکەوێ. بەڵکو ئەوە شای ئیرانە نایەوێ کورد لە کوردستانی عیراق
خودموختاری هەبێ . شا بەوە رازی نابێ کە لە ئیران کورد نەتوانێ بە رەسمی
خۆ بخوێنێ . بەلام لە سولەیمانی زانستگای کوردی هەبێ . دەمگوت : شورشی
کوردستان ئەوە چوار ساڵە لە کوردستان حکومەت دەکا . با ئیستاش خودموختاری
بە کەم و کوری بەوە قبول بکا . چەند ساڵ کوردستان ئاوەدان بکاتەوە . بە خەڵك
بخوێنێ . کادری سیاسی و زانستی ئامادە بکا . پێوەندی خۆی لەگەڵ ئیران
بپچڕێنێ و یارمەتی بکا بە جولانەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان .
بەلام فایدەی نەبوو - برادەرانی کومیتەی ناوەندی بە سەرکردایەتی دوکتور
قاسملو وەها لە دەریای دەمارگیری ناسیونالیستی دا نوقم ببوون کە باسکردن
لەگەڵیان دژوار بوو . دوکتور قاسملو دەهاتەوە دەیگوت : شورش چەکی وای
وەگیر کەوتوە دەتوانێ لە کەرکوك بدا وە چاو راوی تر . "
رۆژی ١٠ ی مانگی مارس لە کوبوونەوەی بۆرۆی سیاسی دا بڕیار درا کە ئەگەر
شەر لە کوردستان ساز بێتەوەو نەتوانین ئەم وەزعەی ئێستا بپارێزین و مانەوەمان
لە بەغدا نەکرێ بلاوەی بکەین بەم جورە :
مەلا عەولای حەساکی لەگەڵ کادرو ئەندامانی حزبی بچێنە کانی ماسی . کاك
هاشمی کەریمی لە سولەیمانی لە مالی ناصوراییەکی بمێنێتەوە .

من بچمەوە بولغارستان. دوکتور قاسملو لە گەل کاک حەمەدەمینی سیراجی لــــە بەغدا بمینەوە ٠

رۆژی ١١ی مارسی ١٩٧٤ حکومەتی عیراق پیشنیارە تازەکانی پارتی قبول نەکرد لە ڕێک کەوتن ناهومید بووین و بریارمان دا وردە وردە دەست بە خۆ سووک کــــردن بکەین ٠ ماوەیەک بوو مالی سەید رەسوومان هێنا بوە بەغدا و لە رادیۆدا هاوکاری دەکرد٠ رۆژی ٧٤/٣/٢٣ مالی سەید رەسوومان ناردەوە کۆیە ٠ مەلاعەولای حەیاکی و مەلارەسوولی پیشمەمازمان لە گەل هێندێ لە کادرەکان . ناردەوە کوردستان وکران بە نوێنەری حیزبی دیموکرات بۆ پێوەندی لەگەل پارتی دیموکراتی کوردستانــــی عیراق ٠ رۆژی ٣/٢١ بوروی سیاسی نامەیەکی ئاوای بۆ مەکتەبی سیاسی پارتــــــی نووسی :

" بۆ بەرێز مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق

برایانی بە ڕێز ! سلاویکی گەرمی برایانەتان پێشکێش دەکەین - هیوامان ســـەر کەوتن وپێش کەوتنتانە ٠ لە بەر ئەوە کە وەزعێکی نوێ هاتۆتە گورێ. بو چارە سەر کردنیکبرو کرفتەکانی ڕێکخراوی حیزبی ئێمە لە کوردستانی عیراق بە پێویستمان زانی هەوالای مەسئول کاک عبداللە حەسەن‌زادە و کاک رەسول عبدالرحمان بنێرینە لاتان٠ ئێمە دلنیاین کە ئێوە لەم بارەوە لە هیچ چەشنە یارمەتیەک درێخی ناکەن ٠

سەرکەوتنی ئێوەمان ئاواتە ٠

بوروی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران ٠

کاک حەسەنی قزلجی کە ماوەیەک بوو لە کوردستان دوور کەوتبوو و زۆر بە ئاوات بوو سەریکی عیراق بداتەوە و چاوی بە دۆست و برادەران بکەوێ. چەند جاریــــش داوای لە ڕێبەرایەتی حیزبی تودە کرد بوو کە ئەو سەفەرەی بۆ ئامادە بکات. بەلام سەر نە کەوتبوو ٠ داوای لە ئێمە کرد کە ڤیزا و بلیتی فرۆکەی بۆ بنێرین . سەفەری عیراقابکا ٠ لیـــە پاسی مان بۆ وەر گرت و بلیتی فرۆکەمان بۆ نارد و رۆژی ٣/٢٧ کاک حەسەنی قزلجی پاش ١٣سال دووری لە عیراق کە بشتەوە بەغدا ٠ ئەو برادەرە حیزبیانەی کە لە بەغدا بوون. بە تیکرایی چوونە فرۆکە خانە و پێشوازیمان لێ کرد٠ ماوەی مانگێک لە عیراق بوو . ئەوەی لەتوانا دابوو خزمەتی کرا و زۆر رازی بوو٠

پاش ١١ی ئاذاری ١٩٧٤ لە کوردستان شەر دەست پێکرا ۆ وە ٠ لە خاسووری حیزبی دیموکرات لە بەغدا ـ دمە تەقە و شەرە دندووکە لە سەر چەوتی و راستی هەلوێستی پارتی بەردەوام بوو٠ تەواوی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بە رێبەرایەتی دوکتور قاسملو پشتیوانیا ن لە سیا سەتی پارتی دەکرد٠ سەیر ئەوەبوو ئەو برادەرانەی کە پێشتر مائویست و خۆیان بە شۆرشگێر دەزانی و شۆرشی کوردیان بە دەسکردی شاو ئیمپریالیزم دەدا قەلەم. ئێستا ببوونە ناسیونالیست و قسە یان لە گەل نەدەهات ٠ من بە تەنیا لە سەر بیرو رای خۆم سور بووم و پیم وابوو شەر بە قازانجی کورد نیە و شای ئیران تایەوی کورد خودموختاری هەبێ و ئەوە شەری سار کردۆتەوە ٠ مەسەلەیەکی تر کە لە نێوماندا جێگای باس و دم بەدمە بوو ـ مە سەلەی رۆیشتنی خەلک بە تایبەت رووناکبیران بە دەستووری پارتی بۆ نیو شۆرش و لە راستیش دا بۆ ئیران و بۆ ژێر چنگی ساواک٠ من دەمگوت : ئەوە کارێکی هە لەیە و پێویستە رووناک بیر و خەلکی دیکەش لە شارەکان دا بمێننەوە و خەبات رێک بخەن ٠ دوکتور قاسملو دەیگوت : ئەوە سیاسەتێکی راستە ٠ بەو کارە بە حکومەتی عیراق نیشان دەدرێ کە خەلک لە گەل شورشە ٠

لە سەر بریاری پێشوو ، من و دوکتور قاسملو و دوکتور سولتان و کاک حەمەدەمین و ماموستا هێمن لە بەغدا ماینەوە ٠

رۆژی ١٩٧٤/٥/٨ بۆ لێکۆلینەوەی وەرعی خۆمان و باسی کوردستانی عیراق بوروی سیاسی کۆبوونەوەی پێک هێنا ٠ پاش باسێکی زۆر لە سەر سیاسەتی شورش و پێوەندی لە گەل ئیران و ناکوکی لەنێو ئێمەدا لە سەر ئەو مەسەلەیە بەردەوام بوو٠ ئاخرەکەی پێشنیاری دوکتور قاسملو بەم چەشنە پەسند کرا : " سەرەرای ناکوکی بیرورای شەخسی لە سەر مە سەلەی کوردستانی عیراق. دەبێ بێ لایەنی خۆمان بپارێزین و دژی بەعس و پارتی هیچ نە نووسین وتەبلیغات و خەباتی خومان دژی ئیرانی سارد نەکەینەوە " ٠پاش پەسند کردنی ئەو پێشنیارە و هێدی بوونەوە ـ بوروی سیاسی ئەم بریارەی پەسند کرد بەو شەرتەی کە تەنیا ئەندامانی کومیتەی نا وەندی ئاگاداری بن و بە گشتی بلاو نە کرێتەوە ٠

ئەمەش دەقی بڕیارەکەیە :

" الف : بزووتنەوەی سیاسی ئەوڕۆی کە لە کەرمێن دا دەستی پێکردووە. بە ڕێگای حەللی دروستی مەسەلەی کورد لەم وڵاتەدا بزانێ و لەو بڕوایە دایە کە مەسەلەی کورد دەبێ لە ڕێگای ئاشتی‌وبە شێوەی دێموکراتی چارە سەر بکرێ و ڕێگای حەللی سیاسی بۆ بدۆزرێتەوە. بۆ ئەوە خەبات بۆ گەڕانەوە سەر وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی ڕاستەقینەی جووڵانەوەی گەلی کورد لە کەرمێن بە ئەرکی هەموو هێزە نیشتمانپەروەرەکانی کەرمێن وهەموو هێزە پێشکەوتووەکانی جیهان دەزانێ.

ب : دیفاعی گەلی کورد لە سەربەستی خۆی دیفاعێکی عادیلانەوڕەوای خود- بۆخماریەکی بەواز کە هەموو ناوچەکانی کوردستانی کەرمێن دەگرێتەوە. داخوازێکی ڕەوایە.

ج : حیزبی ئێمە بە پێی بەرنامەی خۆی دژی ڕژێمی کۆنە پەرستی شا و بۆ هێنانە سەر کاری ڕژێمێکی دیموکراتی لە ئێران و خود موختاری بۆ کوردستان خەبات دەکا و ڕژێمی شا بە دوژمنی ئەسڵی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دادەنێ. بڕیار درا دەقی ئەو بڕیارە بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە کوردستان و لە ئوروپا بنێردرێ."

لەسەر بڕیاری مەشووەری حیزب . ڕۆژی ٨/٥/١٩٧٤ گەڕامەوە بۆ سوێد. دایکی کەمال و منداڵەکان لە فڕۆکەخانە چاوەڕوان بوون. ڕۆژی دوایی نامەیەکم بۆ کاک ئەمیری ناری نارد و بڕیاری بووری سیاسی و هەندێ دەنگ و باسی عێراقم بۆ نووسی. ڕۆژی ١١/٥/ نوێنەری حیزبی توودە لە سوێدا هاتە لام و گوتی : " ڕادیۆی نەرویجی ئەسکەندەری وسەمووەتە کە لە بەرلین چاوی پێت کەوتووە."

گوتم ئەسەر دەستمە بڕادەران و ئەگەر موافیق بوون . ناسمیم بە . هەر ئەو شەوە بە بەلێنی لە گەڵ دوکتور قاسملو قسەم کرد. گوتی " قەی ناکا . بچوو پێمان بڵێ بڕیارە دەڵێی چی؟ . دواتە خەبەرمان بدەوە ".

ڕۆژی ١٦/٥/٧٤ چوومە بەرلین . چاوم بە ئەسکەندەری ئەسکەندەری سکرتێری گشتی حیزبی توودە کەوت . ڕادیۆی نەرویجی گوتی : " ڕۆژم هەوڵ داوە بە بڕادەرانی حیزبان بڵێم کە لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان لیك نزیك ببنەوە و

رادیۆی پەیکی ئێران دەنگی رەسمی حاڵی گشت هێزە نیشتمانییەکانی دژی رژێمی شا-
بێ. پێمان خۆشە چاومان بە قاسملو بکەوێ. پاشان گفتوگۆی هات. ناوبراو هەر
لە سەر هەوای جاران بوو. دەیگوت ڕێگا هەر ئەوەندە کە حیزبی دیموکرات لە گەڵ
حیزبی تودە ببێتە یەک. ئێوە دەبێ لە سەر شەڕی کوردستان هەڵوێستی خۆتان ڕوون
بکەنەوە. "

گوتم : ئێستا پێویستە بۆ هاوکاری بەرنامە یەک دابڕێژین. یەک گرتنەوەی دوو حزب
لە دەرەوەی وڵات هیچ نرخێکی نییە. باشترە بۆ پێک هێنانی بەرە و هاو کاری کار
بکەین. گفتوگۆی لە قسەی خۆی نەدەهاتە خوار. پاشان گوتمان : " بەنیاز
دەکەین قاسملو بێتە سۆفیا و لەوێ چاومان بە یەکتر بکەوێ".

رۆژی ٥/١٨ گەڕامەوە بۆ سۆفیا. رۆژی ٥/١٩ نامەی کاک ئەمیری قازی-م بۆ
هات کە لە وەڵامی نامەی من و بڕیاری بوروی سیاسی دا نووسیبووی. کاک ئەمیر
دوای بە خێر هێنانەوە و سڵاوی گەرم و برایانە. لە سەر بڕیاری بوروی سیاسی
نووسیبووی : " ٠٠٠٠ بەڵام دەمویست لێم ڕوون بێ و برام و حاڵیم بکەی کە ئەو
ڕێنە بەرامبەر بەو مەسەلەیە کە بوروی سیاسی حیزب کۆبوونەوەی بۆ دەکا و لە
سەری ساغ دەبێتەوە. بۆیە کە هەر بۆخۆی و کۆمیتەی ناوەندی برایان تا جیهانی
بە ئەندازەی خۆی و کادریش دەبێ بیزانن و دیفاعی لێ بکەن؟

٢- بە گوێرەی بڕیاری تازەی بوروی سیاسی حیزب. ئەو دەڵێن دیفاعی گەلی کورد
لە نیشتمانی خۆی دیفاعێکی عادیلانەیە و داوای حوکمی زاتییەکی تەواو کە
هەموو ناوچەکانی کوردستانی عێراق بگرێتەوە داخوازێکی ڕەوایە و ثابیتە "مەسە
لەی کورد دەبێ لە ڕێگای ئاشتی و بە شێوەیەکی دیموکراتی چارە سەر بکرێ و بۆ
ئەوە خەبات بۆ گەڕانەوە سەر ڕێوو ونژ لە گەڵ بوونەوەی ڕاستەوخۆی جوڵانەوەی
گەلی کورد لە عێراق بە ئەرکی هەموو هێزە نیشتمانییەکانی عێراق و هەموو هێزە
پێشکەوتووەکانی جیهان دەزانێ "لە گەڵ ئەمە لایەنی حیزب لەو مەسەلەیەدا دەگونجێ
و ڕێک و تەفسیر نین؟ لێم ببورە نامەوێ هیچ عەرز بکەم. بەڵام من نێ تێگەیشتم و
بەراستی تا ئێستاش نازانم چۆنە. لەو ساتەدا سەرم دەر ناچێ. جا ئەگەر کەمێک
بۆم ڕوون بکەیتەوە زۆرم پێ خۆش دەبێ و سوپاست دەکەم ٠٠٠٠٠٠ "

ڕۆژی ٢٥ی ٢ی ١٩٧٥ نامەیەکم بۆ دوکتۆر ناسعلو سووسی و بنشساری رێندرانی حیزبی سوودی نیرامە بێ راگەیاند. هەر وەها د ٢/٥/١٩٧٤ لە وەڵامی نامەی کاک ئەنوەری مائیدا ئەم نامەیەی خوارەوەم بۆ کاک ئەنوەر نارد :

" ..... پاش سڵاو وچاک و خۆشی ... لەسەر وەرتی خۆمان و برپاری بوونی سیاسی : کومیتەی ناوەندی بەر لەوەی شەر ساز ببێتەوە. لە کۆبوونەوەکانی خۆی دا بە درێژی باش باسێکی زۆر برپاری بێ لایەنی دا. دەگەڵ مادەی شۆرش و بە عێبی ئەو بێ لایەنە ناسکرا. هەر دوك لا موافەقەتیان کرد کە ئێمە بێ لایەن بین. کاتێکی کاک ئەدریس هاتەوە بەغدا دوو بارە لەگەڵ ئەو قسە کراوە. دەگەڵ بێ لایەنی موافیق بوو. بەڵام موافیقی ئەوە نەبوو کە ئێمە هەموومان بچینەوە کوردستان. بە بڕوای من هەر چاوەدێری ئەو تەعهداتە کە لە بەرامبەر ئێراندا هەمانە. لە بیرم چوو بۆ گەڕانەوە. ئێرانیش دە بەیندا دەگەڵ ئەخی بەلا معنا قسە کرا بوو. بە بۆچوونی موخالیف بوو. ئەوەش هەر لەسەر تەعهدات بوو. یەکێك لە دەلیلی برادەرانی ناپان داپووە هەر ئەوە بوو. ...."

بە بێ وەرتی ئەم و کاراکەر و چۆنیەتی ئەزدکە و بەسەرهاتەکانی بارزانی و کورەکی بە ئاشکرای ئێران و قبوول کردنی خود موختاری بە کەم و کورتیەوە و پا- بێ جیهادی و شەر ساز کردنەوە. لە ناو ئێمەدا ئیختیلاف هەبوو. برادەری وا هەبوو کە لای وابوو ئێران و ئەمریکا مەسەلەی کوردستان کردۆتە ئامرازی بۆ رووخا- ندنی حکومەتی عێراق و بە ئاشکرا کوردەکانیان هانداوە بۆ ساز کردنەوەی شەر. کە من یەکێك لە لایەنگرانی بۆچوونی ئەو بیر و باوەڕەم. لام وابە دەکرا بارزانی خود موختاری بە هەموو کەم و کوڕیەوە قبوڵ بکا. مناخەی قایمی خود موختاری و دەسەڵات لە کوردستان دامەزرێنێ. بە تەدریجی هەر چەندەی وەرتی عێراق بەرەو سەقام گرتوویی و دیموکراسی چووبایە بروابان بێ بە یەکتر کرد بابە مەسەلەی کەرکوکیش بەرەو چارە سەر کردن دەچوو. لام وابە دە ساڵی دیکەش ئەگەر بکەین بە ئەگەر نەتوانن کەرکوك بگرن و حکومەتی تێدا بکەن. ممکینە شەر بێتە هۆی رووخانی بەعسیش. بەڵام بە رووخانی بەعس یەك هەر ناسند هۆی ئەوە کە خود موختاری بدا و بۆ کورد دابین بکا. بەڵکوو دەبێتە هۆی لە بەین چوونی

بەکجاری مەسەلەی کورد٠ چونکە عبدالغنی راوی و ئەمثالی ئەو دێنە سەر کار٠
ئەو دەم ئێران و ئەمریکا ئەوان بە کورد ناگۆڕنەوە٠ بە لای منەوە ئێران عاشقی
چاوی رەشی کورد نەکاتی ئەو دنیای سنوور نیە٠ ئێران بەو کۆمەکە و بەو دیفاع و بەو
تەبلیغانە دەبێتە هۆی فەوتانی جولانەوەی کورد و لە شێوازی هێزە پێشکەوتووە
کانی دنیای بێ بەش دەکا٠ بە لای منەوە ئێران نایەوێ کورد خۆد موختاری
هەبێ، سەقام گرتوو بێ. کوردستان بیووژێنەوە و ببێتە بنکەیەکی قایمی جولا-
نەوەی رزگاریخوازی کورد٠ جا بۆیە کوردەکانی بۆ شەڕ هاندا٠ ئێستاش دەزگای
تەبلیغاتی ئێران خەبەری شەڕ بڵاو دەکاتەوە: کۆمەکی دەکا . بەڵام هەر چونکە
دەگەڵ بەعسی بەغدایە شەڕ دەکەن٠ تورکیا کە کوردەکانی بە تورکی شاخی دادەنێ
ئێستە بەرەی کورد خۆشەویستی لە بنکی دەدا٠ بەلای منەوە بەعسی زۆری غەڵەت کرد
سیاسەتێکی شۆڤینیستی بە کار هێنا. لە هەڵوێستی غەرەزی و لوت بەرزیەوە تەی
کرد٠ هەر چی بفەرمووی خەراپ و چەوت بوو٠ بەڵام لام وایە دەبوایە ئیرادەی
شۆڕشی کورد ئەوە لە بەر چاو بگرێ کە لەگەڵ حیزبێکی بورژوازی عەرەب بەرەنگە
کە بۆ هەوڵێن جار مەجبور بوە ئیعتراف بە حقوقی کورد بکا و زۆر هەنگاوی لە
بارەش هەڵبڕی٠ ئەو ئیعتراف و خۆد موختاریە ئاشتی رێگای بۆ چارەی رادیکال-
تری مەسەلەی کورد خۆش دەکرد٠ بەڵام بە داخەوە دوو گەلی زۆر گەورەو
بەرامبەری یەك و نەتیجەشی لە بەین چوونی کوردستان و خەڵکی بێ تاوان و شایی
و کەیفخۆشی ئێران و ئیمپریالیزمە "٠

٠٠٠٠ بەڵام لە بارەی ئەو ... کە دە فەرمووی ح جواب بدەمەوە٠ لام وایە دەستی
شقی هەوڵیان بێ: " کە ئەوە مەسەلەیەکی ناو خۆی عیراقە و ئێمە حیزبی ئێرانین"
لام وایە لەو بارەوە دوکتور بۆی نووسیبووی٠ چونکە بەرە رای ئەوەی مەسەلەیەکی
دژوارە: بەڵام چاوە دێری کردنی بڕیاری کومیتەی ناوەندی و بوروی سیاسی بۆ
ئێمە پێویست نیە٠ منیش وەك تۆ ئێستا تووشی ئەو پرسیارانە بووم٠ بەڵام گوتو-
مە ئێمە حیزبی ئێرانیین و کارمان لە کوردستانی ئێرانە٠ هەر وەك پارتی باسی
جنایەتی شا و کوشتاری ئێرانی نەکردوە٠ مومکینە کومیتەی ناوەندی بڕیارێکی
تازە بدا. ئەو دەم دەسان رێنامەی دەکەین٠٠"

ڕۆژی ٢٠/٥/٧٤ نامەیەکم بۆ دوکتۆر قاسملو نووسی و بەشداری ڕێبەرایەتی حیزبی بوودەم پێ ڕاگەیاند.

ڕۆژی ٢/٦/٧٤ کاک حەسەنی قزلجی لە بەغدا گەڕابەوە. دوکتۆر قاسملو ئەسپاردبووی کە ڕۆژی ٣/٦ لە بیروتەوە تەلەفونم بۆ دەکا. پێم سەیر بوو. چونکە بڕیار وابوو هەتا من دەگەڕێمەوە بۆ عیراق ئەو لە بەغدا بمێنێتەوە. بەلام مەسەلە چۆن بوو. داخوا کێ لە ڕێبەرانی شۆڕشی کوردستانی عیراق بە قاسملووی گوتبوو لەو هەل و مەرجەدا تۆ لە بەغدا نەبی باشە. دوکتۆر ئەوەی لە دووری سیاسیدا بەس باس نەکردبوو. پاش سەفەری من ئەندامانی دووری سیاسی تەنیا ٣ کەس لە بەغدا دەمێنەوە (قاسملو، سیراجی، دوکتۆر ڕەحمەتی). ماموستا هێمنیش وەک ئەندامی کومیتەی ناوەندی. دوکتۆر قاسملو بێ ئەوە باسی سەفەر لە دووری سیاسیدا بکات کورت و مواففەقەتی ئەوان وەر بگری. بە حەمەدەمینی سیراجی دەڵێ: "بۆ چاو پێکەوتنی هێزە سیاسییەکانی ئێران پێویستە سەفەرێکی ئورووپا بکەم بۆ ئەوە حەمەدەمین دژی نەوەستێ دەڵێ: تۆش بێی باشە." ئیتر لەگەڵ کاک حەمەدەمینی سیراجی سەردانی تورکیە دەکەن و دەچنە بیروت و پاشانیش بۆ ئورووپا.

لە بیروت لەگەڵ نالبەندخانەی کۆماری بەعسی دیموکراتی پێوەند دەگرن و داوا دەکەن لە دەستەیەکی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات سەر لە بەعسی بدات.

دیکاتێک کە مەلا ئەحمەدولای حەساکی لە کوردستان چاوی بە ڕێبەرانی شۆڕش دەکەوی. پێی دەڵێن: "دوکتۆر قاسملو لەو کاتەدا لە بەغدا بێ باشترە. مەلا ئەحمەدولای بۆ من نووسیوو. منیش لە نامەیەک دا بۆ دوکتۆر قاسملوم نووسی "ڕێبەرانی شۆڕش بە مەلا ئەحمەدولایان گوتووە کە دوکتۆر لە بەغدا نێ باشترە. کە واتە پێویستە بێتەوە عیراق". دوکتۆر قاسملو لە نامەیەک دا تاریخی ١٢/١١/ نووسیووی: "زۆرم پێ سەیرە کە لە لای (تۆک خۆر)[1] گوتراوە (نابی مینا)[2] لە بەغدا بێ باشترە. دووجار وابەو خۆ بە خۆمیان گوتووە کە لە بەغدا بە مێنم"

---

١ ـ تۆک خۆر نازناوی مەلا ئەحمەدولای حەساکی بوو. ماموستا هێمن بۆی دانا بوو.

٢ ـ نابی مینا ناوی دوکتۆر قاسملو بوو. لە نووسراوەکاندا ئێمە بەکاردەهێنا.

پاش کە پشتنی ئەو نامەیە کومیتەی ناوەندی بۆی روون بوو کە دوکتور قاسملو بە
بە قسەی یەکێ لە رێبەرانی پارتی برادەرانی حیزبی و عیراقی بە جێ هێشتوە ·

رۆژی ٣/ ٦/ ٧٤ دوکتور قاسملو لە بیروتەوە تەلیفونی کرد و گوتی : "بـــــە
رێبەرایەتی حیزبی تودە بلێم کە بلیتی فرۆکەی بۆ پراگ بۆ بنێرن. دەچینە پراگ
و لەوێ دەیانبینێ" · بەلام نوێنەری حیزبی تودە لە سوفیا گوتی : " ناتوانیـــن
لە پراگەوە بلیتی بۆ بنێرین· بەلام لە سوفیاوە بۆی دەنێرین و با بێتە سوفیا. -
لە ئاخری مانگی ٦چاویان پێی دەکەوێ·"

رۆژی ١١ / ٦/ دوکتور قاسملو تەلیفونی کرد و گوتی : " من دەچمەوە پراگ.تۆ
خەبەریان بدەیە بۆ دیتن و وتووێژ لە گەلیان دا ئامادەم "· هەر ئەو رۆژە قسەکا-
نی قاسملوم بە نوێنەری حیزبی تودە راگەیاند·

رۆژی ١٨ / ٦ /لە گەڵ منداڵەکانم چووینە ڤارنا لە کەنار بەحری رەشەوە ·
لەوێوە تەلەفونم بۆ دوکتور قاسملو کرد. گوتی : " ٢٩ / ٦/ ٧٤ لە پراگ کۆنفرانس
کۆ دەبێتەوە·لە بەر ئەوە کە پاسپۆرتی تەواو نییە تۆ ناتوانی بەشدار بـــــی"
پاش ئەم وتووێژە . لە سەرەی هاتمە دەریان بە جووتە و بێ سەرپاری بوونی سیاســـی
و کۆبوونەوەشیان بێ بەشداری من. نامەیەکی درێژم بۆ نووسی و رام گەیاند کە بیر
بەیندا دەگەرێمەوە · تا چواری مانگی حەوت لە ڤارنا بووم · رۆژی سێی مانگـــی
حەوت چوومە لای کاک عەزیز محمد کە ئەویش هاتبوە ڤارنا · نانی نیوەڕۆم لە گەڵ
ئەو خوارد و باسی وەزعی کوردستان و پێوەندی ئێمە و بەعسمان کرد·

کاتێک لە ڤارنا گەرامەوە نامەی دوکتور قاسملو هاتبوو· دوکتور لە نامـــــی
نامەیەدا دەری گوتبوو بری خۆیان نووسیبووی : " ···پاش رۆیشتنی تۆ لە بەینـــــدا
هێندێ شتی تازە روویداو ئەمەی هێنا سەر ئەوە کە جاری بەیندا بەجێ بێلین·
دیارە سەفەرەکەمان هەم بە موافقەتی برایانی بەعسی و هەم بە بارمەتی ئەوان بوو·
بەڵام دوو جار بە کاک حەمەدەمین یان گوتبوو کە کەنگێ مەوقیفی خۆتان روون دەکە-
نەوە· لە پاشان ئەمن و کاک حەمەدەمین چووین بۆ لای خەلیل. لە وێش هێندێ تێگە-
یشتنی نامی کرد کە دەستێ گوزارشی کاری خۆتان مانگە بە مانگ بدەن· ئەمەش بە بێچە
وانەی بەرەبەری کاک ئەمیر و بۆجاری هەر لەو بروایە دام کە ئەو وەسیەی بنمان بگری

بی ئاگایی نەمێنێتەوە . بە سەر ئەو بەسەرهاتە پڕۆژەی برادەرانی ئێوە هات کە جاری بۆ لێــــد
بوێــتی و بە حەتوە بەڵێنی ئەدا ئەگەر بەمێنی و بە درێژی لە سەر هەموو کێشەو
کێشـەکانی ئێمە دەکەین ....."

پاش کە ئەمنی ئەو نامەیە لە بووتا هاتەوە و چاوەڕوانی هاتنی دوکتور قاسملو و کاک حەمەدەمینی سیراجی بووم .

ڕۆژی ٦/٧/٧٤ کاک عەزیز محمد سکرتێری دەکرد چوومە لای . گوتی ئێمە لەگەڵ کاربەدەستانی بەعسیش باس دەکەین ئەگەر لێتان نەگەڕێن بێ لایەنی خۆتان بپارێزن و خەریک بن لە ولاتی خۆتان شۆڕشێک بەرپا بکەن و کاری خۆتان بکەن .

ڕۆژی ١٢/٧ نامەیەکم بۆ دوکتور قاسملو نووسی و ڕامسپارد بە برخەکانی کاک عەزیز و هەندێ دەسکەوتانی و لامم بۆ نووسی .

١٤/٧ ڕۆژی لە دایک بوونی کچەکانی گەورەم بوو . زۆر لە دۆست و برادەران هاتبوون و ئەو ڕۆژیان بە شادمانی بردە سەر . ڕۆژی ١٨/٧ دوکتور قاسملو لە بەرلینەوە تەلەفۆنی کرد و گوتی : " چاوم بە کەسانێکی کەوتبوو . باش و بوێر و بەڕێزی زۆر بەرنامەمان داوە ڕۆژی ٣٠ ی مانگی حەوت بۆ وکاک حەسەنی بەرلینی بەرەو ئاڵمان و لە گەڵ ئەنجامدانە بەجێی خۆی بووە کۆبوونەوەمان دەبێ .

ڕۆژی ٢٦/٧ بۆ ئەمەدانێکی جەراحی کە ناڵیم بردە خەستەخانە . کەڵێک ماوەی نەبوو . بەڵام نامەکەی خۆی و دوو نامەی کاک عەزیزی بۆی نووسیبووم هێنامەوە خۆی .
کاک عەزیزی نامەکەی بۆ نووسیبووم و ناوی سڵاو و چاک و چۆنەکی کــــردوم بۆ نووسیبووی : " کاک ڕەحمان و کاک حەمەدەمین ماوەیەکە لێرەن . (واتە لە سوید)
ڕۆژی ٢٩ی مانگ واتە ڕۆژی دووشەممە لێرە دەڕۆن . بۆ کوێ و چۆن نازانم . قەراریان وایە کە بە لای ئێوەدا بێن جا ئەگەر دەتان بینن نازانم . وادیارە دەیانەوێ ئێستاکە بکەن کە ئەوان خۆیان ....."

ڕۆژی ٣٠/٧/١٩٧٤ لە گەڵ کاک حەسەنی بەرلینی سواری فڕۆکە بووین بۆ ئەڵمانی .
دوکتور قاسملو وکاک حەمەدەمینی سیراجی لە فڕۆکەخانە چاوەڕوانمان بوون .
بڕیاری ئەمەی بوو بۆ ئاسمانێک . ئەو شەوەی ئەنجامدەری هاتە لامان و نانـــی لە گەڵ ئێمە خوارد . بەیانی ئەمەی خۆی کرد و بڕیار درا بەیانی کۆبوونەوە دەست

بێ بگرێ. بەسایی ئیرەجی ئەسکەندەری و کەشاوەرزی و عەلی گەلاوێژ لە لایـــەن حیزبی تودەی ئێرانەوە هاتن. ئیرەجی ئەسکەندەری گوتی : با دەست بە کار بکەین. کۆبوونەوەکەمان ناوی چ دەبێ؟ ئێمە دەمانەوێ لە بارەی جولانەوەی میللی کورد و رووداوەکانی ئەو دوایەی ئەو جولانەوە و دووره دیمەنی دوارۆژی ئەو و هەڵبژاردە- نی باشترین رێگا بۆ ئامادەکردنی هێزە شۆرشگێرەکانی کوردستانی ئێران بۆ خەبات دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و بۆ ئامانجە دیموکراتیەکان. کەوابوو ئێمـــە ناوی دەنێین کۆبوونەوەی مەشوەرەتی."

دوکتور قاسملو گوتی : " ئێمە ناتوانین لە کۆبوونەوەی مەشوەرەتیدا بەشدار بین. با ناوی بنێین کۆبوونەوەی دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردســتانی ئێران لە گەڵ نوێنەری ساسی حیزبی تودەی ئێران بۆ باس و لێکۆڵینـــەوەی وەزعی ئێران و کوردستان."

ئیرەجی ئەسکەندەری گوتی : " موافقم. لام وایە هیچ ئیشکالێکی نیە "

کەشاوەرزی گوتی : " موخالیفم. حیزبی ئێمە حیزبی دیموکراتی کوردستانی بە رەسمی ناناسێ."

قاسملو گوتی : " ناوی کۆبوونەوە کە ناونوسین. بەڵام با بزانین ئێوە لە گەڵ کێ کۆبوونەتەوە؟ کێ بانگی کردوون بۆ ئێرە کە کۆبوونەوەی لە گەڵ بکەن؟"

عەلی گەلاوێژ گوتی : " من خۆم ئەندامی حیزبی دیموکرات بووم. ژمـــارەی کارتی ئەندامەتیم لە ناوچەی ئیسرولا بەگی چاردە بوو. حیزبی دیموکرات هەمیشە بۆ هاوکاری و یەکێتی لە گەڵ حیزبی تودەی ئێران ئامادە بوو. حیزبی تـــودە هەمیشە پارمەتی حیزبی دیموکراتی داوە."

حەمەدەمینی سیراجی گوتی : " بۆ کاک عەلی باسی کوێ دەکە. زۆر کەس لـــە رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات دا بوون و پاشان بوون بە جاسوس و بە نۆکەری رژیمی ئێران."

کاک حەسەنی نزلجی گوتی : " من بەرم لەو بیانە نور ماوە. ئەو رۆژ لـــە رادیوی بەغدای ئێران دا هاوار دەکەن کە بۆ هاوکاری و یەک هێنانی بەرەی یەکگرتوو لە گەڵ هێزەکانی دژی رژیم ئامادەن. لە رۆژنامەی مەردم دا نامە بۆ رێکخراوی

موجاهیدینی خەڵک دەیانەوێ و داوامان لێ دەکەن کە ئێمەش لەگەڵیان بکەین.
بەڵام ئێمە ئامادەین لە گەڵ ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات کەخۆیان پاکتاویان
کردوون وتوو ویژ بکەین ·"
من گوێم لە قسەکانی ڕەسوڵ کەماڵوری جێگای سەرنجە · ئەو دەڵێ ئێمە حیزبی دێمو-
کرات بەردەوامی ئامانجین · لام وایە بوون و تێکۆشانی حیزبی دیموکرات بەوەوە
بە بەستراوەتەوە کە ڕەسوڵ کەماڵوری پێی باوەڕ نیە · ئەم هەڵوێستە یارمەتی بە
هاوکاری و خەباتی هاوبەشی دژی ڕژێم ناکات ·
بێك
نادری ئەسکەندەری گوتی : "ئەرکی ئێمە لە هەل و مەرجی ئەمڕۆدا لێك نزیك
کردنەوەی هێزەکانە . نەك لێك دوور خستنەوەیان . لە باری بارمانەوە هیچ فەرقی
ناکا · ئەوە لە حیزبێك دا بەرپرسن و ئێمە لە حیزبێك دا . با ناوی بنێین کۆ-
بوونەوەی مەشوەرەتی نێوان ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزبی توودە و حیزبی دیموکرات"
کاک حەسەنی ترلجی گوتی : "ئێمە لە ڕادیو چەند بەیانامەمان بڵاو کردووەتەوە
و گوتوومانە ئامادەین لە گەڵ هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران وتوو ویژ بکەین.
بەڵام بۆ چی لە سەر ناو بەکارهێنان دەخەنە پێش ·"
کەماڵووری باسەکەی هێنا سەر وەزعی کوردستانی عێراق و ڕەخنەی لە بارزانی
و لە بنەماڵەی بارزانی · تاسیلوش دەستی کرد بە دیفاع لە بنەماڵەی بارزانی و لە
هەڵوێستی بارزانی ·
پاشان تاسیلو گوتی : " ئێمە کە هاتووین بە ئەندازەوە دەمانەوێ لە گەڵ
ڕێبەرایەتی حیزبی توودە قسە بکەین و بکەینە بڕیاردانی هاوبەش و تێکڕایی·
پاشان باسی دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان· دەمانەوێ
ڕێبەرایەتی حیزبی توودە لە گەڵ ئەندامانی حیزبی دیموکرات بۆ لێکۆڵینەوەی وەز
عی ئێران و کوردستان کۆبوونەوەیەك پێك بێنن ·"
کەماڵووری گوتی : " لە گەڵ هەبوونی کۆڕی ناوی حیزبی دیموکرات موخالیفم ·"
من پرسیم " ڕەسوڵ کەماڵووری ساڵی کۆبوونەوەت لە گەڵ کێ کردووە ؟
ــ لە گەڵ چەند کوردی ئێرانی
بەڵام ئەگەر کوردی ئێرانیش دەبێ. لە ئەنجامی ڕۆژ ئاوا بوون· کارمەندی حکومەتی

ئیزا ئیشیان تێدایە . بچوو لەگەڵ ئەوانی کۆ بوونەوە بکە . من بەش بە حاڵی خۆم ناتوانم لەگەڵ ئەم هەڵوێستە وتوو وێژ بکەم . دەستەی سەرکردایەتی حیزبی دیمو-کرات لێرەیە و بە بێ ئەم ناوەش کۆ بوونەوە سەر ناگرێ ."

شێرەجی ئەسکەندەری و عەلی گەلاوێژ لەگەڵ ئەوە بوون ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان بنووسرێ . گەمانووری دەستی دا جانتا و گوتی : " من بەشداری ئەو کۆ بوونەوەیە ناکەم .

شێرەج تاوێک دانیشت و پاشان هەستا رۆیشت . عەلی گەلاوێژیش بەدوای ئەودا وەدەر کەوت . شێرەج شەو هاتەوە لامان و گوتی : "

" حیزبی ئێمە تووشی نەخۆشییەکی داخدار بووە . ئەدەشێ چاوەڕوان بین کەی لەو نەخۆشییە رزگار دەبێ . پاشان بە منی گوت : " هاوڕێ عەزیز محمد لە بودا بەستەند . پێم خۆشە بچی لە ڕەوەندی ئەم کۆبوونەوەیە ئاگاداری بکەی . بە ئارامجە ."

کۆبوونەوە تێکچوو . دەبوایە بڵاوەی بکەین . دوکتور قاسملو بە گەمانووری - گوتبوو کە بلیتێکی فرۆکە بۆ حەمەدەمینی سیراجی بکڕێ بۆ لەندەن . ئەویش بە لێنی دابوو . پاش تێکچوونی کۆ بوونەوە خەریک بوو پاشگەز ببێتەوە . بەڵام دوکتوریش لەو نا زرنگتر بە بوو . ئاخرەکەی بلیتی پێ کڕی . کاک حەمەدەمین بۆ بەناحەت و سەرداتی کۆمەڵە دۆستانی بەرەو لەندەن بڕی . دوکتور قاسملوش بەرەو ئێرانیەوە بوو بە یارمەتی بزووتنەوەی دیموکراسی و ئازادی . منیش لە خزمەت کاک حەمەدین دا گەڕامەوە بۆ سۆفیا .

سەفەری مەجارستان

ڕۆژی ٥/٨/٩٧٤ لە سوفیا چوومە بالیۆزخانەی مەجارستان و داوای ڤیزام کرد کە بچمە بوداپێست . کاغەزێکیان دامێ کە ناو و نیشان و کاری خۆمی تێدا بنووسم داوای پێنج دۆلار و دوو وێنەیان کرد . منیش بۆ کار نووسیم ڕۆژنامەنووس!. کابرا کە چاوی پێکەوت گوتی : " ناشێ . بۆ ڕۆژنامەنووس دەبێ وەزارەتی دەرەوە ڕێگە بدا "

گوتم کاری بە بەلەم هەمە و کاغەزەکە دەگۆڕم و ڕۆژنامەنووسیش نیم

- ناشێ . نابێ بنووسرێتەوە .

کاغەزەکەم لە بەر دەستی هەڵگرت و دڕاندم . گوتم ئێستا یەکێکی دیکە دەنووسم و دەستم بۆ برد .

- ناشێ .

گوتم دەچمە لای سەفیر .

- سەفیر نییە . دەرچوو .

بۆ چەند کەمێک پێدا بووم . سەفیر هاتە دەرێ . چوومە پێش و گوتم :

- ئێوە دەزانن لێرەم . دەمەوێ حەسابێ بکەم . دەڵێن لێرە نییە . دەمەوێ بچمە بوداپێست و کارم بە عەزیز محمد هەیە . ڤیزام نادەنێ

سەفیر گوتی ئێستا ڤیزای بدەنێ . پێنج دۆلارەکەشیان وەرگرتەوە و ڤیزام وەرگرت و چوومە ترۆکە خانە . سوار بووم بۆ بوداپێست . لە ترۆکە خانەی بوداپێست بە پێسم گوت : هاتوومە لای عەزیز محمد و دەمەوێ بیبینم . بردیانە ژوورێک و پاش پێنج سەعات هاتنە لام . ئێمەیان سوار کرد و بردمیانە ئاپارتمانێک . کاک عەزیز لەوێ بوو . نانی ئێوارەم لەگەڵ ئەوان خوارد . ئامر عەبدوڵڵا بن هات . زۆری باسی وەزعی کوردستانمان کرد و باسی پەیوەندی حیزبی دیموکرات و حیزبی بوون و باسی

کۆبوونەوەکەمان کرد و لای ئێوارە ماشێنیان هێنا بردیانمەوە بوداپێست وەپاسی کەرامەوە بۆ سۆفیا.

کە هاتمەوە سۆفیا نامەی ماموستا هیمنی رەحمەتیم بۆ هاتبوو. سەبارەت بە شیرینی نامەکە و بۆ رازاندنەوەی ئەم بەرگەی بیرەوەریەکانم . وا دەقی نامەکە بلاو دەکەمەوە . :

بیبە
" برای بەرێز و خۆشەویستم کاک کەریم . نامەی رۆژی ١٨ ای مانگت رۆژی ٢١ گەیە دەستمان . هەزار ئافەرین بۆ چەپەرت . برا خەم کەم بوو خەمی عەمل کردنی کەمالەت بۆ نووسیوم . ئەویش نەمت نووسیبوو . بۆ چی عەمەل دەکرێ.؟ بە جەلال(١) م کوتوە پاش هەموو نوێژان بۆی بپارێتەوە . دەما تازە دوعای مەماسان بە گانە بارەگای باری تەعالا . حەیف بە لاوی نەهاتمە ئەو ولاتەو ئەو عیبادەت و بوێژو رۆژوانەم بە خۆرایی کرد . ئەمە کە هاوینی ئەو سالم لێرە تەحەمول کرد . هەزاران سال دەتوانم لە سەر کلی جەهەنەمێ رای بوێرم . بارانی کەرما ح دەکا . تەپ و تۆزیکە هەر باسی مەکە . لە سەر مویەرسەدە وەك بارێزە ئارەق دەرێژم . تەمما بە سەری تۆ بەو حالەوە بەك دەقیقە بیکار دانانیشم . هەر دەنووسم و دە خوێنمەوە .
بەیانان رەحمان ئەگەر بیکار بوو تانەت دێنێ . بە یەتە کانی ئوسکارمانی بۆ دە خوێنمەوە . ئەویش تایپی دەکا . تا ئێستا پتر لە ١٥٠ پەرەمان هێناوەتە سەر خەتی خۆمان . بە راستی شتێکی رەزیفە و من بۆ خۆم زۆر کەلکی لێ وەردەگرم . خولا بکا رۆژێك ئەوانە چاپ بکرێن . جا دەزانی شێوەی موکریان چەندە دەولەمەندە . شابیم بە خۆمە کە هێشتا نە کەبیومە پێنج وشەی وا کەنەم بیستبێ و مانای بەرانم . ئەویش لە بابەی کرمانجی یا ئاغابەتیمە . زۆر کەم وەدەر دەکەوم . ئەویش تەنیا بۆ کۆری رانیاری یا کن کاك عەولا(٢) جار جارەش ماموستا(٣) کەم ئێنزارم دەکا . بەلێ کاکە زۆر بە ئاسوودەیی چوومە کن ئاوالەکانی پێشەوەمان . چوار رۆژ دەگەل کاك حەسەن و ئاسکەر و لەخزمەت عەینیدا رام بوارد .

---

١ ـ مەلا عوسمانی میراوە بیبە .کەسالی ١٩٧٩ بە دەستی پاسداران ئیعدام کرا

٢ .یوسفی ریزوانی بە

٣ ـ ماموستا زەبیحی بە

بە داخەوە چاپەمەنییەکانیان بێ بەکەڵک بوو • بۆم ناردن. قەرار وابوو ئەوانیش
بۆ هەموو لایەکی بنێرن • لەسەر یەک حاڵی هەموان باشە و تا ئەمەدەم هەمە لەنگە و
لوزمان بە • کۆڵ و موتەکان(۱) وەزعیان باشی نەماوە •بابی ئاوارە(۲) بە دیداری
کەردی گێڵی خۆی شاد و شوکر بۆتەوە• جا نازانم چ خەمێ لە دڵیدا ماوە •

ئەگەر ئەوەندە پەل و بەست بەیان لە رەحمان و جەلال زۆر رازیم • چم بە دەست
با لە هەر دووکیان ئەمانەکم دروست دەکرد . جا بزانە چیان لێ پەیدا دەبوو•
لە بیرتە دەڵێن کابرایەکی وەک من پیر کچێکی بە زاوی هێنا ، بەڵام مەعلوم بوو
دوو ساڵ و نیوی و بێ منداڵە• کابرا دەنگی نەکرد و سر پۆشی کرد• بەڵام بەیانی کە
چووە بە ماشای کرد ئاسم خەریکە کوتی کون دەکا• کابرا ئیمانی پێ نەما. دەرحەل
بۆ کوتی : ئەوەی دەبوو لە ماڵە باشت کوتی کەی. لێرەی کون دەکەی. ئەوەی -
دەبوو لێرەی کون کەی . لە وێ کون کردوە • خالەمیش ئەوەی دەبوو ساڵی حەفتا
کردبای . ئێستا دەیکا• دووچەرخەی کڕیوە بۆ هەموو جێگەیەک بە دوو چەرخە هات
و چۆ دەکا• ئێستا کە دوکتور(۳) نەماوە. براژنە روناک (٤) هەمیشە بەخێی هاری
هەر دەداری •ئەفەندی باکا با ئەمەد (٥) فەقیرە برێک بووردبێتەوە ولەنوئاڵ وچاوکاڵی
ئەو و لایانە بیمی براێ چەند بە بەلقسە • رەنگە بێ ئەگەر ئەوەی خوێندەوە -
بووڕدبێ و بڵێ : کابرا بۆ بێ بەلەندەم •

کاکە کیان لە بیرم بەیوو بوو بیووسم خانووەکەی ئەو ساڵەمان دەوری چۆڵە •ئەدرێ
ودلاهی بەرد رای ئەو هەموو کەرماندی ئەوانە کە نێنکی کرد دە بێتە چەق و
لوورێک ئەو بەری دیار بە • ئەوانە کە تازی و توولەکان چەق و لووریان دێ ئەم
سەردەم وەسەر دێنەوە کە یادی بە خێر بێ دوکتور قاسملو رۆژی دەیخوێندەوە :
سەگاڵ بیشەی مازەندرانرا ـــ نگیرد جز سگ مازندرانـــی

١ ـ مەلا ئەحمەد رەشیدە کۆلسە

٢ ـ مەلا عەبدوڵای حەسەنا کی بە   ٣ ـ دوکتور قاسملو

٤ـ خێزانی حەمەدەمینی سیراجییە

٥ ـ حەمەدەمینی سیراجییە

ماڵ هەر بۆ خۆی نەبوو میوان لە وەدەی تریشیان کرد بوو • بۆ خۆت دەزانی من وەکی دی خەوم نیە • گەرما و جێی و لووریش لە وێ ڕاوەستێ • سلاوی برازنە خەجیج دەکەیتم • چاوی منداڵەکان ماچ دەکەم • دیسان هیوا دەر دەبڕم کە کەماڵ ساغ و سەلامەت بێتە دەر • بە داخەوە دیوانەکەم هەر وا دێ وە درنگی دەکەوێ • دەبا هەموو شتی تەواو-بوە • نۆرەی وەبەر ناکەوێ • کاغەزی سەر بە خۆ بۆ مامۆستا (١) دەنووسم و شتی بۆ دەنێرم • جارێ دەستی ماچ دەکەم • دوکتور (٢) چاکە و سلاوت لێ دەکا و هیچ وێ ناچێ کە وا زوو دەرچێ و دەر باز بێ • برات هێمن •

لەو ماوەیەدا کە بەشێک لە برادەرانی ئێمە ، لەسەر موافەقەتی پارتی چوو بوونە کوردستان . ئەندامێکی حیزبی ئێمە بە ناوی فەقێ برایم بە تاوانێکی پووچ لە لایەن شۆرشەوە گیرابوو • هەر چەند مەلا عەولا هەولی دابوو . بەریان نەدەدا • دیار بوو لەو ماوەیەدا کە دوکتور قاسملوو لە دەرەوە بوو . بێ ئەوەی لە گەڵ کومیتەی ناوەندی باسی بکا . پێوەندی لە گەڵ قیادەی شۆرشی کوردستانی عیراق پاراستبوو • لە نامە-یەکدا کە ١٩٧٤/٧/١٠ لە رێگای شۆرشەوە بۆ مەلا عەولای نووسیوو دەڵێ :" ..
..براکان نامەیەکم بۆ جەنابی مەلا مستەفا نووسیوە و نامەیەکیشم بۆ کاک ئیدریس ناردوە هیوا دارم لە یارمەتی بە شێوە دریغی نەکەن • هەر وەها بۆ کاک ئیدریسی بەڕێز مەسەلەی فەقێ برایمم نووسیوە • ئەگەر تا ئێستا بەریان نەدابێ هیوا دارم کاک ئیدریس ئەمری بەردانی بدا ..." بەداخەوە نامەی دوکتور قاسملوش هیچ کاری نە کرد و فەقێ برایم تا ماوەیەکی زۆر هەر لە زیندانی خەلان دا مایەوە

---

١ ـ مەبەست کاک حەسەنی قزلجی یە

٢ ـ مەبەست دوکتور سولتانی وەتەمیشی یە

هاتنی دوکتور قاسملو و کاک حەمەدەمینی سیراجی بۆ سۆفیا

لە سەر پێشنیاری دوکتور قاسملو سەفەری عێراقم وەدوا خست و لە سۆفیا مامەوە .
ڕۆژی ٢٣ ٨ ١٩٧٤ دوکتور قاسملو و کاک حەمەدەمینی سیراجی هاتنە سۆفیا .

پاش باسی سەفەری خۆیان و لێکۆڵینەوەی کۆبوونەوەی لاسرلک(?) و هەڵسەنگاندنی بار و دۆخی کوردستان دوکتور قاسملو گوتی : " بەداخەوە کە لە ماڵ و منداڵم دوورم و خەرجم هەر بە بەسەرناچێ و لە بەرامبەر ئەوەدا خۆم بە خەباتکار دەزانم و دەمەوێ یارمەتییەک لە دەرەوە پەیدا بکەمەوە . هەڵکوو بتوانم وەک جاران لە ڕاستەکانی براکە(?) دەرچم(?) . هیچ یارمەتیەکیشم لە حزب ناوێ . "

کاک حەمەدەمین دژی ئەمەکانی وەستا و گوتی : " ئەگەر خەباتێکی ناوا(?) هەبوو بۆچی لە کۆبوونەوەی ئەلکتۆرەکە(?) کە بێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لەوێ بوون . بە بێ ئەوەی بە ئەوانی بیروڕای خۆیان دەربڕیبانە . لەو هەڵ و مەرجەدا بۆ لە دەرەوەی . لە عێراق حیسابێکی دیکەت بۆ دەکەن . وەرنی برادەرانمان زوو بێنە ناوەوەی بۆ لە دەرەوە لە گەڵ برادەران باس بکراوە . لای کەم وەرەوە بەغدا . با کۆمیتەی ناوەندی بڕیار بدا .

منیش پشتی قسەکانی حەمەدەمینم گرت و گوتم : کارێکی زۆر ناحەزە بۆ بێ بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی لە دەرەوە بمێنەوە .

دوکتور دەستی کرد بە هێنانەوەی بەڵگە و بیانوو . پێی دەگوت کە ڕێبەرانی شۆڕش بڕیاریان(?) گوتووە لە عێراق نەبێ . پاش باسێکی زۆر دوکتور پێی حەسایەوە و گوتی :

ئەمن دەڕۆم بۆ کۆمیتەی ناوەندی و پێشنیار دەکەم کاک کەریم بە جێگری بگرن . بێ ئاسانی(?) و هیوادارم پێشنیارەکانم لە کۆمیتەی ناوەندیدا پەسەند بکرێ . لە سەر کاک کەریمی ناردنی(?) بیروڕای خۆم دەنووسم . با کۆمیتەی ناوەندی بڕیار بدات "

پاش ئەوە کە هەوڵی من و کاک حەمەدەمینی سیراجی بۆ گەڕانەوەی دوکتور قاسملو بۆ عیراق نەتیجەی نەبوو. دوکتور ئەو نامەیەی بۆ کومیتەی ناوەندی نووسی. کە وا لێرەدا بە شێکی نامەکە بڵاو دەکەمەوە . "

" ١٩٧٤/٩/١ ـــــ بۆ کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

برایانی بە ڕێز ! پاش سڵاوێکی برایانە

بە داخەوە هەل و مەرجی سیاسی وەزعێکی ئەو تۆی پێک هێناوە کە ناچارم ماوەیەک لە ئێوە دوور بم . لە بەر ئەوە بە پێویستی دەزانم بیرو ڕای خۆم لە سەر هەندێ کێبرو گرفتی حیزبی پێتان ڕابگەیێنم .

١ ـ هۆی ئەساسی سەر کەوتنی ئێمە لەم چەند ساڵەی دوایەدا بە ناسەعی ساڵی کونگرانسی سێهەم کاری دەستە جەمعی و تەتبیقی ئوسولی حزبی بە ناسەعنی سانترالیزمی دێموکراتی لە ناوەوەی حیزب دابوو . بۆیە هیوا دارم کە لە دوا ڕۆژیش دا پاراستنی ئوسولی حزبی بە ناسەعتی بە گشتی ڕێبەرایەتی حیزب ببێ ئەرکی ئەساسی خۆتان دابنێن و بە هیچ جۆر ڕێگا نەدەن ئەو تەکنیکە کە پاش ساڵانی ساڵ لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا پێک هاتوە تێک بچێ .

لە سەر ئەم ئەساسە چەند پێشنیارم هەیە بۆ دابەشکردنی کار لە ناو ئەو ئەندامانەی کومیتەی ناوەندی کە لە دەرەوە دەمێننەوە . دیارە ئەو بەش بارانە هەتا ئەو وەختەیە کە ئەم دەرکەوتنە لە جێگای خۆی ما بێتەوە .

الف ـ کاک کەریم وەک جێگری سکرتێری گشتی دیاری بکرێ . هیوا دارم بە یارمەتی هەموو برادەران لە پێک هێنانی هاو کاری و هاو دەنگی لە ناو برادەراندا سەر کەوتوو بێ .

ب ـ کاک محمد امین بە مەسئولی کار و باری ئێران دیاری بکرێ و مەسئولیەتی پێوەندییەکانی دەرەوەشی هەبێ .

ج ـ کاک دوکتور سولتان هەر مەسئولی ماڵی بمێنێتەوە .

د ـ دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان بریتی بێ لە چوار ئەندامی کومیتەی ناوەندی و کاک جەلال . مەسئولی ئەدەبی " کوردستان " هەر ماموستا هەژار بێ .

برام وایە ئەگەر برادەران ئەو بەشی بنارانە قبوڵ بکەن و ئەشورانە و ـــــــە
دەستە هەنگی لە تێکۆشانی حزبیدا بەشدار بن بەرگەوتنی سازمانمان لە دوا رۆژ
دا وەدەست دەکەوێ ·

٢ ـ رابوردنی کاری ئێمە لەو سەفەرەدا لە دەرەوە بە تەفسیل لە لایەن برادەرانەوە
بیستی کەش دەکرێ · من پێم وایە کە ئەم سەفەرە قازانجی زۆر بوو · هێندێ نەتیجەی
موسبەتی سەفەرەکەمان لە دوا رۆژدا دەر دەکەوێ ··············· ئێستر ـ لاو
لە هەموو برادەران دەکەم و چاوی هەموویان ماچ دەکەم و هیوا دارم ئەو دووریەیە زۆر
بە کێشێ و هەر چی زووتر چاومان بە یەکتر بکەوێتەوە ·" براتان ع ـ رحمان

باش بوو بیستی ئەو نامەیە بزانمان دا دوکتور و کاک حەمەدەمین بچنە بیروت ·
بەڵکوو بتوانن لە بیروت دەربەندێك بدۆزنەوە کە ئەگەر پێویست بوو . ناوەندی
حزب بۆ بیروت بگوێزرێتەوە · لە سەفەری پێشوودا چووبوونە بالیۆز خانەی
کۆماری یەمەنی دیموکراتی و داوایان کرد بوو کە دەستەیەکی نوێنەرایەتی حزبی
دیموکرات بچێتە عەدەن و چاوی بە زیمەدارانی ئەو وڵاتە بکەوێ · بالیۆزی یەمەنی
دیموکراتی کۆماری : پاش مانگێك وەڵام دەدەینەوە · پێویست بوو جارێکی تریش
سەر لە بالیۆز خانەی یەمەنی بدەینەوە ·

ئێستا کە باسی بیروت هاتە گۆڕێ، با ئەم چەند وشەیەش لە گەڵ دوکتور قاسملو
بگێرمەوە · باسمان کرد کە لە بیروت چووینە لای جەلال تالەبانی ·

من پرسیم : مام جەلال ئێستا لە بیروت چ دەکا ؟

دوکتور گوتی : نوێنەری مەلا مستەفایە ·

گوتم بیستبووم وایە کە نوێنەری مەلا مستەفا غەیری شێخ زەرا بە

دوکتور گوتی : مام جەلال معاونی ئەوە ·

گوتم : ئەم جار تکایە لە زمانی منەوە بە مام جەلال بڵێ : بۆ ئەو نابێ ژێر
دەستی غەیری شێخ زەرا بێ · هەر ئەو بێتە ·

گوتی : بۆ ئێستە · ئەگەر بیرۆکە بروای بە مەسەلەیەك هەبێ . لە پێناو ئەو دا
هیچ کارێك ئەستەم نیە ·

گەڕانەوە بۆ بەغدا

ڕۆژی ١٩٧٤/٨/٣٠ دوکتور قاسملو وکاک حەمەدەمینی سیراجی بەرەو بیروت کەوتنە ڕێ. منیش ڕۆژی ٧٤/٩/٥ گەڕامەوە بۆ بەغدا. برادەرانی حیزبی بە خێری هاتنەوەیان کرد کە خانە و بە دیداری یەکتر شاد بووینەوە. پاش دوو ڕۆژ کاک سیراجی بە کۆڵێک کڵۆستەوە لە هاو سەفەرەکەی کە بیشمەوە بەغدا و بە قەولی ماموستا هێمن بە دیداری ماڵ و منداڵی شاد و شوکر بۆوە.

پاش گەڕانەوەم. نامەیەکم بۆ مەلا ئەولا نووسی. و داوام لێکرد کە کات و شوێن دیاری بکا. تا کۆمیتەی ناوەندی کۆ ببنەوە و ڕووداوەکانی ئاردا لێک بدەنەوە و لە سەر هێندێ مەسەلە بڕیار بدات. زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئەو دەم لە کوردستان بوون.

ڕۆژی ٧٤/٩/٨ لە گەڵ کاک حەمەدەمین چووینە بارەگای حیزبی کۆمۆنیستی عێراق و چاومان بە کاک عەزیز محمد کەوت. پاش باسی ڕووداوەکانی وڵات. کاک عەزیز ئاموژگاری کردین کە وەزعی خۆمان و بێ لایەنی بپارێزین. گوتی: "هەتا لێتان گەڕێن لە عێراق بمێننەوە باشترە. لێرە لە وڵاتی خۆتان نزیکن. دەتوانن وردە پێوەندییەک لە گەڵ وڵات دابمەزرێنن. لێرە هەڵقەندرێن دوور دەکەونەوە ئەوەم تەئسیرەتان نامێنێ."

بێ لایەنی ئێمە سەبارەت بە وەزعی کوردستان بەعسی نارەحەت کرد بوو. لە بیانوو دەگەڕان کە تێمان هەڵپێچن. دوکتور قاسملو لە سەفەری ئوروپادا لە سوئید لە گەڵ ڕۆژنامەی "ئافتن بلادت" وتووێژی کرد بوو. لە قسەکانی دا وەک ڕۆژنامەکە بڵاوی کرد بۆوە. بەک هەر دیفاعی لە سیاسەتی بارزانی کرد بوو. بەڵکوو تا ڕادەیەک سیاسەتی حکومەتی عێراقیشی لە هەر بارەیەتی بە شوڕشی کوردستانی عێراق بە بەعسەد داناوو. بەعسی لەوە تووڕە بوو.

تاقی کردنەوەی میژوویی لە عیراق بە تایبەتی پاش شۆرشی ١٤ی ژوئیەی١٩٥٨ نیشانی داوە کە گیر و گرفتی کورد لە ریگای شەرەوە چارە سەر ناکری و دەبی لە ریگای ئاشتی و وتوو ویژەوەحەل بکری٠

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران سالی ١٩٧٠ پی خۆشبوونی خۆی بەرامبەر بە ریك کەوتننەکانی ١١ی مارس دەربری و لە مانگی مارسی ١٩٧٤ یش دا بە هەموو هیزیەوە لایەنگری ریك کەوتنی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست و پارتی دیمو- کراتی کوردستان بوو ،ئەوەندەی لە توانای دابوو بۆ ئەو ریك کەوتنە هەولی دا ٠ سیاسەتی حیزبی ئیمە دۆستایەتی لە گەل هەموو هیزە نیشتمانیەکانی عیراق بوە٠ ئیستاش بەو ئەسلە هەر وەفادارە ٠

دیارە وەزعی ئیستای کوردستانی عیراق ناتوانی سەرنجی حیزبی ئیمە بۆ لای خۆی رانە کیشی٠ حیزبی ئیمەدژی شەر لە کوردستانی عیراقە و زۆر نیگەرانی ئەوەیە کە دوژمنانی گەلی کورد، ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستی، بە تایبەتی ریژیمی دژی گەلی حەمە رەزا شا لەم وەزعە دژی ئامانجە میژووییەکانی خەلکی عیراق و دژی هەموو هیزە پیشکەوتوەکانی ئەم ناوچەیە کەلك وەر بگرن٠ حیزبی ئیمە لەو بروایە دایە کە مەسەلەی کورد لە عیراق لە ریگای شەرەوە چارە سەر ناکری و ریگای حەللی سیاسی هەیە ٠

ریك کەوتنی ستراتیژیکی دژی ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستی لە ناوچەی رۆژ هەلا تی نیوە راست دا ، پشتیوانی گەلی عەرەب لە ئامانجە رەواکانی گەلی کورد، هەر وەها پشتیوانی گەلی کورد لە جولانەوەیدژی ئیمپریالیستی گەلی عەرەب، ریگای راستی چارە سەر کردنی ئەو گیر و گرفتانەیە کە ئیستا بوون بە هۆیپەشیوی وەزعی نیو خۆی عیراق ٠ ئەگەر هەموو گیر و گرفتەکان لە روانگەی ریك کەوتنی دریژ خایەن لە نیوان ئەو دوو جولانەوە دا سەیر بکری، ئەو دەم ریگا بۆ چارە سەر کردنی گیرو گرفتەکان بە هاسانی پەیدا دەکری٠

حیزبی ئیمە لەو بروایە دایە کە دەست پیکردنەوەی وتوو ویژ ریگەیەکە کە لە گەل ئامانجە نیشتمانیەکانی خەلکی عیراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی باشتر ریك دەکەوی و دە بیتە سەددی سەر ریگای نەخشەکانی دژی ئینسانی

ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستی و بە تایبەتی ڕیژیمی دزی گەلی شا لە ڕۆژ هەلاتی نیوە ڕاست دا .

ئێمە هیوا دارین تەواوی هێزە نیشتمانیەکانی عیراق کە دلسۆزی قازانجی گشتی گەلانی ئەو ولاتەن ، بۆ چارە سەر کردنی سیاسیانەی وەزعی هالۆزی ئێستای عیراق برایانە تێ بکۆشن و نابێ ئەو ڕاستیە لە بیر بەرنەوە کە بەرامبەر بە خەلکی عیراق بە عەرەب و کورد و کە مایەتیەکانەوە ، بەلکە زیاتر لە وەش ، بەرامبەر بە گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و جولانەوەی ڕزگاریخوازی لە ڕۆژ هەلاتی نیوە ڕاست بە گشتی مە سئولیەتی مێژوویی‌یان هەیە .

ئێمە هیوا دارین هەتا زووترە هەموو ئەو هێزە نیشتمانیانە بۆ چارە سەر کردنی ئەو گیر و گرفتانە دەست بەکار بن و ڕیگە لە هێزە ئیمپریالیستیەکان و کۆنە پەرستیەکانی ناوچە بە گشتی و ڕیژیمیکۆنە پەرستی ئیران بە تایبەتی ببرنەوە. کە دەیانەوێ لە ئالۆزی باری ئێستای عیراق بە قازانجی ئامانجە دزی گەلیەکانیان زیاتر کەلك وەر بگرن . بە بڕوای ئێمە ئەوە ئەرکی هەموو هێزە نیشتمانیەکانی عیراق، هەموو هێزەکانی دژی ئیمپریالیستی ڕۆژ هەلاتی نیوە ڕاست و هەموو هێزە پیش کەوتوەکانی جیهانە . کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران"

پاش کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی کە مەلاعەولا دەچیتەوە کوردستان و لای بنکەی سەرکردایەتی شۆڕش، چاوی بە کاك دەکەوێ و بەسی دەر کردنی بەیاننامەکە دەکات . کاك دەلێ : " بیدەنگیتان باشترە و هیچ بلاو مەکەنەوە . مەلاعەولا بیر و ڕای کاك . بۆ من نووسیبوو، بەلام بڕیاری کومیتەی ناوەندی بوو ، بەیانەکە بلاو کرایەوە . پاش بلاو بوونەوەی بەیاننامەکە بەعس نارازی بوو کە پەلاماری شۆڕشی کوردمان نەداوە . مەلا عەولاش لە نامەیەك دا بۆی نووسیبوو: ..."لە سەر بەیانەکە .. مالی پیرۆت (مەبەست بارەگای بارزانی یە) بە تیکرایی پێیان باش نەبوو. بە تایبەت لە بەر ئەوە هێندە گشتی‌یە و ناوی دیارالبشری تێدا نیە . لە بە خێر هاتنەکەیان دا فەرقێکی کەمم لە چاو جاران هەست پیکرد . جوابی منیشیان هێندە وەدرنگ خست کە بە دووری نازانم بۆ مانگی داهاتوو ......".

له وه‌لامی نامه‌ی مه‌لا عه‌ولادا . نووسیبووسه‌وه : " له‌سه‌ر چاو گرتنی فارانجی حزب له وشكانه‌ی به عه‌زیز بێ نانه‌وه . راسته ئه‌و سیاسه‌ته‌ی ئێمه هیچ لایه‌كی رازی نه‌كرد ، به‌لام فارانجی ئه‌وه بوو له‌و كاته ناسكه‌دا كه كه‌س هیچ نالێ. ئێمه به دووكه‌س و سیوه‌وه ئه‌شێ زۆر كه‌وره‌مان گرتووه . هه‌ر بۆیه‌ش له ناو خه‌ڵك دا پرستیژی حیزبی ئێمه زۆر چوه‌ته سه‌ری."

به راستیش هه‌ر وابوو. وه‌ستانی ئێمه له سه‌ر سیاسه‌تی ئوسولی و بێ لایه‌نی له‌و بارو دۆخه ئاڵۆزه‌دا و نه‌چوونه ژێر باری هه‌ڕه‌شه و داخوازی یه‌ك لایی. ئێمه و حزبه‌كه‌ی ئێمه‌ی له ناو خه‌ڵكدا به گشتی خۆشه‌ویست كرد بوو.

كۆبوونه‌وه‌ی كومیته‌ی ناوه‌ندی سه‌ره‌تای دا كه له باره‌ی كۆبوونه‌وه‌مان له گه‌ڵ ره‌نده‌رایه‌تی حزبی توده و تێكچوونی كۆبوونه‌وه. نامه‌یه‌ك بۆ حزبی كوموونیستی به كمی نووسینی و حزبه‌كانی ولاتانی سۆسیالیستی نووسی و له سیاسه‌تی خۆمان و بۆ چوونی رێبه‌رایه‌تی حزبی توده ئاگادارمان كردن. نامه‌كان به زمانی رووسی نووسران و به‌داخه‌وه له‌به‌ردا جێگای چاپكردنمان نه‌ستاندوه .

هەڵوێستی حیزبی بەعس

پاش بڵاو بوونەوەی بەیاننامەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر ڕووداوەکانی عێراق، کە بە قسەی بەعس شۆڕشی کورد پەلامار نەدرابوو. حکومەتی عێراق کەوتنە لالوتی لێمان. لە پێشدا بۆ سەفەری کوردستان پسولەی پێش بینی-یە گرتنمان دەدابێنێ. ڕۆژنامەکەیان بۆ چاپ دەکردین. کتێب و نامیلکەمان بـــۆ چاپ دەکردین. بەلام ئەمجار نەک هەر ئەوانەیان هەموو لێ بڕین. هەڵگرتو بـــێ سوچ و تاوان و بەڵگە. پێنج ئەندامی حیزبی دیموکراتیان لە شاری کۆیە گرت و تا ماوەیەکی زۆر بێ سەر و شوێنیان کردن. هەر چەند برادەری بەرپرسی بەعسی هاواری دەکرد و دەپرسی کە سۆراغیان بزانێ. کابرای بەعسی بەرپرسی بنکەی لە گەڵ ئێمە دەیگوت: " بەشەرەفی نازانم. چۆن شتی وا دەبێ برادەری ئێوە بگیرێن؟" جا وەرە بڕوای پێ بکە. پاش ماوەیەکی زۆر برادەرێکی کورد لە زیندانی کەرکوک ئازاد دەکرێ و وەک پەیامی خەبەری بۆ هێناین کە وا پێنج کوردی ئێرانی لە زیندا-نی کەرکوک دان و دەبڕیانیان کردوون. ئەو جار کە بە کابرامان دەگوت: برادەرانی ئێمە وا لە بەندیخانەی کەرکوک دان. "عەجیب. بشرفی مەسر هیچی..."

گرتنی ئەو برادەرانە هەندێ نیگەرانی بۆ ئێمە پێک هێنا. چەند کەس لە برادەرانی کومیتەی ناوەندی هاتنە سەر ئەو بڕوایە کە لە عێراقدا بەجێ بێڵین.
بەڵام مەسەلە تەنیا دەرچوونی ئەندامانی بەرپرس نە بوو. نزیکەی ٢٨٠ کەس لە ئەندامانی حیزبی و ماڵ و منداڵیان لە کوردستانی عێراق بوون. نەدەکرا ئەوان بەرەڵا بکرێن و ئێمەش بۆی دەرچین. بێجگە لەوە چوونە دەرمان لە عێراق. بـــە جارێک لە وڵاتی خۆمانی دوور دەخستینەوە.

نامەیەکم بە دوکتور قاسملو نووسی و لە گرتنی برادەران ئاگادارم کرد. دوکتور چواری مانگی نوامبری ١٩٧٤ نامەیەکی بۆ نووسیم ز سەبارەت بە وەزعی ئێمە لە

له عیراق نووسیبووی : " ـ...... برادەرانی کومیتەی ناوەندی له دەرەوه لەو بروایه دان که ئێوه له بەغدا نەمێنن. من له گەڵ ئەو نەزەرە نیم . پێم وایه هەتا بتوانن و ئیمکان هەبێ بەو شەرتەی له بێ لایەنی دەر نەچن هەر لەوێ بن. بەلام دەبێ فیکر لەوە بکەنەوە ئەگەر وەزع لەوێ باش نه بوو، یەك دوو برادەر بتوانن بچنە بیروت . گرتنی لەتیف و برادەران خۆی هۆشداریکه . تەنانەت ئەگەر بڵێن هەڵەیه کافی نیه . به راستی دەبێ زۆر ئیحتیات بکەن. تە نیائەو کەسانه له بەغدا و له ناوچەی حکومەت بمێنن که پێویستن و کەسی تر لەم ناوچەیه نەمێنێ ..."

برادەرانی دیکەی کومیتەی ناوەندی بێجگه له کاك هاشمی کەریمی له سەر ئەو باوەڕە بوون که پێوەندی له گەڵ بەعس نه پچڕێنین و هەتا بکرێ له عیراق بمێنینەوە.

ڕۆژی بیست و چواری مانگی ئوکتوبر چوومه لای کاك عەزیز محمد که تازه له سەفەر هاتبۆوە . ئەحوالی برادەرانی پرسی و منیش باسی گرتنی برادەرانم کرد. بانگی دوکتور ڕەحیم عەجینەی کرد و گوتی : " تەلیفون بۆ نەعیم حەداد بکەو داوای لێ بکەبرادەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران له کەرکوك گیراون ئازاد بکرێن . "

ئازاد بوونی برادەران درێژەی کێشا و پێنج مانگ به بێ تاوان له بەندیخانەدا مانەوە. گرتنی ئەوان باسێکی خۆشیشی بۆ ساز کردین که جار وبار دەبوە نوقلی مەجلیس و دانیشتنی خۆمانەمان . لێرەش دا بۆ حەسانەوەی مێشکی خوێنەری بە ڕێز زیندووی دەکەمەوە . ئەو برادەرانەی ماڵیان له کۆیه بوو ، پێنجیان گیرابون مەلا ڕەسول و سەید ڕەسولیش له سەرێ له کوردستان بوون . کاك حەمەدەمینی سیراجی دەبوایه بچێ سەریان بدا و یارمەتیان پێ بکا . کاك حەمەدەمین سەفەری کرد بۆ کۆیه و بۆ سەردانی ماڵ و منداڵی برادەران . دەچێتە ماڵی سەید ڕەسوڵ و دەڵێ ژن و منداڵی برادەران با بێن چاوم پێیان بکەوێ. ژن و منداڵی برادەران له کاك حەمەدەمین وەکۆ دەبن و به خێر هاتن و چاك و خۆشی. پاشان کاك حەمەدەمین دەڵێ " نارەحەت مەبن ، برادەران ئازاد دەبن و ئێستاش ئەوە من هاتووم چ ناگوزەری و پێداویستیەکتان هەیه تا بۆتان جێ به جێ بکەم . "

ژنەکان چاو لێك دەکەن و له قاقای پێکەنین دەدەن

خێزانی مەلا ڕەسووی کە ژنێکی کەمیخودایانە و ژیر و قسە زانە ، دەڵێ :
" کاك حەمەدەمین جا کوا ئەتو ئیحتیاجی ئەو هەموانەت پێ دابین دەکرێ"
ژنەکان لە قاقای پێکەنین دەدەن و حەمەدەمین تازە تێدگا کە چی گوتووە و
ئەوان چۆنیان لێك داوەتەوە ٠

بەلای لا بەلا

ئێمە لەو حاڵە پەرێشانەدا ، هەوڵمان دەدا کە بێ لایەنی خۆمان بپارێزین و-
هەر لەو کاتەش دا لە گەڵ کۆڕە ئەدەبییەکان و ڕۆژنامە و کۆڕی زانیاری پێوەندی
درێـتایەتی و هاوکاریمان بەرقەرار بوو٠ تازە تاریك و ڕوون دیوانی شیعری
مامۆستا هێمن بڵاو ببووە ٠ دوکتور قاسملوو پێشەکیەکی جوانی بۆ نوسیبوو٠
لە پڕ کابرایەك بە ناوی دڵشاد مەریوانی وتارێکی لە سەر پێشەکیەکەی دوکتور
قاسملوو لە ڕۆژنامەی هاوکاری دا بڵاو کردەوە ٠ وتارەکە نەك هەر پێوەندی بە
پێشەکی دوکتورەوە نەبوو ، بەڵکوو بێشەرمانە دوکتور قاسملووی پەلامار دابوو ،
هاوڕێیانی دوکتوری بە یاخی ناو بردبوو ، نێوەرۆکی شیعرەکانی هێمنی شێواند
بوو بە قسەی هاتەران پاتەران لە خۆوە ڕێبازی حیزبی دیموکراتیشی بە یاخی
بوون ناساند بوو٠

ناچار دەبوایە وەڵامی بدرێتەوە٠ مامۆستا هێمن ئەو شەرە چەقەی بە ستۆی من
دابری ٠ هاوکاری بازارێکی بە برەوەی پەیدا کرد٠ چەند وتارم لە سەر شیعرەکا-
نی هێمن و تێنەگەیشتنی ئەو برادەرە نووسی و ئەویش وەڵامی دەدایەوە ٠ نوو-
سەرانی دیکەش کەوتنە قەزاوەت و بیرو ڕا دەر برین ٠ کاکە حەمەی مەلا کەریمی
لە موسکۆوە وتارێکی نوسیبوو ، بۆ چوونەکەی منی بەڕاست دانابوو٠ کاکەی
فەلاحیش هەروا بە وتارێك بۆ چوونی دڵشاد مەریوانی بە هەڵە و بێ جێ لێك
دابۆوە ٠ نووسینی ئەم وتارانە ،لەم کاتەدا کە چاپکردنی ڕۆژنامەی کورد-
ستان تووشی تەگەرە ببوو، بوو بە هۆی تەبلیغاتێکی بە هێز بۆ حیزبی دیمو-
کراتی کوردستانی ئێران ٠ لە لایەکی دیکەشەوە دوکتور قاسملوو و مەلاعەوڵا
ڕەخنەیان لە سەر ئەم شەرە نووسینە هەبوو- دوکتور قاسملوو لە ئورووپاوە بۆی

نووسیبووم : " لە وباریک دا وا بشان داوە کە وا ئێمە رۆژنامەی کوردستان لە بەغدا دەر دەکەین ، ئەوە هەڵەیەکی سیاسی یە ، چون ئێمە بە خەڵک دەڵێین کە وا ئێمە رۆژنامەی کوردستان دەر دەکەین "

برادەران رەخنەی دوکتور قاسملوویان پێ سەیر بوو ، ئێمە لە بەغدا بووین، رۆژنامەی کوردستان لە بەغدا چاپ دەکرا و لە کوردستان و لە بەغداش لە کتێب فرۆشەکان دادەنرا و دەفرۆشرا ، بەلام ئەوەی من نووسیبووم : " دوکتور قاسملو و هاوالەکانی باخی نین و شۆرشگێری سیاسین ، رۆژنامەیەکی وەك رۆژنامەی کوردستان دەر دەخەن کە ئەستێرەیەکی پرشنگدارە لە ئاسمانی ئەدەبی کوردی دا "

بە هەڵەی سیاسی دانابوو ، مەلا عەزلای حمیاکیش کە ئەو دەم لە ناوچەی شورش لە کوردستان بوو ، نووسیبووی " بۆ جێگری سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی ، چون خۆ دەبینە رێزی دلشاد رەسوڵ کە کەس نازانێ سەری لە کوێوە هەڵدە و بۆ ئەو هەڵەیەی ناوبردوو ، بەشی گەشتنی رەخنەی ئەو برادەرانە . بۆوەندەکان کۆتایان پێ هاتبوو .

منیش لێرەدا کۆتایی بەو بەشەی بیرەوەریەکانم دە هێنم و خوێنەرانی بە رێز لە چاوەروانی دا رادەگرم، کە بەشی پێنجەمی بیرەوەریەکانم بخوێننەوە کە پڕە لە رووداوی سیاسی و بەسەرهات و بە شێکە لە مێژووی جولانەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە ۱۹۷۵ وە تا ۱۹۷۹ .

کاک کەریم ڕەشادی! هیوادارم هەمووتان لە خۆشی و ساغی بن.

نامەی ٥٦٢ی ژانویەتم پێگەیشت. زۆر سوپاس.

[illegible] گەیشتووە [illegible]

لە [illegible] چاپ کراوە. [illegible] دوو تاری [illegible]

[illegible] نەگەیشتوون.

کاکە [illegible] خۆشەویستم! [illegible] سوپاس

[illegible] لە [illegible] بالی [illegible]

[illegible] ! [illegible] سلێمانی [illegible]

سلێمانی [illegible]

[illegible] ! [illegible] سلێمانی [illegible]

[illegible] ئەحمەد [illegible] لە لای شێخ [illegible]

زۆر سڵاو بۆ کاک حەسەن و گشت ئاشنایان.

برات

ڕێوان

[illegible]

لە ... ١٩٦٦ ... [illegible]

[illegible]

... ١٩٧١ ... [illegible]

سێهەم - [illegible]

[illegible] ... ١٩٧٢ ... [illegible]

سالی ٧٣ [illegible]

[illegible]

براتت [illegible]

١٩٨٩-١-٦

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

تۆلان بوونی . لە ئازاری ١٩٦٦ بۆ مەسەلەیەکی گرنگی دەرت حیزبی کە دەبێ بەحس بکرێ [illegible]
[illegible] لە وێنی بۆ مەسەلەی [illegible] بەرە و [illegible]
دەستەی سیاسی [illegible] حەبیب محەمەد کەریم [illegible]
دەستەی سیاسی [illegible] [illegible] [illegible]
[illegible] [illegible] [illegible]
[illegible] [illegible] [illegible] .

[illegible] [illegible] کاک [illegible] بوونەوە کاک سدیق [illegible]
[illegible] [illegible] چونکە [illegible] [illegible] بۆ [illegible]
[illegible] [illegible] حیزب [illegible] [illegible]
لە [illegible] [illegible] حیزب [illegible] !
[illegible] [illegible] [illegible]
[illegible] [illegible] [illegible] .
[illegible] کاک سدیق [illegible] [illegible]
[illegible] [illegible] [illegible]
[illegible] کاک سدیق [illegible] [illegible]
[illegible] [illegible] لە ٢ [illegible] [illegible]
[illegible] [illegible] [illegible]
[illegible] . کاک سدیق [illegible] [illegible]

[illegible]

١٥ ژوئیه ١٩٨٩

سەرۆکی [illegible] کاک مستەفا بارزانی

بەشداربوانی بەڕێزی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان !

ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی ئەحزاب و منظماتی پێشکەوتوو و ئازادیخوازی بەشدار لە جەلسەی افتتاحیەی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا !

بە نوێنەری لە لایەن کۆمیتەی مەرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان پێشڕەوی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا و وارسی ئیفتیخاراتی جمهوری دیموکراتی کوردستان کە لە ماوەی خەباتی بیست و پێنج ساڵی پڕ لە شانازی و سەرکەوتنی خۆیدا گەلێک لاپەڕەی زێڕین و ترووسکەداری خستۆتە سەر مێژووی [illegible] لە مێژینەی نەتەوەی سەربەرزەکەمان و لە پێناوی رزگاری کورد و کوردستاندا قوربانی زۆر بە نرخ و هێژای داوە ، پیرۆزبایی بەستنی ئەو کۆنگرەیە بە پارتی دیموکراتی کوردستان پێشکەش دەکەین و سەرکەوتنی بە ئاوات دەخوازین .

ئەو کۆنگرەیە لە کاتێکدا دەبەسترێ کە پتر لە سێ مانگ بەسەر دەرچوونی بەیاننامەی مێژوویی یازدەی ئازاری ئەمسالدا تێپەڕیوە [illegible] سەرکردایەتی شۆڕشی [illegible] لە عێراقدا [illegible] شەڕی لە عێراقی خۆشەویست تەواو بووە و کۆتری سپی ئاشتی و ئەمنیەت بەسەر ئەو وڵاتە راکێشاوە و مێدالی قارەمانی عێراق لە زۆر [illegible] لە تاریخی ئەو وڵاتەدا هەڵکێشاوە [illegible] نەبینراوە .

بڕانەوەی شەڕی برا کوژی ساڵەکانی ١٩٦١ تا ١٩٧٠ کە بە پێی مانەوەی بیست و دوو ساڵەی [illegible] سەرەکیەکانی کورد و عەرەب و بە قازانجی ئیستیعمار و ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی لە لایەن حکومەتەکانی عێراقەوە [illegible] دوژمنانی بەشەری بەغدا بە زۆری زۆرداری بەسەریانەوە و دواکەوتنە خەباتەکەیەوە لە سەرەتای [illegible] پڕ لە ئاشتی و ئاسایش و خۆشەویستی لە مێژووی خەباتی هاوبەشی کورد و عەرەب و کە مایەتیەکانی عێراقدا پاش دانانی حکومەتی [illegible] عەرەبی [illegible] لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا ، [illegible] گرینگ و مێژوویی بوو کە دەکوردستان و بیستمان لە لایەن هەموو لایەنە دیموکراتەکان و ئازادیخوازی جیهانەوە پێشوازی و پشتیوانی لێکرا .

ئاشتی خوازانەی کێشەی کورد و هەنگاونان بۆ حەلی مەسەلەی نەتەوایەتی لە عێراقدا ، لە کوردانی سەرتاپای [illegible] بە ئەنجامی [illegible] کاریش دەکاتە سەر جوولانەوەی ئازادیخوازی لە [illegible] هەموو ناوچەکاندا و هەموو هاوڕێکانمان [illegible] شەڕی ئیستیعمار و [illegible] کۆنەپەرستی و دەرەبەگایەتی و [illegible] سەربەخۆیی و دیموکراسی [illegible] کەوتەوە .

دەستەی نوێنەرایەتی حزبی دیموکراتی کوردستان کە لە لایەن حزبەکەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانەوە ئیفتیخاری بەشداربوونی لە جەلسەی افتتاحیەی کۆنگرەی هەشتەمی پارتیدا هەیە پێی سپێراوە کە ئەوپەڕی خۆشحاڵی و شادمانی گەلەکەمان . لەگەڵ بەستنی برا کوردەکانی عێراقدا

١٩٠

بە ناوی [illegible] ڕاگەیەنراو [illegible] پیرۆزبایی [illegible] سەرکەوتنە مەزنەکانی گەلی [illegible] و چاوەڕوانە کە هیچ ...

زووتر [illegible] بە کۆمەڵ و [illegible] باوەڕی بۆ [illegible] بەهێزکردنی هەموو بەرەکانی ئاشتی تا هەموو [illegible]

و [illegible] بنکە [illegible] سەربە ئیمپریالیزم بگیرێن و هەموو [illegible] لە دوژمنانی

ئاشتی و ئاسایش بدرێت و [illegible] بە بازرگانەکانی شەڕ کە لە [illegible]

[illegible] گەلی عێراق [illegible] ..

حزبی دیموکراتی کوردستان بە ستیی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە [illegible] و [illegible]
ئێستا دا بە سەرەتای قۆناغێکی تازە [illegible] لە [illegible] دەزانێ و هیوادارە کە کۆنگرەی
هەشتەمی پارتی [illegible] بۆ تێکۆشان و [illegible] کوردەکان [illegible]
[illegible] ئۆتۆنۆمی کوردستان و [illegible] هێنانی [illegible] بنەبڕ [illegible] و [illegible]
[illegible] بە یەکێتی [illegible] دیموکراتی لە حزبە نیشتمانی و پێشکەوتووەکانی عێراق .

حزبی دیموکراتی کوردستان سیاسەتی [illegible] ڕەگەزپەرستانەی حکومەتەکانی ئێران و تورکیا و سووریا
کە بەرامبەر [illegible] کورد [illegible] بەکاریان هێناوە [illegible] توند [illegible] و بە هەموو
هێز و توانا پشتگیری لە خەباتی [illegible] کە لە [illegible] بۆ [illegible] هێنانی [illegible]
دیموکراتی لەو وڵاتانەدا .

[illegible] پارتی دیموکراتی کوردی سووریا [illegible]
[illegible] حکومەتی [illegible] ئێران بۆ سەر گەلی کورد [illegible] لە کوردستانی
ئێران [illegible] ئیعتیراض [illegible] .

ئێمە لە [illegible] بە حەقیقەت [illegible] هاوکاری و تەعاونی نێوان [illegible] دیموکراتی
[illegible] هەموو [illegible] سەرکەوتن و [illegible] ڕزگاربوون [illegible] لە [illegible]
حزبە دیموکراتییەکانی کوردستان داوا دەکەین [illegible]
یارمەتی [illegible] بۆ [illegible] گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بە مافە ڕەواکانی
[illegible] .

بژی

سەرکەوتنی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان .

[illegible] کورد و عەرەب و کەمایەتییەکان [illegible] بۆ پێکهێنانی [illegible] سەربەست و دیموکراتیدا .

[illegible] حزبە دیموکراتیەکانی کوردستان بۆ [illegible] مافە ڕەواکانی
نەتەوەیی [illegible] لە هەموو پارچەکانی کوردستان .

[illegible] ڕزگاری گەلی کورد و کوردستان .

دەستەی نوێنەرایەتی حزبی دیموکراتی کوردستان .

الى رئاسة المؤتمر الثامن للحزب الديمقراطي الكردستاني

تحيــــة اخويــــة

ان الوفد الممثل للحزب الديمقراطي الكردستاني الايراني الذي اشتركوا في الجلسة الافتتاحية لمؤتمر حزبكم بشكل رسمي وبدعوة من المكتب السياسي لحزبكم قد [illegible] في الافتتاح للمؤتمر بالاعلان [illegible] بان الوفد قد [illegible] القاء كلمتنا في المؤتمر دون موافقتنا [illegible] واثناء انعقاد المؤتمر واثناء القاء كلمات الاحزاب الصديقة [illegible] وجود ممثل حزبنا وعند استفسارنا عن سبب ذلك اجابونا بانه [illegible] خاصة [illegible] كلمة حزبكم في البرنامج واقترحوا علينا بالقاء كلمة من قبلنا وبالرغم من تنازلنا عن ذلك فقد كنا حاضرين في المؤتمر .

ايها الاخوان

اننا بعد صدور بيان ١١ آذار التاريخي كنا نتوقع اجراء تبدلات اساسية في موقف البارتي تجاه حزبنا ولكن مع الاسف الشديد شعرنا بان الموروثة السابقة وبعض المخلفات المختلفة لا زالت باقية ازاء حزبنا وما الموقف الاخير لحزبكم الا دليل على هذه الحقيقة المرة .

ونحن في الوقت الذي نتمنى النجاح لمؤتمركم الثامن لا يمكننا ان نخفي عليكم عدم رضانا لهذا الموقف المغاير تجاه حزبنـــا .

الوفد الممثل عن الحزب الديمقراطي
الكردستاني الايرانـــي
[illegible]

نسخة الى :-

السيد البارزاني [illegible]

الوفد الممثل :-

الى الوفود الممثلة للاحزاب الصديقة المشتركة في الجلسة الافتتاحية لمؤتمر الثامن للبارتي

پرۆگرامی کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستان (١)

بەندی یەکەم

ماددەی یەکەم

ناوی حیزب (کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستان)ە

ماددەی دووهەم

ئەم کۆمەڵە پێکهاتووە لە کۆمەڵێ لە کوردی پەروەردە یا
دانیشتووی کوردستان کە باوەڕیان بە پرۆگرامی ئەم کۆمەڵەیە .

ماددەی سێیەم

کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستان باوەڕی وایە کە کورد یەک گەلە و
دەبێ لە ژێر دەسەڵاتی بێگانەدا دەرچێ کە کوردستانیان دابەش کردووە و ئیعتراف بەو
سنوورانە ناکا کە بێ ویستی ئەو دانراوە .

ماددەی چوارەم

کۆمەڵە خەبات دەکا بۆ بەدەست هێنانی مافی ئازادی و سەربەخۆیی
بۆ گەلی کورد لە کوردستاندا .

ماددەی پێنجەم

ـ کۆمەڵ : بە ئیمە کۆمەڵێک (نەتەوەیی گشتی دیموکراتی ...)
بۆ هێنانە دی ئەم مەبەستانە بە پێی بنچینەی باوەڕی کوردایەتی و بەرژەوەندی گشتی دا
ڕێکخراوە .

ماددەی شەشەم:

... کۆمەڵە [illegible] دەوڵەتی [illegible] کردووە و [illegible]

خستنی [illegible] گەلی کورد [illegible] سیاسی

[illegible] ناسیونالیستی [illegible] ماددەی [illegible]

ماددەی حەوتەم:

کۆمەڵە [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

ماددەی هەشتەم:

ئەم کۆمەڵەیە [illegible] کورد [illegible]

[illegible]

1 - [illegible] کورد [illegible]

لە کوردستاندا.

2 - [illegible] کوردی.

3 - [illegible]

[illegible]

[illegible] کورد.

4 - [illegible]

سەرنجی تایبەتی لە ژیانی ڕۆشنبیری کوردی دا ... بۆ پەرەپێدانی نەتەوایەتیدا.

٥ - بەشدار کردنی ئافرەت لە کاروباری بەرپرسی ... لە بارەی دەستنیشان کردنی لە هەموو ... لەگەڵ ... خاوەن ... پێشکەوتن

٦ - بەشدار کردنی کرێکاران لە ... دا ... لە کاروباری ... بە ... لە ... کوردستان دا.

٧ - بەرپەست کردنی ... لە ناوچە ... کوردیدا وە بەشدار کردنی ... تایبەت ... .

٨ - ... کە ... کوردستان ... ناوچە ... کوردی ... پێدانی ... نەتەوایەتی ... لە ناوچە ... کوردستان دا.

٩ - ... ... بە ... لە ... گەلانی ... ... نەتەوایەتی ... .

... خاوەنی ... هەموو

- ... گەلی کورد ... لە ... گەلی ... عیلمی و عەملی ... لە ... کوردستاندا.

ماددەی دەیەم

کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستان [illegible] بە مەوجوودیەتی [illegible]
کە [illegible] ئەگەر کوردستان [illegible]
[illegible] بە ڕزگاری کوردستان [illegible] .

ماددەی یازدەهەم

کۆمەڵە [illegible] .

ماددەی دوازدەهەم

[illegible] ماددەی [illegible]
[illegible] کوردستان [illegible] .

ماددەی سێزدەهەم

کۆمەڵە [illegible]
